# خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان (١٩٧٦- ١٩٨٨)

## پارتی و سۆسیالیست و پاسۆک بە نموونە

هاوکار محەمەد محەمەدڕەشید

لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

هەولێر-٢٠٢٤

**ناوی کتێب:** خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان (١٩٧٦-١٩٨٨)
**نووسینی:** هاوکار محەمەد محەمەدڕەشید
**دیزاینی بەرگ و ناوەوە:** دیار سەعید پیرانی
**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی
**ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر - ٢٠٢٤
**چاپخانە:** دانیشفەڕ
**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان**
**ژمارەی سپاردنی (١١٧٤) ساڵی ٢٠٢٣ پێدراوە**

ئەم پەرتوکە لە بنەڕەتدا وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا بە سەرپەرشتی پ.ی.د. دڵشاد مەحموود عەبدولرەحمان پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر کراوە.

## پێشکەش بە:

- به گشت پێشمەرگە و شەهیدانی کوردستان.
- بە باوک و دایکی خۆشەویستم کە هیواخوازی تەواوکردنی خوێندنم بوون.
- هاوســەری ژیانــم (ژوان) کــە لەگــەڵ ئــەم توێژینەوەیــە ماندووبوونــی زۆری کێشــاوە و بەشــێکی زۆری لــە کاتەکانــی بــۆ تەواوکردنــی ئــەم بەرهەمــە پــێ بەخشــیم.
- جگەرگۆشەکانم (سان و ڤان).

هەواڵنامەی کتێب

## ناوەرۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١٥ | **پێشەکی** |
| ٢٥ | **دەروازە**<br>خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستاندا (١٩٦١-١٩٧٥) |
| **٤٥** | **بەشی یەکەم:**<br>**سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان (١٩٧٦-١٩٧٩).** |
| ٤٧ | **تەوەری یەکەم:** هۆکار و هەلومەرجی سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری. |
| ٤٧ | باسی یەکەم: هۆکارەکانی سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری. |
| ٦١ | باسی دووەم: هەڵوێستی وڵاتانی هەرێمی بەرانبەر هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەکداری (١٩٧٦-١٩٧٩) |
| ٦٩ | **تەوەری دووەم:** دامەزراندن و ڕێکخستنی مەفرەزە سەرەتاییەکان. |
| ٦٩ | باسی یەکەم: سەرکردایەتیی کاتی پارتی (القيادة المؤقتة). |
| ٧٩ | باسی دووەم: بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان. |
| ٨٥ | باسی سێیەم: پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك). |
| ٨٩ | باسی چوارەم: لایەنی لۆجستیی مەفرەزە چەکدارەکان. |
| ٩٣ | **تەوەری سێیەم:** چالاکیی پێشمەرگە و شەڕی پارتیزانی (١٩٧٦-١٩٧٩) |
| ٩٥ | باسی یەکەم: سەرکردایەتیی کاتی پارتی (القيادة المؤقتة) |
| ١٠٣ | باسی دووەم: بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان |
| ١٠٧ | باسی سێیەم: پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك). |
| **١٠٩** | **بەشی دووەم**<br>**خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان لە ساڵانی جەنگی عێراق و ئێراندا (١٩٨٠-١٩٨٨)** |

| | |
|---|---|
| **تەوەری یەکەم:** کاریگەری جەنگ لەسەر باشووری کوردستان | ١١١ |
| **تەوەری دووەم:** کاریگەری ئەزموونی کاری بەرەیی لەسەر خەباتی چەکداری | ١٢٧ |
| باسی یەکەم: ئەزموونی کاری بەرەیی | ١٢٧ |
| باسی دووەم: کاریگەری تێکۆشانی بەرەیی لەسەر خەباتی چەکداری | ١٣٥ |
| **تەوەری سێیەم:** دیارترین شەڕەکان لە ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨) | ١٤٧ |
| باسی یەکەم: پارتی دیموکراتی کوردستان | ١٤٧ |
| باسی دووەم: حزبی سۆسیالیستی کوردستان (حسک) | ١٥٩ |
| **بەشی سێیەم**<br>**پلان و ستراتیژی سیاسی و سەربازی حکومەتی عێراق بەرامبەر خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان (١٩٧٦-١٩٨٨)** | ١٦٧ |
| **تەوەری یەکەم:** ڕاگواستن و تێکدانی گوندەکان و گەمارۆدانی هێزەکان | ١٦٩ |
| **تەوەری دووەم:** چالاکیی پێشمەرگە لەنێو شارەکان و پلانی حکومەت | ١٨٣ |
| باسی یەکەم: چالاکیی پێشمەرگە لەنێو شارەکاندا | ١٨٣ |
| باسی دووەم: پلانی حکومەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە لە شارەکاند | ١٩٩ |
| **تەوەری سێیەم:** هۆکارەکانی پاشەکشە و لاوازبوونی خەباتی چەکداری | ٢٠٧ |
| باسی یەکەم: هۆکارە ناوخۆییەکان | ٢٠٧ |
| باسی دووەم: هۆکارە دەرەکییەکان | ٢١٧ |
| **ئەنجام** | ٢٢٥ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | ٢٣٣ |
| **پاشکۆکان** | ٢٧٥ |


کتێبخانەی هەولێر

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## پوختە

باشووری کوردستان دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی (١٩٧٥)، بە دۆخێکی سیاسی و سەربازیی دژوار و ناهەمواردا تێپەڕیوە، لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراق دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە (٦ی ئاداری ١٩٧٥)، بە هەموو شێوەیەک هەوڵی داوە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لاواز بکات، هەربۆیە لەم ڕووەوە چەندین سیاسەتی بەرنامە بۆ داڕێژراوی جۆراوجۆری گرتۆتەبەر، وەک ڕاگواستن، بە عەرەبکردن و بە بەعسی کردن. جگە لەوانەش سوپاکەی لە ناوچە جیاجیاکانی باشووری کوردستان جێگیرکردبوو، تەنانەت ناوچە دوورەکانیش ڕەبیە و بنکەی سەربازی تێدا دانرابوو. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دۆخە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ژێر ناوی سەرکردایەتیی کاتی درێژەی بە خەباتی سیاسی و چەکداری خۆی دا تا ساڵی (١٩٧٩)، بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لەناو نیمچە بەرەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستاندا بوو تا (١٩٧٩)، دوای جیابوونەوەی لە (ی.ن.ک) لە ژێر ناوی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان (حسك)، پەرەی بە خەباتی سیاسی و چەکداری دا. لە هەمان کاتدا پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) کە لە هەناوی (کاژیک) دروستبووە، لە ساڵی (١٩٧٧) خەباتی چەکداری دژی حکومەتی عێراق ڕاگەیاند. ئەم حزبانە لە پەیڕەو و پرۆگرامییان جەختیان لەسەر خەباتی چەکداری و دژایەتی حکومەتی بەعس دەکردەوە.

هەڵگیرسانی جەنگی عێراق و ئێران لە (٢٢ی ئەیلوولی ١٩٨٨) زەمینەیەکی لە باری بۆ حزبە کوردستانییەکان ڕەخساندن، بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بە خەباتی چەکداری و فراوانکردنی چالاکیی سیاسی و سەربازییەکان بدەن. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دواتر خەباتی بەرەیی بێتە کایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەبوونی ناکۆکی و ململانێ لە نێوانیان ڕادەیەک ڕێگر بوو لە زۆربوونی چالاکیی هاوبەش، بەڵام دوای ئاشتبوونەوەی گشتی و دروستبوونی بەرەی کوردستانی لە (٢ی ئایاری ١٩٨٨)، خەباتی چەکداریی کوردی

لە باشووری کوردستان پەرەیسەند و هێزەکانی پێشمەرگە چەندین شارۆچکە و گوندییان ئازادکردووە، هەربۆیە حکومەتی عێراق بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداری، ستراتیژییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی بەرانبەر هێزەکانی پێشمەرگە گۆڕی، ئەویش بریتی بوو لە هەڵمەتی تێکدانی گوندەکان و ڕاگواستن و ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی ئەنفال لە ساڵی (١٩٨٨)، تەنانەت بەکارهێنانی چەکی کۆکوژی دژی هێزەکانی پێشمەرگە لە ساڵی (١٩٨٨)، بۆیە ئەستەم بوو هێزەکانی پێشمەرگە بتوانن بەرگری بکەن. ئەمەش کاریگەری هەبوو لە سەر لاوازبوونی خەباتی چەکداریی کورد

ساڵانی (١٩٧٦-١٩٨٨)، دوو سەردەمی جیاکەرەوەی مێژوویی لەخۆگرتووە. ماوەی نێوان (١٩٧٦ تا ١٩٧٩) بە سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری و ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و سەرهەڵدانی فرەحزبی و فرەلەشکری دادەنرێت، لەبەرئەوەش قۆناغێکی جیاواز بوو بە بەراورد بە شۆڕشی ئەیلوول. جەنگی عێراق - ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨) بە سەردەمێکی گرنگ و هەستیار دادەنرێت، چونکە بووە هۆی پەرەسەندن و هەڵکشانی خەباتی چەکداری و فراوانبوونی چالاکییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە

هەواڵنامەی کتێب

**ئەم توێژینەوەیە لە دەروازە و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە:**

دەروازە: پوختەیەکی مێژووییە لەسەر خەباتی چەکداریی کورد لە (١٩٦١ تا ١٩٧٥). باس لە چالاکیی سیاسی و سەربازی کراوە، بەشی یەکەم: بۆ سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی لەباشووری کوردستان لە ساڵانی (١٩٧٦-١٩٧٩) تەرخانکراوە، ئەم بەشە سێ تەوەر لەخۆ دەگرێت: لە تەوەری یەکەمدا باس لە هۆکار و هەلومەرجی دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداری و هەڵوێستی وڵاتانی هەرێمی سەبارەت بە سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری کراوە. تەوەری دووەم تایبەت کراوە بە دامەزراندن و ڕێکخستنی مەفرەزە سەرەتاییەکانی (س.ک/ پ.د.ک) و (حسک) و (پاسۆک). باس لە دروستبوونی مەفرەزە سەرەتاییەکان و ڕێکخستنی چەکداری کراوە. هەرچی تەوەری سێیەمە بۆ چالاکییەکانی پێشمەرگە و شەڕی پارتیزانی لە ساڵانی (١٩٧٦-١٩٧٩) تەرخان کراوە. بەشی دووەمی توێژینەوەکە لە ژێر ناونیشانی خەباتی چەکداریی لە باشووری

کوردستان لەساڵانی جەنگی عێراق و ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨)، لە میانەی سێ تەوەردا پێشهاتە سیاسی و سەربازییەکان تاوتوێ کراون. لە تەوەری یەکەمدا کاریگەرییەکانی جەنگ لەسەر باشووری کوردستان، لە ڕووی سەربازی و سیاسی و ئابووری و خوێندن خراونەتەڕوو. تەوەری دووەم: کاریگەری ئەزموونی کاری بەرەیی و لەسەر خەباتی چەکداریی ڕوونکراوەتەوە. تەوەری سێیەم تەرخان کراوە بۆ دیارترین شەڕەکانی هێزەکانی پێشمەرگە بەرانبەر حکومەتی عێراق لەساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨). لە دوا بەشی ئەم نامەیەدا تیشک خراوەتە سەر پلان و ستراتیژی سیاسی و سەربازی حکومەتی عێراق بەرامبەر خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان ١٩٧٦-١٩٨٨. کە سێ تەوەری لە خۆگرتووە، تەوەری یەکەم باس لە ڕاگواستن و تێکدانی گوندەکان و گەمارۆدانی هێزەکان کراوە، تێیدا زانیاری ورد خراونەتەڕوو، لەسەر ئەو ڕێوشوێنە توندەی حکومەت بۆ لاوازبوون و کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداری کورد. تەوەری دووەم بۆ چالاکییەکانی پێشمەرگە لەنێو شارەکان و پلانی حکومەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە لە شارەکان تایبەتکراوە، دوا تەوەریش بۆ هۆکارەکانی پاشەکشە و لاوازبوونی خەباتی چەکداریی کورد تایبەتکراوە.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان لەسەردەمی کۆماریدا چەندان قۆناغی بڕیوە و هەر کاتێک بزاڤێکی چەکداری سەرکوت کرابێت، لە شوێنیدا بزاڤێکی چەکداریی دیکە سەری هەڵداوەتەوە، بۆیە گونجاوە بگوترێت سیمای خەباتی چەکداریی باشووری کوردستان فرە ئەڵقەییە و تەواوکەری یەکترن، زۆربەی خەباتی چەکداری و سیاسی کورد لە پێناوی بە دەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان و ئازادی نەتەوەیی بووە، لەبەرئەوەی نەتەوەی کورد بەردەوام چەوسێنراوەتەوە، لە مافە نەتەوەییەکانی بێبەشکراوە، لەبەرئەوەشە خەباتی چەکداریی کورد هەڵگری ئامانجی نەتەوەیی بووە، ئەو خەباتەش قۆناغ بە قۆناغ گەشەی کردووە.

گرنگی توێژینەوەکە: دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی (١٩٧٥) حکومەتی عێراق جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە بزاڤی چەکداریی کوردی کۆتایی هاتووە، هەرچەندە ڕێوشوێنی توندی ئەمنی گیرابووەبەر، بۆ ڕێگری لە سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری، بەڵام دوای ئەوەی چەند حزبێکی سیاسی دامەزران و مەفرەزەی چەکدارییان پێك هێناوە، لە پەیڕەو و پرۆگرامیاندا جەختیان لەسەر خەباتی چەکداری دژ بە حکومەتی عێراق کردبووەوە.

حکومەتی عێراق چەندین سیاسەتی، وەک: ڕاگواستن، بە بەعسی کردن و بە عەرەبکردن، دژی هاووڵاتیانی کوردستان گرتبووەبەر. لە ئاستی هەرێمییش تورکیا و ئێران لەپێناو لاوازکردن و لەناوبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، هەماهەنگی و ڕێککەوتنیان لە نێوان هەبووە. دوای گۆڕانی سیستەمی سیاسیی ئێران لە (شوباتی ١٩٧٩)، دەروازەیەکی گرنگ بە ڕووی خەباتی چەکداریی کوردی لە باشووری کوردستاندا کرایەوە، بە تایبەت دوای ڕوودانی جەنگی عێراق- ئێران لە ساڵی(١٩٨٠) بووە

هۆی پەرەسەندنی خەباتی چەکداری و فراوانبوونی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حزبەکان، هێزەکانی پێشمەرگە توانییان چەندین شارۆچکە و ئازادبکەن، تەنانەت توانییان دزە بکەنە نێو شارەکان و چالاکی چەکداری ئەنجام بدەن. هەر لەو ماوەیەدا ئەزموونی کاری بەرەیی دروستبوو، سەرباری ئەنجامدانی چالاکی سیاسی و چەکداریی هاوبەش، بە تایبەت دوای ئاشتبوونەوەی گشتی، حزبەکان ڕێگەیان بە هێزەکانی یەکتری دا، چالاکیی چەکداری لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتر، دژی حکومەتی عێراق ئەنجام بدەن. ئەم ڕووداوانە کاریگەری بەرچاویان لەسەر هەڵکشانی خەباتی چەکداری هەبوو

هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە: هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی ماوە مێژووییەکە (١٩٧٦-١٩٨٨)، لە ڕووی سیاسی و چەکدارییەوە، کە بە قۆناغێکی گرنگی مێژوویی دادەنرێت کە باشووری کورستان پێیدا تێپەڕیوە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی لەو ماوەیەدا جموجۆڵێکی سیاسی و چەکداریی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، بە تایبەت دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی (١٩٧٥) چەند حزبێکی سیاسی دامەزران، ئەوەش دەستپێکی سەردەمێکی جیاواز بوو بە بەراورد بە شۆڕشی ئەیلوول، چونکە فرەحزبی و هێزی چەکداری سیمایەکی دیاری ئەم قۆناغە بووە، ئەو حزبانە لە پەیڕە و پرۆگرامیان بە ئاشکرا جەختیان لەسەر خەباتی چەکداری کردووەتەوە، چونکە دەسەڵاتدارانی عێراق بەردەوام دژە دیموکراسی و ئازادیخوازی بوون، سیاسەتێکی سەرکوتکەرانەیان بەرامبەر گەلی کوردستان پیادە کردووە و ناچارییان کردووە بۆ مانەوەی خۆی پەنا بەرێتە بەر خەباتی چەکداری، شانبەشانی شێوازەکانی تری خەبات لە سیاسی، کۆمەڵایەت، ئابووری و فەرهەنگی...هتد

چوارچێوەی توێژینەوەکە: (خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان (١٩٧٦-١٩٨٨)، پارتی و سۆسیالیست و پاسۆک بە نموونە)، لەو سۆنگەیەوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە دەستنیشان کراوە، سەرباری ئەوەی پێشتر بە شێوەیەکی ئەکادیمی لەسەرخەباتی چەکداری ئەو حزبانە نەنووسراوە، لایەنێکی گرنگی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان پێکدەهێنێت. هەرچی دەستنیشانکردنی

خەباتـی چەکداریـی (پـارتی و سۆسیالیسـت و پاسـۆک) و بـاس نەکردنـی خەباتـی چەکداریی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، بـۆ دوو هـۆ دەگەڕێتـەوە، یەکەمیان: خەباتی چەکداریی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بە تەنیا ناونیشانی تێزێکی دکتۆرایە، لەپێناو دووبارەنەبوونەوەی زانیارییەکان، باسکردنی خەباتی چەکداریی ئەو حزبەمان وەلاناوە. دووەمیان: چونکە پارتی و سۆسیالیست و پاسۆك لە بەرەیەکی یەکگرتوو بەنێوی (جود) پێکەوە ئەندام بوون و چەندین چالاکیی هاوبەشیان ئەنجام داوە. بۆیە ئەو حزبانە وەك نموونە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە دەستنیشان کراون. ماوە مێژووییەکەی توێژینەوەکە لە (٢٦ی ئایاری ١٩٧٦) دەست پێدەکات، چونکە ئەو مێژووە لە لایەن حیزبە کوردییەکانەوە بە دەستپێکی سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری لە قەڵەم دراوە، هەروەها کۆتایی ماوە مێژووییەکەی توێژینەوەکەش بریتییە لە (٥ی ئەیلوولی ١٩٨٨) ، ئەمەش بە هۆی ئەوەی خەباتی چەکداری لەو مێژووە بەدواوە، لە ئاکامی سیاسەتی بێ بەزەییانەی حکومەتی عێراق، بەرەو لاوازی چووە و حزبەکان دوای ئەوەی حکومەت دەستی بەسەر هەموو ناوچەکانی باشووری کوردستاندا گرتووە، بارەگاکانیان گواستووەتەوە بۆ ئەو دیوی سنوورەکانی ئێران، بەوەش خەباتی چەکداری پاشەکشەی کردووە و پێی ناوەتە قۆناغێکی نەمان.

ئامانجی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی ژمارەیەك پرسیار و ڕاستکردنەوەی کۆمەڵێك پرس، لەوانە: سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری و یەکەم ڕووبەڕووبوونەوە و چالاکیی چەکداری لە لایەن کام لایەنەوە ئەنجام دراوە؟ ئایا لەو ماوەیەدا هەلومەرج و زەمینەی دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداری لەبار بووە؟ خەباتی چەکداری لە ئاست خواست و داواکارییەکانی ئەو قۆناغەی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورددا بووە؟ هۆیەکانی گرتنەبەری ستراتیژی شەڕی پارتیزانی لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە چی بووە؟ جەنگی هەشت ساڵەی عێراق- ئێران چ کاریگەرییەکی لەسەر خەباتی چەکداری داناوە؟ چالاکییە چەکدارییەکان چ کاریگەرییەکیان لەسەر هەڵوێست و سیاسەتی حکومەت هەبووە؟ پلان و ستراتیژی حکومەت چی بووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خەباتی چەکداری؟ لەبەرچی خەباتی چەکداری لە (١٩٨٨)وە کز و بێهێز بووە؟

ئـەم پرسـیارانە و هـی دیکـەش لـەم تویژینەوەیـەدا، بـە پشـت بـەستن بـە بەڵگەنامـە و سـەرچاوەی رەسـەن و زانسـتی، هەوڵـدراوە وەڵام بدرێنـەوە

ڕێبـازی توێژینەوەکـە: لـە نووسـینی ئـەم توێژینەوەیـەدا سـوودمان لـە تێکەڵکردنـی چەنـد ڕێبازێکـی مێژوویـی وەرگرتـووە، لـە دەروازە و بەشـی یەکـەم و دووەمـدا پشـت بـە ڕێبـازی (وەسـفی و کرۆلۆنـۆژی مێژوویـی) بەسـتووە، لـەم چوارچێوەیـەدا زانیارییـە مێژووییـەکان بـە پشـت بـەستن بـە بەڵگەنامـە و سـەرچاوەی رەسـەنی مێژوویـی، بـە شـێوەیەکی زانسـتی خراونەتـەڕوو، بەپێـی توانا و وەك پێویسـتیش ڕێبـازی (ڕاڤەکـردن و بـەراوردکاری) لـە بەشـی سـێیەمدا بەکارهـێنراوە

گرفتـی توێژینەوەکـە: لـە میانـەی ئامادەکردنـی ئـەم توێژینەوەیـەدا، دووچـاری چەنـدان کێشـە و گرفـت بووینـەوە، دیارترینیـان بریتیبـوو لـە کەمـی و دەگمـەنی سـەرچاوەی پێویسـت لەسـەر خەباتـی چەکداریـی حزبـەکان، بـە تایبـەت دەگمەنـی بەڵگەنامـەکان. هەرچەنـدە (پ.د.ك) تـا ڕادەیـەک بەشـێک لـە بەڵگەنامـە و بەلاغـی عەسـکەری و ڕۆژنامەکانـی شـاخی ئەرشـیڤ کـردووە، بـەڵام هەرچـی (حسـک) و (پاسـۆک)ە، بـە هـۆی نەمانـی ئـەو بڵاوکراوانـەی کـە لـە شاخ دەرچوونـە و لـە ئەنجامی ئـەوەی لـە بارودۆخێکـی سـەختدا بڵاوکراونەتـەوە، بەشێکی زۆریـان فەوتاون و ئەرشـیڤ نەکـراون، هەربۆیـە دەسـتکەوتنیان کارێکـی ئاسـان نەبـوو. بەشـێک لـەو ئەرشـیڤ و بەڵگەنامانـە لـە لایـەن کەسایەتییەکان هەڵگیـراون، سـەرباری چەندیـن سـەردان و دیـدار بـۆ لای کەسـایەتییەکان، بـە بیانـووی جۆراوجـۆر نەتوانـراوە بەڵگەنامـەکان بـە شـێوەیەکی بـاشتر بەدەسـت بهێندرێـت. ئەمـەش وای کـردووە سـەرباری ئـەوەی کاتێکـی زۆرمـان لـێ بەفیـڕۆ بچێـت، زانیاریـی پێویسـت بـە شـێوەیەکی یەکسـان، لەسـەر حزبەکان بەردەسـت نەبێـت، بـە تایبـەت پاسـۆك کـە بـەراورد بـە حزبەکانـی دیکـە، چالاکیـی چەکداریـی شـاخی کـەم بـووە، چونکـە ژمـارەی پێشـمەرگەکانی کـەم بـووە، ئـەو چالاکییانـەی ئەنجامـی داوە بـە هاوبەشـی لەگـەڵ حزبەکانـی دیکـە بـووە. هەروەهـا گرفتێکـی دیکـەی توێژینەوەکـە ئامادەنەبوونـی کەسـایەتییەکان بـوو کـە دیـدار و چاوپێکەوتنیـان لەگـەڵ سـاز بکرێـت، بـە تایبـەت ئەوانـەی بەشـداری ڕووداوەکان بـوون

ناوەرۆکـی توێژینەوەکـە: ئـەم توێژینەوەیـە لـە دەروازە و سـێ بـەش و ئەنجـام و

لیستی سەرچاوە و پاشکۆکان پێکهاتووە. دەروازە: بە پوختی باس لە بارودۆخی سیاسی و چەکداریی کورد لە باشووری کوردستان (١٩٦١-١٩٧٥) کراوە. بەشی یەکەم: لەژێر ناونیشانی: (سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان ١٩٧٦-١٩٧٩)، لە سێ تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا باس لە هۆکار و هەلومەرجی سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری لە میانەی دوو باسدا کراوە، باسی یەکەم بۆ هۆکارەکانی سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری (١٩٧٥-١٩٧٦) تەرخان کراوە. باسی دووەمیش تایبەت کراوە بۆ هەڵوێستی وڵاتانی هەرێمی بەرانبەر بە سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری (١٩٧٦-١٩٧٩). تەوەری دووەم تەرخان کراوە بۆ باسی دامەزراندن و ڕێکخستنی مەفرەزە سەرەتاییەکانی (س.ک/ پ.د.ک)، (بسك/ حسك) و (پاسۆک) لە میانەی چوار باسدا. هەرچی تەوەری سێیەمە بۆ چالاکییەکانی پێشمەرگە و شەڕی پارتیزانی لە ساڵانی (١٩٧٦-١٩٧٩) تەرخان کراوە

بەشی دووەمی توێژینەوەکە لە ژێر ناونیشانی (خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان لە ساڵانی جەنگی عێراق و ئێراندا (١٩٨٠-١٩٨٨) دایە، کە لە میانەی سێ تەوەردا پێشهات و ڕووداوەکان خراونەتەڕوو. لە تەوەری یەکەمدا باس لە کاریگەری جەنگ لەسەر باشووری کوردستان کراوە، تێیدا زانیاری لەبارەی کاریگەرییەکانی جەنگ لەسەر باشووری کوردستان لە ڕووی سەربازی و سیاسی و ئابووری و خوێندن خراونەتەڕوو. تەوەری دووەم: کاریگەری ئەزموونی کاری بەرەیی و لەسەر خەباتی چەکداری لە میانەی دوو باسدا خراونەتەڕوو، باسی یەکەم بریتییە لە: ئەزموونی کاری بەرەیی و دامەزراندنی بەرەکانی جود و جوقد و بەرەی کوردستانی. باسی دووەم تایبەتە بە کاریگەری تێکۆشانی بەرەیی لەسەر خەباتی چەکداریی کورد. هەرچی تەوەری سێیەمە تەرخان کراوە بۆ دیارترین شەڕەکانی (پ.د.ک) و (حسک) لە ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨).

لە دوا بەشدا (پلان و ستراتیژی سیاسی و سەربازی حکومەتی عێراق بەرامبەر خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان ١٩٧٦-١٩٨٨) گەنگەشە کراوە، کە سێ تەوەری لەخۆ گرتووە، تەوەری یەکەم باس لە ڕاگواستن و تێکدانی گوندەکان و گەمارۆدانی هێزەکان کراوە، تێیدا زانیاریی ورد لەسەر ئەو ڕێوشوێنە ئەمنییەی حکومەت گرتوویەتەبەر بۆ کۆتایی هێنان بە خەباتی چەکداریی کورد خراونەتەڕوو. تەوەری دووەم بۆ چالاکی

پێشمەرگە لەنێو شارەکان و پلانی حکومەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خەباتی چەکداری لە میانەی دوو باسدا خراونەتەڕوو، باسی یەکەم تایبەت کراوە بە چالاکیی پێشمەرگەی (پ.د.ک)، (حسک) و (پاسۆک) لەنێو شارەکان. هەرچی باسی دووەمە تەرخان کراوە بۆ پلانی حکومەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە لەنێو شارەکاندا. دوا تەوەریش بۆ هۆکارەکانی پاشەکشە و لاوازبوونی خەباتی چەکداری تایبەت کراوە، کە لە دوو باسی سەرەکی پێکدێت، باسی یەکەم تەرخان کراوە بۆ هۆکارە ناوخۆییەکانی لاوازبوونی خەباتی چەکداری. باسی دووەمیش تایبەتە بە هۆکارە دەرەکییەکان، کە تێیدا زانیاری لەسەر ڕۆڵ و هەڵوێستی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەسەر لاوازبوونی خەباتی چەکداری خراونەتەڕوو. لە ئەنجامیشدا پوختەی ئەنجامگیرییەکانی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو

شیکردنەوەی سەرچاوەکان: وەک ئاشکرایە هیچ کارێکی زانستی بەبێ سەرچاوەی ڕەسەن و بە بایەخ نایەتە بەرهەم. هەرچەندە تەواوی سەرچاوەکان گرنگ و بایەخی خۆیان هەیە، لەم توێژینەوەیەدا لەپێناو بەدیارخستنی ڕووی ڕاستەقینەی ڕووداوە مێژووییەکان بە شێوەیەکی زانستی و دارشتنەوەیان، بە لەبەرچاوگرتنی بیرورا جیاوازەکان، هەوڵدراوە زۆرتر پشت بە سەرچاوەی مێژوویی ڕەسەن و بەڵگەنامەکان ببەسترێت. ئەو سەرچاوانەی لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا سوودیان لێ وەرگیراوە فرەچەشنن، وەک: (بەڵگەنامە، بڵاوکراوەی حزبی، یادداشت، دەستنووس، نامەی زانکۆیی، کتێب، وتاری ڕادیۆیی، دیدار و پەیوەندی تەلەفۆنی، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان).

بەڵگەنامەکان، لە نووسینی مێژووی نوێ و هاوچەرخدا جێگای بایەخن و وەک سەرچاوەیەکی گرنگ و باوەڕپێکراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. هەربۆیە لەو ڕووەوە ئەم توێژینەوەیە هەر دوو جۆری بەڵگەنامەی بڵاوکراوە و بڵاونەکراوە تێدا بەکارهێنراوە. بەڵگەنامەکانیش بریتیین لە: (بەیاننامەی حزبی، نووسراوی فەرمی و حکومی، بەلاغی عەسکەری و ڕاپۆرتی سیاسی). هەرچەندە ئەو بەڵگەنامانە لە ماوەی توێژینەوەکەدا بەشێکیان بڵاوکراونەتەوە، هەوڵدراوە ئەوەی بەردەست بێت سوودی لێ وەربگیرێت، هەندێکیشیان لە پاشکۆی نامەکە وەک خۆیان دانراون، هەروا ئاماژە بە شوێن و سەرچاوەکان کراوە کە دەقی بەڵگەنامەکەی لێ وەرگیراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەک لە بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە لە ئەرشیفی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەکادیمیای کوردی و بنکەی ژین، بەدەست هێندراون

بیرەوەری و یادداشتەکان، بە یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکان دادەنرێت، چونکە نووسەرەکانیان بەشداریی ڕووداوەکانیان کردووە و ڕاستەوخۆ ئاگاداری ڕووداوەکان بوون، زانیارییان لەو بارەیەوە خستووەتەڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا بیرەوەرییەکان لە کەموکوڕی بەدەرنین، لەبەرئەوەی زۆربەری نووسەرانیان لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیان تەنیا باسی لایەنە باشەکانی خۆیان و حزبەکەیان کردووە. بۆیە ساغ کردنەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ بیرەوەرییەکان ئاسان نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی پێویست سوود لە چەند بیرەوەرییەک وەرگیراوە وەکو: (سەرەتای شۆڕشی نوێ چۆن دەستی پێکرد)ی مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی، بە یەکێک لەو سەرچاوانە هەژمار دەکرێت کە سوودێکی زۆری بۆ توێژینەوەکە هەبووە، چونکە ناوبراو یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی ئەو مەفرەزەیەی کە لە (٢٦ی ئایاری ١٩٧٦)، ڕووبەڕووی سوپای عێراق بوونەتەوە، شێم حەمەد بە وردی باسی سەرەتای سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری کردووە. لە بەشی یەکەم تەوەری یەکەم سوودی لێ وەرگیراوە. هەروەها (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد١٩٧٥-١٩٩٩، شۆڕشی گوڵان)، بەرگی چوارەم دوو بەشە لە نووسینی مسعوود بارزانی، بەهۆی ئەوەی نووسەر بەشداری زۆربەی ڕووداوەکانی ئەو ماوە مێژووییە بووە و باس لە چۆنیەتی دامەزراندنی (پ.د.ک/ سەرکردایەتی کاتی) دەکات، هەروەها زانیاری دەربارەی دیارترین شەڕەکانی (پ.د.ک) و سوپای عێراق ماوەی نێوان (١٩٨٠-١٩٨٨) خستووەتەڕوو، هەروەها بە خشتە ئاماری دەستکەوت و زیانەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراقی خستووەتەڕوو. سوودێکی زۆری بە توێژینەوەکە گەیاندووە، لە هەر سێ بەشی توێژینەوەکە بەپێی پێویست بەکارهێنراوە. (ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک) بەرگی یەکەم و دووەم و سێیەم لە نووسینی (محەمەدی حاجی مەحموود)، سوودێکی زۆری بە توێژینەوەکە گەیاندووە، ناوبراو یەکێک بوو لەو کەسایەتییانەی لە خەباتی چەکداریی ڕۆڵی دیاری هەبووە و بەشداری ڕووداوەکان بووە، لە بەشی دووەم و سێیەم بەکارهێنراوە

دەستنووسەکان: ئەمەش وەک سەرچاوەیەکی ڕەسەن و گرنگ لەم نامەیەدا بایەخی پێدراوە، لەبەرئەوەی زۆر بابەتیان بۆ ڕوون کردووینەتەوە و هەندێکیان تا ئێستا بڵاو نەکراونەتەوە، لەوانە: دەستنووسێکی (حاتەم عوسمان گۆمەتاڵی بە ناوی بیرەوەرییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتیم)، کە زانیاری گرنگ و زۆر ڕووداوی مێژوویی خستووەتەڕوو لە بەشی دووەم تەوەری سێیەم سوودی لێ بینراوە

کارنامە ئەکادیمییەکان: بە شێوەیەکی ئەکادیمی نووسراون لەلایەن لێژنەی پسپۆڕەوە تاوتوێکراون، بۆ نووسینی ئەم نامەیە سوودیان لێ وەرگیراوە لەوانە: (ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستان ١٩٧٦-١٩٩١)ی (دلاوەر محەمەد سدیق)، سوودێکی زۆری بۆ توێژینەوەکە هەبووە لە بەشی یەکەم و تەوەری دووەم و سێیەم بەکارهێنراوە.

دیدارەکان: سوودێکی زۆری بۆ توێژینەوەکە هەبووە، چونکە ئەو کەسایەتییانەی دیداریان لەگەڵدا سازکراوە، ڕاستەوخۆ بەشداری ڕووداوەکان بوونە، بەتایبەت هەندێک پرس و بابەت زانیارییان لەسەر کەمە یان بیروڕای جیاوازییان لەسەر هەیە، ئەمەش لە ڕێگای دیدار یان پەیوەندی تەلەفۆنی، یان لە ڕێگەی نامەی ئەلیکترۆنی سوودیان هەبووە. لەوانە: (محەمەدی حاجی مەحموود، مولازم یونس ڕۆژبەیانی، مولازم شوان، عەبدولڕەحمان پێداوی، حەمید ئەفەندی، عومەر عوسمان، موحسین عوسمان، سەیدکاکە، محەمەد شاکەلی و ...هتد) زۆربەی ئەم دیدارانەش لە دەروازە و هەرسێ بەشی توێژینەوەکە سوودیان لێ بینراوە

کتێب: وەک سەرچاوەیەکی گرنگ و بە بایەخ بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی لە نووسینی ئەم نامەیەدا سوودیان لێ وەرگیراوە، بە تایبەت ئەو کتێبانەی کە نووسەرەکانیان بیانین، زۆربەیان هاتوونەتە کوردستان و زانیارییەکانیان کۆکردووەتەوە، دیدارییان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە دیارەکان و فەرماندەکانی پێشمەرگە ئەنجام داوە. تا ڕادەیەکی زۆر بێ لایەنانە ڕووداوەکانیان نووسیوەتەوە و لەوانە: (کرۆنۆلۆگیای شۆڕش و خەباتی کورد لە سەدەی نۆزدەوە تا ساڵی ١٩٩٤) ی ئێدگار ئۆ باڵانس، بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێت، لە بەشی دووەم تەوەری یەکەم و تەوەری سێیەم پشتی پێ بەستراوە. (کارێکی ژەهراوی ئەمریکا و ئێران

گازبارانی هەڵەبجە)ی یوست هێڵتەرمان، لەبەشی سێیەم تەوەری سێیەم سوودی بۆ توێژینەوەکە هەبووە. (جینۆساید لە عێراق دا پەلاماری ئەنفال بۆ سەر گەلی کورد)ی میدڵ ئێست ووچ، لە بەشی سێیەم تەوەری یەکەم پشت بە زانیارییەکانی بەستراوە. هەروەها کتێبی نووسەرە کوردەکانیش سوودی زۆریان لێ وەرگیراوە، وەک: (بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێراندا (١٩٨٠-١٩٨٨)ی عەلی تەتەر نێروەیی، کە لەبنەرەتدا تێزی دکتۆرایە و کراوەتە کتێب، ناوبراو زانیاریی وردی دەربارەی ئەو ماوە مێژووییە خستووەتەڕوو، لە بەشی دووەم تەوەری یەکەم سوودی لێ وەرگیراوە. هەروەها کتێبی (ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١ سەرهەڵدانی ڕەوتی سۆسیالیستی و دروستبوونی حزبی سۆسیالیستی کوردستان)ی سەلام عەبدولکەریم، کە لە بنەڕەتدا نامەیەکی ماستەرە، سوودێکی زۆری بۆ توێژینەوەکەمان هەبووە، لە بەشی یەکەم تەوەری یەکەم و دووەم بەکارهێنراوە. کتێبی (ئەنفالی کورد و دەوڵەتی عێراق)ی شۆڕش حاجی ڕەسووڵ، زانیاریی وردی دەربارەی ئەنفال و سیاسەتی حکومەتی عێراقی تێدایە، هەروەها لە پاشکۆی کتێبەکە ژمارەیەکی زۆری بەڵگەنامە بڵاوکراوەتەوە، لە بەشی سێیەم  تەوەری یەکەم و سێیەم سوودی لێ وەرگیراوە. (سیاسەتی ئێران بەرانبەر جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان (١٩٧٥-١٩٨٩)ی فاروق محەمەد محەمەدئەمین، بە یەکێک لەو سەرچاوانە هەژمار دەکرێت، کە سوودێکی زۆری بۆ توێژینەوەکە هەبووە، چونکە ئێران کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر خەباتی چەکداریی باشووری کوردستان، لە بەشی سێیەم تەوەری سێیەم بەپێی پێویست بەکارهێنراوە. (بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان١٩٧٥-١٩٨٠) ی جەمال فەتحوڵڵا تەیب، کە لە بنەڕەتدا تێزێکی دکتۆرایە و کراوەتە کتێب، لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە سوودی زۆری هەبووە. ئەو سەرچاوانە بەهای زانستییان هەیە، چونکە بە پشت بەستن بە سەرچاوەی زۆر و فرەچەشن، بە شێوەیەکی ئەکادیمی نووسراون. لەبەشی یەکەم تەوەری یەکەم سوودی بۆ توێژینەوەکە هەبووە. هەروەها سوود لە ژمارەیەک سەرچاوەی عەرەبی وەرگیراوە، لەوانە: (التيارات السياسية في كردستان العراق١٩٤٦-٢٠٠١) ی صلاح الخرسان، ئەم کتێبە بەشێکی گرنگی زانیاریی ئەو ماوە مێژووییە بووە،

تیشکی خستووەتە سەر زۆر لایەنی گرنگی ئەو سەردەمە، لە پاشکۆی کتێبەکە بەڵگەنامەی زۆری تێدایە، لە بەشی یەکەم تەوەری یەکەم و دووەم زانیارییەکانی پشتیان پێ بەستراوە. هەروەها کتێبی (سنوات المحنة في الكردستان اهم الحوادث السياسية والعسكرية في كردستان العراق من ١٩٥٨- ١٩٨٠)ی شكيب عقراوي، بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێت، چونکە ناوبراو زۆر لایەنی سەربازی و سیاسی باشووری کوردستانی خستووەتەڕوو. زانیارییەکانی لە دەروازەدا سوودیان لێ بینراوە. کتێبی (المحترقون الكورد)ی هاشم رمضان ابوعنتر، کە باس لە ڕۆڵی سەرکردایەتیی کاتی (پ.د.ک) دەکات لە سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری، ناوبراو زانیاریی وردی لەو بارەیەوە خستووەتەڕوو، لە بەشی یەکەم تەوەری یەکەم و دووەم سوودی لێ وەرگیراوە. جگە لەمانەش کەڵک لە ژمارەیەکی دیکەی کتێب وەرگیراوە، کە لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەیان پێ دراوە

ڕۆژنامە و گۆڤارەکان: لەو سەرچاوانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە سوودیان لێ وەرگیراوە، ڕۆژنامە و گۆڤار و زمانحاڵی حزبە سیاسییەکانن، لەوانە: (خەبات، ڕێگای ئازادی، ئاڵای سووری کوردایەتی، اخبار کردستان، سوورێن، دەنگی پێشمەرگە، سەفین) زانیاری زۆریان لە بارەی چالاکییەکانی پێشمەرگە تێدایە. لەبەشی یەکەم تەوەری سێیەم، بەشی دووەم تەوەری سێیەم، بەشی سێیەم تەوەری دووەم بەکارهێنراون

بڵاوکراوەی وتاری ڕادیۆیی: جۆرێکی دیکەیە لەو سەرچاوانەی کە توێژەر سوودی لێ وەرگرتووە، لێکۆڵینەوە و وتار و هەواڵی ڕادیۆیی کە زانیاریی ماوە مێژووییەکەی توێژینەوەکەی لەخۆ گرتووە، لەوانە: (ئێستگەی دەنگی کوردستان – عێراق). لە بەشی دووەم تەوەری یەکەم بەکارهاتووە.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین لەپێناو سەرخستنی ئەم توێژینەوەیە ئەوەی لە توانادا بووە ئەنجام دراوە و درێغی لە کۆشش و تەقەلای زانستی نەکراوە، بێگومان لە هەڵە و کەموکوڕیش بەدەرنییە، چونکە تەواوەتی تەنیا بۆ خودایە. هیواداریـن ئەم هەوڵە زانستییە خزمەت بە پرۆسەی نوسینەوەی مێژووی کورد بکات و جێی ڕەزامەندیی خوێنەران بێت

## دەروازە:

زاراوەی خەباتی چەکداری زۆرجار بە مانای شۆڕش، ڕاپەڕین یان بزاڤ دێت، هەرچەندە لە ڕووی تایبەتمەندێتی و مەبەستەوە لە یەکتر جیاوازن، بەڵام لە ناوەڕۆك و لە چوارچێوەیەکی گشتیدا یەك دەگرنەوە. لە پێناسەیەکی سادەدا، خەباتی چەکداری بە وەرگرتنی هەڵوێستێکی توند و کاریگەر بەرانبەر بە چەوسێنەر و ستەمکار مانا دەکرێت، بەو پێیەی ئەنجامدەرانی ئەو جۆرە خەباتە لەپێناو سەرخستنی دۆزەکەیان بە چەك تێدەکۆشن. نەتەوەی کورد بە هۆی داگیرکردنی کوردستان و دابەشکردنی بەسەر دەوڵەتانی داگیرکەردا، هەمیشە چەوسێنراوەتەوە و دووچاری داپڵۆسینی نەتەوەیی هاتووە، بۆیە خەباتی چەکداری دەست پێکردووە[١].

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) خەباتی چەکداری و ڕامیاریی کورد ڕەهەندێکی سیاسی و نێودەوڵەتی وەردەگرێت[٢]، لە نموونەی ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموودی حەفید (١٩١٩-١٩٣٢)[٣]، هەروەها جووڵانەوەی یەکەمی بارزان (١٩٣١-١٩٣٢)، جووڵانەوەی دووەمی بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥) هەرچەندە ئەو ڕاپەڕین و جووڵانەوانە سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کاریگەر بوون[٤]، چونکە

(١) سەعدی عوسمان هەروتی، بزاڤی ڕزگاری خوازی کوردو سەرهەڵدان و قۆناغەکان و نمونەیەک، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٧٦.

(٢) هـ.س، ل٢٤.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی جووڵانەوەکانی شێخ مەحموودی حەفید، بڕوانە: ئاکۆ عبدالکریم شوانی، شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٧٦ بەدواوە

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: ڕۆژ عەبدوڵڵا ئەرگوشی، ناوچەی بارزان لەنێوان ساڵانی ١٩٣١-١٩٤٦، نامەی ماستەری بڵاو نەکراوە، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئەدەبیات، هەولێر، ٢٠١٠؛ مستەفا محەمەد کەریم، شۆڕشی دووەمی بارزان هۆکار و دەرەنجامەکان ١٩٤٣-١٩٤٥، چاپخانەی دانیشفەڕ، هەولێر، ٢٠٢٢، ل٧٣ بەدواوە؛ عزيز حسن البارزاني، الحركة القومية الكوردية التحررية، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٢، ص ص ١٢٧-١٧٥.

تەنیا ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراویان گرتووەتەوە، حزبێک نەبووە کە ببێتە هۆی جووڵێنەری ئەو جووڵانەوانە، لەو ڕۆژگارەدا کورد بەهۆی نەبوونی هێزێکی ڕێکخراوی چەکدار، کە هێزی سەرەکیی کورد چەکدارەکانی هۆزەکان بوون، سەرباری ناهاوسەنگیی هێزی سەربازی، ئەستەم بوو بتوانن بەرانبەر هێزێکی وەکو سوپای عێراق بوەستن، بە تایبەت کە هێزی هەوایی بەریتانیا پاڵپشتی سوپای عێراقی دەکرد[١]. دوای جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥)، کێشەی کورد ئاراستەیەکی جیاوازی وەرگرتووە[٢]، لەو هەلومەرجەدا پارتی دیموکراتی کورد دامەزرا[٣]، وەك هێزێکی کاریگەر ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە لە بەشداری کردن لەو خۆپیشاندانە جەماوەرییانەی لە ناوچەکانی کوردستان و عێراق لە ماوەی ساڵانی (١٩٤٨-١٩٥٨) ڕوویانداوە[٤].

لەسەروبەندی شۆڕشی (١٤ی تەمووزی ١٩٥٨) بە سەرکردایەتیی عەبدولکەریم قاسم (١٩١٤-١٩٦٣) بەرپابوو[٥]، کە بووە هۆی گۆڕینی سیستەمی پاشایەتی و دامەزراندنی سیتەمی کۆماری، پارتی تاکە حیزبێکی نەتەوەیی بوو لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان، لە (١٦ی تەمووزی ١٩٥٨)، بە شێوەیەکی فەرمی کەوتە پشتگیریکردنی شۆڕش و

---

(١) عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، و: کامەران جەمال بابان زادە، ب٢، چاپخانەی ڕێی نوێ، ب.ش، ٢٠١٠، ل٢٣٠-٢٣٤.

(٢) علی سنجاري، الحركة التحررية الكردية (مواقف وأراء)، مطبعة خبات، دهۆک، ١٩٩٧، ص٣٧.

(٣) پارتی دیموکراتی کورد: لە (١٦ی ئابی ١٩٤٦) لە بەغدا بە نهێنی دامەزرا، بە بەشداریی (٧٠) ئەندام یەکەم کۆنگرەی بە نهێنی لە بەغدا بەست، لەو کۆنگرەیەدا مستەفا بارزانی بە سەرۆکی حیزب هەڵبژێررا، شێخ لەتیفی حەفید بە جێگری یەکەم و کاکە زیادی کۆیە بە جێگری دووەم دیاری کران. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: حبیب محمد كريم، تاريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني- العراق في محطات ١٩٤٦-١٩٩٣، مطبعة خبات، أربيل، ١٩٩٨، ص٣٥.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٨٥، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٢١ بەدواوە

(٥) بۆ زانیاری دەربارەی شۆڕشی (١٤ی تەمووز)، بڕوانە: ليث عبدالحسن الزبيدي، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، ط٢، من منشورات مكتبة اليقظة العربية، بغداد، ١٩٨١؛ عبدالسميع خلف عبد حبيب الجنابي، تطور المشكلة الكردية في العراق ١٩٥٨-١٩٦٨، اطروحة دكتورا غير منشورة، كلية الأداب جامعة الأنبار، ٢٠١٧، ص ص ٢٦-٥٢.

جەختی لەسەر برایەتی کورد و عەرەب کردەوە[١]. لەم دۆخەدا سەرکردایەتی شۆڕشی تەمووز چەند هەنگاوێکی لەمەڕ مافەکانی کورد نا، بڕیاری لێبوردنی گشتی بۆ هەموو زیندانییە سیاسییەکان و گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە یەکێتیی سۆڤییەت[٢]، ئەمەش هۆکارێک بوو کە گەلی کورد، سەبارەت بە چارەسەری پرسی نەتەوەیی، باوەڕی بە دەسەڵاتدارانی سیاسی نوێ هەبێت[٣]، بەڵام ئەم ڕەوشە زۆری نەخایاند، پەیوەندییەکانی کورد و حکومەتی قاسم لە ئاکامی کۆمەڵێك هۆکار بەرەو گرژی چوون، بە تایبەت دوای سەردانی مستەفا بارزانی بۆ یەکێتیی سۆڤییەت[٤] و **مانەوەی بارزانی بۆ ماوەی (٣) مانگ گومانی لای قاسم دروست کرد، کە بارزانی پیلانی بەدەستەوەیە دژی حکومەت**[٥]. سەرەنجامی ئەو دۆخە، قاسم چەند هەنگاوێکی گرتەبەر، لەوانەش پڕچەککردنی ئەو هۆزە کوردییانە بوو کە پەیوەندییان لەگەڵ بارزانی باش نەبوو، بە

هەواڵنامەی کتێب

(١) سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح، لە بەڵگەنامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦-١٩٦٣، زانکۆی دهۆک بنکەی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوە، دهۆک، ٢٠٢١، ل٣٠٠؛ ئامانج حەسەن ئەحمەد، برایم ئەحمەد ڕۆڵی لە بزاڤی سیاسی و ڕزگاریخواز و ڕوناکبیری گەلی کورددا (١٩١٤-٢٠٠٠)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٤٦.

(٢) مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٥٨-١٩٦١، بەرگی دووەم، ب.ش، ٢٠٢٠، ل٤٥.

(٣) جليلي جليل وآخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، ت: عبدى حاجي، ط٢، مطبعة خاني، دهوك، ٢٠١٢، ص٣٦٤

(٤) مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (١٩٦١-١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ب.ش، ٢٠٢٠، ل٣٠.

(٥) دیدار لەگەڵ مەحموود عوسمان، هەولێر، ٢٠٢٢/٧/١٩. ناوبراو لە ساڵی (١٩٣٨) لە شارۆچکەی پێنجوێن لە دایکبووە، لە (١٩٥٥) بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە (١٩٥٨) بووەتە ئەندامی یەدەگی لیژنەی مەرکەزی پارتی، لە (١٩٦٣) چووەتە ڕیزی شۆڕشەوە، لە (١٩٦٤) بووەتە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی پارتی، لە ساڵانی (١٩٦٤ تا ١٩٧٥) زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ مستەفا بارزانی بووە، لە (١٩٦٩) بووەتە سەرۆکی وەفدی شۆڕش بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی بەغدا. دوای نسکۆی (١٩٧٥) لیژنەی ئامادەکاری پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراندووە، لە (١٩٧٩) لەگەڵ بزووتنەوەی سۆسیالیست یەکیان گرتووە و حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان دامەزراندووە. لە (١٩٨٨) لە گفتوگۆی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی بەشداربووە، دواتر بووەتە ئەندامی سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی، لە (٢٠٠٦) بووەتە ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراق بۆ ماوەی دوو خول، ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە

مەبەستی دژایەتیکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد و دروستکردنی ململانێی ناوخۆیی[١]. لە لایەکی دیکەوە کوشتنی سدیق قادر بەگی میران (١٩٠٧-١٩٦١) سەرۆک هۆزی خۆشناو، کە ڕاوێژکاری قاسم بوو بۆ کاروباری کورد، دۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد، قاسم ئەم کارەی بە پیلانی پارتی لە قەڵەم دا، بۆیە بڕیاری گرتنی برایم ئەحمەد سکرتێری پارتی دەرکرد[٢]. ئەمەش پەیوەندییەکانی کورد و قاسمی ئاڵۆزتر کرد[٣]، دوای لێکترازان و تێکچوونی پەیوەندییەکان، سەرکردایەتی سیاسیی کورد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دۆخە، لە (تشرینی یەکەمی ١٩٦١) کۆبوونەوەیەکی سازدا، کۆمەڵێك بڕیاری دەرکرد، لەوانەش: بەهێزکردنی ڕێکخستنی نهێنیی حزب و کڕینی چەک **و پێداویستییەکانی بەرگری**[٤]. ئەم هەوڵانەی سەرکردایەتی سیاسیی کورد، لەڕووی خۆپڕچەککردنەوە ئامادەکاری بوو بۆ بەرگریکردن[٥].

پەیوەندییەکانی قاسم و سەرکردایەتی سیاسیی کورد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبوو، تا لە ئەنجامدا وەزارەتی ناوخۆ لە (٢٣ی ئاداری ١٩٦١) ڕۆژنامەی خەباتی داخست، کە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو[٦]. هەروەها مۆڵەتی فەرمیی کارکردنی لە (پ.د.ک) وەرگرتەوە[٧]. لە (حوزەیرانی ١٩٦١) (پ.د.ک) پێشنیازێکی ئاراستەی حکومەت کرد، داوای کرد لەژێر ڕۆشنایی ماددەی (٣)ی دەستووری کاتیی عێراق، لەڕێگەی

---

(١) نەوزاد عەلی ئەحمەد، پارتی دیموکراتی کوردستان لە نێوان کوتەک و تەسلیم بووندا ١٩٦١-١٩٦٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٥١.

(٢) هاوکار کەریم حەمەشەریف، شۆڕشی ئەیلول لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە ڕێکخستن و چالاکییە سەربازییەکان ١٩٦١-١٩٧٠، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٢، ل٣٧.

(٣) اوفرا بنيغيو، كرد العراق بناء دولة داخل دولة، مؤسسة اراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠١٤، ص٢٨.

(٤) هاوکار کەریم حەمەشەریف، س.پ، ل٤٤-٤٥.

(٥) عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری، یاداشتەکانم شۆڕشی ئەیلول ساڵی ١٩٦١ دژی ڕژێمی قاسم، بەشی دووەم، هەولێر، ١٩٩٧، ل١٦.

(٦) ئازاد عوبێد ساڵح، کاریگەری شۆڕشی ئەیلول لەسەر ڕۆژنامەوانی کوردی ١٩٦١-١٩٧٥، چاپخانەی ڕۆشەنبیری، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٣٣؛ رجائی فاید، کوردەکانی عێراق، و: عەلی میرزا عارف، چاپخانەی گەنج، ب.ش، ٢٠١٠، ل١٨٠.

(٧) شۆڕشی ئەیلوول ڕەمزی فیداکاری و یەکێتی ڕیزەکانی گەلی کورد بوو، گۆڤاری سەفین، ژ(٤٠)، ئەیلولی ١٩٨٦، ل١٤.

دانوستانەوە کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن نەک بە ڕێگەی هێزی سەربازی[١]، بەڵام حکومەتی قاسم بەردەوام بوو لە ڕاوەدوونان و دوورخستنەوەی کادیران و لایەنگرانی (پ.د.ك) لە دامودەزگاکانی حکومەت، هەڵمەتی دوورخستنەوە ناو سوپا و پۆلیسیشی گرتبووەوە، لەو سەروبەندەدا بە بڕیاری حزب لە (٨ی ئابی ١٩٦١) یەکەمین چالاکیی نهێنی ئەنجام درا، ئەویش گواستنەوەی چەکەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەولێر بوو بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە[٢].

(پ.د.ک) بڕوای بە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکان هەبوو، بۆیە لە (٧ی ئەیلوولی ١٩٦١) مانگرتنێکی سەرتاسەری ئەنجام دا[٣]، لە (٩ی ئەیلوولی ١٩٦١) بەشێک لە هێزەکانی سوپای عێراق، مەبەستیان بوو لە ڕێگەی دەربەندیخانەوە بگەنە سلێمانی، وەکو پاساوێک بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر گردبوونەوەی هۆزەکان[٤]، لە هەمان ڕۆژ سوپای عێراق لیوای (٣)ی فەوجی (٢)، بە سەرپەرشتی عەمید مەحموود عەبدولڕەزاق فەرماندەی فیرقەی دووی کەرکوک و عەقید ئیبراهیم فەیسەڵ سەرۆکی ئەرکانی سوپا، پلانی نەخشەی لێدانی گردبوونەوەی جەماوەری و لابردنی بەربەست و کردنەوەی ڕێگاکانیان هەبوو. لە (١٠ی ئەیلوولی ١٩٦١)، سوپای عێراق هێرشی کردە سەر دەربەندی بازیان، لە (١١ی ئەیلوولی ١٩٦١)، بەرەو شاری کۆیە کەوتە جووڵە، زیاتر مەبەستیان گوندی (دێگەڵە) بوو، کە لەو گوندە گردبوونەوەی هۆزەکان هەبوو، دوای بۆردومانی فڕۆکە بۆ ناوچەکە، هۆزەکان پاشەکشەیان کرد بۆ دۆڵی هیران[٥]، دوای

---

(١) شازین هێرش، شۆڕشی ئەیلول لە چەند بەڵگەنامەیەکی مێژوویيدا (١٩٦١-١٩٦٣)، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٥.

(٢) عەریف سلێمان، لە دەنکەوە بۆ گوڵەگەنمەکان، بەرگی دووەم، چ٢، چاپخانەی هاوسەر، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٩٥و٩٨؛ شوان محەمەدئەمین خۆشناو، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٧٠، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، ٢٠١٦، ل٣٢.

(٣) برایم جەلال، باشوری کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بنیادنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥، چ٤، ب.ش، ٢٠٢١، ل١٠٨.

(٤) عبدالفتاح البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠١، ص٨٧؛ دانا ئادەم شمیدت، سەفەرێک بۆ ناو پیاوە ئازاکان لە کوردستان، و: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، چ٣، چاپخانەی ڕۆکسانە، هەولێر، ٢٠١٨، ل١٦٨.

(٥) كافي محمد نبوي، سيرة ودور، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل، ٢٠٠١، ص١١٤-١١٥.

کشانەوەی هۆزەکان سوپای عێراق زیاتر پێشڕەوی کرد[١]. لە ئەنجامی ئەم ڕەوشە سیاسییەی هاتبووە پێشەوە پارتی لە (١١ی ئەیلوولی ١٩٦١)، خەباتی چەکداری ڕاگەیاند، کە دواتر بە شۆڕشی ئەیلوول ناسرا[٢].

لە (١٨ی ئەیلوولی١٩٦١) حکومەتی عێراق ناوچەی بارزانی بۆردومان کرد[٣]، هەرچەندە لەڕووی چەک و پێداویستییەوە، نا بەرانبەرییەکی زۆر هەبوو، بۆیە سوپای عێراق چەند سەرکەوتنێکی بەرایی بەدەستهێنا، بەڵام نەیتوانی زیاتر پێشڕەوی بکات، عەبدولکەریم قاسم لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە (٢٣ی ئەیلوولی ١٩٦١) ڕایگەیاند:«یاخیبوون کۆتایی هاتووە»[٤]. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای عێراق، لە (تشرینی یەکەمی ١٩٦١) بارزانی بە سەرکردایەتی (٣٠٠) چەکدار چووەتە ناوچەکانی بادینان[٥]. چەندین شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی سەخت، لە نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق ڕوویداوە. بۆ نموونە شەڕی زاوێتە کە لە (١٢ی کانوونی یەکەمی١٩٦١) ڕوویدا، سەربازانی سوپای عێراق کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەوە، بووە هۆی کوژرانی (٦٠) سەرباز و بە دیلگرتنی (٥٠٠) سەرباز، هەروەها (١٥٠٠) پارچە چەک کەوتە دەست پێشمەرگە[٦].

ڕێکخستنی هێزەکان و هەبوونی ناوەندێکی چەکداری بە پێویست زانرا، بۆیە لە کۆبوونەوەی گوندی (عەودالان) کە لە ڕۆژانی (٢٥-٢٩ی کانوونی یەکەمی١٩٦١)

(١) اسماعیل محمد خضر شکاک، گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی پێشمەرگە دێرینەکان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ١٩٦١-١٩٧٥، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٦. ل ٤٣-٤٤.

(٢) ئیبرایم جەلال، باشوری کوردستان و شۆڕشی ئەیلول...، ل١١٠-١١١؛ رینیە موریس، کوردستان یان نەمان، و: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، چ٣، چاپخانەی ڕۆکسانە، هەولێر، ٢٠١٨، ل٨٣.

(٣) شوان محەمەدئەمین خۆشناو، هەولێر لەنێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٣)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل٢٦٩-٢٧٠.

(٤) مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد (١٩٦١-١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ب.ش، ٢٠٢٠، ل٣٩.

(٥) عبدلفتاح البوتاني، م.س، ص١١١-١١٢.

(٦) مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل٥٧-٥٨.

بەسترا[١]، بڕیاری پێکهێنانی (لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان) درا[٢]، دروشمی «ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دیموکراسی بۆ عێراق بەرزکرایەوە[٣]، هەرچەندە ئەم دروشمە بنەمایەك بوو بۆ خەباتی سیاسی و چەکداری کورد، بەڵام حکومەتی عێراق باوەڕی بە مافی نەتەوەی کورد نەبووە بەردەوام بوو لە دژایەتی کورد و شۆڕشەکەی

لە سەرەتای دەست پێکردنەوەی شۆڕش ناوی پێشمەرگە نەبوو، بەڵکو پێیان دەگوترا کۆمەڵە چەکدار، بۆیە لە کۆبوونەوەی عەودالان ناوی پێشمەرگەش جێگیرکرا[٤]. دوای ڕێکخستنەوە و دابەشکردنی هێزەکان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان دوای چەندین شەڕ لەگەڵ سوپای عێراق، لە (کۆتاییەکانی ١٩٦٢) چەند شوێنێکی ستراتیژییان لە سنووری نێوان عێراق و ئێران لە خانەقینەوە تا حاجی ئۆمەران، لە سنووری عێراق و تورکیا لە دالانپەرەوە تا زاخۆ کەوتە ژێر دەسەڵاتی شۆڕش[٥]. ژمارەیەکی زۆر لە پۆلیس لە ناوچەکانی (قەڵادزێ، ڕانیە، دۆکان و هەڵەبجە) پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد، هەربۆیە ساڵی (١٩٦٢) بە شۆڕشی پۆلیس ناسرا[٦].

درێژەکێشانی شەڕ و شکانی سوپای عێراق بەرانبەر هێزی پێشمەرگە، ناڕەزایی بەشێک لە ئەفسەرانی عێراقی لێکەوتەوە، خراپبوونی دۆخی ئابووری و بڵاوبوونەوەی

(١) هاوکار کەریم حەمەشەریف، س.پ، ل٦٧.

(٢) لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان: لە ڕووی ڕێکخستنەوە سەرەتا هێزەکان ڕێکخراو نەبوون، پێشمەرگە دابەشکرابوونە سەر چەند قۆڵێک، فەرماندەی هەر قۆڵێک پێی دەگوترا سەرقۆڵ، بەڵام دوای کۆبوونەوەی عەودالان (دەستە، پەل، لق، بەتالیۆن و هێز) دانران، لە ساڵی (١٩٦٤) ناوی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستانی لێنرا، دابەش کرایە سەر سێ لەشکر، هەر لەشکرێك لە (٣) یان (٤) هێز پێك هاتبوون، هەر هێزێك لە (٣) بە تالیۆن کەمتری نەبوو، هەر بەتالیۆنێکیش لە (٣) لق پێك هاتبوو، لقیش لە (٣) پەل کەمتری نەبوو، هەر پەلێکیش لە (٣) دەستە پێك هاتبوو، هەر دەستەیەك (١٠) پێشمەرگەی هەبووە بۆ زانیاریی زیاتر بروانە: عبدالله مەلازادە، شۆڕشی ئەیلولی مەزن، باسێک لەسەر پێکهاتەی عەسکەری لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان (١٩٦٥-١٩٧٥)، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٢٠، ل٩-١٠.

(٣) شوان محەمەدئەمین خۆشناو، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٧٠...، ل ٣٧.

(٤) شڤان ئەحمەد عەبدولقادر، پێگەی یاسای جەنگاوەران لە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی دا پێشمەرگە وەک نمونە، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٠٩.

(٥) مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل٨٩-٩٠.

(٦) ئیبراهیم جەلال، باشووری کوردستان و...، ل١٣٥.

بێکاری چەند هۆکارێکی دیکە[١] وایکرد بەعسییەکان [٢]، ئەم دۆخە بقۆزنەوە و لە (٨ی شوباتی ١٩٦٣) کوودەتا ئەنجام بدەن[٣]، کە ئاکامەکەی بە کوژرانی عەبدولکەریم قاسم و هاتنە سەر دەسەڵاتی عەبدولسەلام عارف (١٩٢١-١٩٦٦) کۆتایی هات[٤]. لەو بارودۆخەدا دوای پیرۆزبایی کردن، (پ.د.ک) لە بەیاننامەیەکدا داوای کرد حکومەتی نوێ دان بە مافەکانی کورددا بنێت و ڕازی بێت لەسەر پێدانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراتی بۆ عێراق، لە گیراوە سیاسییەکانیش خۆش بێت[٥]، بەڵام ڕابەرانی کودەتاکە وەڵامی ئەو بەیاننامەیەی پارتییان نەدایەوە. لەناو حزبی بەعس بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کورد دوو بۆچوونی جیاواز هەبوو، بۆچوونێک پێی وا بوو ڕێوشوێنی سەربازی دژیان بگیرێتەبەر، بۆچوونێکی دیکە لەگەڵ دانوستان و ڕاکێشانی بەشێک لە کوردەکان و دووبەرەکی نانەوە و پەرتکردنیان بوو[٦].

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، دەربارەی هۆکار و دەرەنجامەکانی کودەتای (٨ی شوباتی ١٩٦٣) بڕوانە: علی خيون، ثورة ٨ شباط ١٩٦٣ في العراق (الصراعات والتحولات)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩

(٢) حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی: لە ساڵی (١٩٤٠) لەلایەن (میشێل عەفلەق) و (سەلاحەددین بەیتار) دامەزرا، بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان ساڵی دامەزراندنی دەگەڕێننەوە بۆ (٧ی نیسانی ١٩٤٧) لە دیمەشق، لە (١٩٤٩) بیروباوەڕی پارتەکە بە وڵاتانی عەرەبی بڵاوبۆوە، لە (١٩٥٢) لقی عێراقی حیزبی بەعس دامەزرا، فوئاد رکابی یەکەمین ڕێکخەری حیزب بوو لە عێراق، ساڵی (١٩٥٣) ڕێکخراوی حیزب فراوانتربوو، سەکردایەتیی هەرێمایەتی پێک هات. حیزبی بەعس لە کودەتایەکدا لە (٨ی شوباتی ١٩٦٣) دەسەڵاتی گرتە دەست، بەڵام دواتر لە (١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣) لە دەسەڵات دوورخرانەوە، لە ساڵی (١٩٦٨) لە کوودەتایەکی سپیدا دەسەڵاتیان وەرگرتەوە، تا (٢٠٠٣) لە عێراق دەسەڵاتدار بوون. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: حازم صاغية، بعث العراق سلطة صدام قياما وحطاما، دار الساقي، بيروت، ٢٠٠٣، ص٢٢ ل٦٤؛ ئەلبێرت عیسا، خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٦و٣٩؛ شكيب عقراوي، سنوات المحنة في الكردستان اهم الحوادث السياسية العسكرية في كردستان العراق من ١٩٥٨ الى ١٩٨٠، مطبعة منارة، ٢٠٠٧، ص٩٢.

(٣) مێڤان عارف عبدالرحمن، الحركة القومية الكردية التحريرية في كردستان العراق (١٩٥٨-١٩٦٣)، ط٣، دار سپيرز للطباعة والنشر، دهوک، ٢٠٠٥، ص١٢١؛ هیوا عەزیز سەعید، مێژووی بەعسیزم لە عێراق ١٩٦٣-١٩٨٠، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل١٠٥.

(٤) نجم الدين يوسفی، شۆڕشا ئەيلول ديتن و بۆچوون، و: مصلح همزە حسن، چاپخانەی زانکۆی دهۆک، دهۆک، ٢٠١٦، ل٢٥.

(٥) سدیقساڵح و رفیق ساڵح، س.پ، ل٦٥٣.

(٦) واحید عومەر محێدین، دانوستانەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و حکومەتی عێراق، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٢٨.

بارودۆخ دوای کوودەتاکە نەشەڕ و نەئاشتی بوو. حکومەت لە هۆشدارییەکدا لە ڕادیۆی بەغدا کوردی بە «جووداخواز» ناوبرد، هەروەها خەڵاتێکی (١٠٠,٠٠٠) هەزار دیناری بۆ دەستگیرکردنی بارزانی دیاری کرد. سوپاش هەڕەشەی کاولکردنی گوندەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکووکی کرد[١]. ئەوەش دۆخەکەی بەرەو ئاڵۆزی زیاتر برد، بە تایبەت دوای ئەوەی هێزی ئاسمانیی عێراق لە (١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣) بۆردومانی ناوچەکانی باشووری کوردستانی کرد[٢]، هێرشەکانی سوپای عێراق، بە یارمەتی (٢) هێزی سوپای سووریا بەناوی (قوات یرموک، قوات بردی)، بۆ سەر ناوچە جیاوازەکانی دهۆک، زاخۆ، مێرگەسۆر، کۆیە، خانەقین، کفری، کەلار، دەربەندیخان، هەڵەبجە و شارەزوور دەستی پێکرد[٣]. سەرکردایەتیی شۆڕش، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای عێراق و داکۆکیکردن لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی، بەرەکانی شەڕی لە زاخۆ تا خانەقین، دابەش کرد بەسەر (١١) بەرە، بۆ هەریەکێکیان سەرکردەیەک دیاری کرا، کە ئەرکی پاراستن و بەڕێوەبردنی ناوچەکەیان لە ئەستۆ بوو، بەڵام حکومەت پلانی وابوو قورسایی هێزەکانی بکاتە سەر بەرەیەکی دیاریکراو، لە هەمان کاتدا بەرەکانی دیکەی شەڕیش بە شەڕێکی ئاسان و پچڕ پچڕ تەواو بکات، هەربۆیە سوپای عێراق ڕووبەڕووبەڕووی بەرگرییەکی توندی هێزی پێشمەرگە بووەوە لە شەڕەکانی (پێرس، هەیبەت سوڵتان، ئاکرێ، سپیلک و دەربەندی کۆڕێ)[٤]

بۆ زاڵبوون بەسەر هێزەکانی پێشمەرگە، سوپای عێراق لە (٢٠ی ئابی ١٩٦٣)، بەرەی شەڕی گواستەوە بۆ بادینان، لە شەڕی مەتین ڕووبەڕووی پێشمەرگە بووەوە، ئەم شەڕە ماوەی (٤٥) ڕۆژی خایاند، هێرشی پێچەوانەی پێشمەرگە لەم شەڕەدا، بارودۆخەکەی لە بەرژەوەندی پێشمەرگە یەکلا کردەوە[٥]. بۆ قەرەبوو کردنەوەی شکستەکانی بەرانبەر پێشمەرگە، حکومەتی عێراق ڕێوشوێنی توندوتیژی بەرانبەر

(١) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، و: کوردۆ عەلی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٥٠.

(٢) شکیب عقراوي، م.س، ص١٢٥.

(٣) شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، ڕۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلوول، چ٢، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠١٦، ل١٦٣.

(٤) بۆ زانیاریی دەربارەی بەرەکانی شەڕ و ناوی فەرماندەکان، بڕوانە: مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل١١٦و ١٢٥.

(٥) شڤان ئەحمەد عەبدولقادر، س.پ، ل٢١١.

خەڵکـی مەدەنـی بەکارهێنـا، ئەمـەش ئەوەنـدەی دیکـە خەڵکـی تووڕەتـر و لاگیرترکـرد لـە دەسـەڵاتیی عەبدولسـەلام عـارف، جگـە لـەوەش ناکۆکـی لـە نێـوان دەسـەڵاتدارانی عێـراق هەبـوو، شکسـتی سـوپا لـە بەرەکانـی شـەڕ و بەفیڕۆدانـی سـەرمایەکی زۆر و زیانێکـی زۆری پێگەیاندبـوو[1]، ئەمـەش وایکـرد عەبدولسـەلام عـارف لـە (١٨ی تشرینـی دووەمـی١٩٦٣)، بەعسییەکان لـە دەسـەڵات دوور بخاتـەوە[2]، شـوێنەکانیان بـە نزیکەکانـی خـۆی پـڕ کـردەوە، عەبدولسـەلام عـارف بەتـەواوی دەسـتی گـرت بەسـەر دامودەزگاکانـی دەوڵـەت[3]، ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شۆڕشـی دیـاری کـرد. خۆیشـی بـووە سـەرۆکی ئەنجوومەنەکـە، هەروەهـا حکومەتێکـی نوێـی بـە سـەرۆکایەتی تاهیـر یەحیـا (١٩١٣-١٩٨٦) دامەزرانـد[4]. بـە مەبەسـتی نزیکبوونـەوەی لـە کـورد، دوای چەنـد هەوڵێـک بـۆ دانوسـتان، لـە ئەنجامـدا ڕێککەوتننامـەی (١٠ی شـوبات ١٩٦٤) هاتـە ئـارا[5].

ڕێککەوتنـی (١٠ی شـوبات) سـەرەتایەک بـوو بـۆ دروسـتبوونی ناکۆکـی نێـوان دوو گرووپـی سـەرەکیی (پ.د.ک) (گرووپـی مەکتەبـی سیاسـی و سـەرکردایەتی بارزانـی)، لـە ئاکامـدا ژمارەیـەک لـە ئەندامانـی کۆمیتـەی ناوەنـدی لـە نێویشـیاندا برایـم ئەحمـەد سـکرتێری حـزب و جـەلال تاڵەبانـی ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی لـە شـۆڕش جیابوونـەوە، چونکـە پێیـان وا بـوو ئـەم ڕێککەوتنـە خواسـتە نەتەوەیییـەکانی کـوردی بەدەسـت

(١) تۆفیـق نـوری بـەگ، بیـرەورەی مێژوویـی لـە تێڕوانینـی کوردێکـی نەتەوەیـی بەرامبـەر شـۆڕشی ئەیلـول ١٩٦١، چاپخانـەی تـاران، ب.ش، ٢٠٢٠، ل١٠٧.

(٢) حبیب محمد کریم، م.س، ص٨٩.

(٣) سیرجـی. ج. ئیدمونـز، کێشـەی کـورد، و: ئەبوبەکـر سـاڵح ئیسماعیـل، چ٣، چاپخانـەی ڕۆکسـانە، هەولێـر، ٢٠١٨، ل١٤.

(٤) شـێرکۆ فەتحـولا عومـەر، پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان و بزوتنـەوەی ڕزگاری خـوازی نەتـەوەی کـورد لـە عێراقـدا ١٩٤٦-١٩٧٥، و: سـوارە قەڵادزەیـی، چاپخانـەی شـەهید ئـازاد هەورامـی، ب.ش، ٢٠١٣، ل٢١٠.

(٥) ڕێککەوتنامـەی ١٠ی شـوبات: لـە نێـوان حکومـەتی عێـراق و مسـتەفا بارزانـی ئیمـزا کـرا، بەپێـی ئـەو ڕێککەوتننامەیـە، حکومـەت دانـی نـا بـە مافـە نەتەوەیییەکانـی کـورد لـە چوارچێـوەی عێراقـدا، هەروەهـا ڕازی بـوو لەسـەر دەرکردنـی لێبوردنـی گشـتی و قەرەبووکردنـەوەی ئـەو زیانانەی بەر ناوچەکانی کوردسـتان کەوتبـوو، هەروەهـا گێڕانـەوەی بەڕێوەبەرایەتییـە ناوخۆییـەکان بـۆ کوردسـتان، بـۆ زانیاریـی زیاتـر، بڕوانـە: مسـعود بـارزانی، بـارزانی و...، بەرگـی سـێیەم، بـەشی یەکـەم، ل١٦٠.

نەخستووە[١]، جیابوونەوەکە کاریگەری هەبوو لەسەر دابەشبوونی پێشمەرگە بەسەر هەر دوو بەرە، ململانێیەکی خوێناوی لە نێوان گرووپی مەکتەبی سیاسی و بارزانی بەدوادا هات[٢]، ئەمەش وای کرد حکومەت دەرفەت وەربگرێت بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەکانی باشووری کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە لە (نیسانی ١٩٦٥)، سوپا هێرشی کردە سەر ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، بۆ ڕێگەگرتن لەو پەلامارە سەربازییە لەشکری پێشمەرگە لە شەڕەکانی (سەفین، پیرەمەگروون، قەرەداخ، ئەزمەڕ و چوارتا) ڕووبەڕووی سوپای عێراق بوونەوە[٣]. لە ناوچەکانی بادینان چەندین ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی پێشمەرگە و سوپای عێراق ڕوویدا، شکستی سوپای عێراق لەم شەڕانە، لە دەرەوەدا دەنگدانەوەی زۆری هەبووە[٤]

شیاوی ئاماژەیە لە (٢١ی ئەیلوولی ١٩٦٥) عەبدولڕەحمان بەزاز (١٩١٣-١٩٧٣)، وەزارەتێکی نوێی پێکهێنا، ناوبراو کەسایەتییەکی مەدەنی بوو، ویستی چارەسەری ئاشتیانەی لەگەڵ کورد هەبوو، بەڵام ڕێگری و کۆسپ لەبەردەم کارەکانی زۆر بوو، لە (١٣ی نیسانی١٩٦٦) عەبدولسەلام عارف لە ئەنجامی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەی گیانی لەدەست دا، عەبدولڕەحمان عارف (١٩١٦-٢٠٠٧) برای جێگای گرتەوە[٥]، لە هەمان کاتدا مستەفا بارزانی بۆ ئەوەی دەرفەتێک بە سەرۆک کۆماری نوێ بدات و هەڵوێستی بەرانبەر کێشەی کورد بزانێت، بڕیاری دا بۆ ماوەی مانگێک شەڕ ڕابگرێت[٦]، بەڵام حکومەتی عێراق سوور بوو لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی کورد، بەردەوام لە پلاندانان و ئامادەکاریی سەربازی بوو. حکومەت پێشتر پلانێکی لە

(١) فەرەیدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا، بارودۆخی سیاسی کوردستان- عێراق ١١ مارتی ١٩٧٠- ١١ مارتی ١٩٧٤، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٧.

(٢) هەوراز جەوهەر مەجید، شاری سلێمانی ١٤ تەمموزی ١٩٥٨- ١٧ تەمموزی ١٩٦٨، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٦٧.

(٣) بۆ زانیاری دەربارەی شەڕەکان، بڕوانە: مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل١٩٣-١٩٩؛ هاوکار کریم حەمەشەریف، س.پ، ل١٧٩-١٨٠.

(٤) شازین هێرش محمد، س.پ، ب٢، ل ٢٦٧.

(٥) زینب عبدالحسن الزهیري، عبدالرحمن عارف ودوره السیاسي في العراق (١٩٦٦-١٩٦٨)، دار اسامة للنشر والتوزیع، الأردن- عمان، ٢٠١٢، ص٢٩؛ فەرەیدون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا، س.پ، ل٢٩.

(٦) جەمال نەبەز، کوردستان و ...، ل١٧٤.

ژێـر نـاوی (توكلـت علـى اللـه) دارِشـتبوو، نەخشـەی پلانەکـە وا دانرابـوو، (١٥-١٦ی نیسـانی ١٩٦٦) دەسـت پێبکرێـت، بـەڵام مردنـی عەبدولسـەلام پلانەکـەی دواخسـت[١]، بـۆ ڕۆژی (٢ی ئایـاری ١٩٦٦)، پلانەکـەش بریتیبـوو لـەوەی: (یەکـەم- ڕۆڵـی گرنـگ بدرێـت بـە گرووپـی مەکتەبـی سیاسـی (پ.د.ک). دووەم- هێرشـکردنە سـەر ناوچەکانـی چیـای (زۆزک و هەندرێـن)، حکومـەت مەبەسـتی بـوو ناوچەکانـی (هەولێـر، سـلێمانی و کەرکـووک) لـە ناوچەکانـی (موسـڵ و زاخـۆ) دابـڕێـت. سـێیەم- پەنابـردن بـۆ سیاسـەتی پەرتکـە و زاڵبـە، واتـە لێدانـی خۆبەخـۆی کـوردەکان، لـە ڕێگـەی لێدانـی شـۆڕش لـە لایـەن ئاغـا کـوردەکان، کـە لـە لایـەن حکومەتـەوە پاڵپشـتی دەکـران)[٢]

ژمـارەی هێزەکانـی سـوپای عێـراق نزیکـەی (١٥) هـەزار سـەرباز بـوو، هێرشـەکە لـە شـەوی (٢|٣ی ئایـاری ١٩٦٦) کرایـە سـەر سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە، لـە چیاکانـی زۆزک و هەندرێـن لـە ناوچـەی ڕەوانـدز[٣]، لـە چیـای زۆزک هێزەکانـی خۆشـناوەتی و هێـزی بـارزان بەرگرییـان کـرد، لـە چیـای هەندرێنیـش هێزەکانـی پێشـمەرگە و حزبـی شـیوعی بەرگرییـان کـرد، ئامانجـی سـوپای عێـراق لـە داگیرکردنـی هەندرێـن و زۆزک، گرتنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش بـوو لـە ناوچـەی باڵـەک[٤]. بـەڵام سـەرکەوتوو نەبـوو، بۆیـە هەوڵەکانـی سـوپا بـۆ گرتنـی ناوچەکـە چـڕ بـووەوە، سـوپای عێـراق زیاتـر لـە (٦) جـار هەوڵـی گرتنـی پێگەکانـی پێشـمەرگەیان داوە، بـەڵام دووچـاری شکسـت هاتـوون[٥]، هەربۆیـە ستراتیـژی سـەربازیی هێزەکانـی پێشـمەرگە لە بەرگری بۆ هێرشبردن گـۆڕا[٦]، لە (١٢ی ئایاری ١٩٦٦) لە هێرشـێکی

---

(١) دیـدار لەگـەڵ شـەوکەت سلێمان حەسـەن، هەولێـر، ٢٠٢٢/٥/٢٣. لـە سـاڵی (١٩٣٧) لـە سـلێمانی لـە دایکبـووە، لـە (١٩٦١) کۆلێـژی پۆلیسـی تـەواو کـردووە، لـە (٢٨ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٦١) پەیوەنـدی بـە شۆڕشـی ئەیلولـەوە کـردووە. یەکەمیـن دەزگای بێتەلی لە شۆڕشـی ئەیلـول دامەزراندووە، بەرپرسـی دەزگای بێتـەل بـوو لـە شۆڕشـی ئەیلـول تـا نسـکۆی (١٩٧٥)، دواتـر چووەتـە دەرەوەی وڵات

(٢) شوان محەمەدئەمین خۆشناو، هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٧٠...، ل٢١٢.

(٣) مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل٢١٦.

(٤) مەغدید حاجی ئەمین، چەند بابەتێکی مێژوویی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤، ل١٩١.

(٥) شـلۆمۆ نەکدیمـۆن، مۆسـاد لـە عێـراق و وڵاتـانی دراوسـێ، و: ڕەهەنـد عەبدولغەفـور، ب.ش، ٢٠١١، ل١٩٤-١٩٥.

(٦) زرار سـلێمان بـەگ دەرگەڵەیـی، بیرەوەرییەکانـم لـە سـاڵانی ١٩٤٣-١٩٧٧، چاپخانـەی ڕەهەنـد، سـلێمانی، ب.س، ل٤١٦.

پێچەوانەدا ئەو ناوچانەیان لە سوپای عێراق وەرگرتەوە، کە پێشتر دەستیان بەسەردا گرتبوو، زیانەکانی سوپای عێراق لەم شەڕەدا کوژرانی (٣٥٠) سەرباز و موستەشار و برینداربوونی (٦٥٠) سەرباز بوو، هەروەها زیانەکانی پێشمەرگەش شەهیدبوونی (١٥) بوو[١]، پێشمەرگە لەم شەڕەدا دەستی بەسەر تۆپخانەی سوپادا گرت، ژمارەیەکی زۆری چەک و جبەخانە کەوتە دەستی پێشمەرگە[٢].

شکستی سوپا لە گرتنی سەرکردایەتیی شۆڕش، حکومەتی گەیاندە ئەو بڕوایەی کە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی پێشمەرگە ئەستەمە لەو دۆخەدا کە سوپاکەی بەرامبەر هێزی پێشمەرگە تێکشکابوو، بۆ ڕێکخستنەوەی هێزەکانی و کوشتنی کات حکومەتی عێراق داوای دانوستانی کرد، لە (١٣ی حوزەیرانی١٩٦٦) دانوستان دەستی پێکرد[٣]، دواجار ڕێککەوتننامەی (٢٩ی حوزەیرانی) لێکەوتەوە[٤]. دوای ڕێککەوتننامەی (٢٩ی حوزەیران) تا ڕادەیەک باشووری کوردستان ئارامی بەخۆییەوە بینی، بەڵام حکومەت لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە سست بوو، ئەوەش لەبەر دوو هۆکار: یەکەمیان: بوونی ململانێی ناوخۆیی گرووپی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی بارزانی، کە شەڕی ناوخۆی بەدوای خۆیدا هێنا. دووەمیان: سەرکردە سەربازییەکانی عێراق دژی ڕێککەوتنەکە بوون بەردەوام بوون لە دژایەتی کردنی کورد[٥]

بە هۆی جێبەجێ نەکردنی ڕێککەوتنی (٢٩ی حوزەیران) پەیوەندییەکانی حکومەت

(١) علي سنجاري، حقيقة مسيرة ثورة ايلول١٩٦١، مطبعة خاني، دهۆک، ٢٠١٣، ص٩٥-٩٦.
(٢) زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، س.پ، ل٤٢٣.
(٣) شێرکۆ فەتحوڵڵا، س.پ، ل٢٣٥.
(٤) ڕێککەوتننامەی (٢٩ی حوزەیران): ئەم ڕێککەوتننامەیە لە (١٢) مادده پێکهاتبوو، ناوەڕۆکی بریتیبوو لەوەی کە زمانی کوردی بکرێتە زمانی فەرمی خوێندن لە کوردستاندا، هەروەها بەشداریکردنی کورد لە پایەکانی حکومەت، ناردنی قوتابیانی کورد بۆ دەرەوە بۆ مەبەستی خوێندن، لێبوردنی گشتی بۆ گیراوانی سیاسی، ڕێگەدان بە کاری سیاسی و ئازادیی ڕۆژنامەوانی. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، مستەفا بارزانی لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی عێراقدا ١٩٤٧-١٩٧٠، چاپخانەی دانیشفەڕ، هەولێر، ٢٠٢٢، ل٧٠؛ کاروان جوهر محمد، ئیدریس بارزانی ١٩٤٤-١٩٨٧، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٩، ل١٣٥؛ شەریف هەژاری، جولانەوەی نەتەوەیی باشووری کوردستان (١٩٦١-١٩٨٢) لە بەڵگەنامەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، و: یاسار شێرکۆ، چ٢، ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، زانکۆی دهۆک، ل٣١.
(٥) فەرەیدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا، س.پ، ل٣٠.

و سەرکردایەتیی شۆڕش ئاڵۆز بوو، حکومەت لە (٢ی حوزەیرانی ١٩٦٧) بە مەبەستی گفتوگۆ شاندێکی نارده لای بارزانی، داواکاریی شاندەکە لە بارزانی بریتیبوو لەوەی کە هێزی پێشمەرگە هیچ کردەوەیەکی سەربازی ئەنجام نەدات، لە کاتێکدا سوپای عێراق لە بەرەی جەنگی ئیسرائیل دان[١]. بەڵام حکومەت لە زۆر شوێندا، چالاکیی چەکداری دژی پێشمەرگە ئەنجام داوە، بۆ نموونە لە (١٤ی نیسانی ١٩٦٨) هێرشی کردووەتە سەر گوندی (عارەب کەند) لە دەشتی هەولێر، لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا (٦) هاووڵاتی کوژراون. ئەمەش کاردانەوەی بەدوای خۆیدا هێناوە[٢].

دوای ئەوەی بەعسییەکان لە کوودەتایەکدا (١٧ی تەمووزی ١٩٦٨)، عەبدولڕەحمان عارف یان لە دەسەڵات دوور خستەوە، ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر (١٩١٤-١٩٨٢) بوو بە سەرۆک کۆمار، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە پەیوەندییەکانی کورد و حکومەتی عێراق نەهاتە ئاراوە[٣]، چونکە لایەنگرانی شەڕ لە حکومەت زاڵ بوون[٤]. هەربۆیە حکومەتی عێراق بە هاوبەشی گرووپی مەکتەبی سیاسی لە (١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨) هێرشی کردە سەر بنکە و بارەگاکانی سەرکردایەتیی شۆڕش، شەڕەکە تاوەکو (کانوونی دووەمی ١٩٦٩) بەردەوامی هەبوو، حکومەت دەستی بەسەر چەند ناوچەیەکدا گرت، گرووپی مەکتەبی سیاسیش چەندین ناوچەیان دەستبەسەردا گرتبوو[٥]، ئەم بارودۆخە نیگەرانی ئێرانی لێکەوتەوە، هەربۆیە لە چالاکییەکی هاوبەشدا لە (١ی ئادار ١٩٦٩) لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان، بە یارمەتی شارەزایانی ئێرانی هێرشیان کردە سەر دەزگا نەوتییەکانی حکومەت لە کەرکووک[٦]، ئەنجامدانی چالاکییەکە و تەقینەوەی

(١) شیرزاد زکریا محمد، الحركة القومية الكردية في كردستان العراق ١٩٦١-١٩٦٨، ط٣، دار سپێرز للطباعة والنشر، دهۆک، ٢٠٠٦، ص٣١٩.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: الحزب الديمقراطي الكردستاني، مكتب سياسي، بيان حول تصريح ناطق العسكري في وزارة الدفاع العراقية، ١٩٦٨/٤/٢٣.

(٣) حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٢، ص٢١٢.

(٤) شەریف هەژار، س.پ، ل٣٢.

(٥) برایم جەلال، س.پ، ل٣٩٠-٣٩١.

(٦) جيرارد جالديار، المأساة الكوردية، ت: عبدالسلام النقشبندي، مؤسسة اراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٧، ص١٠٩؛ مەغدید حاجی ئەمین، س.پ، ل١٩٦.

بەشێک لە بیرە نەوتەکان، کاردانەوەی ناوخۆیی و دەرەکی بەدوادا هات[١]، دوابەدوای ئەو چالاکییە سوپای عێراق لە (ئاداری ١٩٦٩)، بە هێزێکی (٦٠،٠٠٠) سەربازی هێرشی کردە سەر ناوچەکانی کوردستان[٢].

بە هۆی شەڕە بەردەوامەکانی حکومەتی عێراق ناڕەزاییەک لە شەقامی عێراقی پەیدا ببوو، بودجەیەکی زۆری وڵات بۆ لایەنی سەربازی بەفیڕۆ دەچوو، سوپای عێراق شەکەت ببوو، بەشێک لە سەربازەکان بێزارببوون، لایەنی کوردیش پێویستی بە ڕێککەوتن هەبوو، بۆ ئەوەی لەو ماوەی ئاشتییەدا هێزەکانی ڕێک بخاتەوە، دانوستان لە نێوان حکومەتی عێراق و لایەنی کوردی دەستی پێکرد[٣]، دواجار هەردوولا گەیشتنە ڕێککەوتن، بەیاننامەی (١١ی ئاداری ١٩٧٠) ڕاگەیەنرا[٤]، **کە** بە وەرچەرخانێکی گرنگی مێژوویی دادەنرێت، چونکە بە شێوەیەکی فەرمی و نووسراو دان بە مافی کورددا بنرێت، لە ڕێککەوتننامەکەدا پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی[٥]، جێگیر کرا، شارەکانی (هەولێر، دهۆک و سلێمانی)، لە لایەن سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانەوە بەڕێوە دەبران، هەرچی شاری کەرکووک و ناوچە کێشە لەسەرەکانی دیکە بوو، ئەوا بەسترابوونەوە بە ئاسایی کردنەوەی دۆخەکە و ئەنجامدانی سەرژمێری لەو ناوچانە[٦]، لەگەڵ پێدانی چەندین مافی دیکە[٧]، کە کاریگەری هەبوو لەسەر خەباتی چەکداریی

---

(١) وەصفی حسێن، داستانا لێدانا گازخانە کەرکوک ١٩٦٩، چاپخانەی خانێ، دهۆک، ٢٠١٠، ل٢٧-٢٨.

(٢) گوینتەر دیشنەر، س.پ، ل٣٧٠.

(٣) نجم الدین یوسفی، س.پ، ل٥٤؛ ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ(٥)، ٦ی شوباتی ١٩٧٠، ل١.

(٤) محمد عبدالباقي العاني، ماذا يعني بيان السلام التأريخي ١١ آذار، وزارة الاعلام، ١٩٧٠/٧/١٦، ص١١.

(٥) ئۆتۆنۆمی: بریتییە لە توانای دەرکردنی یاسا بۆ خۆبەڕێوەبردن، ئەمەش مافی ناوچەیی هەرێمێکە لەناو دەوڵەت بۆ خۆبەڕێوەبردن، لە ڕێی دامودەزگای تایبەتی خۆییەوە. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: نەوشیروان شەریف سەعید، ئەزموونی ئۆتۆنۆمی لە باشووری کوردستان ١١ ئاداری ١٩٧٤-١١ ئاداری ١٩٩١، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، ٢٠١٧، ل٢٠.

(٦) ئارام ئەبوبەکر حەمەدئەمین، بارودۆخی سیاسی پارێزگای هەولێر ١٩٧٩-١٩٩١، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، ٢٠١٦، ل١٣.

(٧) نەجمەدین عەبدوڵڵا ئیسماعیل، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٩، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦، ل٦٨.

کورد و بەهێزبوونی پێگەی کورد[١]، لەڕووی سەربازییەوە لەم ڕێککەوتنەدا، بەشێک لە هێزی پێشمەرگە، وەک پاسەوانانی سنوور ناسێنران، کە بەسەر (١٢) فەوج دابەشکران، هەر فەوجێک (٥٠٠) پێشمەرگە بوو، لە سنوورەکانی باشووری کوردستان لە زاخۆ تا خانەقین جێگیرکران[٢]، هەروەها دیاریکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ پێشمەرگە کە نزیکەی (٥٠) هەزار دینار بوو، لەگەڵ پێدانی مووچەی مانگانەی (١٢) دینار بۆ هەر پێشمەرگەیەک[٣]، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بوو، تا ڕادەیەک بار و گوزەرانی پێشمەرگەی باشتر کرد، هێزەکانی پێشمەرگە لەڕووی لۆجیستی و سەربازییەوە توانیان لەو ماوەیەدا گەشە بکەن[٤].

بارودۆخی کوردستان لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٤) نە شەڕ نە ئاشتی بوو، حکومەتی بەعس خۆی لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە دەدزییەوە[٥]، هەروەها چەند هەوڵی ڕووداوی تیرۆرکردن ڕوویدا، بۆ نموونە پیلانی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی لە بەغدا لە (٦ی کانوونی یەکەمی١٩٧٠)[٦]، و مستەفا بارزانی لە (٢٩ی ئەیلوولی ١٩٧١)[٧]، هەرچەندە ئەم پیلانانە سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام بارودۆخەکەی بەرەو ئاڵۆزی برد

سەرەڕای بوونی چەندین کێشە و گرفت، مستەفا بارزانی لە (٢٨ی حوزەیرانی ١٩٧٣) نامەیەکی ئاراستەی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر کرد، داوای جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتننامەی (١١ی ئاداری١٩٧٠) کرد، حکومەت جەختی لەسەر ناوچەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک کردەوە بۆ پێدانی ئۆتۆنۆمی، بەڵام شاندی کوردی پێی وا بوو،

(١) با یادی ئادار هاندەری پتەوکردنی یەکێتی نیشتیمانیمان بێت، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ(٩)، ١٣ی مارتی ١٩٧٠، ل١.

(٢) فازڵ ڕەئووف، بەرەو خۆر، ب١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری، هەولێر، ٢٠٠١، ل٥٠.

(٣) شڤان ئەحمەد عەبدولقادر، س.پ، ل٣١٢.

(٤) مستەفا بارزانی، تێکۆشەر بارزانی لەبارەی مووچەی پێشمەرگە ئەدوێ، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ(٥٦)، ٦ی شوباتی ١٩٧١.

(٥) جمال الغیطاني، الجیش العراقي حراس البوابة الشرقیة من حرب تشرین اول (اکتوبر) الی حرب الشمال، بیروت، د.ت، ص٧٤.

(٦) یۆنان هورمز، بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی کوردستان دا، و: ئەبوبەکر ساڵح خۆشناو، چاپخانەی خانێ، دهۆک، ٢٠٠٨، ل١٥٦.

(٧) فاتیح رسول، لە کاروانێکی دوور و درێژ، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل٢١١.

دەبێت ناوچە جێ ناکۆکەکان (کەرکووک، شنگال و بەشێکی مووسڵ)یش بگرێتەوە، ئەمەش خاڵی سەرەکی ناکۆکی نێوان هەر دوولا بوو، بۆیە گفتوگۆکان بە بنبەست گەیشت، حکومەت تاک لایەنە لە (١١ی ئاداری ١٩٧٤) بڕیاری (ئۆتۆنۆمی)دا[١]. دوای بڵاوکردنەوەی یاسای حوکمی ئۆتۆنۆمی، مۆڵەتی (١٥) ڕۆژیان بۆ (پ.د.ک) دانا کە بەو بڕیارە ڕازی بێت[٢]، بەڵام سەرکردایەتی سیاسیی کورد، ئەم بڕیارەی ڕەتکردەوە[٣]، چونکە ناوچەکانی: (کەرکووک، خانەقین، شێخان، زومار و شنگال) لە چوارچێوەی بڕیارەکەدا نەبوون، (پ.د.ک) داوای کرد جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دوابخرێت، دواتر ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت[٤]، بەڵام حکومەتی عێراق سوور بوو لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکە، ئەمەش وایکرد پەیوەندییەکان بەرەو گرژی بڕوات و شەڕ دەست پێبکاتەوە.

سوپای عێراق لە (٢٣ی نیسانی ١٩٧٤) هێرشی سەربازی بۆ سەر کوردستان دەست پێکردەوە[٥]، شەڕ و پێکدادانی قورس لە نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق ڕوویدا[٦]، لە بەرەی هەولێر سوپای عێراق هێرشی کردە سەر هێزی دەشتی هەولێر و هێزی سەفین، ئەم دوو هێزە لە ئامادەباشی تەواودا بوون و بەرگرییان کرد[٧]. لە بەرەی بادینان سەرەتا هێزەکانی پێشمەرگە بەرگرییان کرد، بەڵام سوپای عێراق توانی دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرێت، بۆیە بەپێویست زانرا لەشکری بادینان بەرەو ناوچە شاخاوییەکان پاشەکشە بکەن، دواتر سەرکردایەتیی شۆڕش بڕیاری بە دانانی

(١) نەوشیروان شەریف سەعید، س.پ، ل١٩.

(٢) صەدام دەربارەی ئۆتۆنۆمی کوردستان ئەدوێ، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ(٢٠٩)، ١٥ی ئاداری ١٩٧٤، ل١.

(٣) ساکار ڕەجەب محەمەد، کاریگەری جەنگی سارد لەسەر شۆڕشی ئەیلول لە ماوەی ساڵانی (١٩٦١-١٩٧٥)، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٥، ل١٠١؛ عماد يوسف قدورة، التأثيرات الأقليمي والدولي في القضية الكردية في العراق (دراسة ١٩٧٢-١٩٧٥)، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، الدوحة، ٢٠١٦، ص٣٠.

(٤) قيادة فرع الحزب الديمقراطي الكردستاني في الخارج، بيان تقيم الوضع الحركة تحررية للشعب الكردي في العراق، ١٦/تموز/١٩٧٥، ص٢.

(٥) سەنگەر ئیبراهیم خۆشناو، ڕووداوە سەربازییەکانی شۆڕشی ئەیلوول، چاپخانەی دانیشفەر، هەولێر، ٢٠٢٢، ل١٠٩.

(٦) نەجمەدین عەبدوڵڵا ئیسماعیل، س.پ، ل١٣١.

(٧) خورشید شێرە، خەبات و خوێن، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٢٦٦-٢٦٧.

سێ هێڵی بەرگری دا[١]، بەڵام هێرشەکانی سوپای عێراق زیاتر بۆ ناوچەکانی سەرکردایەتی بوو[٢]، مولازم یونس ڕۆژبەیانی کە سەرپەرشتی بەرەی زۆزک -گەرووی عومەر ئاغای دەکرد دەڵێت: «حکومەتی عێراق مەبەستی بوو سەرکردایەتیی شۆڕش بگرێت بۆ ماوەی یەک ساڵ لە هێرشی بەردەوام دووچاری شکستێکی گەورە بوو لەڕووی ماددی و مرۆیی و سەربازی»[٣]

لە هێرشەکانی سوپای عێراق، بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، هێزی ئاسمانی بۆردومانی ناوچەکانی دەکرد، تەنانەت خەڵکی مەدەنیش بەدەر نەکران لە بۆردومانەکانی فڕۆکە، هێزی دژە ئاسمانیی شۆڕش بەرپەرچی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای عێراقی دەدایەوە، توانیان لە حاجی ئۆمەران ناوچەی ڕایات فڕۆکەیەک بخەنە خوارەوە[٤]. ئەو شکستانەی کە لەڕووی ماددی و مرۆییەوە بەر سوپای عێراق کەوتن[٥]، ئەو وڵاتەی بەرەو دۆخێکی ئاڵۆز بردبوو، بۆیە هەوڵی نزیکبوونەوە لە ئێران درا[٦]. لە لایەکی دیکە ئێران بۆ گەیشتن بە خواستەکانی، کوردی وەکو چەکێکی بەهێز دژی عێراق بەکار دەهێنا، لەبەرانبەردا عێراق هەڵوێستی لاواز و شەکەت بوو، ئامادەبوو سازش بکات و دەست هەڵبگرێت لە بەشێک لە خاکەکەی بۆ ئێران، بەرانبەر بەوەی ئێران سەرجەم یارمەتییەکانی بۆ

---

(١) سەنگەر ئیبراهیم خۆشناو، س.پ، ل١٨١-١٨٢.

(٢) ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی، چاپخانەو ئۆفیستی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٥٣.

(٣) دیدار لەگەڵ مولازم یوونس ڕۆژبەیانی، هەولێر، ٢/٤/ ٢٠٢١. ناوبراو لە (١٩٤٤) لە شێخان لە دایکبووە، لە (١٩٦١) چووەتە کۆلێژی سەربازی، لە (١٩٧١) پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە، لە (١٩٧٤) بووەتە بەرپرسی میحوەری زۆزک، لە کۆنگرەی (٩) پارتی بووەتە ئەندامی سەرکردایەتی، لە دوای ڕاپەرین (١٩٩٢) بووەتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، لە (١٩٩٣) بووەتە وەزیری ناوخۆ، لە کۆنگرەی (١٣)ی پارتی بووەتە ئەندامی سەرکردایەتیی

(٤) نوری حەیدەر هوشیار، بێ تەل وەچەرخانێکی نوێبوو لە شۆڕشی ئەیلوولدا، چاپخانەی بزاڤی ڕۆشەنبیری سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٢٤؛ علوان حسون العبوسي، القدرات والأدارات الاستراتيجية لسلاح الجو العراقي في الفترة ١٩٣١-٢٠٠٣، الاكاديميون للنشر والتوزيع، المملكة الاردنية- عمان، ٢٠١٤، ص١٤٣.

(٥) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی زیانەکان، بڕوانە: سەنگەر ئیبراهیم خۆشناو، س.پ، ل٢٥٧-٢٥٩.

(٦) نەجمەدین عەبدڵلا ئیسماعیل، س.پ، ل١٤٥؛ کۆن کۆگلن، سەدام و ژیانی نهێنی، و: لوقمان باپیر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٩١.

کـورد بوەسـتێنێت[١]، هەروەهـا ئەمریـکا و یەکێتـی سـۆڤیەت هەوڵێکـی زۆریـان دا بـۆ لێـک نزیـک کردنـەوەی عێـراق و ئێـران لـە یـەکتر، وڵاتانـی هەرێمییـش بـە تایبـەت تورکیـا، ڕۆڵێکـی دیـاری هەبـوو لـە ڕێککەوتنـی هـەردوو دەوڵـەت[٢]

لـە دوای چەندیـن کۆبوونـەوەی ئاشـکرا و نهێنـی، (٦ی ئـاداری ١٩٧٥) عێـراق و ئێـران لـە کۆنگـرەی سـەرانی ئۆپێـک بـە ناوبژیوانـی جەزائیـر ڕێککەوتـن[٣]. دوای بڵاوبوونـەوەی هەواڵـی ڕێککەوتـن مسـتەفا بارزانـی، بـە مەبەسـتی گفتوگـۆ سـەردانی ئێرانـی کـرد، شـای ئێـران ڕایگەیانـد: «ئێمـە کۆتایـیمان هێنـاوە بـە ناکۆکییەکانمـان، لەگـەڵ عێـراق ڕێککەوتوویـن، بۆیـە ئێمـە سـنوور دادەخەیـن، یارمەتـی و کۆمەکـی ئێـوە ناکەیـن، خۆتـان سەرپشـکن لـەوەی ئەگـەر درێـژە بـە شـەڕ بـدەن، ئـەوە پەیوەنـدی بە خۆتانـەوە هەیـە»[٤]. عێـراق لـەم ڕێککەوتنـە مەبەسـتی بـوو دەسـەڵاتی خـۆی لـە کوردسـتان جێگیر بـکات، بۆیە دەیویسـت ڕێگـر بێـت لـە سـەرهەڵدانەوەی خەباتـی چەکـداری و کۆنترۆڵکردنـی سـنووری عێـراق و جێگیرکردنـی هێـز تێیـدا. لـە بەرانبـەردا ئێـران سـەرکەوتنی کـوردی لـە عێـراق بـە مەترسـی زانیـوە لەسـەر یەکپارچەیـی خاکـی ئێـران[٥]. لـەم دۆخـەدا سـەرکردایەتیی شـۆڕش لـە (١٩ی ئـاداری ١٩٧٥) بڕیـاری کۆتایـی هاتنـی شـۆڕشـی دا[٦]. چەنـد هۆکارێکـی ناوخۆیـی و دەرەکـی دیکـەش ڕۆڵیـان لـە بڕیـاری کۆتاییهێنـان بـە شـۆڕشـی ئەیلـوول هەبـوو[٧].

---

(١) نەوشـیروان مسـتەفا ئەمیـن، لەکەنـاری دانوبـەوە بـۆ خـڕی ناوزەنـگ دیـوی نـاوەوەی ڕوداوەکانی کوردسـتان ١٩٧٥-١٩٧٨، ب.ش، ١٩٩٢، ل٢٣؛ الاتحـاد الوطنـي الكردسـتاني، النصر للثـورة العراقية الديمقراطية المندلعـة في جبـال الكردسـتان، اواسـط أيلـول ١٩٧٦.

(٢) نەجمەدیـن عەبـدوڵڵا ئیسماعیـل، س.پ، ل١٤٦؛ فلـک الديـن كاكەيـي، القـذافي والقضيـة الكرديـة، ط٣، مؤسسـة اراس للطباعـة والـنشر، اربيـل، ٢٠٠٨، ص٢٠٢.

(٣) کامـەران بابـان زادە، ڕێککەوتننامـەی جەزائیـر و ڕەهەندەکانی لەسـەر کێشـەی کورد، چاپخانـەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١١٧.

(٤) عومـەری سـەید عـەلی، هەنـدێ لایـەن و ڕەوتی مێژوویـی و سـەرەتای دامەزرانـدنی یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان، گۆڤـاری ڕێبـازی نـوێ، ژ(١٩)، ٢٠٠٠، ل٤١-٤٢.

(٥) عـەلی تەتـەر نێروەیـی، بزاڤـی ڕزگاری خـوازی نەتەوەیـی کـورد لەکوردسـتانی عێراق لە سـاڵەکانی جەنگی عێـراق و ئێرانـدا (١٩٨٠-١٩٨٨)، چ٢، چاپخانـەی ڕامـی، ئێـران، ٢٠١٩، ل٢٩.

(٦) ئارام ئەبوبەکر حەمەدئەمین، س.پ، ل١٨.

(٧) بـۆ زانیاریـی زیاتـر، بڕوانـە: سـەروەر عەبدولـڕەحمان عومـەر، بۆ ئـەوەی مێـژوو دووبارە نەبێتـەوە لەژێر ڕۆشـنایی هـۆکارەکانی هەرەسی شـۆڕشی ئەیلول، سـلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٩بـەدواوە

خەباتی چەکداریی کورد لە ماوەی (١٩٦١-١٩٧٥) بە قۆناغێکی گرنگ و هەستیاردا تێپەڕیوە، سەرەڕای کەموکوڕییەکان شۆڕشی ئەیلوول هەموو باشووری کوردستانی گرتبووەوە، سەرەڕای ناهاوسەنگیی هێز لە ڕووی چەک و تەقەمەنییەوە، هێزەکانی پێشمەرگە لە زۆربەی بەرەکانی شەڕ سەرکەوتوو بوون، ئەمەش وایکرد حکومەت بۆ کۆتاییهێنان بە شۆڕشی کورد لەگەڵ ئێران ڕێک بکەوێت، لەبەر ئەوە نسکۆی شۆڕش لە ساڵی (١٩٧٥) بۆ کورد شکستێکی سیاسی بوو نەک سەربازیی

# بەشی یەکەم

## سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان

(١٩٧٦-١٩٧٩)

# تەوەری یەکەم

# هۆکار و هەلومەرجی سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری

## باسی یەکەم

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری

دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداریی دوای نسکۆی (١٩٧٥)، کارێکی ئاسان نەبوو. لەبەر ئەوەی ڕێککەوتننامەی جەزائیر (١٩٧٥)، دۆخەکەی لە بەرژەوەندیی عێراق یەکلایی کردەوە. لەو ئاکامەدا سەرۆک کۆماری عێراق (ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر) گوتویەتی: خەباتی چەکداریی کورد «بۆ هەتاهەتایە کۆتایی هات»[١]. دوای نسکۆ بۆشاییەکی گەورە لە کوردستان دروست ببوو، ئەمەش دەرفەتی بە حکومەتی عێراقدا، بۆ جێبەجێ کردنی خواست و ویستەکانی بۆ لەناوبردنی دۆزی نەتەوەیی کورد و گۆڕینی دیموگرافیای کوردستان[٢]، لەم بارەیەوە چەند سیاسەتی بە ئاراستەی تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە بۆتەی عەرەبیدا نا، وەك:

### ١- سیاسەتی ڕاگواستن و بە عەرەبکردن:

دوای نسکۆی شۆڕشی ساڵی (١٩٧٥)، حکومەتی عێراق بۆ ڕێگری لە سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری، کەوتە پیادەکردنی ڕاگواستن و تێکدانی گوندەکان، هەروەک سەددام حوسێن ڕای

(١) الاتحاد الوطني الكردستاني، بيان بمناسبة الذكرى الرابعة عشر لثورة ايلول، ١١/ ايلول/١٩٧٥؛ مەسعوود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد ١٩٧٥-١٩٩٠ شۆڕشی گوڵان، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی ڕۆکسانا، ب.ش، ٢٠٢١، ل١٩.

(٢) سامي شورش، كردستان والاكراد/ الحركة القومية والزعامة السياسية (ادريس بارزاني نموذجا)، مؤسسة اراس للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠١، ص١٣٧.

گەیاندبوو: «نیازی وایە خەڵکی ناوچەکانی سنووری تورکیا و ئێران ڕاگوێزن بە قووڵایی (٢٥-٣٠)» کم بەمەش خواستێکی لە مێژینەی بەدی هێنا، ئەویش گەڕانەوەی دەسەڵاتی ڕەهابوو بۆ ناوچەکانی کوردستان[١]. لە ماوەی (١٩٧٥-١٩٧٦) سەدان هەزار خێزانی کوردی بۆ باشووری عێراق ڕاگوازراون، کە لە بارودۆخێکی سەختدا دەژیان[٢]. لە سایەی ئەم سیاسەتەدا زۆر خێزانی کوردی لە ناوچەکانی کەرکووک، شنگال، خانەقین و شێخان بۆ خوارووی عێراق ڕاگواست، سەدان گوندی کوردی چۆڵ کران و عەرەبی تێدا نیشتەجێ کران[٣]. گوندە ڕاگوێزراوەکانی شارەکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکووک و دهۆک، لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٤-١٩٧٦)، بریتی بووە لە (١٢٢٦) گوند دوای ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی تێکدراون[٤]. بیانووی حکومەت بۆ چۆڵکردن و تێکدانی ئەو گوندانە و جێگیرکردنی سوپا تیایاندا، هەژمارکردنیان بووە بە ناوچەی ئەمنی و ستراتیژی[٥]، بەڵام ڕاستییەکەی بۆ ئەوە بوو کە قووڵایی پشتگیری بۆ پێشمەرگە نەهێڵێت و سەرچاوەی ژیان و خواردنیان لێ ببڕێت. هەروەها بۆ دابڕینی ئەم بەشەی کوردستان بوو لە پارچەکانی دیکە[٦].

هەرچی سەبارەت بوو بە بەعەرەبکردن، حکومەتی عێراق بە مەبەستی سڕینەوەی مۆرکی کوردی، لە ناوچە کوردییەکاندا کەوتە جێبەجێکردنی گۆڕینی ناوە کوردییەکان بۆ ناوی عەرەبی[٧]، بەپێی مەرسومێکی کۆماری ژمارە (٤١) ناوی پارێزگای کەرکووک بۆ (التأميم) گۆڕا، ئامانجی حکومەت لەم سیاسەتەی ئەوەبوو ڕوخسارێکی عەرەبی بەو ناوچانە ببەخشێت کە زۆرینەی دانیشتووانی کوردن، تەنانەت بە عەرەبکردن گوندەکانی دەوروبەری کەرکووکی گرتەوە بە پێی بڕیاری ژمارە (١١٩٤٤)ی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك، ناوی گوندەکانی سەر بەناحیەی

(١) سنور سەباح سدیق، مێژووی سیاسەتی بەعەرەبکردن لە پارێزگای کەرکوک ١٩٦٣-١٩٩١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٠١؛ گۆران ئیبراهیم ساڵح، دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و عێراق دا ١٩٧٥-١٩٩٠، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٥٧.

(٢) ڕێکخراوی (ViSdP)ی ئەڵمانی، کوردستان گەورەترین هێرش بە چەکی کوشندەی کیمیایی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دژی کوردەکانی عێراق، و: ناسیح ئیبراهیم دزەیی، چاپخانەی خانێ، دهۆک، ٢٠٠٨، ل٢١.

(٣) ی.ن.ك، بەیاننامە، جەماهیری زۆرلێکراوی کوردستان یەکگرن، ١٩٧٦/٩/١.

(٤) سامي عبدالرحمن، من اوراقي، مطبعة گەل، کوردستان، كانون الثاني ١٩٩١، ص١٣٩؛ دلێر ئەحمەد حەمەد، مێژووی جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان (١٩٧٥-١٩٩١) چاپخانەی کارۆ، سلێمانی،٢٠١٩، ل٢٧-٢٨.

(٥) جەلال ئیڵنجاغی، لە شارەوە بۆ شاخ، ب١، ب.ش، ٢٠٠٦، ل٣٣.

(٦) تەلبەندکردنی ئۆردوگاکان بۆچی، گۆڤاری کۆمەڵە، ژ(١)، خولی سێیەم، کانوونی دووەمی ١٩٨٥، ل٢٢.

(٧) نەجم سەنگاوی، باشووری کوردستان ڕووداو و دەستکەوتەکان لە ١٩٠٠ تا ٢٠١٦، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٤١٥.

(قەرەحەسەن) بۆ ناوی عەرەبی گۆڕان[١]، بۆکەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لە پارێزگای کەرکووک بەپێی مەرسومێکی کۆماری ژمارە (٦٠٨) لە (١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥)، قەزاکانی کەلار و چەمچەماڵ، لە پارێزگای کەرکووک جیاکرانەوە خرانە سەر پارێزگای سلێمانی، بەپێی هەمان مەرسوم قەزای کفری لە پارێزگای کەرکووک جیا کرایەوە و خرایە سەر پارێزگای دیالە[٢]. لەلایەکی دیکەوە ناوی شەقامە گشتییەکان لە کەرکووک، خانەقین، شنگال، ئاکرێ، تەلەعفەر و خانەقین گۆڕان بۆ ناوی عەرەبی، لە چوارچێوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن و سڕینەوەی ناسنامەی کوردستانیبوون حکومەتی عێراق ئەو ناوچانەی لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی جیاکرانەوە[٣]. سیاسەتی بەعەرەبکردن کاری کردە سەر دۆخ و گوزەرانی هاووڵاتییانی کورد لە کەرکووک، حکومەت ڕێژەیەکی زۆر لە کرێکارانی عەرەبی لە کەرکووک نیشتەجێ کرد، لە بەرامبەردا کرێکار و فەرمانبەرانی کوردی لە شارەکە دەرکرد[٤]. مەبەستێکی دیکەی حکومەت لە هێنانی عەرەب بۆ کوردستان، دەرکردن و دوورخستنەوەی بەشێکی زۆری دانیشتووانی کوردستان بۆ خوارووی عێراق، بۆ ئەوە بوو تاکو کورد بکاتە کەمینە لەسەر خاکی خۆی[٥]. تەنانەت بە عەرەبکردن بوارەکانی ڕۆشنبیری و خوێندنی گرتبووەوە، زمانی عەرەبی زاڵ کرد، لە زانکۆ و پەیمانگاکانیش بەرنامەی خوێندن خرابووە ژێر چاودێری، جگە لە چەند وانەیەکی بەشی کوردی ئەویش بە کوردی نەبوون. وانەی (الثقافة القومية)، لە هەندێک قۆناغەکانی خوێندندا بریتی بوو لە ڕاپۆرتی حزبی بەعس، لەگەڵ بۆچوون و ڕوانینەکانی بەعسییەکان یەکانگیربوو، بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی سەر بە وەزارەتی پەروەردە تەنیا ئەو کتێب و پرۆگرامەی خوێندنیان چاپ دەکرد کە عەرەبی بوون[٦].

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ناوی گوندەکان، بڕوانە: سنور سەباح سدیق، س.پ، ل١٠٥و١٠٨.

(٢) مرسوم جمهوريه، رقم (٦٠٦)، الوقائع العراقية، ع(٢٥٠٣)، ١٩٧٥/١٢/١٥، ص١٩.

(٣) ی.ن.ک، لقی ئەورووپا، جارێکی تر سەددام حوسێن ئیهانەی گەلەکەمان دەکات، ب.س، ل٣.

(٤) خليل اسماعيل محمد، القضية الكوردية بين مطرقة دول الجوار وسندان الحكومات العراقية، مؤسسة موكريان، اربيل، ٢٠١٢، ص٤٩.

(٥) خليل اسماعيل محمد، مؤشرات التعريب والتهجير في اقليم الكردستان العراق، مطبعة جامعة صلاح الدين- اربيل، ٢٠٠١، ص ٤٢؛ شری لەیزەر، کوردستانی بەرئاگرباران، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٥٥.

(٦) نەژاد عزیز سورمێ، درەختی بنکۆڵ (پەنجەنمایێکی ڕۆژنامەنووسییانە بۆ باری ڕووناکبیری کولتووری کوردی، کوردستان)، نیسانی ١٩٩٥، ل١٢.

## ٢- سیاسەتی بە بەعسیکردن:

ئایدیۆلۆژیــای حزبــی بەعــس بریتــی بــوو لــە ناســیۆنالیزمی تونــدڕەوی، ئامانجــی دروســتکردنی دەوڵەتێکــی عەرەبــی بــوو لــە جیهانــی عــەرەب[١]، بۆ ئــەم مەبەســتە حکومەتی عێــراق گوشــارێکی زۆری خســتبووە ســەر هاونیشــتمانییانی کــورد، بــۆ ئــەوەی ببنــە بەعســی، هەرکەســێک دەبــووە بەعســی بەڵگەنامەیەکــی پــێ ئیمــزا دەکــرا و پاشــگەز بوونــەوە حوکمەکــەی لــە ســێدارەدان بوو. هــەروەک لە ماددەی (١) یاسـای ژمـارە (١٠٧) سـاڵی (١٩٧٥) ی لەســەری جێبەجــێ دەبــوو، دەقەکــەی بــەم شــێوەیە بــوو: «هەرکەســێک پەیوەنــدی بــە حزبــی بەعســی عەرەبــی سۆسیالیســتی هەبێــت، ئەگــەر بســەلمێندرێت کــە لەگــەڵ لایەنێکی حزبــی یــان سیاســی تــر پەیوەندییــان هەیــە یــان بــۆ بەرژەوەندییــان کار دەکات لــە ســێدارە دەدرێــت»[٢]. حکومەتــی عێــراق بــە زۆری ئــەو کەســانەی لــە دامودەزگاکانــی دادەمەزراند، کە سیاســەت و ئایدیۆلۆژیــای بەعســییان پــێ قبــووڵ بــوو، فەرمانبــەر و پۆلیــس و ئاسایشــی لــە ناوچــەکان بڵاو دەکــردەوە، هەروەهــا تۆڕێکــی ســیخوڕی هەبــوو، لەنــاو دانیشــتووان هــەواڵ و چالاکیــی دەگەیانــدە دەزگای ئاســایش و هێــزە ئەمنییەکانــی بەعــس[٣]، لــە گوندەکانیــش حکومــەت موختــاری دامەزراندبــوو، ئەمــەش زیاتــر بــۆ چاودێریکردنــی جموجوڵی پێشــمەرگە بــوو[٤]، بــۆ ئــەوەی زانیــاری دەربــارەی پێشــمەرگە بــۆ حکومــەت کــۆ بکەنــەوە[٥]. تەنانــەت بــە بەعســیکردن کاری کــردە ســەر شــیرازەی خێــزان بــە مەبەســتی چاودێــری جموجۆڵــی پێشــمەرگە، تەنانــەت حزبــی بەعــس ســیخوڕی خزاندبــووە نــاو خێزانــە کــوردەکان[٦].

---

(١) دلێر ئەحمەد حەمەد، س.پ، ل٢٥.

(٢) عــەلی تەتــەر نێروەیــی، سیاســەتی حکومــەتی عێــراق لــە کوردســتان لــە سایەی بەڵگەنامــە فەرمییەکانــدا ١٩٧٥-١٩٩١، ب١، چ٢، چاپخانــەی ئێــران، دهــۆک، ٢٠٢٢، ل٥٠.

(٣) نەجم سەنگاوی، س.پ، ل٤١٨.

(٤) محەمــەد شــێخ عبدولکەریــم ســۆڵەیی، ئــارام و بزوتنــەوەی شۆڕشــگێڕی کــورد، ب١، چاپخانــەی کارۆ، ســلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤٣٤.

(٥) ی.ن.ک، لێژنــەی ســەرکردایەتی دەســتە چەکــدارەکان، پەیــڕەوی ناوخــۆی دەســتە چەکــدارەکان، حوزەیرانی ١٩٧٦.

(٦) ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، چ٣، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧، ل٤٥.

### ٣- سیاسەتی سەربازیی:

حکومەتــی عێــراق دوای خۆماڵیکردنــی نــەوت لــە ســاڵی (٢ی حوزەیرانــی١٩٧٢) و ڕێککەوتنــی لەگــەڵ یەکێتیــی ســۆڤییەت داهاتێکــی زۆری دەســتکەوت، بەشــی زۆری ئابوورییەکـەی لـە خزمەتـی سـوپا بـەکار دەهێنـا، سـوپاکەی بـە تەکنەلۆژیـای سـەربازیی ئەو سـەردەم پڕچەککـرد، ژمـارەی تیپـە (فیرقـە) سـەربازییەکانی لـە (١٠) تیپـەوە بـۆ (٦٠) تیـپ زیادکـرد[١]. هەروەهـا داهاتـی نەوتـی عێـراق دوای سـاڵی (١٩٧٥)، (١٥) بلیۆن دینـار زیاتر بوو ئەمـەش بـەراورد بـە سـاڵی (١٩٧٠) تەنهـا (١) بلیـۆن و (٢٣٠) ملیـۆن داهاتـی بـوو، کـە (٣) بلیـۆن و نیـو داهاتـی سـاڵانەی بـۆ سـوپاکەی تەرخـان کردبـوو، ژمـارەی سـوپای عێـراق دوای نسـکۆ گەیشـتە (١٩٠،٠٠٠)، هەروەهـا لـە ڕووی چـەک و جبەخانـە بـە ڕادەیەکـی بەرچـاو زیـادی کـرد، عێـراق پێـش سـاڵی (١٩٧٥) خاوەنـی (٢٥٠) فڕۆکـەی جەنگـی بـوو، بـەڵام دواتـر بـۆ (٤٥٠) فڕۆکـەی جەنگـی زیادبـوون، هاوتەریـب ژمـارەی تانـک و هەلیکۆپتـەری جەنگـی بـۆ دوو بەرانبـەر زیـادی کـرد[٢].

حکومەتـی عێـراق بـۆ پتەوکردنـی دەسـەڵاتی تـۆڕی سـیخوڕی و هەواڵگـری لە شـارەکانی کوردسـتان فراوانتر کرد، هەزاران ئەفسـەر و پۆلیسـی نهێنی لە شـارەکانی کوردسـتان بڵاوە پێ کردبـوو[٣]. بـۆ زیاتـر کۆنترۆڵکردنـی کوردسـتان و جێگیرکردنـی سـوپاکەی لـە ناوچـە شـاخاوی دووره دەسـتەکان، چەندیـن ڕێـگای دروسـت کـرد، ئەمـەش لـە بەرژەوەندی سـوپاکەی بوو بۆ ئـەوەی دەسـەڵاتی بگاتـە دوورترین شـوێنی کوردسـتان و کۆنترۆڵکردنی ناوچە شـاخاوییەکان، ئەمـەش بـۆ ڕێگـری لـە سـەرهەڵدانەوەی خەباتـی چەکداریـی کـورد بـوو[٤]. لـە لایەکـی دیکـەوە حکومەتـی عێـراق دوای نسـکۆی (١٩٧٥) دەسـتی بەسـەر چەکێکـی زۆردا گرتبـوو، بەشـێک لـە هێزەکانـی پێشـمەرگە چەکەکانیان ڕادەسـتی حکومەتی عێـراق کـردەوە، نزیکەی

(١) مەسـعوود بـارزانی، بـارزانی و...، بەرگـی چـوارەم، بـەشی یەکـەم، ل٢٠؛ هیـوا تاڵەبـانی، بەعـس و میلیتارێـزەکانی عێـراق، گۆڤاری سـەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژ(٢)، سـاڵی چـوارەم، تەمـووزی ١٩٩٥، ل٧.

(٢) مەلا بەختیار، شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکاری سەردەم، چ٤، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٣١٢-٣١٣.

(٣) دلێـر ئەحمـەد حەمـەد، ئـەو بارودۆخـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەی ی.ن.ک تێـدا لـە دایکبـووە، گۆڤـاری ڕێبـازی نـوێ، ژ(١٩)، حوزەیـرانی ٢٠٠٠، ل١٥.

(٤) سـەروەر عەبدولـڕەحمان عومـەر، مێـژووی یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان ١٩٧٥-١٩٧٦ دامەزرانـدن و دەسـت پـێ کردنـەوەی شـۆڕش، ب١، چ٢، چاپخانـەی هێڤـی، هەولێـر، ٢٠١١، ل٩٩-١٠٠

(١٥٠) هەزار چەک دەستی بەسەردا گیرا[١]. حکومەتی عێراق بە بڕیاری ژمارە (٨٠٧) لە (٢٩ی تەمووزی ١٩٧٥)، قەدەغەی چەک و تەقەمەنی کرد لە باشووری کوردستان، هەر وەک لە بڕیارەکەدا هاتووە: «هەموو جۆرە چەک و تەقەمەنییەک دوای (٣٠) ڕۆژ لە دەرچوونی بڕیارەکە ڕادەستی دەوڵەت بکرێتەوە»[٢]، ئەمەش جۆرێک بوو لە سیاسەتی داماڵینی چەک، حکومەتی عێراق چاودێرییەکی توندی سنوورەکانی دەکرد، بەمەبەستی ڕێگریکردن لە هێنانی چەک بۆ باشووری کوردستان بۆیە لەم بارەیەوە بڕیار و سزای توندی دەرکردبوو[٣]. سوپا لە دیدی بەعس، بریتی بوو لە: هێزێکی کاریگەر بۆ سەرکوت کردنی هەموو جۆرە دەنگێکی ناڕازی دژی حکومەت، ئەم سوپایە بە هەموو ناوچەکانی کوردستان بڵاوەی پێکرابوو[٤]. بەپێی بڕیارێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش هەرجۆرە کارێکی سیاسی لەنێو سوپا قەدەغە کرا بوو، لە ساڵی (١٩٧٦) بڕیارەکە توندتر کرا کە هەر کەسێک لەناو سوپادا چالاکیی سیاسی هەبێت، جگە لە ئەندامانی حزبی بەعس لە سێدارە دەدرێت[٥]، ئەم بڕیارەی حکومەت وایکرد حزبی بەعس بەسەر سوپادا زاڵ بێت و سوپا بۆ مەبەست و ئامانجەکانی بە کار بهێنێت

## ٤- سیاسەتی کۆمەڵایەتی:

دوای نسکۆی شۆڕشی ساڵی (١٩٧٥) بارودۆخی کۆمەڵایەتیی کوردستان تێکچووبوو، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان وەک پەنابەر ڕوویان لە ئێران کرد، ئەو خێزانانەی لە باشووری کوردستان مابوونەوە بەهۆی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لەو پەڕی نائومێدی

(١) موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٣٤٥؛ برایم جەلال، چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە، چ٤، چاپخانەی چوارچرا، ب.ش، ٢٠١١، ل١٤٤.

(٢) بەیاننامەیەک لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەبارەی قەدەغەکردنی چەکەوە، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ(٢٧٩)، ١٩٧٥/٨/١٥، ل١.

(٣) مرکز استخبارات الموصل، م: معلومات، ع(١س/١٩٢/٩)، ٢ نیسان١٩٧٥؛ ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا، خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی باشووری کوردستان دژی حکومەتی عێراق ١٩٧٥-١٩٨٨، ب٢، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٥٦.

(٤) دلێر ئەحمەد حەمەد، س.پ، ل٣٧.

(٥) عەلی تەتەر نێروەیی، سیاسەتی...، ب١، ل٥١.

دابـوون[١]. جگـە لـەوەش حکومـەتی عێـراق ژمارەیـەك خێزانـی کـوردی لـە ناوچـە جیاجیاکانـی کوردسـتان بـۆ باشـووری عێـراق ڕاگواسـت، مەبەسـتی حکومـەت لـە دوورخسـتنەوەی ئـەو خێزانانـە لـە زێـدی خۆیـان و نیشـتەجێکردنیان لـە ژینگەیەکـی نامـۆ، تواندنـەوەی داب و نەریـت و کولتـوری کـوردی بـوو لـە بۆتـەی عەرەبیـدا، بەمـەش شـێوازی ژیانـی کولتـوری عەرەبـی بەسـەر ئـەو خێزانانـە سـەپێندرا[٢]، بەتایبـەت بارزانییـەکان و بەشـێک لـەو پەنابەرانـە لەسـەر بنەمـای ئـەو لێبوردنـەی سـەددام حوسـێن دەریکردبوو لـە ئێران گەڕانـەوە بۆ عێـراق[٣]، بـەڵام لـە شـوێنی خۆیـان هەڵکەنـران و گوازرانـەوە بـۆ باشـووری عێـراق، بـە جۆرێـک نائومێـد بـوون بگەڕێنـەوە سـەر کاروبـاری ئاسـایی خۆیـان، بـەڵام حکومـەت بڕیارەکـەی جـێ بەجـێ نەکـرد و ئـەو خێزانانـەشی ڕاگواسـت بـۆ باشـووری عێـراق[٤]. گرووپیـۆزی بەریتانیـا لـە عێـراق (ڕانـدڵ)، لـە دیدارێکـدا لـە (١٠ی ئـاداری١٩٧٦)، لەگـەڵ وەزیـری ڕاگەیاندنـی عێـراق تاریـق عەزیـز (١٩٣٦-٢٠١٥) و ژمارەیـەک لـە بەرپرسـانی عێـراق، گفتوگـۆی لەبارەی دۆخـی پەنابەرانی کـورد لـە باشـووری عێـراق کـردووە و ڕەخنـەی لـە سیاسـەتی حکومـەت گرتـووە لـە بەرانبـەر ڕاگواسـتنی کـوردەکان بـۆ باشـووری عێـراق و خراپـی دۆخـی گوزەرانـی هاووڵاتییانـی کـورد[٥]، بەپێی یاسـایەکی سـەمەرەی حکومـەت هەر عەرەبێکی عێراقـی کچێکی کورد بخوازێـت (٥٠٠) دینـاری بـە خـەڵات پێ دەبـەخشرا، ئەمـەش لەپێناو کەمکردنـەوەی ژمـارەی کورد و سـڕینەوەی

(١) دیـدار لەگـەڵ محەمـەدی حاجـی مەحموود، گوڵە خانـە، ٢٠٢٢/٩/٢، نـاو براو لە (١٩٥٣) لـە دایکبووە، لە (١٩٧٠) بووەتە ئەندامی (پ.د.ک)، دوای نسـکۆ پەیوەندی بە ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵەوە کردووە، لە (١٩٨٠) پەیوەنـدی بـە (حسـیک) کـردووە، لـە کۆنگـرەی یەکەمـی ئـەو حیزبـە بووەتـە ئەندامـی یەدەگـی کۆمیتەی سـەرکردایەتی، لە (١٩٨٢) بووەتە ئەندامی سـەرکردایەتیی پارێزگای سـلێمانی و کەرکووک، لە (١٩٨٥) بووەتە لێپـرسراوی مەکتەبـی عەسـکەری، لـە (١٩٨٨) ئەندامی سـەرکردایەتیی بـەرەی کوردسـتانی بووە، لـە (١٩٩٤) بووەتە سـکرتێری (حسـک) ناوبراو، ئێسـتا سـکرتێری گشتی پارتی سۆسیالیسـتی دیموکراتی کوردستانە

(٢) مجلس قيادة الثورة، قرار الرقم (٧٩٥)، ١٩٧٥/٧/٢٧.

(٣) قرار مجلس قيادة الثورة، م: العفو العام عن الأكراد العسكريين والمدنيين، الرقم (٢٨٨)، ١٩٧٥/٣/١٣.

(٤) مـراد حەکیـم محەمـەد، ئاکامـە کۆمەڵایەتییـەکانی سیاسـەتی ڕاگواسـتنی کـورد لـە عێـراق لـە سـەردەمی بەعـس دا، سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی ستراتیجـی کوردسـتان، سـلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٢٥.

(٥) میهڤـان محمـد حسـين، موقـف بريطانيـا مـن القضيـة الكرديـة في العـراق ١٩٧٥- ١٩٨٠ دراسـة تاريخيـة وثائقيـة، مركـز دراسـات الكرديـة، زاخـو، ٢٠١٨، ص٢٩٧.

شوناسی نەتەوەیی کوردبوو[١]. بەمەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان، حکومەتی عێراق بەشێک لە هۆزەکانی خوارووی عێراق بۆ باشووری کوردستان گواستەوە[٢]. بۆ نموونە ئەو پلەدار و فەرماندانەی لە شۆڕشی ئەیلوول ڕۆڵیان هەبوو لە شارەکانی باشووری عێراق بە ڕاژەی فەرمانبەری کارگێڕی دامەزران[٣]، بار و گوزەرانی ئەو خێزانانەی ڕاگوازراون بۆ باشووری عێراق زۆر خراپ بوو، لە سادەترین مافی ژیان بێبەش کرابوون[٤]. لەڕووی خزمەتگوزاری و تەندروستی حکومەت شار و شارۆچکەکانی کوردستانی پشتگوێ خستبوو، نەبوونی بنکەی تەندروستی ببووە هۆی بڵاوبوونەوەی جۆرەها پەتا و نەخۆشی[٥].

## ٥- سیاسەتی ئابووری:

باشووری کوردستان یەکێکە لە ناوچە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خاوەنی کەرەستەی خاوی سروشتی وەک نەوت و غاز و چەند کانزایەکە، سەرەڕای بەپیتیی خاکەکەی و دەوڵەمەندی لە سامانە سروشتییەکانی، کۆمپانیایەکی گەورە لە کوردستان بوونی نەبووە، زۆری خەڵکەکەی لە هەژاری دەژیان[٦]. وێرای خراپی ڕەوشی ئابووری کوردستان، نەبوونی هیچ پرۆژەیەکی خزمەتگوازی و بڵاوبوونەوەی بێکاری، حکومەت

(١) ئۆرخانی غالب، شۆڕشی ئەیلول ڕۆژگاری دوای هەرەس (چەند سەرنجێکی سەرەتایی)، چ٢، چاپخانەی چیا، لەندەن، ٢٠٠٣، ل٣٦.

(٢) میدڵ ئیست ووچ، جینۆساید لەعێراق دا (پەلاماری ئەنفال بۆسەر گەلی کورد)، و: محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٨٢.

(٣) دیدار لەگەڵ دەروێش ئاغا، هەولێر، ١١/ ٢/ ٢٠٢٢. عەبدوڵلا عەبدولڕەحمان ئاغای نۆرک، ناسراو بەدەروێش ئاغا لە ساڵی (١٩٤٧) لە دایکبووە، لەشۆڕشی ئەیلول ئامر بەتالیۆن بووە لە بەرزنجە، لە نسکۆی (١٩٧٥) گواستراوەتەوە بۆ باشووری عێراق، لە (١٩٧٩) گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان. پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (پ.د.ک) ناوشاری سلێمانی کردووە، بەڵام دواتر بەهۆی ئاشکرابوونی پەیوەندی بە پێشمەرگەوە کردووە لە سنووری لێژنەی ناوچەی شارباژێڕ لقی (٤)، ناوبراو ئێستا بەرپرسی دەزگای کۆمەڵایەتیی (پ.د.ک)

(٤) محەمەد شێخ عبدولکەریم سۆڵەیی، ئارام و...، ب١، ل١٩٥.

(٥) مراد حەکیم محەمەد، س.پ، ل٦٨.

(٦) جەمال فەتحوڵا تەیب، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان ١٩٧٥-١٩٨٠، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٤٥.

مەبەستی بوو خەڵکی کوردستان هەمیشە چاوی لە دەستی بەزەیی حکومەت بێت، نەتوانێت هێزێکی بەرهەمهێن بنیات بنێت، هەروەها کورد لە ڕووی ئابوورییەوە، بنکەیەکی بەهێزی پیشەسازی و کشتوکاڵی و دارایی و بازرگانی نەبێت[١]، هەرچەندە بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە عێراق ئاست و گوزەرانی هاووڵاتییانی عێراق باشتر بوو، بەڵام لە کوردستان هاووڵاتییان لە دۆخێکی خراپ دەژیان[٢]. حکومەتی عێراق لە (١٩٧٥) بە بڕیارێک لە کۆمپانیای نەوت لە کەرکووک (٥) هەزار کرێکاری کوردی دەرکرد، هەروەها (١٠) هەزار کرێکاری عەرەبی لە ناوچەکانی کەرکووک، کفری و خانەقین نیشتەجێ کرد، بە هەر خێزانێک لەو کرێکارە عەرەبانە خانوویەک و پارچە زەوییەکی پێ دەبەخشین، لە هەمان کاتدا (ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش)ی عێراق بە بڕیاری ژمارە (٣٦٩)، فەرمانی کرد بە قەدەغەکردن و تاپۆکردنی زەوی و زار بەناوی هاووڵاتییانی کورد لە کەرکووک[٣] مەبەستی سەرەکی حک ومەت لە دەست بەسەرداگرتنی زەوی لە ناوچە نەوتییەکانی باشووری کوردستان سڕینەوە و لە ناوبردنی کورد و کولتوورەکەی بوو. حکومەت بۆ نانەوە ئاژاوە لە نێوان جووتیارانی کورد و عەرەب، یاسای کشتوکاڵی ژمارە (٩٠)ی جێبەجێ کرد[٤]، ئەویش بە دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیارانی عەرەب، جوتیارە کوردەکانی لە زەوی بێبەش کرد، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی کێشەی زەوی لە نێوان جووتیارانی کورد و عەرەب[٥]

لە ئاکامی ئەو هەنگاو و سیاسەتانەی حکومەتی عێراق و گوشاری توند لەسەر

---

(١) ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیژی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١١٨.

(٢) دلێر ئەحمەد حەمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (کۆمەڵێک گوتار و چاوپێکەوتن)، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٩.

(٣) مجلس قيادة الثورة، قرار رقم (٣٦٩)، الوقائع العراقية، ع (٢٤٥٧)، ١٩٧٥/٤/١٢.

(٤) یاسای کشتوکاڵ ژمارە (٩٠): مەبەستی حکومەتی عێراق لەم یاسایە بریتی بوو لە سنووردانان بۆ قەبارەی خاوەندارییەتی زەوی کشتوکاڵی جووتیارانی کورد، خاوەندارییەتی زەوییەکانی گەڕاندەوە بۆ دەوڵەت. بەشێکی زۆر لە دێهاتەکان ڕووخێنران و دانیشتوانەکەی دەرکران، بەمەش ناوچەیەکی زۆری زەوی کشتوکاڵی وێران کران، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: قرار الاصدار قانون الرقم (٩٠)، جريدة الوقائع العراقية، ع(٢٤٧٥)، ١٩٧٥/٦/٩؛ نەجمەدین عەبدوڵڵا فەقێ، چەند سەرنجێک دەربارەی یاسای ژمارە ٩٠ کشتوکاڵ، گۆڤاری کۆمەڵە، ژ(٤)، نیسانی ١٩٨٢، ل٢١.

(٥) وەزیری کشتوکاڵ دیدەنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەکات، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ(٢٨٣)، ١٩٧٥/٩/١٢، ل٤.

هاووڵاتییانی کورد و سەختی ژیان و گوزەرانیان، جارێکی تر بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە ناچار کران بە دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداری. هەربۆیە لە شەوی (٢٥-٢٦ی ئایاری ١٩٧٦)دا، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەکداری لە نێوان سوپای عێراق و گروپێکی پێشمەرگە، کە ژمارەیان (٢٢) کەس بوون ڕوویدا[١]. شێم حەمەد یەکێکە لە بەشداربووانی چالاکییەکە لەم بارەیەوە دەڵێت: «شەوی (٢٥-٢٦ی ئایاری ١٩٧٦) لە ناوچەیەک بە ناوی (دۆڵە زەوی) دەکەوێتە بەرانبەر گوندی (شیوە ڕەش)، تەنیا (٢) کم لە سنووری ئێرانەوە دووربوو کەوتینە ناو کەمینێکی عەسکەری»[٢]. دوای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دەستە چەکدارە لەگەڵ سوپای عێراق، سەرباری کوژرانی (١) پێشمەرگە و برینداربوونی (٢)ی دیکە. بە هۆی ناهاوسەنگی هێز و نەبوونی چەک و تەقەمەنی، پێشمەرگەکان کشانەوە سنووری ئێران[٣]. لە بەرامبەردا زیانەکانی سوپای عێراق کوژرانی (٨) سەرباز و برینداربوونی (١٢)ی دیکە بووە[٤]. لە لایەکی دیکەوە هاشم ڕەمەزان پێی وایە: «یەکەم گوللەی دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداریی لە ڕۆژی (٢٦ی ئایاری ١٩٧٦) بوو، کاتێک هێزەکانیان بە سەرکردایەتیی ئەبوو نەوال، هێرش دەکەنە سەر ڕەبییەکی دوژمن، لە ناوچەی کشان لە زاخۆ، ئەمەش لە لایەن سەرکردایەتیی کاتییەوە بە ڕۆژی دەست پێکردنەوە ی شۆڕش دانرا»[٥]

(١) ئەم مەفرەزەیەك پێك هاتبوون لە (٢٢) پێشمەرگە بریتی بوون لە : (ئەحمەد نەبی مەحموود، شێخە عەبدوڵڵا (شێخ بنزیری)، عەلی نەبی مەحموود (عەلی کۆ)، عەبدوڵڵا محەمەد عەلی (سەید عەبدوڵڵا)، عەلی شێم حەمەد (عەلی کوردە)، حەمە برایم مەحموود، عەبدوڵڵا شێم حەمەد موراد، عەبدوڵڵا شێخە عەبدوڵڵا، نەبی شێم حەمەد موراد، حاجی سلێمان نەبی، قادر ئەحمەد نەبی، کەریم ئەحمەد نەبی، عەبدولڕەحمان عەلی شێم حەمەد، نەبی نەبی مەحموود، برایم برایم، بارزان عەلی نەبی، عەلی مەلا برایم، محەمەد شێخە عەبدوڵڵا، عەبدوڵڵا ڕەسوڵ مستەفا، مستەفا ڕەسوڵ مستەفا، مینە خدر حەمەد و مەلا شێم حەمەد موراد). مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی، سەرەتای شۆڕشی نوێی ساڵی ١٩٧٦ چۆن دەستی پێکردووە، پێداچوونەوە: مومتاز حەیدەری، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٣، ل٦٤؛ عەلی کۆ، بەردەوام بوون یان سەرهەڵدانەوەی شۆڕش، ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(١٦٥٣)، ١٩٩٣/٥/٢٤، ل٣

(٢) مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی، س.پ، ل٢٨.

(٣) الاتحاد الوطني الكردستاني، فلنحبط حملات التشريد والتهجير والقمع الوحشية، ١٩٧٦/٦/٩.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ١).

(٥) هاشم رمضان (ابوعنتر)، المحترقون الكورد، مطبعة الحاج هاشم، اربيل، ٢٠٠٥، ص٦٥.

دەتوانیـن بڵێیـن، لەنـاو سـەرچاوەکاندا کۆدەنگییـەک هەیـە سـەبارەت بـە دەسـت پێکردنـەوەی خەبـاتی چەکـداری و یەکەمیـن دەسـتەی چەکداریـی پێشـمەرگە، بـەڵام بیروبۆچـوونی جیاواز هەیـە دەربـارەی ئاراسـتەکردنی ئـەو دەسـتە چەکـدارە کـە سـەر بـە چ لایەنێـک بووبـن[١]. بەپێـی هەندێـک لـە سـەرچاوەکان ئـەو دەسـتە چەکـدارە لـە بنەڕەتـدا دەگەڕێنـەوە بـۆ (پ.د.ک)، دوای نسـکۆ بەشـێک لـە کادیرانـی پارتـی بـۆ باشـووری عێـراق ڕاگـوازراون، ئـەوان ڕۆڵـی سـەرەکییان هەبـووە لـە ناردنـی ئـەو دەسـتە چەکدارانـە[٢]، لـەم بارەیـەوە مەسـعود بارزانـی نووسـیویەتی: «لـە ڕۆژی ٢٦ گوڵانـی ١٩٧٦ یەکـەم فیشـەکی شـۆڕش.. تەقـی، لـەو شـەڕەدا پێشـمەرگە و سـەرکردەی قارەمـان سـەید عەبـدوڵڵا شـەهید بـوو. ئـەو ڕۆژەش بـوو بـە دەسـتپێکی شۆڕشـی گـوڵان»[٣]. فەڕەنسـۆ هەریـری (١٩٣٦-٢٠٠١) پێـی وایـە ئـەو دەسـتە چەکـدارە پەیوەندییـان بـە سـەرکردایەتیی کاتـی (س.ک/ پ.د.ک) هەبـووە[٤]، لەسـەر ئـەو بنەمایـەی مسـتەفا بارزانـی ڕای سـپاردووە، بـە مەبەسـتی دەسـت پێکردنـەوەی خەباتـی چەکـداری پەیوەنـدی بـەو دەسـتە چەکـدارەوە بکرێـت و بـۆ ئەنجامدانـی چالاکیـی چەکـداری تـا (بەهـاری ١٩٧٦) لـە دەوروبـەری چیـای قەندیـل خۆیـان حەشـار بـدەن[٥]. فەڕەنسـۆ هەریـری لـەم بارەیـەوە دەڵێـت: «منیـش یەکسـەر بـە شـوێن (مینەکوپـە)م نـارد، ئـەو لـە پیرانشـهر (خانـە) بـوو درێـژەی قسـەکانی بارزانیـم بـۆ سـەید عەبـدوڵڵا نـارد، داوام لـێ کـرد ئەگـەر ئـەم کارە بـکات، هەرچـی پێویسـت بـوو بۆیـان دابیـن دەکەیـن، دوای ماوەیـەک مینـە کوپـە هاتـەوە، گوتـی: سـەید عەبـدوڵڵا ڕەزامەنـدی دەربڕیـوە، وتویەتـی فەرمانـی بارزانـی لەسـەر سـەرمان، دەمێـک بـوو

(١) ئەحمـەد حەمەدئەمیـن، بارودۆخـی سیاسی باشـووری کوردسـتان لـە مـاوەی دانوسـتانەکانی نێـوان یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان و ڕژێمـی بەعسـدا (١٩٨٣-١٩٨٥)، چاپخانـەی تـاران، هەولێـر، ٢٠٢١، ل٩.

(٢) عـەلی تەتـەر نێروەیـی، بزاڤـی ڕزگاری خـوازی نەتەوەیـی کـورد لـە کوردسـتانی عێـراق لـە سـاڵەکانی جەنگـی عێـراق و ئێرانـدا (١٩٨٠-١٩٨٨)، چ٢، چاپخانـەی ڕامـی، ئێـران، ٢٠١٩، ل٧٨.

(٣) مەسـعوود بـارزانی، تادەرفەتـم دەبێـت بـە درێژایـی دەربـارەی شـۆڕشی گـوڵان و سـەرکردایەتی کاتی بنوسـم ئـەو چەنـد دێـرە دەنوسـم، ڕۆژنامـەی برایـەتی، ژ(٣٦٩٥)، ٢٦ی ئایـاری ٢٠٠٢، ل٢.

(٤) لـە مـەودوا سـەرکردایەتیی کاتـی پارتـی دیموکراتـی بـە کورتکـراوەی (س.ک) نـاوی دەبەیـن. دەربـارەی (س.ک/ پ.د.ک) بڕوانـە: بـەشی یەکـەم، تـەوەری دووەم

(٥) محسـن دزەیـی، احـداث عاصرتهـا، ج٣، مطبعـة حاجـی هاشـم، اربیـل، ٢٠١٣، ص٨٣؛ دلاوەر محمـد صدیـق، ڕۆڵـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان- عێـراق لـە بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گـەلی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان ١٩٧٦-١٩٩١، نامـەی ماسـتەری بڵاو نەکـراوە، زانکـۆی سـەلاحەددین، هەولێـر، ٢٠١٧، ل٦٢.

چاوەڕوانی ئەو تەکلیفە بووین، ئیتر لەمەوبەدوا ئەو مەفرەزەیە لە ڕێگای تەتەری تایبەتییەوە نامەیان بۆ ئیدریس بارزانی دەنارد»[١]. هەر لەم بارەیەوە عەلی نەبی (عەلی کۆ) دەڵێت: «لەبەر چاودێری دەزگاکانی ئەمنی ئێران، چاودێرییەکی زۆر توند لەسەر هەردوو لامان هەبوو، تەتەری تایبەتیمان هەبوو لەوانە: مینە کوپە، حوسێن فەتاح و حاجی سلێمان ماوە ماوە نامە و یارمەتی بۆ دەناردین، پشتگیری و سەرپەرشتی بۆ دووپات دەکردینەوە»[٢]. مولازم یوونس ڕۆژبەیانییش دەڵێت: «کاک ئیدریس بارزانی داوای لە من کرد بە هەر شێوەیەک بێت چاوم بە عەلیکۆ بکەوێت، ساواک زۆر بە توندی چاودێری دەکردین، بە شێوەیەکی نهێنی چومە خانە دواتر گەیشتمە قەندیل چاوم بە عەلیکۆ کەوت، هەندێک یارمەتیم پێدا لە لایەن کاک ئیدریس بارزانی پێ سپاردبووم، داوام لێی کرد هەڵوێستی خۆی ڕابگەیەنێت، ئەویش ڕایگەیاند: بە ناوی پارتی لە ناوچەکە کار دەکات»[٣]. لە بەرانبەردا ڕایەکی دیکە هەیە، کە پێی وایە ئەو دەستە چەکدارە لە لایەن (ی.ن.ک) ئاراستەکراون، لە ئەدەبیاتییاندا بە (شۆڕشی نوێ) ناسراوە[٤]، لەم بارەوە جەلال تاڵەبانی وتویەتی: «ئەم کۆمەڵە پێشمەرگەیە پەیوەندییان بە عومەر مستەفا (دەبابە) هەبووە، ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی سۆسیالیست بووە، بزووتنەوەش باڵێکی ناو یەکێتی بوو»[٥]. پاڵپشت بەو ڕایەی کە مەلا شێم حەمەد داوا لە عومەر مستەفا دەکات کە: «ئێمە بەو ژمارە کەمە دەچینە شاخ، ئێوەش سەرکردایەتیمان بکەن»[٦]. لەم بارەیەوە عومەر مستەفا دەڵێت: «لەم ماوەیەدا دەچمە سووریا ئەم مەسەلەیە لەگەڵ مام جەلال باس دەکەم، ئەگەر بتوانن خۆتان ڕابگرن تا لە سووریا دەگەڕێمەوە ئەوا

(١) فەڕەنسۆ هەریری، بەردەوام بوون یان سەرهەڵدانەوەی شۆڕش، ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(١٦٥٣)، ٢٣ی ئایاری ١٩٩٣، ل٣.

(٢) کاروان جوهر محمد، ئیدریس بارزانی ١٩٤٤-١٩٨٧، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٩، ل٢٤٢.

(٣) دیدار لەگەڵ مولازم یوونس ڕۆژبەیانی، هەولێر، ٢/٤/ ٢٠٢٢.

(٤) شۆڕشی نوێ: دەستەواژەیەکە لە ئەدەبیاتی (ی.ن.ک) بەکاردێت وەك ئاماژەیەك بۆ دەست پێ کردنەوەی خەباتی چەکداریی، دەستەواژەکە بەسەر کۆن و نوێدا دابەش کراوە، شۆڕشی نوێ لە شۆڕشە کۆنەکە جیاکراوەتەوە، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: ئینسکلۆپیدیای (ی.ن.ک)، ب٢، چ٤، (٢٠٢١). ل ١٢٩٦-١٢٩٧.

(٥) ئەحمەد حەمەدئەمین، بارودۆخی...، ل٩.

(٦) سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، مێژووی یەکێتی...، ل١٩٥-١٩٦.

زۆر باشــە، ئەگــەر نەشــتوانن دوای بخــەن»[١]. مــەلا شــێم حەمــەد لــە بیرەوەرییەكانیــدا نووســیویەتی: «هیــچ گۆڕانكارییــەک بەســەر ڕێككەوتنەكــەی مــن و كاک عومــەردا نەهــات، بەڵكــو چاوەڕێی ئەوەبوویــن، بەفــر بتوێتــەوە و وەرزی بەهــار بێــت، چاومــان لــە شــاخەكان بــوو، ڕۆژێــكمان لــێ بووبــووە ســاڵێک.. لــە لایەكــی تــر بــرا و خزمەكانــم، هــەر ڕۆژە بــە تاوانێــک بانــگ دەكرانــە دائیــرەی مــەرگ... تاوانــی جۆراوجۆریــان خرایــە پــاڵ...»[٢]. جیــاواز لــەم بۆچوونــەی یەكێتیــی نیشــتمانی (١ی حوزەیــرانی ١٩٧٦)، بــە ڕۆژی دەســت پێكردنــەوەی خەباتــی چەكداریــی «شــۆڕشی نــوێ» دادەنێــت[٣].

بەشــێک لــە ســەرچاوەكان بۆچوونێكــی جیاوازتریــان هەیــە و پێیــان وایــە ئــەو دەســتە چەكــدارە ســەر بــە هیــچ لایەنێــک نەبوونــە، بــۆ نموونــە جەمــال نەبــەز نووســیویەتی:» لــە (١٩٧٥-١٩٧٦) بزووتنــەوەی چەكــداری لــە كوردســتان دروســتبوو، ســەرەتای ئــەم بزووتنەوەیــە لــە كەســانێكەوە دەســتی پێكــرد، نــە ســەر بــە ڕێبــازی بارزانــی بــوون نــە ڕێبــازی تاڵەبانــی، دواتــر قیــادە مووەقەتــە و (ی.ن.ک) چەكدارانیــان لــە ئێــران و ســووریاوە نــاردە چیاكانــی كوردســتانی عێراقــەوە»[٤].

دەتوانیــن بڵێیــن ئــەم دەســتە چەكــدارە، هەســتی كوردایەتــی و نیشــتمانپەروەری وای لێكــردوون بچنــە شــاخ، هەربۆیە لــە ســەرەتادا هــاوكاری هیــچ لایەنێكیــان ڕەت نەكردۆتــەوە، زوڵــم و زۆرداریــی بەعــس، بووەتــە هــۆكاری ئــەوەی كــە ئــەو دەستەیە ڕووبكەنە شــاخەكانی كوردســتان و دەســت بــە چالاكیــی چەكــداری بكــەن، ئەمــەش ئــەوە دەگەیەنێــت، ئــەو دەســتەیە ڕاســتەوخۆ پەیوەندییــان بــە هیــچ حزبێكــی سیاســییەوە نەبــووە، كاتێــک چوونەتــە شــاخ تووشــی بۆســەیەكی ســەربازانی ســوپای عێراق بوونەوە، ئەگەر بۆســە و دەستپێشــخەری حكومــەت نەبووایە، لەوانەبوو ئــەو چالاكییــە بــۆ كاتێكــی دیكــە دوا بكەوتایــە

(١) مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی، س.پ، ل١٩و٢١.

(٢) هـ.س، ل٢٥.

(٣) ســەلام عەبدولكەریــم، ژیــانی سیاســی لــە باشــووری كوردســتان ١٩٧٥-١٩٩١ ســەرهەڵدانی ڕەوتی سۆسیالیســتی و دروســتبوونی حــزبی سۆسیالیســتی كوردســتان، چاپخانــەی چوارچــرا، ب.ش، ٢٠١١، ل٥٥.

(٤) جەمــال نەبــەز، ئێســتا و پاشــەڕۆژی كــورد لەبــەر گــڕی ئاگــری جەنگی عێــراق و ئێرانــدا، چ٣، كوردســتان، ٢٠٠٨، ل٩١.

## باسی دووەم

## هەڵوێستی وڵاتانی هەرێمی بەرانبەر سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی (١٩٧٦-١٩٧٩)

### ١- هەڵوێستی ئێران لە سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی کورد:

ڕێککەوتننامەی جەزائیر بوو بە هۆکارێك عێراق و ئێران بە قووڵایی (٣٠)کم، دەست بکەن بە دروستکردنی پشتێنەی ئەمنی لە ناوچە سنوورییەکانی نێوانیان، تەنانەت بواریان بە هێزەکانی یەکتر دەدا، لە پێناو ڕاوەدونانی هێزە کوردییەکان، سنوورەکانی یەکتر ببەزێنن[١]. چونکە ئەو دەوڵەتانە کێشەی کوردیان بە مەترسی دادەنا بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی خۆیان، بۆیە لەسەر پیادەکردنی سیاسەتێکی توند بەرانبەر بە کورد ڕێککەوتوون[٢]، بۆ نموونە ئێران لە سەروبەندی شۆڕشی ئەیلوول یارمەتی کوردی داوە، بەڵام کاتێک بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ عێراق یەکانگیر بووە، پشتی لە کورد کردووە و سەرجەم هاوکارییەکانی وەستاندووە، چونکە ئێران سەرکەوتنی شۆڕشی ئەیلوولی بە مەترسی دادەنا لەسەر یەکپارچەیی خاکی ئێران[٣]. سەددام حوسێن سەبارەت بە پەیوەندییەکانی عێراق و ئێران لە کاتی پێشوازی لە سەرۆک وەزیرانی ئێران گوتوویەتی: «پەیوەندیمان لە دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر بەرەو باشی هەنگاوی ناوە، ئێستاش

(١) مديرية امن محافظة السليمانية، م: معلومات، ١٩٧٦/٩/٨؛ جەمال فەتحوڵا تەیب، س.پ، ل٣٠٦-٣٠٧.

(٢) ئازاد عەلی عەبدوڵڵا، شۆڕشی مەشخەڵانی نوێی کوردستان١٩٨١-١٩٨٨ لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ڕێکخراوەیی کۆمەڵایەتیە، پێداچوونەوە: ئەرسەلان بایز، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٤.

(٣) چیا، ڕاگواستنی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژ (٢)، ١٩٩٣، ل٨؛ ئازاد عەلی عەبدوڵڵا، س.پ، ل٢٠؛ علي سنجاري، من ارشيف كوردستان، مطبعة خاني، دهوك، ٢٠١٣، ص٢٩٥.

جارێکی تر بە یەک گەیشتین بۆ قووڵکردنەوەی ئەم پەیوەندییە باشە»[١]. بەپێی ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەی جەزائیر، وڵاتی ئێران دەرگای بەڕووی خەباتی چەکداریی کورددا لە باشووری کوردستان داخست، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو کەوتە هاوکاریکردنی عێراق[٢]. بۆ ئەم مەبەستە چەندان لێژنەی هاوکاری و بەدواداچوون و هەماهەنگییان پێکهێنا، توندکردنی ئاسایشی سنوورەکان بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دووبارە هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەکداریی کورد بوو[٣]. لە (١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥) عەباس خەلعەت بەری وەزیری دەرەوەی ئێران، سەعدون حومادی (١٩٣٠-٢٠٠٧)، وەزیری دەرەوەی عێراق (پرۆتۆکۆلی ئاسایشی سنوور)یان واژۆ کرد[٤]، برگە سەرەکییەکانی ئەم ڕێککەوتنە ئەمانە بوو

١-هەردوولا زانیاریی دەربارەی جوڵەی هێزەکانی پێشمەرگە لە سنوور ئاڵوگۆڕ دەکەن.

٢-چاودێریکردنی سنوورەکان و ڕێگرتن لە دزەکردنی پێشمەرگە «تێکدەران».

٣-دەسەڵاتدارانی هەردوولا هاوکاری یەکتر دەکەن بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە.

٤-لە کاتی پێویست هەردوولا ڕێککەوتن دەکەن لەسەر دیاریکردنی ناوچەی قەدەغەکراو.

٥-پێکهێنانی چەند لێژنەیەکی هاوبەش بۆ ڕادەستکردنەوەی دەستگیرکراوەکان[٥].

دوای نسکۆ پەنابەرێکی زۆر ئاوارەی ئێران بوون، ئەو پەنابەرانە بەسەر شارەکانی ئێران دابەشکران[٦]. لەم بارەیەوە شای ئێران گوتوویەتی: «کوردەکان بۆ ماوەیەکی نادیار

---

(١) تەواوبوونی وتوێژی نێوان عێراق و ئێران، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ (٢٩٩)، ١٩٧٦/٩/١.

(٢) جمعية طلبة الاكراد _فرع م.م المشكلة الكردية في العراق وهل استطاع النظام الحالي ان يحلها، ١١ أذار ١٩٧٨.

(٣) مديرية امن السليمانية، برقية سرية وفورية، الرقم (٤٠٤٨)، ١٩٧٦/١٠/٣٠.

(٤) فاروق محەمەد محەمەدئەمین، سیاسەتی ئێران بەرامبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان (١٩٧٥-١٩٨٩)، چاپخانەی ڕێی نوێ، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٨٨؛ شكيب عقراوي، م.س، ص٣٨٣

(٥) هـ.س، ل٨٨-٨٩.

(٦) محەمەد مەلا قادر، سەربردە کورتەیەک لە بیرەوەرییەکان، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٣٥

ناتوانن لەناو ئۆردۆگاکان بمێنن، چونکە دەبێتە هۆی پەیدابوونی تەمبەڵی و بێزاری لە نێوانیاندا... چونکە کوردەکان لەگەڵ ئێرانییەکان لە یەک ڕەگەز و یەک زمانن، بە ئاسانیش دەتوانن لەناو کۆمەڵگای ئێران بتوێنەوە»[١]. دەزگای ساواکی ئێرانی ڕاسپێردرابوو بۆ گرتن و ڕادەستکردنەوەی پەنابەران بە حکومەتی عێراق، لەم چوارچێوەیەشدا ژمارەیەک لە سەرکردە و کادیرانی (پ.د.ك) ڕادەستی حکومەتی عێراق کرانەوە[٢]، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام و لایەنگرانی (پ.د.ک) لە شارەکانی ئێران بڵاوەیان پێکرابوو، ئیدریس بارزانی (١٩٤٤-١٩٨٧) سەرپەرشتی ئەو پەنابەرانەی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە ناردنەوەی دەستە چەکدارەکان بۆ باشووری کوردستان، ئەو پێشمەرگانەی لە شەڕەکان برینداردەبوون، بە نهێنی دەگەیەنرانەوە ئێران، چارەسەری پێویستیان بۆ دەکرا، زۆرجار ماڵی ئیدریس بارزانی پەناگەبوو بۆ پێشمەرگەکان، هەرچەندە لەژێر چاودێریی توندی دەزگای ساواکی ئێراندا بوو[٣]. لە ئیدریس بارزانی دەکەونە گومانەوە دواجار بانگهێشتی دەکەن بۆ لێکۆڵینەوە لە لایەن ژەنەراڵ ئەسیری کە بە « دڕندەترین» بەرپرسی دەوڵەتی ئێران دەژمێردرا[٤]، فەلەکەدین کاکەیی (١٩٤٣-٢٠١٣) لەم بارەیەوە نووسیویەتی: «لە ١٩٧٦ دەزگای ساواکی ئێران ئابلوقەی ماڵی ئیدریس بارزانیان دا، ژوور بە ژووریان دەپشکنی، تەنانەت ژووری دایک و ماڵەوەیان، گوایە پێشمەرگەیەکی بریندار بدۆزنەوە لە ماڵیان بۆ معالجە حەشار دراوە»[٥]، بۆ ئەم مەبەستە ئێران، لە (تشرینی یەکەمی ١٩٧٧) داوای لە ئیدریس بارزانی کرد، پەیوەندییەکانی خۆی لە باشووری کوردستان و هاوکارییەکانی پێشمەرگە ڕابگرێت[٦]، دەزگای ساواکی ئێران هەماهەنگی تەواوی لەگەڵ عێراقدا هەبووە، لەوانە ئاڵوگۆڕی زانیاری ڕادەست کردنەوەی فەرماندەکانی پێشمەرگە بە عێراق[٧].

(١) عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی...، ل٥٥.

(٢) مەسعوود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل٦٦.

(٣) ڕاپۆرتی سیاسی و عەسکەری تەنزیمی سەرۆکی پارتی هەڤاڵ مەسعوود بارزانی، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٣٩)، ئاداری ١٩٨٠، ل٢؛ کاروان جوهر محمد، س.پ، ل٢٥١.

(٤) فەلەکەدین کاکەیی، کۆبەرهەم، ب٨، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥، ل١٠١.

(٥) هـ .س، ب٨، ل١٠١.

(٦) فاروق محەمەد محەمەدئەمین، س.پ, ل٩٣.

(٧) ح.د.ك، ق.م، استسلام البشمركة الى ايران، ١٩٧٨/٩/٥.

بـە مەبەسـتی پاراسـتنی سـنووری نێـوان ئێـران و عێـراق، لـە (١٩٧٨) سـەرۆک ئەرکانـی سـوپای ئێـران، ژەنـەراڵ غـوڵام ڕەزا ئەزهـاری، سـەردانی عێراقـی کـرد، لەگـەڵ فەرمانـدەی سـەربازی عێـراق ئیسماعیـل تایـە نعیمـی (١٩٢٧-٢٠١٥) کۆبـووەوە، لەسـەر چەنـد خاڵێـک ڕێککەوتـن و لێژنەیەکـی هەماهەنگیـی سـەربازییان پێکهێنـا، بە مەبەسـتی ئاڵوگـۆڕی زانیاری هەواڵگریـی و ڕێگـەدان بـە هێـزی ئاسمانـی و زەمینـی یـەکتر بـۆ لێـدان و ڕاوەدونانـی پێشـمەرگە[١]. هەربۆیـە ئێـران لـە سـاڵی (١٩٧٨) ڕێگـەی بە سـوپای عێـراق دا لە سـنوورەکانی ئێرانـەوە ئۆپراسـیۆنی سـەربازیی دژی هێزەکانـی (ی.ن.ک) ئەنجـام بـدات[٢]. هەڵبەتـە دوای ڕاگەیاندنـی (ی.ن.ک) وەک ڕێکخراوێکـی چـەپ، جێگـەی نیگەرانـی ئێـران بـوو، هەربۆیـە (ی.ن.ک) لـە (تشرینـی دووەمـی ١٩٧٨)، شـاندێکی ڕەوانـەی پاریـس کـرد بـۆ دروسـتکردنی پەیوەنـدی لەگـەڵ بەرهەڵسـتکارانی ئێرانـی. خومەینـی لـە شـاندەکەی پرسـی بـوو چ داواکارییەکتـان هەیـە شـاندەکەی وەڵامیـان دابـووەوە: «ڕووخانـی شـا چەنـد بـۆ ئێـوە گرنگـە، بـۆ ئێمـەش ئەوەنـدە گرنگـە ئێمـە تەنیـا سـەرکەوتنی ئێوەمـان دەوێـت»[٣]. ئـەوە لەکاتێکدابـوو ئێـران و عێـراق هـەردوولا کێشـەی ناوخۆییـان هەبـوو، عێـراق ترسـی لـە پەرەسـەندنی خەباتـی چەکـداری کـورد هەبـوو، ئێرانیـش کێشـەی ئابـووری و سیاسـی و شکسـتی حکومەتـی شاهەنشـای ئێـران لـە چارەسـەرکردنی کێشـەکان وای کـرد تەوژمـی ئاینـی شـیعەگەرایی لـە ئێـران گەشـەبکات، دوای گۆڕانـی دۆخـی سیاسـی ئێـران لـە سـاڵی (١٩٧٩)، دەروازەیەکـی دیکـە بـە ڕووی خەباتـی چەکداریـی کـورد کرایـەوە، ئـەو گەمارۆیـەی ئێـران هەڵگیـرا[٤]

(١) فاروق محەمەد محەمەدئەمین، س.پ، ل١٠١؛ شاخەوان عباس، س.پ، ل١٧٤.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٢)

(٣) صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق، مؤسسة البلاغ، بيروت، ٢٠٠١، ص ص٣٨٧-٣٨٨.

(٤) نەوشـیروان مسـتەفا ئەمیـن، لـە کەنـاری دانوبـەوە بـۆ خـڕی ناوزەنـگ دیـوی نـاوەوەی ڕوداوەکانی کوردسـتان ١٩٧٥-١٩٧٨، لەنـدەن،١٩٩٧، ل٣٤٩-٣٥٠.

## ٢- هەڵوێستی سووریا لە سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی کورد:

لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان ئاراستەیەکی جیاواز لە پەیوەندییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و سووریا هەبوو، بە بەراورد لەگەڵ ئێران و تورکیا(١)، چونکە سووریا دەرگای پەیوەندی بۆ هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراقی واڵاکرد، لەبەرئەوەی سووریا لەگەڵ حکومەتی عێراق ناکۆک بوو(٢). بۆ پارسەنگی هێز بە شێوەیەکی کاتی یارمەتی هێزە کوردییەکانی داوە، بەڵام قەبارەی ئەو یارمەتییە کەم بوو(٣). هەربۆیە سووریا بنکەیەک بووە بۆ هەستانەوەی خەباتی چەکداریی کورد، هەروەها بنکەی مەشق و ئامادەکاریی پێشمەرگە لە سووریا دامەزرابوو، ڕاهێنان بە پێشمەرگە کراوە و نێردراونەتەوە بۆ باشووری کوردستان(٤). حکومەتی سووریا لە هەوڵی دروست کردنی پەیوەندی دابوو لەگەڵ (س.ك/ پ.د.ك)، بۆ ئەم مەبەستە مەسعود بارزانی دەستەی نوێنەرایەتی خۆی لە سووریا ڕاسپاردووە بەمەبەستی دروست کردنی پەیوەندییەکان(٥)، چونکە سووریا ناکۆکیی نێوان (س.ک/ پ.د.ک) و (ی.ن.ک) پێ خۆش نەبوو، لەبەرئەوەی دەیزانی (س.ک/ پ.د.ک) پێگە و نفوزی لە سنوورەکانی تورکیادا هەیە، ڕێگاکانی ناردنی چەکیش بە تورکیادا تێدەپەڕێت، بەبێ کرانەوەی ڕێگاکان (ی.ن.ک) ناتوانێت گەشە بکات. بۆ ئەم مەبەستە مەسعود بارزانی لەسەر بانگهێشتی سووریا سەردانی ئەو وڵاتەی کردووە(٦). لە لایەکی دیکەوە نەبوونی دەرفەت لەبەردەم حیزبە کوردییەکان، چونکە ئێران ڕێککەوتنی لەگەڵ عێراق هەبوو، تورکیاش دژایەتی بۆ خەباتی

(١) ئەحمەد حەمەدئەمین، سیاسەتی سووریا بەرامبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستاندا ١٩٧٦-١٩٨٨، گۆڤاری دیوان، ژ(١٧)، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢، ل٢٥.

(٢) نەوزاد عەلی ئەحمەد، پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا بەشێکی گرینگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٨، ل١١٧؛ جەمال فەتحوڵڵا تەیب، س.پ، ل٣٠٩.

(٣) فاروق محەمەد محەمەدئەمین، پەیوەندییەکانی جولانەوەی ڕزگاریخوازی باشووری کوردستان و جیهانی عەرەبی سوریا و لیبیا و جولانەوەی ڕزگاریخوازی فەڵەستین بە نمونە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (١-٦)، ٢٠١٩، ل٦٣.

(٤) سەڵاح ڕەشید، مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ب٢، چ٤، ناوەندی ڕۆشەنبیری ئەدیبان، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٣٨.

(٥) مەسعوود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، ل٧٠.

(٦) فاروق محمد محمدئەمین، پەیوەندییەکانی...، ل٦٤.

سیاسی و چەکداری کوردی نەشاردبووەوە، ئەمەش پاڵنەری سەرەکی بوو بەشێک لە حیزبە کوردییەکان ڕوو لە سووریا بکەن[١]. لە چوارچێوەی بەرەیەکدا درێژە بە خەباتی سیاسی و چەکداری بدەن بە ناوی (التجمع الوطني العراقي)، «توع»[٢]، بەڵام (س.ک/ پ.د.ک) لەو بەرەیە ئەندام نەبوو، لە (کۆتایی ١٩٧٥) «توع» داوای لە (س.ک/ پ.د.ک) کردبوو ببێتە ئەندام، بەڵام ڕێکخستنی (س.ک/ پ.د.ک) لە سووریا بە هۆی ئاگادارنەبوونی مەسعود بارزانی، نەیانتوانی بوو وەڵامێکی ڕوون و ئاشکرایان بدەنەوە، پەیوەندی «توع» لەگەڵ بارزانی و پارتی پەیوەندییەکی خراپ نەبوو، بەڵام پارتی نەبووە ئەندام لەو بەرەیە[٣]. سووریا مەبەستی نەبوو خەباتی چەکداریی کورد سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، چونکە لەو وڵاتە ڕێژەیەکی زۆر کوردی تیادا دەژیا، سووریا پێی وا بووە سەرکەوتنی کورد لە باشوور، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشە و ئاڵۆزی لە ناوخۆی وڵاتەکەی

## ٣- هەڵوێستی تورکیا لە سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی کورد:

تورکیا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە نزیکبوونەوەی عێراق و ئێران لە یەکتر، ئامادەیی نیشاندا کارئاسانی بۆ عێراق و ئێران بکات، لەپێناو ڕێگرتن لەو پەنابەرە کوردانەی ڕوو لە وڵاتەکەی دەکەن[٤]. هاوهەنگاو لەگەڵ ئەو سیاسەتە هەرێمییەی لە نێوان تورکیا و ئێران و عێراق دژ بە خەباتی چەکداریی کورد گیرابووەبەر، لە (ئەیلوولی ١٩٧٥) شای ئێران سەردانی تورکیای کردووە، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتی هەماهەنگی و چڕکردنەوەی هەوڵەکانی ئێران و تورکیا، بۆ لاوازکردنی خەباتی چەکداریی کورد و

---

(١) ئەحمەد حەمەدئەمین، سیاسەتی سووریا...، ل٢٥.

(٢) التجمع الوطني العراقي: دوای نسکۆی (١٩٧٥) ڕێکخراوێکی بەرەیی بوو، پێکهاتبوو لە حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی (قیادة القطري العراقي)، حیزبی کۆمەنیستی عێراقی، (قیادەی مەرکەزی)، پارتی سۆسیالیست، بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی، کۆنگرەی نەتەوەیی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: نەوشیروان مستەفا، لە کەناری دانوبەوە...، ل٦٥؛ صلاح الخرسان، م.س، ص٣١٨

(٣) عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی...، ل٦٧.

(٤) روبرت اولسن، المسألة الكردية في العلاقات التركية-الايرانية، ت: احسان محمد رمضان، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠١، ص٤٥؛ حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٢، ص٢٣٩.

ڕێگرتـن لـە هـەر جموجۆڵێکـی هەڕەشـە ئامێـز، هەروەهـا ڕێککەوتنـی ئـەو وڵاتانـە لەسـەر بەکارهێنانـی هێـز و بەزاندنـی سـنووری یـەکتر، بـە مەبەسـتی لەباربردنـی هـەر جموجۆڵێکی چەکداریـی، لـە هەمـان کاتـدا هەوڵـدان بـۆ دروسـتکردنی ناکۆکـی لـە نێـوان حزبـە کوردییـەکان، لەپێنـاو پەرتەوازەکردنیـان. حکومەتـی تورکیـا ڕاسـپێردرا بـۆ ڕێگەگرتـن بـە هاتنە نـاوەوەی مەفـرەزە سـەرەتاییەکان لـە سـووریاوە بـۆ عێـراق لـە ڕێگـەی خاکـی تورکیـاوە[١]. لـە سـەردانێکی جێگـری سـەرۆك کۆمـاری عێـراق سـەددام حوسـێن بـۆ تورکیـا لـە (١٩٧٧)، بە مەبەسـتی ڕێککەوتـن و هەماهەنگـی دژی خەبـاتی چەکداریی کـورد و توندکردنی سـنوورەکان بـە مەبەسـتی ڕێگرتـن لـە گەیشـتنی چـەک و تەقەمـەنی بـۆ حزبـە کوردییـەکان، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش شـانەیەکی هاوبـەشی هەواڵگریـی لـە نێوان هـەردوولادا پێکهـێنرا، کـە بارەگاکەی لـە دیاربەکـر بـوو[٢]. لـەو چوارچێوەیـەدا ئەحمـەد حەسـەن ئەلبەکـر لەسـەردانەکەی بـۆ تورکیـا لـە (ئابـی ١٩٧٨) ڕێککەوتنامـەی سـنوور لـە نێـوان عێـراق و تورکیـا مـۆر کـرا، لـە مـاددەی (٤)ی ئـەو ڕێککەوتنـە هاتـووە:» هەماهەنگـی و هـاوکاری هـەردوولا لەسـەر سـنوورەکان بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی جموجۆڵـی کـورد، بـە هـۆی ئـەوەی لـەو ناوچانـە پێشـمەرگە چـالاک بـوو»[٣]. بـۆ ڕێگەگرتـن پەیوەنـدی و دەربازبوونـی دەسـتە چەکـدارەکان هـەردوو دەوڵـەت بازگەیـان لەسـەر سـنوورەکان دانابـوو، بۆیـە هەریـەک لـە تورکیـا، ئێـران و عێـراق گفتوگـۆی سـێ قۆڵیـان ئەنجامـدا، پرۆژەیەکیـان گەڵاڵـە کرد کە پشـتێنەیەکی ئاسـایش بـە درێژایـی سـنوورەکان و ڕێگەگرتـن لـە پەیوەندیکردنـی کـوردەکان، بەپێـی ڕێککەوتننامەی تورکیـا و عێـراق مۆڵەتـی بەزاندنـی سـنووری یەکتریانـدا[٤]، بۆ ئەم مەبەسـتە کەنعـان ئیڤرین، سـەرۆک ئەرکانـی سـوپای تورکیـا لـە (١٣ی نیسـانی ١٩٧٩)، سـەردانی عێراقـی کرد، هـەردوولا لەسـەر بەرنامەیەکـی هاوبـەش ڕێککەوتـوون، سـەبارەت بـە هەماهەنگیـی هەواڵگـری و سـەربازی، هەروەهـا جەختیـان لەسـەر پاراسـتنی سـنووری نێوانیـان کردووەتـەوە[٥]. هەریەک لـە دەوڵەتانـی (ئێـران، عێـراق، سـووریا و تورکیـا) هاوڕابـوون لەسـەر ڕووبەڕووبوونـەوەی

(١) شكيب عقراوي، م.س، ص٤٤٣؛ سامي عبدالرحمن، من اوراقي، م.س، ص٥٧.

(٢) ئیـدگار ئـۆ باڵانـس، کرۆنۆلۆگیـای شـۆڕش و خەبـاتی کـورد لە سـەدەی نـۆزدەوە تا سـاڵی ١٩٩٤، و: دڵشـاد میـران، چاپخانەی زانکۆی سـەلاحەددین، هەولێـر، ٢٠٢٢، ل٢٦٥.

(٣) أوفرا بنيغيو، م.س، ص٢٠٧؛ عەلی تەتەر نێروەیی، سیاسەتی...، ب١، ل٧٧-٧٨.

(٤) جەمال فەتحوڵلا تەیب، س.پ، ل٣١٤.

(٥) جليلى جليل وآخرون، م.س، ص٣٤٥.

کێشـەی کـورد و دژایەتـی کردنـی، لـەم پێناوەشـدا چەنـدان ڕێککەوتننامەیـان مۆرکـردووە[(١)]. دەتوانیـن بڵێیـن هـەر یـەک لـە تورکیـا، سـووریا و ئێـران، خەباتـی چەکداریـی کوردیـان لـە باشـووری کوردسـتان، بـە مەترسـی زانیـوە لەسـەر وڵاتەکانیـان و پێیـان وا بـووە سـەرکەوتنی هـەر جووڵانەوەیـەک لـە باشـووری کوردسـتان، دەبێتـە هـۆی گۆڕانـکاری لـە دۆخـی ناوخـۆی وڵاتەکانیـان، بۆیـە مکوڕبـوون لەسـەر دژایەتیکردنـی خەباتـی چەکداریـی کـورد

(١) چیـا، س.پ، ل٨؛ ئـازاد عـەلی عەبـدوڵلا، س.پ، ل٢٠؛ علي سـنجاري، مـن ارشـيف كوردسـتان، مطبعـة خـاني، دهـوک، ٢٠١٣، ص٢٩٥.

# تەوەری دووەم

# دامەزرانــدن و ڕێکخســتنی مەفــرەزە ســەرەتاییەکانی (پ.د.ك) و (بســك) و (پاسۆك)

## باسی یەکەم

### سەرکردایەتیی کاتی پارتی (القيادة المؤقتة):

دوای کشـانەوەی سـەرکردایەتیی شـۆڕش بـۆ ئێـران لـە (١٩ی ئـاداری ١٩٧٥)، ژمارەیـەک لـە کادیـر و پێشــمەرگەکانی (پ.د.ک) پەنابــەری ئێــران بــوون و بەشـێکیان ڕوویــان لــە ئەوروپـا کـرد(١). بەشـێک لـە پێشـمەرگەکان لەسـەر سنوورەکانی عێـراق و تورکیـا، بـە تایبەت لـە ناوچەکانـی بـەرواری، نێـروە و هەرکـی بنەجـێ مابـوون، خۆیـان ڕادەسـتی حکومـەت نەکردبـوو، ئەوانـەی لەبـەر بەسـەرچوونی مـاوەی وەرگرتنیـان لـە ئێرانـەوە گەڕێندرابوونـەوە عێـراق، بەشـێک لـەو پێشــمەرگانەش دوای نسـکۆ لـە سـووریا گیرسـابوونەوە(٢)، ئەوانـە بناغــەی دامەزرانــدن و دروســت کردنــی مەفــرەزە ســەرەتاییەکانی (س.ك/ پ.د.ك) بــوون، دوای وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی مستەفا بـارزانی هەریـەک لـە مەسعودبارزانی و ئیدریس بـارزانی، بە مەبەسـتی ڕێکخسـتنەوەی حـزب و کۆکردنەوەی کادیـر و پێشـمەرگەکان، ئامادەکردنیان بۆ ناردنەوەیـان بـۆ کوردسـتان، چەنـد کۆبوونەوەیەکیـان ئەنجامـدا(٣)، بـۆ ئـەم مەبەسـتە یەکـەم کۆبوونـەوە لـە (١٥ی نیسـانی١٩٧٥) لـە کانیاوێکـی دەرەوەی شـاری نەغـەدە (حـەوت کانـی) بـە بەشـداریی: مەسـعود بارزانـی، جەوهـەر نامیـق سـالم (١٩٤٦-٢٠١١)، کەریـم شـنگالی،

---

(١) ح.د.ک، ق.م، استسلام البشـمركة الـى ايـران، ١٩٧٨/٩/٥؛ هاشـم رمضـان (ابوعـنتر)، م.س، ص٤٤؛ فـواد صديـق، گەردەلـولی سیاسـەت، چاپخانـەی ڕۆشـەنبیری، هەولێـر، ٢٠٠٦، ل١٤٧.

(٢) مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، ل٣٣؛ سامی شورش، م.س، ص١٤٢.

(٣) ڕێکخســتنەکانی دەرەوەی پــارتی لــە دەســتپێکی شــۆڕشی گــوڵان دا، ڕۆژنامــەی برایــەتی، ژ(٣٦٩٥)، ٢٠٠٢/٥/٢٦، ل٤.

ئازاد بەرواری و محەمەد ڕەزا ئەنجام درا، لەو کۆبوونەوەیەدا چەند بڕیارێک درا لەوانە: مەسعود بارزانی ئەرکی سەرپەرشتیاری حزبی پێ سپێردرا، ئەرکەکانی ناوەوەی وڵات بە جەوهەر نامیق سالم، کەریم شنگالی، ئازاد بەرواری، عارف تەیفوور، کەمال کەرکووکی و عەبدولعەزیز شێرکۆ سپێردرا، هەروەها سەرپەرشتیاری کاروباری دەرەوەش بە سامی عەبدولڕەحمان (١٩٣٢-٢٠٠٤) و محەمەد ڕەزا سپێردرا[١]، لە ئەنجامی زنجیرەیەك کۆبوونەوە لە ڕۆژانی (١٢-١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥) (س.ک/ پ.د.ک) ڕاگەیەندرا، دەستەی دامەزرێنەرانی بریتی بوون لە: ئیدریس بارزانی، مەسعود بارزانی، عەلی عەبدوڵڵا (١٩٢٦-٢٠١٧)، نووری شاوەیس (١٩٢٢-١٩٨٣)، سامی عەبدولڕەحمان، جەوهەر نامیق سالم، محەمەد ڕەزا، ئازاد بەرواری، عارف تەیفوور و کەریم شنگالی، بەم جۆرە ڕێکخستنەکانی حزب لە هەلومەرجێکی نا ئاسایی و بە شێوازێکی نوێ دامەزران[٢]. بە مەبەستی درێژەدان بە خەباتی چەکداریی چەندان کادیر و پێشمەرگەی بە توانا و دڵ گەرم و دڵسۆز سووربوون لەسەر نوێکردنەوەی شۆڕش و درێژەدان بە خەبات، ئینجا مەکتەبی سیاسی جاران و کادیر و تازەپێگەیشتووەکانی پێکهێندران[٣]، لەژێر ڕۆشنایی ئەو دۆخەدا مەسعود بارزانی دەنووسێت: «بە ماوەیەکی کەم دوای نسکۆی (١٩٧٥)، توانیمان بنەمایەکی نوێ و پلانێکی کار بۆ دەرکردنی هەندێ بڕیاری گرنگ، پەیوەست بە خەباتی چەکداریی بدەین، لەسەر ئەم بنەمایە مەفرەزەی چەکداری لە پێشمەرگە کۆنەکان پێکهات کە لە شەڕەکانی پێشوودا نەبەرد بوون»[٤].

یەکەمین بەیاننامەی حزب لە (١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥) لەژێر ناونیشانی «کوردستان مەیدانی ڕاستەقینەی خەباتە، ئەی جەماوەر خەبات بکەن، واقیعی نەکسە لا بدەن» ڕاگەیەندرا، لەم بەیانەدا سیاسەتی نوێ و ئامانجی خەباتی چەکداریی ڕوون کردووەتەوە، بە توندی هێرش کراوەتە سەر عێراق و وڵاتانی هەرێمی، هەروەها جەخت

(١) مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، ل٢٣.

(٢) لە کۆتایی کۆبوونەوەی (تشرینی دووەمی ١٩٧٥)، (س.ک) کارنامە و بنەمای کارکردنی داهاتوویان لەپێناو هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەکداری بە (١٦) خاڵ ڕاگەیاندبوو. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، ل٥٠-٥٢.

(٣) سامی عەبدولڕەحمان، دوای ساڵێک شۆڕشی گوڵان هێشتا هیچ لایەنێک بۆنی باروت لە تفەنگییەوە نەهاتبوو، گۆڤاری گوڵان، ژ(٢٢٧)، ١٩٩٩/٥/٢٩، ل١٣.

(٤) جەمال فەتحوڵڵا تەیب، س.پ، ل١٠٥.

کراوەتەوە لەسەر بەردەوامیدان بە خەباتی چەکداریی و شەڕی پارتیزانی، بۆ بەدیهێنانی دیموکراتی بۆ عێراق ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان بە مەبەستی درێژەدان بە خەباتی چەکداریی (س.ک/ پ.د.ک) بڕیاردرا چیتر پشت بە هاوکاریی دەرەکی نەبەسترێت[١]، بە مەبەستی دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداریی (س.ک/ پ.د.ک)، لە بەیاننامەیەکدا لە (٢٥ی ئایاری ١٩٧٦) تیایدا ئامانج و ویستی خەباتی چەکداریی ڕوونکردۆتەوە[٢]. بەم جۆرە (س.ک/ پ.د.ک) درێژەی بە چالاکییەکانی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات دا، یەکەم کۆنفرانسی لە ڕۆژانی (١١-١٥ی ئابی ١٩٧٦) لە بەرلینی خۆرئاوا ئەنجام درا[٣]، ئەندامانی (س.ک/ پ.د.ک) بە شێوەیەکی فەرمی پەسەندکران[٤]. لەو کۆنفرانسەدا بڕیاردرا پێداچوونەوە بە سیاسەتی پێشووی (پ.د.ک) بکرێت، هەروەها لەو کۆنفرانسەدا بڕیار درا (س.ك/ پ.د.ك) دەسەڵاتی سەرکردایەتی هەیە تا بەستنی کۆنگرە[٥]. لە کۆنفرانسی بەرلین هەریەک لە: عەبدولڕەحمان پێداوی، کەمال کەرکووکی، ئازاد خەفاف، وریا سەعاتی و دڵشاد میرانی بوونە ئەندامی (س.ك/ پ.د.ك)، بە مەرجێک بگەڕێنەوە باشووری کوردستان و درێژە بە خەباتی چەکداریی بدەن. مستەفا بارزانی بە سەرۆکی حزب و سامی عەبدولڕەحمانیش بە سکرتێری حزب هەڵبژێردران[٦]. بە مەبەستی درێژەدان بە خەبات و چالاکیی حزبی و

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٣).

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٤).

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی کۆنفڕانسی بەرلین, بڕوانە: بلاغ الختامي للحزب الديمقراطي الكردستاني، (١٥ ايلول ١٩٧٦)؛ نوري شاويس، من مذكراتي، منشورات حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني، د.م، ١٩٨٥، ص٩٠-٩١.

(٤) دەیڤد ماکداوڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چ٣، ناوەندی ئاوێر، هەولێر، ٢٠١٩، ل٥٣٦.

(٥) فەلەکەدین کاکەیی، هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵان مۆمێک داگیرسا پەردەی تاریکی دادڕی، گۆڤاری گوڵان، ژ(٧٥)، ١٩٩٦/٦/١، ل١٠.

(٦) دیدار لەگەڵ عەبدولڕەحمان پێداوی، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٢. ناوبراو لە ساڵی (١٩٤٦) لە گوندی (پێداو)ی سەر بە ناحیەی زاوێتە لە دایکبووە، لە (١٩٧٠) لە کۆلێژی سەربازی وەرگیراوە، لە (١٩٧٢) بە پلەی مولازمی دووەم کۆلێژی سەربازی تەواو کردووە، لە هەمان ساڵ لە فەوجی (٣) ی سوپای عێراق لە هەولێر دامەزراوە، لە (١٩٧٢) پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول کردووە و بووەتە سەر لقی بەتالیۆنی (١). دواتر لە هێزی کەرکووک بووەتە ئامیر بەتالیۆن، دوای نسکۆ چووەتە ئێران و دواتریش چووەتە هۆڵەندا. لە (١٩٧٧) گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان و بووەتە فەرماندەی هەرێمی دووی بادینان تا (١٩٧٩)، دوای کۆنگرەی (٩) چووەتەوە هۆڵەندا

چەکداری، چەند ڕێکار و بەرنامەیەک دانران لەوانە: گرنگیدان بە پەنابەران و جێ بەجێ کردنی داواکارییەکانیان[1].

دوای دەستگیرکردنی محەمەد ڕەزا و عارف تەیفوور لە لایەن دەزگای ساواک، جەوهەر نامیق سالم و کەریم شنگالی، توانیان بە نهێنی ڕوو بکەنە سنوورەکانی تورکیا[2]، بۆ ئەم مەبەستە مەسعود بارزانی پەیوەندی بە محەمەد خالید بۆسەلی و عەبدولڕەحمان سالح دەکات و ئاگاداریان دەکاتەوە هەوڵ بدەن پەیوەندییان پێوە بکەن، ئامادەکاری بکەن بۆ ناردنەوەی دەستەی چەکداری بۆ باشووری کوردستان[3]، لە بارەی هاوکاری کوردەکانی تورکیا مەسعود بارزانی دەڵێت:«بۆ مێژوو دەیڵێم ئەگەر کۆمەک و هاوکاری کوردەکانی باکووری کوردستان نەبووایە، زەحمەت بوو دووبارە ڕێکخستن بکرێتەوە لەپاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول»[4]

پێویستە بگوترێت هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەکداریی دوای نسکۆ ئاسان نەبوو، بە هۆی پاڵپشتی و پشتگیری جەماوەر و ڕێکخستنەکانی حزب و ناردنەوەی دەستە چەکدارەکان بۆ باشووری کوردستان (س.ك/ پ.د.ك) توانرا پێگەیەکی بەهێزی سیاسی و چەکداری دابمەزرێنرێت[5]. لە لایەکی دیکەوە سەرکردایەتیی شۆڕش دوای نسکۆ هەندێک پێشمەرگەی ڕاسپارد، خۆیان ڕادەستی عێراق نەکەنەوە، لە سنووری نێوان عێراق و تورکیا بمێننەوە، بە تایبەت لە ناوچەکانی نێروە، دۆسکی ژوورو، بەرواری باڵا و هەرکی بنەجێ، بناغەی یەکەمین دەستەی چەکدارییان پێکهێنا[6]. ناردنەوەی دەستەی چەکداری بۆ باشووری کوردستان لە (٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥) هەنگاوێکی باش بوو

(١) حامید گەوهەری، قیادە موەقەت، ستۆکهۆڵم، ٢٠٢٠، ل٥٠.

(٢) کریس کۆچێرا، بزوتنەوەی نەتەوەی کورد و هێوای سەربەخۆیی، و: ئەکرەمی میهرداد، چاپخانەی تەما، ب.ش، ٢٠٠٢، ل٤٢؛ عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی....، ل٧٥.

(٣) شوان حسێن شینک باڵەکی، جەوهەر نامق سالم ژیان و بەرهەم ڕۆڵی سیاسی ١٩٤٦-٢٠١١، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سۆران، ٢٠١٦، ل٥٥.

(٤) پ.د.ک، ڕاپۆرتی سیاسی و عەسکەری تەنزیمی سەرۆکی پارتی هەڤاڵ مسعود بارزانی بۆ کۆنگرەی نۆ، ب.س

(٥) ح.د.ك، ق.م، بمناسبة الذكري الثلاثون لميلاد الحزب، ١٦ اب ١٩٧٦.

(٦) سامي شورش، م.س، ص١٤٢.

بـۆ دامەزراندنـی مەفـرەزەی پارتیـزان لـە ناوچە جیاجیـاکان، دەسـتە چەکـدارەکان[١]. بە نهێنی بـە سـنووری کوردسـتانی باکـووردا بەڕێدەکـران، دەگەیشـتنە شـوێنی دیاریکراوی خۆیـان، ئەم پلانـە نزیکـەی (٣) مانگـی خایانـد[٢]

لــە هەنــگاوی یەکەمــی (س.ك/ پ.د.ك) بــە هــۆی چاودێریــی تونــدی ســنوورەکانی عێـراق و ئێـران بـە پێویسـت زانـرا بـۆ دەسـت پێکردنـەوەی خەباتـی چەکداریـی، سـنووری چالاکیــی چەکــداری (س.ك/ پ.د.ك) لــە باشــووری کوردســتان بــۆ دوو هەرێــم دەســت نیشــان کــرا، هەرێمــی (١) بادینــان، هەرێمــی (٢) ســۆران

## یەکەم: هەرێمی بادینان

سنوورەکەی لە حاجی ئۆمەران لە دیوی بادینان دەست پێدەکات، ناوچەکانی دهۆک، ئامێدی و ئاکرێ، تا سنووری سووریا بەشێکی هەولێری دەگرتەوە، لە لایەن کەریم شنگالی و جەوهەر نامیق سالم سەرپەرشتی دەکرا[٣]. دوای ئەوەی ژمارەیەک لە فەرماندە و پێشمەرگە نێردرانەوە باشووری کوردستان، بۆ سێ دەستە دابەشکران، دەستەی یەکەم بریتی بوو لە: مولازم عەلی، مولازم محەمەد، مولازم فوئاد و مولازم نیهاد. دەستەی دووەم هەریەک لە: شوکری نێروەیی، مولازم ئەحمەد هەماوەندی، خەلیل شنگالی و فارس عەمادی بوون. دەستەی سێیەم: عادل سۆرانی، ئازاد خەفاف، سیامەند بەنا، وریا سەعاتی و غازی زێباری بوون[٤]، لە ناوچەکانی بادینان دەستبەکاربوون و دەستەی چەکداری پارتیزانییان دروست کرد، بۆ نموونە هەریەک لە سەید حەسەن، عومەر عەلی و جاسم جاسم لە ناوچەکانی سندی و گوڵی، لە زاخۆ دیاری کران، حاجی عومەر دۆسکیش لە ناوچەی دۆسکی ژوورو، هەرچی ناوچەکانی بارزان و دەری و هەرکی بنەجێ بوو، هەریەک لە سیسۆدری و فەتحوڵلا دەری لە ناوچەکەدا کەوتنە جموجۆڵ[٥]. حکومەتی عێراق بەردەوام چاودێری جموجۆڵەکانی (س.ک/ پ.د.ک) بوو، بۆیە لە نووسراوێکی نهێنی ئەمنی پارێزگای هەولێر، ئاماژە بە کردنەوەی بارەگای (س.ک/ پ.د.ک) لە سنوورەکانی

(١) ح.د.ک، ق.م، تحية الى ثورة ايار الوطنية التقدمية في ذكرها الاولى، ٢٦ ايار ١٩٧٧.

(٢) کەریـم شـنگالی، س.پ، ل٣؛ محەمـەد مـەلا قـادر، سـاڵێک لـە شـێخ وەسـانان، چاپخانـەی حاجی هاشـم، هەولێـر، ٢٠١٦، ل٢٠٧.

(٣) ئەسعەد عەدۆ، بەردەوام بوون یان سەرهەڵدانەوەی شۆڕش، ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(١٦٥١) ١٩٩٣/٥/٢٢، ل٣.

(٤) مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، ل٣٥.

(٥) دلاوەر محمد صديق، س.پ، ل٦٧.

لەگەڵ سووریا و تورکیا دەکات، هەروەها داوا لە دەزگا ئەمنییەکان کراوە، بە وردی چاودێری جموجۆڵەکانی (س.ک پ.د.ک) بن[١].

ناردنـەوەی پێشـمەرگەکان بـۆ باشـووری کوردسـتان لەژێـر چاودێـری ئیدریـس بـارزانی بەردەوامـی هەبـوو[٢]، ئیدریـس بارزانـی بـە نهێنی لەگـەڵ ژمارەیەک پێشـمەرگەی فەرماندەی شۆڕشـی ئەیلـوول، بـە مەبەسـتی ناردنـەوەی دەسـتەی چەکـداری بـۆ باشـووری کوردسـتان کۆبوونـەوە، دوای ناونـووس کردنـی پێشـمەرگەکان، توانـرا (٦٣٠) کـەس ئامـادە بکرێـت و سـەرجەم پێداویسـتییەکانیان بـۆ دابیـن بکرێـت[٣]. ڕەوانـەی باشـووری کوردسـتان بکرێـن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە (بەهـاری ١٩٧٧) هەریـەک لـە مەلائەمیـن بارزانـی، عەریـف یاسـین، مسـتەفا نێروەیـی، وەیسـی بانـی، عەلـی باڵەتەیـی، عەبدولڕەحمان حاجـی عەلـی، حەمیـد شـەریف، عەبـدوڵڵا سـاڵح و جاسـم جاسـم نێردرانـەوە باشـووری کوردسـتان، هەریـەک لـە مـولازم عەلـی، سـەید عەبـدوڵڵا زێبـاری و عـادل مـزووری، ڕۆڵێکـی بـاش و بەرچاویـان بینـی لـە ڕێکخسـتن و ئامـادەکاری (س.ك/ پ.د.ك) لـە سـنووری ئامێـدی و زاخـۆ، سـادق گۆیـی، ئەبونـەوال، مەحمـوود گۆیـی، مووسـا گۆیـی، محەمـەد گـەودا، ئەمیـن ئیـزدۆ و نـووری خـدر بـۆ ناوچەکانـی زاخـۆ ناحیـەی گولـی دەستنیشـان کـران[٤]. لـەم بارەیـەوە حەمیـد ئەفەنـدی دەڵێـت:«دوای گەیشـتنمان بـە باشـووری کوردسـتان لـە ناوچەکانـی هەرێمـی بادینـان جێگیر بوویـن، مـن بـۆ ناوچـەی دیانـا (سـۆران) دیـاری کـرام، سـەرەتا ژمارەمـان کـەم بـوو، دواتـر ژمارەمـان زیـادی کـرد، خەڵکێکـی زۆر پەیوەندییـان پێـوە کردیـن»[٥]. دوای زۆربوونـی ژمـارەی

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٥).

(٢) ژیلوان، بەردەوام بوون یان سەرهەڵدانەوەی شۆڕش، ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(١٦٥٨)، ١٩٩٣/٥/٣٠، ل٣.

(٣) دلاوەر محمد صديق، س.پ، ل٨٠.

(٤) مەسعوود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، ل٣٧.

(٥) دیـدار لەگـەڵ حەمیـد ئەفەنـدی، هەولێـر، ٢٠٢٢/٥/١١، حەمیـد حوسـێن مـەلا بـە حەمیـد ئەفەنـدی نـاسراوە. لـە دایکبـووی (١٩٣٢) لـە ناوچـەی سـیدەکان ناحیـەی برادۆسـت، پیشـەی مامۆسـتا بـووە، دواتـر لـە (١٩٦١) بووەتـە پێشـمەرگە و پەیوەنـدی بـە شۆڕشـی ئەیلـول کـردووە، دوای نسـکۆ ئـاوارەی ئێـران بووە، دوورخراوەتـەوە بـۆ شـاری کرمـان، لـە (١٩٧٧) لەلایـەن ئیدریـس بارزانـی ڕاسـپێرراوە بـۆ ئـەوەی بگەڕێتەوە بـۆ باشـووری کوردسـتان، لـە ناوچەکانـی سـیدەکان و دیانـە چالاکـی ئەنجـام داوە، لـە کۆنگـرەی (٩)ی پارتی بووەتـە ئەندامـی لێژنـەی مەرکـەزی، لـە (١٩٩٩-٢٠٠٠) بەرپرسـی دەزگای ئەیلـوول بـووە، لـە (٢٠٠٠-٢٠٠٦) وەزیـری پێشـمەرگە بـووە، لـە (٢٠١٦) بووەتـە بەرپرسـی میحـوەری باشـیک، لـە (١٧ی شـوباتی ٢٠٢٣) بـە نـە خۆشـی کۆچـی دواییکـردووە

مەفرەزەکانی هەرێمی بادینان بڕیار درا بکرێتە دوو هەرێم، عەبدولڕەحمان پێداوی بە بەرپرسی هەرێمی دوو دانرا، هەریەک لە مولازم فوئاد، سەید حەسەن، شڤان عەلی ئامێدی و نیهاد کەرکووکی ئەندامی هەرێمەکە بوون[١].

## دووەم: هەرێمی سۆران

ناوچەکانی سلێمانی و گەرمیان و بەشێک لە هەولێری دەگرتەوە، ڕێگای (هاملتۆن)، خاڵی جیاکەرەوەی هەرێمی سۆران و بادینان بوو. سەرەتا عارف تەیفوور و حەمە ڕەزا بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەم هەرێمە دانران، بەڵام لە لایەن دەزگای ساواک دەستگیرکران[٢]، لە (١٢ی ئایاری ١٩٧٦) کەمال کەرکووکی گەیشتەوە باشووری کوردستان، سەرەتا ژمارەی دەستەکەیان کەم بوو[٣]، لە دۆڵی جافایەتییەوە بە نهێنی پەیوەندییان بە کەسانی دەستەبژێری جێی متمانەوە کرد، بە مەبەستی دروستکردنی دەستەی چەکداریی بچووک[٤]. لەسەر ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی، نادر هەورامی لە ناوچەی هەورامان و شارباژێڕ دەستی بە چالاکی کردووە، ناوبراو لە سەرەتادا پەیوەندی بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کردووە، دوای فراوانبوونی دەستە چەکدارەکانی (س.ك/ پ.د.ك)، لە سۆسیالیست جیا بووەتەوە، بە ناوی (س.ک/ پ.د.ک) لە ناوچەکە کاری کردووە[٥]، هاوکات ناردنەوەی پێشمەرگە و فەرماندەکان لە ئێرانەوە لە لایەن ئیدریس بارزانییەوە بەردەوامی هەبوو، هەریەک لە مولازم حەسەن، نەسرەدین مستەفا، نێردرانەوە سنووری هەرێمی سۆران[٦]، نەسرەدین مستەفا لەو بارەیەوە دەڵێت: «چومە لای ئیدریس بارزانی داوام لێ کرد ڕێگەم بدات بگەڕێمەوە کوردستان، دوای خۆشحاڵی دەربڕینی و پشتگیری

(١) دیدار لەگەڵ عەبدولڕەحمان پێداوی، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٢.

(٢) ئەسعەد عەدۆ، مێژووی سەرەتای ...، ل٣٤.

(٣) کەمال کەرکووکی، بەردەوام بوون یان سەرهەڵدانەوەی شۆڕش، ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(١٦٥٢)، ١٩٩٣/٥/٢٣، ل٣؛ زاهیر ڕۆژبەیانی، بەردەوام بوون یان سەرهەڵدانەوەی شۆڕش، ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(١٦٥٥)، ١٩٩٣/٥/٢٧، ل٢.

(٤) نامق هەورامی، دوای نسکۆ پارتی یەکەم هێزبوو داخیلی کوردستان بوو، گۆڤاری گوڵان، ژ(٥٣٨) ٢٠٠٥، ل٥-٦.

(٥) محەمەد مەلا قادر، سەربوردەی نەمران، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤، ل١٢٥.

(٦) محەمەد عەلی ئیسماعیل، بیرەوەرییەکانم حەفتا ساڵ تەمەن زیاتر لە نیو سەدە خەبات، ب.ش، ٢٠١٩، ل١٣٩.

بڕی (١٥٠٠) دیناری بۆ خەرج کردم، بۆ خەرجی ڕێگاو کڕینی چەک... دواتر بە یاوەری عەبدولوەهاب مستەفا، ڕەشید یووسف، حەسەن عومەر، ڕەمەزان حەسەن... بە ڕێگای قاچاخ ڕەوانەی خانەی سەر سنوور کراین، گەڕاینەوە، لە (٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦) هاتینەوە قەندیل و ئاشقولقە و پشت ئاشان»[١].

بارودۆخی هەرێمی سۆران جیاواز بوو لە هەرێمی بادینان، چونکە چەند هێزێکی دیکەش لە هەرێمی سۆران بوونیان هەبوو، بۆیە دوای شەڕی شارستێن[٢]، کەمال کەرکووکی بریندار دەبێت و دەچێتە هەرێمی بادینان، بە هۆی ململانێی هێزەکانی (س.ك/ پ.د.ک) و (ی.ن.ک) و دووری ناوچەکە لە سەرکردایەتییەوە، دەستە چەکدارەکانی هەرێمی سۆران نەیانتوانی گەشە بکەن[٣]. هەروەها لە سنووری خۆشناوەتی و هەولێر دەستەیەکی چەکدار بە فەرماندەیی سلێمان بیرێژی (١٩٤٨-١٩٨٠)، دامەزرابوو[٤]، دوای نسکۆی (١٩٧٥) سلێمان بیرێژی بۆ باشووری عێراق دوور خرابووەوە، بەڵام توانیبووی بە نهێنی بگەڕێتەوە گوندی بیرێژ و پەیوەندی بکات بە (س.ک/ پ.د.ک) و لە سنووری خۆشناوەتی و هەولێر جموجۆڵی چەکداری هەبێت[٥].

سەبارەت بە ڕێکخستنی چەکداری (س.ک/ پ.د.ک) لە ساڵانی (١٩٧٦-١٩٧٩) لە چوارچێوەی هەرێم و مەفرەزە ڕێکخرابوون[٦]. بە مەبەستی چاودێری و بەڕێوەچوونی کاروباری پێشمەرگە، لە (١٦ی تەمووزی ١٩٧٩)، سەرکردایەتیی کاتی سەربازی لە: جەوهەر

---

(١) شاخەوان عەلی حەمەد، چاوپێکەوتن لەگەڵ نەسرەدین مستەفا، ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٧٠)، ١٩٩٦/١/٣١، ل٢.

(٢) دەربارەی شەڕی شارستێن، بڕوانە تەوەری سێیەمی بەشی یەکەم لەم لێکۆڵینەوەیە.

(٣) دیدار لەگەڵ عەبدولڕەحمان پێداوی، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٢.

(٤) من شهداء حزب الديمقرطي الكردستاني شهيد سليمان بيريژي، جريدة اخبار كردستان، ع(٧)، ايلول١٩٨٠، ص ص٢٦-٢٨

(٥) دیدار لەگەڵ جەوهەر کەریم مەحموود بیرێژی، هەولێر، ٢٠٢٢/٢/٥. ناوبراو لە ساڵی (١٩٥٣) لە دایکبووە، برای سلێمان بیرێژییە، لە ساڵی (١٩٦٧) بووەتە پێشمەرگە، لە دوای نسکۆ بنەماڵەکەی ئاوارەی ئێران بوونە، دواتر بە لێبوردنی گشتی گەڕاونەتەوە و گوازراونەتەوە بۆ باشووری عێراق، لە (١٩٧٦) و دوای گەڕانەوەیان بۆ هەولێر، لەگەڵ سلێمان بیرێژی دەستەی چەکداریی پارتیزانییان لە سنووری هەولێر و خۆشناوەتی دامەزراندووە، ئێستا ئەندامی فەرماندەیی هێزەکانی خەباتە

(٦) دیدار لەگەڵ مولازم یوونس ڕۆژبەیانی، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٢.

نامیق سالم، مولازم محەمەد، زەعیم عەلی و مولازم یوونس پێکهێنرا، پێکهێنانی ئەو یەکە سەربازییە کاریگەری زۆری لەسەر ڕێکخستن و بەرەوپێشچوونی کاروباری پێشمەرگە هەبوو[١]، بەڵام لە دوای کۆنگرەی (٩)ی ساڵی(١٩٧٩)[٢]، هێزی پێشمەرگەی (پ.د.ک)لە چوارچێوەی یاسایەک ڕێکخرا بە ناوی (یاسای لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان)، یاساکە لە چوار بەش و دە بەند پێکهاتبوو. لە یاساکەدا پێناسەی پێشمەرگە و مەرجەکانی وەرگرتن و ئەرک و فەرمانەکانی پێشمەرگە و پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر دیاریکراوە، بە هەمان شێوەش ئاماژە بە شێواز و جۆرەکانی سزادان و گواستنەوەی پێشمەرگە کراوە. پێکهاتەی ڕێکخستنی پێشمەرگە بەپێی یاساکە بریتییە لە:

(یەکەم: (دەستە) لە (٧) پێشمەرگە پێکدێت بە سەر دەستەوە. دووەم: (پەل) بریتییە لە (١٥) پێشمەرگە دوو دەستە لەگەڵ سەرپەل. سێیەم: (کەرت) لە دوو پەل پێکدێت. چوارەم: (بەتالیۆن) لە (٦٣) پێشمەرگە پێکدێت، کارگێڕی ڕێکخراو و فەرماندەی بەتالیۆن لێپرسراویەتی، ڕێکخراو بۆی هەیە لە دەستەیەکەوە تا پەلێک دامەزرێنێت. پێنجەم: (هێز) لە (١٢٧) پێشمەرگە پێکدێت، واتا دوو بە تالیۆن. شەشەم: (لق) لە چەند هێزێک پێکدێت، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی کارگێڕی لق دیاری دەکرێت)[٣]

ڕێکخستنە سەربازییەکان ڕاستەوخۆ بە مەکتەبی عەسکەرییەوە بەسترابوونەوە، سەرۆکی حزب سەرکردەی گشتیی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان بوو[٤].

---

(١) مەسعوود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ل١٤.

(٢) کۆنگرەی (٩): لە (٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩) بە ئامادەبوونی (٣٢٥) ئەندام، لە ئۆردوگای زێوە ڕۆژئاوای ئورمێ بەستراوە، لەم کۆنگرەیە بڕیاری گرنگ دراوە، لەوانە درێژەدان بە خەباتی چەکداری بوو. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: بەلاغی کۆتایی کۆنگرەی ٩ پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق، کۆمیتەی ناوەندی. ١٩٧٩/١١/١١.

(٣) پ.د.ک، یاسای لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان، ١٩٨٠.

(٤) دیدار لەگەڵ مولازم یوونس ڕۆژبەیانی، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٢.

## باسی دووەم

### بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان:

دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی (١٩٧٥) بەشێک لە کادیر و بەرپرسەکانی (پ.د.ک) بە مەبەستی درێژەدان بە خەباتی چەکداریی، بیریان لە دامەزراندنی حزبێکی سیاسی کردەوە، بۆ ئەو مەبەستە کۆبوونەوەیەك لە شاری ورمێ لە (نیسانی ١٩٧٥) بەسترا، بە بەشداری هەریەك لە عەلی عەسکەری، رەسول مامەند، مەلا ناسیح، عەبدولرەحمان گۆمەشینی، تاهیر عەلی والی بەگ، سەلیم ئاغۆك و کەمال محێدین، چەند کەسێکی دیکەش بەشداری کۆبوونەوەکە بوون، لەو کۆبوونەوەیەدا دوای هەڵسەنگاندنی دۆخی کوردستان بڕیاریان دا حزبێك لە کوردستان دامەزرێنن، چونکە دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی (١٩٧٥) بۆشاییەکی سیاسی لە کوردستان دروست ببوو، بۆ نەهێشتنی نائومێدی و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك بۆ درێژەدان بە خەباتی چەکداری[١]، بڕیار لە دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان دراوە.

بیرو بۆچوونی جیاواز لەسەر مێژووی دامەزراندنی بزووتنەوە هەیە هەندێك پێیان وایە بزووتنەوە لە (سەرەتای کانوونی دووەمی ١٩٧٦) دامەزراوە[٢]، بەشێکی دیکە دامەزراندنی بزووتنەوە بۆ (١٠ی ئایاری ١٩٧٦) دەگەڕێننەوە[٣]، زۆربەی سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی مێژووی دامەزراندنی بزووتنەوە لە (٨ی ئابی ١٩٧٦)دا بووە، بەیاننامەی دامەزراندنیشی لەو بەروارەدا بووە[٤]، لەو بەیاننامەدا بڕیاری دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداریی و بەرنامە و ئایدیۆلۆژیای حیزب دراوە، کە بزووتنەوەی کرێکار و جووتیار و شۆڕشگێڕەکانە. خەبات دەکات بۆ

(١) سەلام عەبدولکەریم، س.پ، ل٣٩-٤١.

(٢) ئەحمەد حەمەدئەمین، بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان ١٩٧٦-١٩٨٢، گۆڤاری کەلتور، ژ(٩)، ٢٠١٣، ل٢٢-٢٥.

(٣) سەلام عەبدولکەریم، س.پ، ل٤٢.

(٤) محمد حاجی محمود، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك باسی ڕووداوەکانی ٢٠ ساڵی خەباتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەکات، ب٢، ب.ش، ل٣١٣؛ صلاح الخرسان، التيارات...، ص٤٨٥.

گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین[١]. بۆیە لە (٨ی ئابی ١٩٧٦)، هەریەک لە: عەلی عەسکەری (١٩٣٧-١٩٧٨)، عومەر مستەفا (دەبابە) (١٩٢٤-١٩٩٢)، خالید سەعید (د.خالید) (١٩٣٤-١٩٧٨) سەعدی عەزیز (گچکە) (١٩٤٦-١٩٧٨) سەید کاکە، تاهیر عەلی والی (١٩٣٨-١٩٨٢)، شوێنی خۆیان بە نهێنی بەجێهێشت[٢]، بەرەو چیای قەندیل کەوتنەڕێ[٣]. لە (١٤ی ئابی ١٩٧٦)، گەیشتنە قەندیل و دەستەی چەکداریی بچووک بچووکیان لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر، ناوچەی شوان و سالەیی بە نهێنی بڵاوکردەوە[٤]، کاتێك بزووتنەوە کادیرەکانی رەوانەی شاخ کرد بڕیاری دابوو دوو سەرکردایەتیی دروست بکات، یەکەمیان سەرکردایەتیی شاخ بە سەرپەرشتی عەلی عەسکەری. دووەمیان: سەرکردایەتیی ناو شارەکان بە سەرپەرشتی ساڵح یوسفی (١٩١٨-١٩٨١)، ئەمەش زیاتر بۆ ڕێکخستنی کاروباری بزووتنەوە بووە، بەشێکیان (لە شارەکان) بە نهێنی کاریان کردووە، بەشێکی دیکەشیان لە هەوڵی دروستکردنی مەفرەزی چەکداردا بوون بە مەبەستی ئامادەکردنیان بۆ چوونە شاخ[٥]، هەر وەک لە بروسکەیەکی نهێنیی ئەمنی سلێمانی ژمارە (٣٥٧٤) لە (٨ی ئەیلوولی ١٩٧٦)، ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی باکوور کراوە، سەبارەت بە جموجوڵی هەریەک لە عەلی عەسکەری، تاهیر عەلی والی و عومەر مستەفا، کە لە هەوڵی دامەزراندنی دەستەی چەکداری بوونە، لە گوندەکان پەیوەندییان بە خەڵکەوە کردووە[٦].

عومەر مستەفا لە (٦ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦)، سەردانی جەلال تاڵەبانی کردووە لە دیمەشق، لەسەر پێشنیازی جەلال تاڵەبانی (ب.س.ک) چووە ناو نیمچە بەرەی (ی.ن.ک)، هۆیەکانی ئەم هەنگاوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرکردەکانی (ب.س.ک) باوەڕیان بە خەباتی هاوبەش هەبوو دژی حکومەتی بەعس، هەروەها بەرپاکردنی شۆڕش پێویستی بە چەک و تەقەمەنی هەبوو، کە جەلال تاڵەبانی چەک و تەقەمەنی بۆ دابین کردبوون[٧]. سەرەتا ڕێکخستنی هێزەکانی پێشمەرگەی نیمچە بەرەی (ی.ن.ك) بەشێوەیەکی ڕێکخراو نەبوو، دوای ناوەڕاستی ساڵی (١٩٧٧)

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٦).

(٢) سەلام عەبدولکەریم، س.پ، ل٥٢؛ ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کودرستان کانونی دووەمی ١٩٧٦-شوباتی ١٩٩٣، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٩، ل٣٦.

(٣) عەبدولرەحمان گۆمەشینی، پوختەیەک لە بیرەوەرییەکانم، چاپخانی ئۆفیستی قانیع، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٤٤.

(٤) سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەک، چ٤، ب.ش، ٢٠٢٠، ل١٤٥-١٤٦.

(٥) سەلام عەبدولکەریم، س.پ، ل٥٣.

(٦) مديرية امن سليمانية، برقية سرية، ع(٣٥٧٤)، ١٩٧٦/٩/٨.

(٧) سەلام عەبدولکەریم، س.پ، ل٥٦-٥٧.

هێزەکانی پێشمەرگە لە ڕووی چەندییەتی و چۆنییەتییەوە فراوان بوون، بە تایبەت دوای گەڕانەوەی جەلال تاڵەبانی بۆ کوردستان لە (٣١ی ئابی ١٩٧٧)، یەکەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) یان لە ناوچەی برادۆست بەست، کۆبوونەوەکە (١٢) ڕۆژی خایاند، لەو کۆبوونەوەیە لێپرسراوی سەربازی و سیاسی دابەش کران[1]، سەبارەت بە ڕێکخستنی سەربازی نیمچە بەرەی (ی.ن.ك) لە (١٩٧٦-١٩٧٩) لە (٨) هەرێم [2]، ڕێکخرابوون، لەکۆی ئەو (٨) هەرێمە (٤)یان لە لایەن (بسك) بەڕێوە دەبران، لەوانە: هەرێمی شارباژێر، بەسەر پەرشتی تاهیر عەلی والی بەگ، هەرێمی پشدەر: بەفەرماندەیی تاڵیب ڕۆستەم[3]، هەرێمی دەشتی هەولێر، بەفەرماندەیی سەیدکاکە [4]. سەعدی عەزیز (گچکە) فەرماندەی هەرێمی خۆشناوەتی، بوو[5]

شیاوی ئاماژەیە دوو بۆچوونی جیاواز لەنێو نیمچە بەرەی (ی.ن.ک)، سەبارەت بە ناردنی پێشمەرگە بۆ شاخ و پەیوەندی کردنیان بە خەڵکەوە هەبوو. بۆچوونی یەکەم شاسوار جەلال (ئارام)، (١٩٤٧-١٩٧٨) پێی وابوو: ئەرکی سەرەکی دەستە چەکدارەکان بریتی یە لە وشیارکردنەوەی خەڵک، ( فرق الدعاية المسلحة) خۆبەدوورگرتن لەشەڕ و پێکدادان و چالاکی سەربازی، کاری سیاسی و ڕۆشنبیریی لەناو جوتیاران. بۆچوونی دووەم عەلی عەسکەری نوێنەرایەتی دەکرد پێی وابوو، دەبێت دەستەی چەکداری بە ژمارەیەکی زۆر ئامادە بکرێت، گوشار بخرێتە سەرحکومەتی عێراق[6]. نەوشیروان مستەفا لەم بارەیەوە نوسیوییەتی:«سەرانی کۆمەڵە پەیوەندییان لەگەڵ ئەفسەرە گەنجەکان کردبوو، پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکی شارەکان دروست ئەکرد و ئەیان ناردن بۆ دەرەوە، سەرانی بزووتنەوە دانیشتووانی لادێکان و عەشائیرییان سازدا و هێزی چەکدارییان لێ

---

(١) ئیسماعیل تەنیا، س.پ، ل٤٧.

(٢) هەرێم: یەکەیەکی جوگرافییە، سنووری بە پێی پێویستی ژمارەی پێشمەرگە دیاری کراوە، هەر هەرێمێك لە (٥) کەرت پێکهاتووە، هەر کەرتێکیش (٢٠ تا ٥٠) پێشمەرگەی هەبووە، فەرماندەی هەرێم و جێگر و ڕابەری سیاسی بەڕێوەیان بردووە، لە کەرتیش بچووکتر مەفرەزە بووە، هەرێمەکانیش لە ڕووی چەندییەتی و چۆنیەتییەوە جیاوازبوون، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (ی.ن.ك)، پەیڕەوی ناوخۆی دەستە چەکدارەکان، حوزەیرانی ١٩٧٦.

(٣) دیدار لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحموود، گوڵەخانە، ٢٠٢٢/٩/٢.

(٤) شاخەوان عباس، سەفەری کوردایەتی بیرەوەرییەکانی شار و شاخ ١٩٧٤-١٩٨٠، چ٢، ئەکادیمیای هوشیاری پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٩٥.

(٥) نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەکەناری...، ل١٧٣.

(٦) سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر، س.پ، ل٢١٣-٢١٤،

پێك هێنان»[١]، بوونی دوو تێڕوانینی جیاواز لەسەر هەڵدانەوەی خەباتی چەکداری کۆمەڵەی مارکسی لینینیی کوردستان (کملك)[٢] و (بسك) کاریگەری هەبوو لەسەر دوای دروستبوونی ناکۆکی لە نیمچە بەرەی (ی.ن.ک) و ململانێی باڵەکانی (ی.ن.ک)[٣]، بە تایبەت دوای ڕووداوەکەی هەکاری[٤] و کوژرانی بەشێک لە سەرکردە سەربازییەکانی (ب.س.ک)، ناکۆکییەکان گەیشتنە لووتکە[٥]. دواجار دوای سێ ساڵ مانەوە لە نیمچە بەرەی (ی.ن.ک)دا، (ب.س.ک) لە (٢١ی ئاداری ١٩٧٩)، لەگەڵ (لێژنەی ئامادەکاری)[٦]،بارەگایان بۆ گۆڕە شێر و دۆڵە توو گواستەوە، جیابوونەوەی (ب.س.ک) لە نیمچە بەرەی (ی.ن.ک) پارسەنگی هێزی تێکدا، بەشێکی زۆر لە هێزی پێشمەرگە

---

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەکەناری...، ل٩٣.

(٢) کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان: لە (١٠ حوزەیرانی ١٩٧٠) بڕیاری دامەزراندنی درا، بەئامادەبوونی (جەلال تاڵەبانی، شەهاب شێخ نووری، فوئاد قەرەداغی، فازلی مەلامەحموود، فەرەیدوون عەبدولقادر، دلێرسدیق)، بەشداربووانی کۆبوونەوەکە، بە دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵە ناسێندرا. جەلا تاڵەبانی بوو بە سکرتێری کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان. بۆزانیاریی زیاتر، بڕوانە: ئەحمەد حەمەدئەمین، ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستان کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەك نموونە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر، ٢٠١٦.

(٣) سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر، س.پ، ل٢١٥-٢١٩.

(٤) ڕووداوی هەکاری: هێزێکی (ی.ن.ک) ژمارەیان نزیکەی (٨٠٠) پێشمەرگە بوو، بە مەبەستی هێنانی چەک بەرەو سنوورەکانی تورکیا بەڕێکەوتن، لە (حوزەیرانی ١٩٧٨) بەهۆی لێک تێنەگەیشتن لەگەڵ هێزەکانی (س.ک/ پ.د.ک) و خێڵەکانی ناوچەکە، کە پشتیوانی (س.ک) بوون، ڕووبەڕووی یەکبوونەوە، بووە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی (ی.ن.ک)، لە نێویاندا هەریەک لە: (عەلی عەسکەری و خالید سەعید) هەبوون کە سەرکردەی دیاری (ب.س.ک) بوون. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: نەوشیروان مستەفا، کارەساتی هەکاری، چ٤، سلێمانی، ٢٠١١؛ ح.د.ک، ق.م، حول الاعتداء الاخیر من قبل جحوش ٧٧ فصائل الانصار الوطنیة في کردستان، اواسط حزیران ١٩٧٨

(٥) پشکۆ نەجمەدین، ئەزموون و یاد (١٩٧٨-١٩٨٣)، ب١، چ٦، چاپخانەی هەژار موکریانی، ب.ش، ٢٠٢٠، ل١٧٧؛ بەهرۆز گەڵاڵی، ڕەسول مامەند ٥٠ساڵ تەمەن ٣٣ ساڵ خەبات، ب.ش، ١٩٩٨ ل٣٣ بەدواوە

(٦) لێژنەی ئامادەکاری: ئەم حیزبە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، لە لایەن چەند ئەندام و کادیری باڵای پارتی لە (تشرینی دووەمی ١٩٧٦) لە سووریا دامەزرا، خۆی بە جێگرەوەی (پ.د.ک) دەزانی، دەستەی دامەزرێنەرانی ئەم پارتە بریتی بوون لە: مەحموود عوسمان، قادر جەباری، شەمسەدین موفتی و عەدنان موفتی، بەنیازبوون پارتی لەسەر بنچینەیەکی نوێ و هاوچەرخ ڕێکبخەنەوە، لە (کۆتایی ١٩٧٧)دا بەشێک لە دامەزرێنەرانی حیزب گەڕانەوە باشووری کوردستان، بارەگایان لە نزیک (ی.ن.ک) دامەزراند، دوای ئەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیست لە نیمچە بەرەی (ی.ن.ک) هاتە دەرەوە، لەگەڵ بزووتنەوە یەکیان گرت. دیدار لەگەڵ مەحموود عوسمان، هەولێر، ٢٠٢٢/٧/١٩؛ صلاح الخرسان، م.س، ص٤٨٨-٤٨٩؛ بڵاوکراوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەندامان و لایەنگران و جەماوەر، کۆمیتەی ئامادەکردن، ١١/ ئادار/١٩٧٧.

لەگەڵ (ب.س.ک) لە نیمچە بەرەی (ی.ن.ک) چوونە دەرەوە[١]. لە لایەکی دیکە ئەو پێشمەرگانە سەرکردە و فەرماندەکانیان بە تەمەن بوون و فەرماندەی شۆڕشی ئەیلوول بوون، زیاتر لە ناوچەکانی هەولێر و شارەزوور و قەڵادزێ لایەنگر و پێگەی کۆمەڵایەتییان هەبوو دواجار لە (٨ی ئابی ١٩٧٩) حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان (حسیک)یان ڕاگەیاند[٢]، لە کۆنگرەی یەکەمی (حسیک) لە (١٢-١٥ی ئایاری ١٩٨١) لە دۆڵەتوو، کە بە ئامادەبوونی (١١٥) ئەندام بەسترا، ناوی حزب بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان (حسک) گۆڕا[٣].

سەبارەت بەڕێکخستنە سەربازییەکانی (حسك) لە چوارچێوەی هەرێم ڕێکخرابوو، پێکهاتەکەی بریتیبوو لە: (مەفرەزە) لە (٩-١٤) پێشمەرگە پێکهاتبوو، کە فەرماندە و ڕابەرێکی سیاسی هەبوو. (کەرت) لە سێ مەفرەزە پێکدەهات، ژمارەیان دەگەیشتە (٣٥-٤٢) پێشمەرگەیەک. (قوە) هێزی پاڵپشتی لە بارودۆخێکی تایبەت دروست دەکرا، دوو کەرت قوە پێکدەهێنێت. (هەرێم) لە پێنج کەرت پێکهاتبوو ژمارەی پێشمەرگەکان (٢١٠) پێشمەرگە بوو، کە فەرماندەی هەرێم و جێگر و ڕابەری سیاسی هەبووە هەرێمەکان لە ڕووی ژمارەی پێشمەرگە و سنووری جوگرافیان جیاوازبوون، هەرێمی (١) سنووری چالاکیی شارەزوور و هەورامان بوو لە ساڵی (١٩٨٦) هەردوو هرێمی (١و٢) کراونەتە یەك هەرێم حاجی عەبدوڵڵا کراوەتە فەرماندەی هەرێم[٤]. هەرێمی (٢) سنووری چالاکیی ناوچەکانی پێنجوێن، تەوێڵە و بەمۆ بوو، ئەنوەر سەعید والی فەرماندەی بووە. هەرێمی (٣) سنووری چالاکیی ناوچەکانی شارباژێڕ بووە، عوسمان قادر منەوەر فەرماندەی بووە. هەرێمی (٤) سنووری چالاکیی ناوچەکانی سلێمانی و دۆڵی جافەیەتی بوو، شێرکۆ شێخ عەلی فەرماندەی بووە. هەرێمی (٥) سنووری چالاکیی ناوچەکانی شارەزوور و قەرەداخ بووە، ڕەئووفی خەلیفە سەعید فەرماندەی بووە. هەرێمی (٦) پشدەر سنووری چالاکیی مەرگە و پشدەر بووە،

---

(١) کاوە تەیب، کەرتبوون لە نێوان پارتە سیاسیەکانی باشووری کوردستان ١٩٧٦-١٩٨٨، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٩٤؛ فاتح رسول، صفحات من تاریخ کفاح الشعب الکوردي، ت: کمال غمبار، ج١، مطبعة کارو، السلیمانیة، ٢٠٠٥، ص٢٣؛ ئیسماعیل تەنیا، س.پ، ل٧١.

(٢) سەلام عەبدولکەریم، س.پ، ل٨٤.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: محمد حاجی محمود، ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەک، ب١، چاپخانەی ئۆفیستی بێسارانی، سلێمانی ١٩٩٩، ل٤٣١-٤٣٦.

(٤) محمد حاجی محمود، شۆڕش و پێشمەرگایەتی ١٩٧٦-١٩٨٣، چ٢، ڕاگەیاندنی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩١، ل١٥-١٦؛ ئیسماعیل تەنیا، س.پ، ل٤٨-٤٩.

عەبدوڵڵا بەگ فەرماندەی بووە[1]. هەرێمی (٧) سنووری چالاکیی قەرەچووغ بووە، غەفوور دەروێش (مامەغەفە) فەرماندەی بووە[2]، هەرێمی (٨) بە هەرێمی دەشتی هەولێر ناوزەد کرابوو، قادر مستەفا(١٩٤٥-١٩٨٥)، فەرماندەی بووە[3]. هەرێمی (٩) سنووری چالاکیی دەڤەری باڵەکایەتی بووە، ئەحمەد فەقێ ڕەش فەرماندەی بووە. هەرێمی (١٠) سنووری چالاکیی چیای سەفین و خۆشناوەتی بووە، عەریف عەلی فەرماندەی بووە. هەرێمی (١١) سنووری چالاکیی چیای باواجی ناوچەی خۆشناوەتی بووە، بە فەرماندەیی سەلیم کێشکەیی بووە، دواتر بەکر حەمە کراوە بە فەرماندەی هەرێمەکە[4]، هەرێمی (١٢) سۆران سنووری چالاکیی ناوچەی ڕەواندز بووە، بە فەرماندەیی عەبدوڵڵا بۆر. هەرێمی (١٤) سنووری چالاکیی دۆڵە ڕەقە بووە، بە فەرماندەیی عەبدوڵڵا سوور. هەرێمی (١٥) سنووری چالاکییەکانی  ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆیە و نزیك ڕانیە بووە، حەمە سور کانی کوردەیی فەرماندەی بووە، هەرێمی (١٧) بە فەرماندەیی بورهان بلەیی بووە. دواتر چەند هێزێک دروستکران وەک هێزی هەیبە سوڵتان بە فەرماندەیی دڵزار حوسێن. هێزی زوورگەزراو بە فەرماندەیی نایف فارس باوە...، هەرێمەکان لە چەند کەرت و مەفرەزە پێکهاتبوون، سنووری جوگرافی و ژمارەی پێشمەرگەکان لە هەرێمەکان جیاواز بوو، هەرێمی (٨) دەشتی هەولێر گەورەترین هەرێم بوو[5].

(١) ئیسماعیل تەنیا، س.پ، ل٤٨؛ مستەفا چاوڕەش، یادەوەرییەکان، چ٤، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٨، ل١٧٧.

(٢) ماکۆک غەفور دەروێش، لەوەتەی هەم پێشمەرگەم، چ٢، ناوەندی ئاوێر، هەولێر، ٢٠٢١، ل١٤٥.

(٣) دیدار لەگەڵ موحسین عوسمان، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٢٤. ناوبراو لە (١٩٥٥) لە گوندی شۆرە زەرتکە لە کەندێناوە لە دایکبووە، دەرچووی قۆناغی ئامادەییە، لە (١٩٧٤) بووەتە پێشمەرگە، دوای نسکۆ پەیوەندی بە بزووتنەوەی سۆسیالیست کردووە، لە (١٩٧٩) چووەتە شاخ و پەیوەندی بە هێزەکانی پێشمەرگەوە کردووە، هەمان ساڵ بووەتە کارگێڕی ناوچەی هەولێر، لە (١٩٨١) بووەتە کارگێڕی لقی هەولێری (حسک)، لە (١٩٨٧) بەرپرسیارێتی ڕێکخستنەکانی زێبار و سورچی پێ سپێردراوە، لە (١٩٩٢) پەیوەندی بە (ی.ن.ک) کردووە، ئێستا خانەنشینە.

(٤) دیدار لەگەڵ بەکر حەمە، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٣. ناوی تەواوی ئەبووبەکر محەمەد ناسراو بە بەکر حەمە، لە (١٩٥١) لە گوندی (کەردز)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە لە دایکبووە، تا قۆناغی ناوەندی خوێندووە، لە (١٩٧٤) بووەتە پێشمەرگە لە هێزی دەشتی هەولێر، لە (١٩٧٦) پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیست کردووە، لە (١٩٧٩) بووەتە فەرماندەی هەرێمی (١١)ی باواجی، ئێستا خانەنشینە.

(٥) کۆنگرەی یەکەمی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، ڕاپۆرتی سیاسی، ١٢-١٥ی ئایاری ١٩٨١؛ شاخەوان شۆڕش، قادر شۆڕش چل ساڵ خەبات و تێکۆشان، چ٢، کوردستان، ٢٠٠٢، ل١١٥؛ ئیسماعیل تەنیا، س.پ، ل٥١.

## باسی سێیەم

### پارتی سۆسیالیستی کوردستان (پاسۆک)

پارتی سۆسیالیستی نەتەوەی کورد لە لایەن کادیر و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ئازادی ژیانەوەی یەکێتیی کورد (کاژیک) دروستبوو[١]، لە (١١ی ئەیلوولی ١٩٧٥) پارتی سۆسیالیستی نەتەوەی کورد لە شاری کەرکووک دامەزرا[٢]. دامەزرێنەرانی بریتی بوون لە: فەرهاد عەبدولقادر، شێرزاد فاتیح و ئازاد مستەفا[٣]. لە پەیڕەو و پرۆگرامی پاسۆک لە ماددەی (٢) دا هاتووە:«پاسۆک ڕێکخراوێکی سیاسی و خاوەن بیری سۆسیالیستانەیە، لە یەکگرتنی خۆویستی کورد و کوردستانییەکان پێکهاتووە، بۆ کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان تێدەکۆشێت»[٤].

لە کۆنفرانسی یەکەم (١١ ئەیلوولی ١٩٧٦)، ناوی گۆڕا بۆ پارتی سۆسیالیستی

(١) کۆمەڵەی ئازادی ژیانەوەی یەکێتیی کورد (کاژیك): لە (١٤ی نیسانی ١٩٥٩)، لە بەغدا دامەزراوە، ستراتیژی ئەم پارتە بریتی بووە لە دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆ لە سەرانسەری کوردستان. بڕوانە: کامیل ژیر، یادەکانم، چاپخانەی تاران، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٠١؛ هاوڕێ باخەوان، ئاڵای کورد_ کورتە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی ڕامیاری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٤٦؛ ئازاد مستەفا، کورتە باسێکی بەرەی کوردستانی، دەزگای شەهید فەرهاد، سوید، ١٩٩٨، ل١٢.

(٢) ئازاد مستەفا، پاسۆک لە کلاوڕۆژنەی دروشمەکانییەوە، چاپخانەی شەهید ئازاد، سلێمانی، ١٩٩٢، ل١٧٤-١٧٥.

(٣) شێرزاد فاتیح محەمەد، کاژیک لە دامەزراندنییەوە هەتا کۆتایی ١٩٥٩-١٩٧٥، چاپخانەی ئاڤێستا، ب.ش، ٢٠٢٢، ل٣٨٠.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: یەکەمین پەیڕەو و پرۆگرامی پاسۆک.

کورد[١]، سەرکردایەتیی پاسۆک پێکهاتبوو لە: (ئازاد مستەفا - سکرتێر، مولازم شوان، مولازم کەریم و فەرهاد عەبدولکەریم و جەلال حاجی حوسێن)[٢]. بە مەبەستی دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداریی، لە (هاوینی ١٩٧٦)، هەریەک لە: شاسوار جەلال، سەلام عەبدوڵلا و ئازاد مستەفا (١٩٤٨-١٩٨٩)، کۆبوونەوە، شاسوار جەلال پێشنیازی کردووە پاسۆک و کۆمەڵە بە هاوبەشی پەلە بکەن لە ناردنی مەفرەزەکان بۆ شاخ[٣]، بەڵام پاسۆک لە سەرەتادا بڕوای وابوو پەلە نەکرێت لە ڕاگەیاندنی خەباتی چەکداری، گرنگی بە ڕێکخستنەکانی ناوخۆ بدرێت، دوای (١٠) ساڵ خەباتی چەکداریی ڕابگەیەندرێت[٤]. لەم بارەیەوە مولازم شوان دەڵێت: «پاسۆک بە ناچاری دەستی دایە خەباتی چەکداریی، ئەگەرنا بڕوای وابوو کە دەبێت پێش چەک بیر و

(١) پەیوەندی تەلەفۆنی، شێرزاد فاتیح محەمەد، کەرکووک، ٢٠٢٢/٨/٢٢. لەدایکبووی (١٩٤٩) کەرکووک، لە (١٩٦٨) پەیوەندی بە ڕیزەکانی کاژیک کردووە، دواتر بووەتە ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبە. لە (١٩٧٠) کۆلێژی پەروەردە زمانی ئینگلیزی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە. لە (١٩٧٥) یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی پاسۆک، ناوبراو ئێستا لە کەرکووک دەژی

(٢) محەمەد فاتیح، حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی عێراق١٩١٠-٢٠١٠، ئەکادیمیای هۆشیاری پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٥٦.

(٣) محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی، ئارام و...، ب١، ل٥٤١.

(٤) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ سەلام عەبدوڵلا، ئەڵمانیا، ٢٠٢٢/٢/١١. ناوبراو لە (١٩٤٨) لە سلێمانی لە گەڕەکی کانێسکان لەدایکبووە، لە (١٩٦٧) خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە، لە (١٩٧٠) پەیوەندی بە ڕیزەکانی (پ.د.ک) کردووە، لە (١٩٧٤) بووەتە پێشمەرگە، لە (١٩٧٥) چووەتە ئەڵمانیا، دوای ماوەیەک گەڕاوەتەوە کوردستان و لەگەڵ ئازاد مستەفا ڕۆڵی هەبووە لە دامەزراندنی پاسۆک. لە (١٩٧٨) پەیوەندی بە (ی.ن.ک) کردووە، دوای ڕووداوی هەکاری چووەتە وڵاتی سوێد، لە (١٩٨٤) دوای سەرنەکەوتنی دانوستانی (ی.ن.ک) پەیوەندی بە ئاڵای شۆڕشەوە کردووە، لە سەرەتای ڕاپەڕین پەیوەندی بە ڕیزەکانی (پ.د.ک) کردووە، لە دوای ڕاپەڕین چەندین پۆستی حیزبی و حکومی وەرگرتووە، بووەتە ئەندامی لقی (٤)ی (پ.د.ک)، دواتر چەند پۆستێکی حیزبی و حکومی وەردەگرێت وەک پۆستی پارێزگاری سلێمانی و وەزیری ڕۆشنبیری، لە (٢٠١٢) بووەتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات.

باوەڕی نەتەوەیی بچەسپێ و جەماوەر لەسەری کۆببێتەوە»[١]. بەڵام دوای ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانی پاسۆک و دەرکردنی بڕیاری دەستگیرکردن بۆ (جەلالی حاجی حوسێن) ڕێکخستنەکانی دەکەوێتە ژێر چاودێری توندی حکومەت، بەو هۆیەشەوە هەریەک لە محەمەد مستەفا و فەرهاد عەبدولقادر دەستگیر دەکرێن، بۆیە لە (ئایاری ١٩٧٧) هەریەک لە جەلالی حاجی حوسێن، مولازم شوان، فەرهاد خەفاف و مامۆستا سمکۆ پەیوەندییان بە هێزەکانی پێشمەرگەوە لە شاخ کرد[٢]، جەلالی حاجی حوسێن وەکو بەرپرسی یەکەمی مەفرەزەی چەکداری پاسۆک، هەرچەندە سەرەتا نەیدەویست یەکەم قۆناغی کارکردنی چالاکیی چەکداری بێت[٣].

دوای دەرچوونی بەشێک لە فەرماندەکانی پاسۆک بۆ شاخ، چەند دەستەی چەکداری بچووکی پاسۆک لە ناوچەکانی شارباژێڕ دامەزران، بە فەرماندەیی جەلالی حاجی حوسێن، لە ناوچەی شلێر بە فەرماندەیی بەختیار مەجید خان[٤]، لە ناوچەکانی دۆڵە ڕووت، شارباژێڕ و قەندیل جەولەیان دەکرد، لە ڕووی ڕێکخستنی چەکدارییەوە بریتی بوون لە گرووپی دەستوەشێنی بچووک[٥]. هەرچەندە ژمارەی پێشمەرگەکانی پاسۆک کەمتربوو بەراورد بە هێزەکانی دیکە، بەڵام لە ڕووی ڕێکخستنی چەکدارییەوە خاوەنی

(١) پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ مولازم شوان، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٦. عەبدولهیلال محەمەد ئەمین، ناسراو بە مولازم شوان، لە (١٩٥٠) لە شارەدێی شوان لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری کەرکووک تەواو کردووە، دوای ڕێککەوتننامەی (١١ی ئاداری١٩٧٠) لەسەر پشکی کورد لە کۆلێژی سەربازی وەرگیراوە، لە (١٩٧٤) بووەتە پێشمەرگە، دوای نسکۆ پەیوەندی بە ڕیزەکانی (پاسۆک) کردووە، دوای دروستبوونی دەستە چەکدارەکانی پاسۆک لە (١٩٧٧) چووەتە شاخ، بووەتە بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری پاسۆک، لە یەکەمین کۆنگرەی پاسۆک لە (١٩٩١) بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ئێستا لە سلێمانی نیشتەجێیە.

(٢) زانا محەمەد فەقێ، پارتی سۆسیالیستی کورد- پاسۆک ١٩٧٥-١٩٩١، ب.ش، ٢٠١٨، ل١١٨-١١٩؛ فاتح رسول، صفحات...، ج١، ص٢٣٩.

(٣) شێرزاد فاتیح محەمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی پاسۆک، گۆڤاری قەقنەس، ژ(١)، ٢٠١٤، ل٨٥.

(٤) نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە...، ل٢٢٢.

(٥) دیدار لەگەڵ فوئاد ڕەوەند، هەولێر ٢٠٢٢/٨/٢١. فوئاد حەسەن ناسراو بە فوئاد ڕەوەند، لە (١٩٥٨) لە شاری هەولێر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە ناوپردان تەواو کردووە، خوێندنی ئامادەیی لە شاری هەولێر تەواو کردووە، لە (١٩٧٨) پەیوەندی بە ڕیزەکانی پاسۆکەوە کردووە، لە (١٩٨٢) بووەتە ئەندامی سەرکردایەتیی هەرێمی باشوور، بەشداریی چەندان چالاکیی سیاسی و سەربازیی پاسۆکی کردووە، لە (٢٠١٠-٢٠١١) بەشی مێژووی کۆلێژی ئادابی لە زانکۆی سەڵاحەددین تەواو کردووە، ئێستا لە شاری هەولێر نیشتەجێیە.

هێزێکـی تۆکمـەی ڕێکخراوبـوون، پێشـمەرگەکان لـە مەفـرەزە و کـەرت ڕێکخرابـوون[١]، سـەر بـە مەکتـەبی عەسـکەری بـوون لـە لایـەن مـولازم شـوان و مـولازم کەریـم ئەندامانـی سـەرکردایەتیی پاسـۆک، سەرپەرشـتی دەکران[٢].بـوونی چەنـد ئەفسـەرێکی کـوردی سـوپای عێـراق لـە ڕیـزی پێشـمەرگەی پاسـۆک وەکـو مـولازم شـوان، مـولازم کەریـم، مـولازم محەمـەد شـەوقی، مـولازم مەنسـور، ڕێژەیەکـی زۆربـوو بـەراورد لەگـەڵ ئەفسـەرانی حزبـەکانی تـری کوردسـتان[٣]. بـەڵام توانـای دەسـتە چەکدارییەکانـی پاسـۆک لـە ڕووی چەکدارییـەوە سـنووردار بـوو[٤]، چونکـە ژمـارەی پێشـمەرگەکانی بـەراورد بـە پارتەکانـی دیکـە کـەم بـوو[٥]

(١) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ مولازم شوان، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٦.

(٢) دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا ئاگرین، هەولێر، ٢٣ /٢/ ٢٠٢٢. عەبدوڵڵا کوڕی مەلا عەزیز مەلا خالید کوڕی مەحوی شاعیرە، لە (١٩٤٩) لە سلێمانی لە دایکبووە، لە (١٩٦٢) بووەتە ئەندامی کاژیك، پاش یەکگرتنی پارتی گەل لەگەڵ کاژیک، بووەتە هاوبیر لە کاژیک، چەند پلەیەکی لێپرسراویەتی وەرگرتووە، ناوبراو دوای نسکۆ دوور خراوەتەوە بۆ باشووری عێراق، لە (١٩٧٩) گەڕاوەتەوە کوردستان، لە ڕیزەکانی پاسۆک کاری کردووە، دوای ڕاپەڕین لە یەکەم کۆنگرەی پاسۆک بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پاسۆک، دواتر پەیوەندی بە (پ.د.ك)وە کردووە، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە ئەدەبی کوردی، ناوبراو ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر نیشتەجێیە.

(٣) شێرزاد فاتیح، چەند لاپەڕەیەک...، ل٩٢.

(٤) محەمەد شاکەلی، لە بزوتنەوە بۆ...، ل٣٩.

(٥) حەسـەن بـارام، مەوسوعەی پارتـە سیاسـییەکانی کوردسـتان و عێـراق ١٩٠٨-٢٠٠٥، چاپخانـەی ڕەهەنـد، سـلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٢٠.

## باسی چوارەم

### لایەنی لۆجستیی مەفرەزە چەکدارەکان:

لە سەرەتای دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداری تواناکانی هێزی پێشمەرگە، لەڕووی مەشق و چەک و خواردن و جل و بەرگەوە سنووردار بوون، سووریا سەرەتا یارمەتی پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستانی داوە، لەو سەروبەندەدا «توع» خولێکی مەشق و ڕاهێنانی سەربازی بۆ پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) کردبووەوە، بەشێک لە کادیر و پێشمەرگەکانی (س.ک/ پ.د.ک) تیایدا بەشدار بوون، کە ژمارەیان (١٢٠) کەس بوو، خولەکە بۆ ماوەی (٤٥) ڕۆژ بەردەوام بووە[١]. دوای ناردنەوەی چەندان دەستەی پێشمەرگە و ئەفسەر لە سووریا و وڵاتانی دەرەوە، کە بەشێکیان دەرچووی ئەکادیمیای سەربازی بوون، ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە ڕێنوێنی و پێدانی زانیاریی سەربازی بە مەفرەزە سەرەتاییەکانی (پ.د.ک)[٢]. محەمەدی حاجی مەحموود لەو بارەیەوە دەڵێت: سەرەتا ئەو کەسانەی دەبوونە پێشمەرگە، ئێمە لێژنەیەکمان هەبوو بۆ وەرگرتنیان، ماوەیەک لە بارەگایەک دەهێڵدرانەوە تا شارەزا دەبوون لەسەر بەکارهێنانی چەک، دواتر دەنێردرانە ناو مەفرەزەکان[٣]. مەشق بە شێوەیەکی ڕێکخراو لەناو پێشمەرگەکانی (پ.د.ک، حسک و پاسۆک) نەبوو، چونکە ژمارەی پێشمەرگەکان کەم بوون[٤]، لە سەرەتای دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداری پەیڕەوی شەڕی پارتیزانی دەکرا، پێشمەرگەش لەسەر شەڕی پارتیزانی ڕاهێنرابوون[٥].

(١) دلاوەر محمد صدیق، س.پ، ل٦٥.

(٢) دیدار لەگەڵ عەبدولڕەحمان پێداوی، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٢.

(٣) دیدار لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحموود، گوڵەخانە، ٢٠٢٢/٩/٢.

(٤) پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ مولازم شوان، سلێمانی، ٢٠٢٢/٧/١٣.

(٥) دیدار لەگەڵ مولازم یوونس ڕۆژبەیانی، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٢.

**کادیـری پزیشـکی:** دوای سـەرهەڵدانەوەی خەباتـی چەکداریـی و پێکهێنانـی مەفـرەزەی سـەرەتاییەکان پزیشـکەکان ژمارەیـان کـەم بـوو بـەراورد بـە سـەردەمی شۆڕشـی ئەیلـوول، کـە ئـەو کات نزیکـەی (١٢٤) پزیشـک هەبـوون، بـەڵام دوای نسـکۆ بـە هـۆی ئاوارەبـوون و گواسـتنەوەی پزیشـکەکان، بەشـێکیان ڕوویـان لـە هەنـدەران کـرد، ژمـارەی کادیـری پزیشـکی و دکتـۆرەکان وەک پێویسـت نەبـوون، کـە بتوانرێـت چارەسـەری پێشـمەرگە و برینـدارەکان بکـەن[1]. لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەر مەفرەزەیـەک کەلوپەلـی سـەرەتایی پزیشـکی هەبـوو، وەک: (پێویسـتییەکانی برینپێچـی، لۆکـە، دەرزی دژی مـار و دووپشـک، گازی ددان کێشـان و دەرزی دژی خوێـن بەربـوون). بـە دەگمـەن پزیشـک لەنـاو ڕێکخسـتنی پێشـمەرگەدا هەبـوو، زۆرجـار بـە هـۆی نەبوونـی پزیشـک پێشـمەرگەی خوێنـدەوار، ئەوانـەی دەرچـووی کۆلێـژ بـوون، ڕادەهـێنران لەسـەر فریاگـوزاری سـەرەتایی[2]. دوای ڕووخانـی سیسـتەمی سیاسـی ئێـران لـە (شـوباتی ١٩٧٩) سـنوورەکانی ئێـران لـە بـەردەم پێشـمەرگە کرانـەوە، برینـدارەکان دەنێـردران بـۆ ئێـران بـە مەبەسـتی چارەسـەری پزیشـکی[3].

## چەک و تەقەمەنی

لـەڕووی چەکـەوە هێزەکانـی پێشـمەرگە سـەرەتا ئـەو چەکانـەی لـە دوای نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلـوول ڕادەسـت نەکرابـوون، شـاردرابوونەوە بەکاریـان دەهێنـا، لـە لایەکـی دیکـەوە لـەو چالاکییانـە دەکرایـە سـەر ڕەبیـە و بنکـە و بـارەگای سـوپای عێـراق، چەکیـان دەسـت دەکـەوت[4]. لـە لایەکـی دیکـەوە سـووریا و لیبیـا، سـەرچاوەیەکی دیکـەی چـەک

(١) دیدار لەگەڵ مەحموود عوسمان، هەولێر، ٢٠٢٢/٧/١٩.

(٢) دیـدار لەگـەڵ فەرهـاد عەبـدوڵڵا، هەولێـر، ٢٠٢٢/٩/٥. نـاسراوە بـە دکتـۆر فەرهـاد لـە دایکبـووی (١٩٦٥)، لـە (١٩٨١) پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی (پ.د.ک) لـە کەرکـووک، لـە (١٩٨٣) بووەتـە پێشـمەرگە، ناوبـراو بەشـداری لـە خولـی ڕاهێنانـی پزیشـکی کـردووە، کـە لەلایـەن سـەرکردایەتیی (پ.د.ک) لـە ڕاژان کراوەتـەوە، ڕاهـێنراوە لەسـەر چارەسـەری خێـرای پزیشـکی، ئێسـتا ئەندامـی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی (پ.د.ک)ھ. لـە پارێـزگای کەرکـووك

(٣) نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان...، ل١٦٣.

(٤) دیدار لەگەڵ حەمید ئەفەندی، هەولێر، ٢٠٢٢/٥/١٤.

بــوو بــۆ هێزەکانــی پێشــمەرگە[١]، دوای ڕووخانــی دەســەڵاتی شــای ئێــران لــە (شــوباتی ١٩٧٩)، ئێــران بــووە دەروازەیەکــی دیکــەی چــەك و تەقەمەنــی بــوو بــۆ هێزەکانــی پێشــمەرگە[٢]. ئیدریــس بارزانــی لــە (٢٠ کانوونــی یەکەمــی ١٩٧٩) لــە دیدارێکــدا لەگــەڵ داریــوش فروهــەر و ڕەفســەنجانی و ئەردەبیلــی، ڕەزامەنــدی ئەنجوومەنــی شــوورای ئێــران وەرگیــرا بــۆ هاوکاریــی (پ.د.ک)، بــە پێدانــی (١٠٠٠) کڵاشــینکۆف، (١٠٠) هــەزار فیشــەکی ڕووســی، (١٠٠) هــەزار فیشــەکی برنــۆ[٣]. دوای جیابوونــەوەی بزووتنــەوە لــە نیمچــە بــەرەی (ی.ن.ک) و دامەزراندنــی (حســیک)، لــە (١٩٧٩) ئێــران چەنــد پارچــە چەکێکــی دایــە (حســیک)، لەوانــە: ڕەشــاش، ئێــم ئێــف، بــی کــەی ســی(BKC)[٤]، ئــەو چەکانــەی لــە لایــەن هێــزی پێشــمەرگە بــە کار دەهــات ســەرەتا برنــەو بــوو، دواتــر چەکــی کڵاشــینکۆفی ڕووســی، ڕەشاشــی ئێــم ئێــف (MF)، بــی کــەی ســی، ئــاڕ بــی جــی (RBG)، ئــاڕ پــی کــەی (RPK)، هــاوەن، ســیمیۆنۆڤ (SKS)، ژێرســە[٥].

### ئامێری پەیوەندی

بــە مەبەســتی ڕێکخســتنی تــۆڕی پەیوەنــدی و گەیانــدن، هــەروا پێکــەوە بەســتانی ناوچــەکان و زانیاریــی هەواڵگــری، پێشــمەرگە ســوودی زۆری لــە ئامێرەکانــی گەیاندنــی ئــەو ســەردەمە بینیــوە، لەوانــە: ئامێــری (هۆکــی تووکــی) کــە بــۆ مەفــرەزەکان بــەکار دەهــێنران، چونکــە بــە قەبــارە بچــووک و هەڵگرتنــی ئاســان بــوو، لــە ناوچــەی شــاخاوی و دەشــتایی بــە کار دەهــێنرا. ئامێرێکــی دیکــەی پەیوەندیکــردن بریتــی بــوو لــە (ڕاکاڵ)، کــە جــۆری ســووک و قورســی هەبــوو، زۆرجــار بــە کۆڵــە پشــت لــە ناوچەیەکــەوە بــۆ ناوچەیەکــی

(١) پەیوەنــدی تەلەفۆنــی لەگــەڵ محەمــەد شــاکەلی، کــەلار، ٢٠٢٢/٢/٤. ناوبــراو لــە (١٩٤٣) لــە کــەلار لــە دایکبــووە، خوێندنــی ســەرەتایی لــە کــەلار و ناوەنــدی لــە کفــری و ئامادەیــی لــە کەرکــووک تــەواو کــردووە، لــە (١٩٥٧) بووەتــە ئەندامــی یەکێتیــی قوتابیانــی کوردســتان، لــە (١٩٥٩) بووەتــە ئەندامــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان، لــە (١٩٦٢-١٩٦٣) بووەتــە پێشــمەرگە، دوای نســکۆ بــۆ باشــووری عێــراق دوورخراوەتــەوە، لــە (١٩٧٦) بەشــدار بــووە لــە دامەزراندنــی بزووتنــەوەی سۆســیالیســتی کوردســتان

(٢) بەهادیــن نــووری، بیرەوەرییــەکانی بەهادیــن نــووری، چاپخانــەی تــاران، ب٢. چ٢، چاپخانــەی تــاران، هەڵەبجــە. ٢٠١٩. ل١٥٣.

(٣) مەسعوود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، ل٣٩٣.

(٤) دیدار لەگەڵ بەکر حەمە، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٣.

(٥) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ مولازم شوان، سلێمانی، ٢٠٢٢/٧/١٣.

تـر دەگوازرایـەوە[١]. بـۆ بەکارهێنانـی بێتـەل پێویسـت بـوو (جفـرەی) تایبەتـی لـە نێـوان ئامێرەکانـدا هەبێـت و تەنیـا لای فەرماندەکان بێت بـۆ ئـەوەی هێـزی بەرانبـەر سـوودی لـێ وەرنەگرێـت[٢].

(١) بـۆ زانیـاری لەسـەر بـێ تـەل، بڕوانـە: عەبـدوڵڵا دەروێـش ئیبراهیـم، چەنـد زانیاریـەک لەسـەر بـێ تـەل و چۆنیـەتی ئیشـپێکردنی، ب.ش، ب.س

(٢) محمد حاجی محمود، شۆڕش...، ل٣٦.

# تەوەری سێیەم
# چالاکیی پێشمەرگە و شەڕی پارتیزانی (١٩٧٦-١٩٧٩)

شەڕی پارتیزانی یەکێکە لە بناغەکانی خەباتی شۆڕشگێڕیی گەلان لەپێناو ئازادی، فەلسەفەی ئەو شەڕانە زیاتر هەڵمەت بردنی دەستەی چەکداریی بچووک بچووکە، بۆ سەر مۆڵگە و بنکەکانی هێزی بەرانبەر، بە تایبەت لە دێهات و ناوچە دوورە دەستەکان. لە هەمان کاتدا پێویستە هێزی پارتیزانەکان پەیوەندییان بە جەماوەر و بەرگری میللیوە هەبێت[١]. شەڕی پارتیزانی کرایە بنەمایەک بۆ دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکدارانە، تاکە شێوەی جەنگە بۆ درێژەدان بە خەبات و هێزی بەرانبەر هیلاک دەکات. شەڕی پارتیزانی بە چەند قۆناغێکدا دەڕوات[٢]. **قۆناغی یەکەم:** نانەوەی

---

(١) بەرگری میللی: لە سەرەتای دەست پێ کردنەوەی خەباتی چەکداری بوونی هەبووە، سەرەتا پشت بەستراوە بە ڕۆڵی بەرگری میللی بۆ پێشخستنی شەڕی پارتیزانی و شەڕی میللی فراوان، هەروەها گواستنەوەی بۆ هەموو شار و گوندەکان، بەرگری میللی لە چینی جووتیار و توێژی قوتابیان و لاوان و کرێکاران پێکهاتبوو، وەک هێزێکی پاڵپشتیی پێشمەرگە بوون، ڕۆڵێکی کاریگەرییان لە بەرەنگاربوونەوەی سوپای عێراق بینیوە. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: بەرگری میللی هاوسەنگەری هەمیشەیی (ل.ش.ک)، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٥٨-٥٥٩)، ١٩٨٦، ل٨؛ یونس ڕۆژبەیانی، سەرەتاکانی شەڕی پارتیزانی لە کوردستان، چ٢، چاپخانەی ڕۆشەنبیری، هەولێر،٢٠٠٠، ل٦-٧؛ دارەوان حەسەن، شەڕی پارتیزانی لە ناوچە شاخاوییەکان، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژ(٤)، (١٩٩٨)، ل٤.

(٢) نامەی ئەلیکترۆنی شوکریساڵح نێروەیی، دهۆك، ٢٠٢٢/٩/٩. لە دایکبووی (١٩٤٥) لە (١٩٦٠) بووەتە ئەندامی (پ.د.ک)، لە (١٩٧٦) پەیوەندی بە سەرکردایەتیی کاتی کردووە. دوای کۆنگرەی نۆیەم بووەتە سکرتێری سەرۆکی پارتی، لە (١٩٨٥-١٩٨٦) کارگێڕی لقی یەک بووە، دواتر بووەتە بەرپرسی لقی ناوبراو، دوای ڕاپەڕین چەندین پۆستی حوکمی و حیزبی وەرگرتوو

بۆسـە (کمیـن)[١] و هێـرش بردنـە سـەر هێـزی بەرانبـەر بـێ ئـەوەی پارتیزانـەکان زیانیـان بــەر بکەوێــت[٢]. قۆناغــی دووەم: و توانــای دەرکەوتــن و جووڵانەوەیــان لەنــاو خەڵــک ئاســانتر دەبێــت، لــەو قۆناغــەدا پشــتگیری جەمــاوەر و بــۆ پارتیزانــەکان زیاتــر دەبێــت. قۆناغـی سـێیەم: پارتیزانـەکان شـەڕی بەرەیـی دەکـەن و بەرگـری لـە ناوچـە ڕزگارکـراوەکان دەکــەن[٣].

دوای دەسـت پێکردنـەوەی خەباتـی چەکداریـی، دەسـتە چەکدارییـە سـەرەتاییەکان لـە زۆربـەی ناوچەکانـی کوردسـتان بوونیـان هەبـوو، بـە تایبەتـی لـە دەشـتی هەولێـر، قـەرەداخ، قەندیـل، گارە، مەتیـن و خواکـوڕک، حکومەتـی عێـراق بـە دەسـت پێکردنـەوەی خەباتـی چەکداریـی کـورد زۆرسـەغڵەت بـوو، هەمـوو توانـای سـەربازی خسـتنەکار بـۆ پەلامـاردان و لەناوبردنـی هێـزی پێشـمەرگە، بـەڵام ڕووبەڕووبوونـەوە لەگەڵ هێزی پێشـمەرگە، کە پەیڕەوی شـەڕی پارتیزانـی دەکـرد سـەخت بـوو[٤]. چونکـە ژمـارەی پێشـمەرگە پارتیزانـەکان کـەم بـوو هـەر دەسـتەیەک لـە (٢-٣) پێشـمەرگە پێکهاتبـوو، پێشـمەرگە بەگوێـرەی ئـەو یاسـایە «لـە هەمـوو شـوێنێک هەبـوون، لـە هیـچ شـوێنێکیش نەبـوون»، واتە بـە جۆرێک هەڵسـوکەوتیان دەکـرد، سـەر لـە هێـزی بەرانبـەر بشـێوێنن، لـە ئەگـەری هـەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکـدا، بـە کەمتریـن زیـان دەربازبـن[٥]

---

(١) بۆسـە: بنەمایەکـی تایبەتـی سـەربازییە، جۆرێکـە لـە خۆشـاردنەوە و دەسـت وەشـاندنێکی خێـرا، بـێ ئـەوەی هێـزی بەرانبـەر زانیـاری لەسـەر هەبێـت، ئەمـەش بە پلانێکـی ئامادەکـراو ئەنجام دەدرێت، بۆسـە (٢) جـۆری هەیـە یەکـەم- بۆسـەی خێـرا، ئـەم بۆسـەیە بـە هـۆی دەسـت کەوتنـی زانیـاری هەنووکەیـی، جووڵاندنـی هێـزی بەرانبـەر یـان کشـانەوە ئەنجـام دەدرێـت. دووەم- بۆسـەی پلان بـۆ داڕێـژراو، دوای ئامادەکردنـی پلانێکـی تۆکمـە ئەنجـام دەدرێـت، کـە پشـت دەبەسـتێت بـە بنەمـای زانیاریـی ورد لەسـەر هێـزی بەرامبـەر، جـۆری چـەک و ژمـارەی هێـزی بەرامبـەر، لەسـەر ئـەو بنەمایـە بۆسـەکە دادەنرێـت. بـۆ زانیاریـی زیاتـر، بڕوانـە: خـدر هەمـزە، بۆسـە دانان، گۆڤـاری دەنگـی پێشـمەرگە، ژ(٣)، شـوباتی ١٩٩٨، ل٣١.

(٢) ئـاراس حەسـۆ میرخـان، مەسـەلەی سـەربازی و ستراتیـژی شـەڕ، گۆڤـاری دەنگـی پێشـمەرگە، ژ(٢)، تشرینــی دووەم ١٩٩٧، ل٣٣

(٣) محمد حاجی محمود، شۆڕش و...، ل١٤-١٥.

(٤) شۆڕش حاجی ڕەسول، ئەنفالی کورد و دەوڵەتی عێراق، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٤٥.

(٥) ژیلوان، س.پ، ل٣؛ شەڕی پارتیزانی، گۆڤاری بزوتنەوە، ژ(٣)، ١٩٨١، ل١٧.

## باسی یەکەم

### چالاکیی لەشکری پێشمەرگەی (س.ک/ پ.د.ک):

دەستە چەکدارەکان سەرەتا ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ بنکە و بارەگاکانی سوپای عێراق، بە ئامانجی دەستخستنی چەک و کەلوپەلی سەربازیی، هەروەها گەیاندنی پەیامی سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی، پەیڕەوی شەڕی پارتیزانییان دەکرد، کە زیان گەیاندن بوو بە هێزی عێراق، بەڵام دوای زیادبوونی ژمارەی پێشمەرگە چالاکییەکان زیاتر بوون، حکومەتی عێراق کەوتە خۆ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە[١]. بۆ نموونە دەستەیەکی چەکدار لە هەرێمی بادینان، لە (٢٦ی ئایاری ١٩٧٦)، لە چالاکییەکدا بە سەرپەرشتی کەریم شنگالی، ناوچەی گوڵی لە گوندی (نزۆر)، هێرشیان کردە سەر بنکەیەکی سەربازیی سوپای عێراق، بە تەواوی خاپوور کرا، ئەم چالاکییە لە ڕاگەیاندنە جیهانییەکان دەنگدانەوەی هەبوو، هاوکات ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە ناوچەکانی چۆمان، ڕەواندز، ڕانیە و سووورداش لە ئارادا بوو[٢]. لە ( ٢١ی حوزەیرانی ١٩٧٦)، دەستەیەکی چەکداری (س.ك/ پ.د.ک)، لەسەر ڕێگای (کانی باغا) لە زاخۆ، هێرشیان کردە سەر پاسەوانی سنوور، لە ئەنجامدا (٦) پلەدار و سەربازیی عێراقی کوژران، چەندان کەلوپەلی سەربازیی دەستیان بەسەردا گیرا[٣]. هاوهەنگاو لە زاخۆ دەستەیەکی چەکداری پێشمەرگە، لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا لەگەڵ سوپای عێراق کوژرانی (٩) سەربازیی عێراقی و برینداربوونی سەربازێکی لێکەوتەوە[٤]. لە (تەمووزی ١٩٧٦)، لە دهۆک،

(١) نامەی ئەلیکترۆنی شوکری ساڵح نێروەیی، دهۆك، ٢٠٢٢/٩/٩.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: ح.د.ک، ق.م، فرع اوروبا، بلاغ عسكري رقم (١)، اواسط تموز١٩٧٦، ص١٢؛ ئەسعەد عەدۆ، بەردەوام بوون یان سەرهەڵدانەوەی شۆڕش...، ل٣.

(٣) هاشم رمضان (ابوعنتر)، م.س، ص٦٢.

(٤) ح.د.ک. ق.م، فرع اوروبا، بلاغ عسكري رقم (٢)، اواسط تموز ١٩٧٦، ص١٣.

خانەقین، ڕانیە و پێنجوێن، چەندان شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە ڕوویان دا، هێزەکانی پێشمەرگەی (س.ک/ پ.د.ک) توانیویانە گورزی کاریگەر لە سوپای عێراق بوەشێنن و دووچاری زیانێکی زۆری ماددی و مرۆیی بکەنەوە[١]. دوابەدوای چەندین سەرکەوتنی شەڕی پارتیزانی، هێزەکانی پێشمەرگە لە (١١ی ئابی ١٩٧٦) هێرشیان کردە سەر بنکەی هەواڵگریی سوپای عێراق لە ناحیەی بنگرد، هێزەکانی پێشمەرگە دەستیان بەسەر بنکە و بارەگاکانی سوپای عێراقدا گرت، زیانەکانی پێشمەرگە (٣) بریندار بوو[٢]. لە لایەکی دیکەوە لە (١٨ی ئابی ١٩٧٦) لەسەر ڕێگای نێوان شەڕانەش و دەشت، لە ناوچەی سندی، هێزێکی سوپای عێراق کەوتە بۆسەی هێزەکانی پێشمەرگەوە، دوای شەڕێکی سەخت (١٢) سەرباز کوژران، چەندین چەک لە جۆری کڵاشینکۆف کەوتە دەست پێشمەرگە[٣]. لە زنجیرە هێرشێکی دیکەی هێزەکانی پێشمەرگە لە (٢٤ی ئابی ١٩٧٦)، بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی سوپای عێراق لە ناوچەکانی زاوێتە، کوژرانی (٨) سەرباز و برینداربوونی (٥)ی دیکەی لێکەوتەوە[٤]. بۆ قەرەبوو کردنەوەی شکستەکانی، سوپای عێراق لە (ئەیلوولی ١٩٧٦)، هێرشی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی پێشمەرگە لە ناوچەکانی بادینان، کشان، قەسرۆک دەستپێکرد. هێزەکانی پێشمەرگە دوای چەندین شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سوپای عێراق توانییان، سوپای عێراق تێك بشکێنن[٥]. هاوهەنگاو هێزەکانی پێشمەرگە لە (٢١-٢٢ی ئەیلوولی ١٩٧٦) هێرشیان کردە سەر بارەگایەکی سوپای عێراق لە هاوینە هەواری بلکێف لە ناحیەی ئەتروش قەزای شێخان، لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا (٥) پۆلیس کوژران و (٧)ی دیکەش برینداربوون[٦]

زیانەکانی پێشمەرگە لەم شەڕانەدا زیانێکی ئەوتۆ نەبوون، چونکە پەیڕەوی شەڕی پارتیزانییان کردبوو. هەروەها تا ڕادەیەک سەختی جوگرافیای ناوچەکە، یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ هێزەکانی پێشمەرگە. لە لایەکی تر نەشارەزایی سوپای

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٧).

(٢) نامق هەورامی، س.پ، ل٦.

(٣) ح.د.ک، ق.م، فرع اوروبا، بلاغ عسكري رقم (٤)، ١ ايلول ١٩٧٦، ص ١٦-١٧؛ مەسعوود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ل٥١.

(٤) من نشاطات بيشمركتنا الابطال، جريدة خبات، ع(٥٢٨)، ٢٠ ايلول ١٩٧٦، ص٤.

(٥) ح.د.ك، ق.م، لجنة علاقات خارجية، بلاغ عسكري رقم (٥)، ١٨ تشرين الاول ١٩٧٦، ص ص٢٢-٢٦.

(٦) ح.د.ك، ق.م،، فرع اوروبا، بلاغ عسكري رقم (٦)، ٣٠ تشرين الثاني ١٩٧٦، ص٢٧.

عێـراق، لـە جوگرافیـای ناوچەکـە هۆکاربـوو بـۆ زۆری زیانەکانـی سـوپای عێـراق لـە زۆربـەی شـەڕەکاندا، سـەرباری خراپـی ڕێـگای هاتووچـۆ و سـەختیی گەیاندنـی چـەک و تەقەمەنـی بـۆ ناوچـە هێـرش بـۆ کـراوەکان[١]

لـە (٤ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٧٦) لـە چالاکییەکـی هێزەکانـی پێشـمەرگە، بـۆ سـەر کاروانێکـی سـوپای عێـراق، لـە کاتـی گواسـتنەوەی کەلوپەلـی سـەربازی بـۆ یەکێـک لـە بنکـە سـەربازییەکانی ڕێـگای مـاوەت، دووچـاری بۆسـەی هێزەکانـی پێشـمەرگە بوونـەوە، دوای ئاڵـۆزی و تەقـە، بـووە هـۆی سەرلێشـێواندنی سـەربازەکان و هەڵاتنـی بەشـێکیان، هێزەکانـی پێشـمەرگە دەسـتیان گـرت بـە سـەر چەنـد پارچـە چەکێـک و ئۆتۆمبێلـە بەجێماوەکانیـان[٢]. ئەنجامدانـی ئـەم چالاکییانـە بـۆ پێشـمەرگە گرنـگ بـوون، چونکـە سـەرچاوەیەك بـوو بـۆ پەیداکردنـی چـەک و تەقەمەنـی، هەربۆیـە لـە (٢١ی تشرینـی دووەمـی ١٩٧٦) هێزەکانـی پێشـمەرگە، هێرشـیان کـردە سـەر بنکەیەکـی سـوپای عێـراق لـە گونـدی دری ناوچـەی نێروەیـی، زیانەکانـی سـوپای عێـراق بریتیبـوو لـە (١٥) کـوژرا و ژمارەیـەک برینـدار[٣]. لـە ئەنجامـی بەرفراوانبوونـی چالاکییەکانـی پێشـمەرگە، سـوپای عێـراق بـۆ ڕێگـری و تۆڵەکردنـەوە، هێرشـی کـردە سـەر پێشـمەرگەکانی (س.ک/ پ.د.ک) لـە (٢٦ی کانوونـی یەکـەم ١٩٧٦) لـە گونـدی شارسـتێن سـەر بەقـەزای دوکان[٤]، بـە سـوود وەرگرتـن لـە کـەش و هـەوای ناوچەکـە، کـە تەمێکـی زۆر ناوچەکـەی گرتبـووەوە، دوو فەوجـی سـوپای عێـراق بـە پشـتیوانی (١١) هەلیکۆپتـەر بـەرەو گوندەکانـی سـێ دەرە و شارسـتێن لـە جووڵـەدا بـوون[٥]، هێزەکانـی پێشـمەرگە ڕووبەڕوویـان بوونـەوە، سـەرەڕای نـا بەرانبـەری هێـزی پێشـمەرگە بەرانبـەر سـوپای عێـراق، پێشـمەرگە لـەو شـەڕەدا سـەرکەوتوو

(١) دارەوان حەسـەن، سروشـتی ناوچـە شـاخاوییەکان کاریگەرییان لەسـەر بزاوتی سـەربازی، گۆڤـاری دەنگی پێشـمەرگە، ژ(٨)، ٣٠ ئابی ١٩٩٨، ل٤٠.

(٢) ح.د.ک، ق.م، لجنة العلاقات الخارجية، بلاغ عسكري رقم (٧)، ١٩٧٦/١٢/٢٣، ص٣٣.

(٣) من نشاطات بيشمركتنا الابطال، خبات، ع(٥٣١)، ١٩٧٦/١٢/٢٠، ص١٠.

(٤) ح.د.ك، ق.م، حزبنا يوصل القضية الكردية الى الامم المتحدة، جريدة صدى خبات، ع(٣)، أيلول ١٩٧٧، ص٩.

(٥) مسـعود بـارزانی، بـارزانی و...، بەرگـی چـوارەم، بـەشی دووەم، ل٥٢؛ ح.د.ک، ق.م. لجنـة علاقـات الخارجية، بلاغ عسـكري رقـم (٨)، ١٩٧٦/١/٢٤، ص٣٩.

بـوون[١]، زیانەکانـی پێشـمەرگە بریتـی بـوو: لـە (٧) کـوژراو و برینداربوونـی (٤)ی دیکـە[٢]. سـەبارەت بـە زیانـەکانی سـوپای عێـراق کوژرانـی نزیکـەی (١٦٣) سـەرباز و ئەفسـەر بـوو، هەروەهـا (٣) هەلیکۆپتـەر خراوەتـە خـوارەوە[٣]. دوابـەدوای ئـەم شـەڕە حکومەتـی عێـراق، هەڵمەتێکـی گـەڕان و پشـکنینی لـە گوندەکـە دەسـت پێکـرد، ژمارەیـەک کەسـی لـێ دەسـتگیرکردن. لـە ئەنجامـی ئـەم هەڵمەتـەدا (٩) هاووڵاتـی مەدەنـی کـوژران، (٣٢) کەسـی دیکـە برینداربـوون[٤]. لـە بەرانبـەر ئـەو کردەوەیـەی حکومەتـی عێـراق (س.ک/ پ.د.ک)نامەیەکـی ئاراستەی سکرتێری گشـتیی نەتـەوە یەکگرتـووەکان کـرد، تێیـدا ژمـارەی قوربانیـان و بریندارانـی گوندەکـە خرابـووە ڕوو[٥]

بـە مەبەسـتی کۆتایـی هێنـان بـە خەبـاتی چەکداریـی کـورد، لـە (بەهـاری ١٩٧٧) سـوپای عێـراق هێرشـێکی بەرفـراوانی کـردە سـەر ناوچـە جیاجیـاکانی باشـووری کوردسـتان[٦]، زیاتـر لـە (٦) فیرقـەی سـوپای عێـراق نزیکـەی (٤٥) هـەزار سـەرباز و فڕۆکـە و هەلیکۆپتـەری جەنگـی، تانـک و چەکـی قـورس لـەم هێرشـەدا بـەکار هێنرابـوون[٧]. هەروەهـا بەکارهێنانـی چەندیـن ستراتیـژی سـەربازی لەوانـە: جەنگـی لەناوبردنـی پارتیـزان، جەنگـی نـاو چیـا، بەگەڕخسـتنی ژمارەیەکـی زۆر لـە هەلیکۆپتـەر و فڕۆکـەی جەنگـی[٨]. شـەڕەکە لـە (نیسـانی ١٩٧٧) دەسـتی پێکـرد. لـەو هێرشـەدا دوو ناوچـەی سـەرەکی کرایـە ئامانـج؛ ناوچـەی یەکـەم: مەرگـە، سـەرگەڵو، مـاوەت، دۆکان و چوارتـا. ناوچـەی دووەم: دۆڵـی شـەهیدان، زارگەلـی، وێڵـزێ، ڕانیـە، چۆمـان و زنجیـرە شـاخەکانی قەندیـل، ئامانـج لـەو هێرشـە بریتـی بـوو لـە گەمارۆدانـی پێشـمەرگە لـە زنجیـرە شـاخاکانی قەندیـل و کۆتایـی هێنـان بـە چالاکیـی پێشـمەرگە لـەو ناوچانـە. سـوپای عێـراق بـە پشـتیوانی

(١) زاهیر ڕۆژبەیانی، س.پ، ل٢.

(٢) محەمەد عەلی ئیسماعیل، س.پ، ل١٥٥-١٥٦.

(٣) مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ل٥٢؛ زاهیر ڕۆژبەیانی، س.پ، ل٢.

(٤) ح.د.ک، ق.م، لجنة علاقات الخارجیة، بلاغ عسکري رقم (٩)، ١٩٧٧/٢/٢٨، ص ص٤١-٥٢.

(٥) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٨).

(٦) القضیة الکردیة في الصحافة العالمیة، جریدة صدی خبات، ع(٣)، أیلول ١٩٧٧، ص٦.

(٧) هاوڕێ باخەوان، هاوڕێنامە بۆ مێژوو کوردستان و کورد، چاپخانەی ڕوون، ب.ش، ١٩٩٩، ل٢٧٧.

(٨) ماهـی، لـە تاکتیکـەکانی بەعـس بـۆ بەگژداچونـەوەی شـۆڕشی کوردسـتان، گۆڤـاری کۆمەڵە، خولی سـێیەم بـەشی یەکـەم، ژ(٤)، نیسـانی ١٩٨٥، ل٢٦.

هەلیکۆپتــەر و تــۆپ بۆردومانــی هێزەکانــی پێشــمەرگەی دەســت پێکــرد، بــۆ دەربازبــوون لــەو دۆخــە، هێزەکانــی پێشــمەرگە کشــانەوە، ئەمــەش جۆرێــک بــوو لــە تەکتیــک، دواتــر هێرشــی پێچەوانەیــان دەســت پێکــرد، ســوپای عێراقیــان ناچــار بــە کشــانەوە کــرد. وێــرای کــوژران و برینداربوونــی نزیکــەی (٥٠٠) ســەرباز و ئەفســەر، هەروەهــا (١٣) پێشــمەرگە کــوژرا و (١٣) ی دیکــەش بریــندار بــوون[١].

لــە درێــژەی چالاکییەکانــی هێزەکانــی (س.ک/ پ.د.ک)لــە (١١ی نیســانی ١٩٧٧)، لــە گونــدی (ئەفلهــی) لــە نزیــک ناوچــەی ســندیان، ڕووبــەڕووی ســوپای عێــراق بوونــەوە، کــە ناوچەیەکــی چــۆڵ کــراو بــوو[٢]، لــە ئەنجامــدا بــووە هــۆی کــوژران و برینداربــوونی ژمارەیــەك ســەرباز[٣]. لــە (٥ی ئایــاری ١٩٧٧) ســوپای عێــراق هێرشــێکی بــەربڵاوی کــردە هێزەکانــی پێشــمەرگە لــە دۆڵــی (هــرور)، لــە ناوچــەی بــەرواری بــاڵا، لــە ئەنجامــی ئــەو شــەڕەدا نزیکــەی (٧٥) ســەرباز کــوژرا، هەروەهــا چەندیــن کەلوپەلــی ســەربازی لــە لایــەن هێزەکانــی پێشــمەرگە دەســتی بەســەردا گیــرا[٤]. بــە مەبەســتی قەرەبووکردنــەوەی ئــەو شکســتە ســوپای عێــراق، لــە (٢٥ی ئایــاری ١٩٧٧) لــە بێلمبێــری لــە ڕۆژئــاوای بــەرواری بــاڵا، بــە هێزێکــی (٥٠٠) ســەربازی و بــە پشــتیوانی (٩) هەلیکۆپتــەر، لــە ســێ قۆڵــەوە هێرشــی کــردە ســەر هێزەکانــی پێشــمەرگە، شــەڕێکی ســەخت لــە نێــوان هــەردوو لادا ڕوویــدا، لــە ئەنجامــدا بــووە هــۆی کوژرانــی (٤٥) ســەرباز و برینداربوونــی (٣)ی دیکــە، لــە هێزەکانــی پێشــمەرگە (١٤) کــوژراو هەبــوو[٥]. لــە (٣١ی کانوونــی یەکەمــی ١٩٧٧)، دەســتەیەک پێشــمەرگە لــە بۆســەیەکدا لەســەر ڕێــگای دهــۆک- مووســڵ، هێرشــیان کــردە ســەر (٦) ئۆتۆمبێلــی ســەربازی، لــە ئەنجامــدا بــووە هــۆی کوژرانــی (٣٥) ســەربازی ســوپای عێــراق و برینداربوونــی ســەربازێک[٦]. لــە چالاکییەکــی دیکــەی پێشــمەرگەکانی (س.ک/ پ.د.ک)، لــە (٢٣ی نیســانی ١٩٧٨)، دەســتەیەک پێشــمەرگە لــە بۆســەیەکدا لــە ناوچــەی

(١) ح.د.ك، ق.م، لجنة العلاقات الخارجية، بلاغ عسكري رقم (١٠)، ١٩٧٧/٤/٢٥، ص٦٢-٦٣.

(٢) ثوارنا يسجلون اروع انتصارات في كردستان، جريدة خبات النضال، ع(٥٣٥)، اواسط ايار ١٩٧٧، ص٦.

(٣) ح.د.ك، ق.م، لجنة علاقات الخارجية، بلاغ عسكري رقم (١١)، ص٧١-٧٢.

(٤) هاشم رمضان (ابوعنتر)، م.س، ص٦٦.

(٥) مەسعوود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ل٥٢.

(٦) ح.د.ک، ق.م، لجنة اعلام، بلاغ عسكري رقم (١٥)، کردستان، ١٩٧٨/٢/٨.

داری نێرگز لە نێوان بلێ و بارزان، (٣) ئۆتۆمبێلی سوپایان کردبووە ئامانج، لە ئاکامی چالاکییەکەدا چەندین کوژراو و بریندار سوپای لێکەوتەوە. سوپای عێراق لە هەر چالاکییەکدا کە شکستی خواردبێت دووبارە هێرشی کردۆتەوە سەر ناوچەکە، لە هەمان کاتدا هێرشی سوپا بە پشتیوانی (١٣) هەلیکۆپتەر ناوچەکانی مێرگەسۆری بۆردومان کرد، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە شارەزای ناوچەکە بوون، بۆیە کەمترین زیانیان بەرکەوت، لە بەرانبەردا سوپا (٨٢) کوژراو و (١٠٠) برینداریان هەبوو[1].

لە درێژەی چالاکییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە، لە (ئایاری ١٩٧٨)، دەستەیەکی چەکداری لێژنەی ناوچەی (ئاکرێ) لە گوندی (دۆستەکا)، لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا لەگەڵ سوپای عێراق، نزیکەی (٧) کاتژمێری خایاند، لە ئەنجامدا بووە هۆی کوژرانی (٥٠) سەرباز و برینداربوونی نزیکەی (٨٠)ی دیکە، زیانەکانی پێشمەرگە کوژراوێک و برینداربوونی (٣)ی دیکەبوو[2]. لە لایەکی دیکەوە لە (١٥ی حوزەیرانی ١٩٧٨) سوپای عێراق هەڵمەتێکی فراوانی کردە سەر گوندەکانی ناحیەی (شێروان)ی قەزای مێرگەسۆر، هێزەکانی پێشمەرگە بە هاوکاریی خەڵکی ناوچەکە ڕووبەڕووی سوپای عێراق بوونەوە، لە ناوچەکانی هەرکی و باسیا لە ئەنجامدا سوپای عێراق زیانێکی زۆریان بەرکەوت، کوژرانی (١٠٠) سەرباز و ئەفسەر، تێکشکانی فڕۆکەیەکی جەنگی بوو[3]. لە (١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨) سوپای عێراق، هەڵمەتێکی گەڕان و پشکنین لە گوندی (نهیل) لە ئامێدی دەست پێکرد، بە تۆمەتی هەبوونی پێشمەرگە و هاوکاریکردنی لە لایەن گوندنشینانی دەڤەرەکە[4]. دوای پشکنینی گوندەکە و گەڕانەوەی هێزەکە بۆ ناوەندی ناحیەی دێرەلوک، لە (١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨) هێزەکانی پێشمەرگە لە کاتی گەڕانەوەی هێزەکە لە بۆسەیەکدا، ڕووبەڕوویان بوونەوە. دوای شەڕێکی نیو کاتژمێری (٨٣) سەرباز کوژران و (٣٤)ی دیکە برینداربوون[5]. لە (٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٨) سوپای عێراق هێرشێکی فراوانی کردە سەر ناوچەکانی

(١). بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٩).

(٢) هاشم رمضان (أبوعنتر)، م.س، ص٦٩.

(٣) ح.د.ك، ق.م، حملة التهجير جديدة خطيرة من الخطة العنصرية الشاملة، ١٢تموز ١٩٧٨.

(٤) ح.د.ک، ق.م لجنه اعلام، بلاغ عسكري رقم (٢٠)، ٣٠/ايار ١٩٧٩.

(٥) نامەی ئەلیکترۆنی شوکری ساڵح نێروەیی، دهۆك، ٢٠٢٢/٩/٩.

هەورامـان، بیـارە، لـە لایـەن هێزەکانـی سـەرکردایەتیی کاتـی پارتـی بەرپـەرچ درایـەوە، سـوپای عێـراق زیانێکـی زۆری بەرکـەوت، کـە بریتـی بـوو لـە: کوژرانـی (٣٩) سـەرباز و بریندار‌بوونـی (٨٠)ی دیکـە، هەروەهـا کەوتنـە خـوارەوەی هەلیکۆپتەرێکـی جەنگـی. بنکـەی پۆلیسـی تەوێڵـە بـۆ مـاوەی (٣) کاتژمێـر لـە لایـەن پێشـمەرگە دەسـتی بەسـەردا گیـرا[١].

لـە درێـژەی هەڵمەتـە سـەربازییەکانی سـوپای عێـراق بـۆ سـەر پێشـمەرگەکانی (س.ک/ پ.د.ک) لـە (١٧ کانـوونی یەکەمـی ١٩٧٨)، هێزێکـی تایبـەت بـە (١١) زیـل و (٩) جێبـی سربـازی بـەرەو ناوچـەکانی (نهێـل) پێشـڕەوییان کـرد، ڕۆژی دواتـر بەشـێکی دیکـەی سـوپا چوونـە نـاو گونـدی بـاشرو، برجیـا، دابەشـبوونی هێزەکـە بـووە هـۆی بـێ ئاگایـی و پچـڕانی پەیوەنـدی، دواتـر کەوتنـە بۆسـەیەکی پێشـمەرگەوە، لـە ئەنجامـدا بـووە هـۆی کـوژرانی (٨٢) سـەرباز و بریندار‌بـوونی (٢٤)ی دیکـە. لـە ئاکامـی ئـەم هەڵمەتـەدا چەندیـن چەکـی قـورس و سـووک کەوتـە دەسـت هێـزەکانی پێشـمەرگە[٢]. لـە (نیسـانی ١٩٧٩) پێشـمەرگەکانی (س.ك/ پ.د.ك)، لـە ناوچەکانـی خورمـاڵ، تەوێڵـە و هەورامـان و خانەقیـن چەندیـن چالاکیـی پارتیزانیـان ئەنجـام داوە، زیانێکـی سـەربازییان لـە سـوپای عێـراق داوە، زیانەکانیـش بریتـی بـوون لـە: (٢٧) کـوژراو، (١٨) بریـندار[٣]. لـە ئەنجامـی شکسـتە یـەک لـە دوای یەکەکانـی سـوپای عێـراق، لـە (١٨ی ئایـاری ١٩٧٩) هێزێکـی زۆری سـوپا بـە پاڵپشـتی فڕۆکـەی جەنگـی هێرشـی کردۆتـە سـەر هێزەکانـی پێشـمەرگە لـە گونـدی (دەری) ناحیـەی شـێروان، دوای ڕووبەڕووبوونەوەیەکـی سـەخت پێشـمەرگە توانـی پێشـڕەوییەکانی سـوپای عێـراق ڕابگرێـت، کـە بـووە هـۆی کوژرانـی (٢٠) سـەرباز[٤]. دوابـەدوای ئـەو شـەڕە، بـە مەبەسـتی دەرکردنـی هێزەکانـی پێشـمەرگە لـە ناوچەکـە، سـوپای عێـراق بـە پشـتیوانی هەلیکۆپتـەری جەنگـی لـە (٢٠ی ئایـاری ١٩٧٩)، هێرشـی کـردە سـەرناوچەکانی سـەربە قـەزای مێرگەسـۆر، لـە ئەنجامـی بۆردومانکردنـی ناوچەکـە، زیانـی گیانـی و مـاددی لـە ناوچەکـە کـەوت. (٤) ئەندازیـار لـە لایـەن هێزەکانـی پێشـمەرگەوە دەستبەسـەر بـوون،

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ١٠).

(٢) ح.د.ک، ق.م لجنة اعلام، بلاغ عسكري رقم (٢٠)، ٣٠/ايار/١٩٧٩.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ١١).

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ١٢).

زیانەکانی سوپای عێراق لە کوژراو و بریندار بریتی بوو لە (١٣٠) سەرباز و ئەفسەر. بە مەبەستی پاراستنی ناوچەکە لە بۆردومانی سوپای عێراق هێزەکانی پێشمەرگە پاشەکشەیان کرد[١]

لە درێژەی چالاکییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە، لە (٢٦ی ئایاری ١٩٧٩) هێرشیان کردە سەر بنکەی پۆلیسی (تۆتمان) لە قەزای پێنجوێن، دوای بە هاناوە هاتنی هێزێکی زۆری سوپای عێراق، شەڕێکی قورس لە نێوان پێشمەرگە و سوپا ڕوویدا، بووە هۆی کوژران و برینداربوونی (٥٠) پلەدار و سەربازی عێراقی، برینداربوونی (٤) پێشمەرگە[٢]

سەبارەت بە بەرەی شەڕی زاخۆ و گوندەکانی دەوروبەری، شەڕ لە (٢٥ی ئایار تا ٢٩ی ئایاری ١٩٧٩) بەردەوام بوو، لە ئەنجامدا هێزەکانی پێشمەرگە توانییان پاشەکشە بە هێزەکانی عێراق بکەن و زیانێکی گەورەی گیانی و ماددی لە سوپای عێراق بدەن، کە بووە هۆی کوژرانی (١٠٠) سەرباز و تێکشکانی (٢) فڕۆکەی جەنگی، هەروەها چەندین پارچە چەکی قورس و سووک کەوتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە[٣].

چالاکیە چەکدارییەکانی (س.ك/پ.د.ك) لەو ماوەیەدا پارتیزانی بووە و کاریگەرییەکی زۆری هەبووە، بۆیە حکومەتی عێراق بە هەموو توانایەکی سیاسی و سەربازییەوە هەوڵی داوە چالاکییەکانی پێشمەرگە لەدوای نسکۆی شۆڕشی (١٩٧٦) سنوردار بکات

(١) ح.د.ك.ق.م، لجنة علاقات الخارجية، قوات الحكومة العراقية تقتل ٤ مهندسين، ٣١/أيار/١٩٧٩.

(٢) ح.د.ك، ق.م، لجنة الاعلام، تصريح صحفي، فشل الحملة الربيعة للنظام العراقي علي مواقع البيشمركه، ١٩٧٩/٦/١.

(٣) ح.د.ك، ق.م، لجنة الاعلام، م.ن.

## باسی دووەم

### حزبی سۆسیالیستی یەكگرتووی كوردستان (حسيك):

دوای دامەزراندنـی (بسـك) و ناردنـی دەسـتەی چەكـداری پارتیزانـی بـۆ شـاخ، چەنديـن چالاكـی چەكدارييـان لـە نـاو بـەرەی (ی.ن.ك) دژی سـوپای عێـراق ئەنجـام داوە، ديارترينيـان بريتـی بـوو لـەوەی، كـە لـە (تشرينـی يەكەمـی ١٩٧٦) مەفرەزەيەكـی پێشـمەرگە لـە هەريـر، ڕووبـەڕووی سـوپای عێـراق بوونـەوە، لـە ئەنجامـدا (١٠) سـەرباز كـوژران[١]. بـە مەبەسـتی كۆتاييهێنـان بـە چالاكـی هێزەكانـی پێشـمەرگە، حكومەتـی عێـراق لـە سـاڵی (١٩٧٧) هێرشـێكی سەرتاسـەری بـۆ ناوچـە جيـا جياكانـی كوردسـتان دەسـت پێكـرد[٢] لـە (٢٩ی تشرينـی يەكەمـی ١٩٧٧)، سـوپای عێـراق هێرشـی كـردە سـەر چيـای هـەورێ، هێزەكانـی پێشـمەرگە ڕووبەڕوويـان بوونـەوە، لـە ئەنجامـدا نزيكـەی (٥٠) سـەرباز كـوژران. دوای ئەنجامدانـی چەنديـن چالاكـی سـەركەوتوو لـە لايـەن پێشـمەرگەكانی (بسـك)[٣]، حكومەتـی عێـراق لـە هەوڵـی تۆڵەكردنـەوەدا بـوو، بـۆ ئـەوەی سـنوورێك بـۆ هێزەكانـی پێشـمەرگە دابنێـت، بـۆ نموونـە لـە گونـدی دەشـتێو نزيـك قـەڵادزێ، بۆسـەيان بـۆ هێزەكانـی پێشـمەرگە دانابـوو، دوای گەيشـتنی دەسـتەيەك پێشـمەرگە ژمارەيـان نزيكـەی (٤٢) كـەس بـوو بـە فەرماندەيـی سـەعدی عەزيـز (گچكـە)، لـە گونـدی دەشـتێو كەوتنـە نـاو بۆسـەكەی سـوپای عێـراق[٤]، بەكـر حەمـە يەكێـك بـووە لـە بەشـداربووانی ئـەم شـەڕە دەڵێـت: «سـەرەتا

---

(١) سەيدكاكە، س.پ، ل١٤٧.

(٢) ی.ن.ك، عەلـی عەسـكەری و بزووتنـەوەی سۆسياليسـت، مەكتەبـی سياسـی ناوەنـدی مێژووويـی ی.ن.ك، سـلێمانی، ٢٠١٣، ل١١٤.

(٣) بـۆ زانياريـی زياتـر، بڕوانـە: الاتحـاد الوطنـي الكردسـتاني، لجنـة الاعلام، تقريـر عسـكري رقم (٤)، نيسـان ١٩٧٨؛ ئيسماعيـل تەنيـا، س.پ، ل٢٧٦-٢٧٧.

(٤) ئينسـكلۆپيديای (ی.ن.ك)، بەرگـی دووەم، چ٤، دەزگای چـاپ و بڵاوكردنـەوەی سـەروەری، سـلێمانی، ٢٠٢١، ل٨٢٧.

بڕیارماندا بە دۆڵە ڕەقەدا بڕۆین، چونکە شارەزای ناوچەکە بووین، بەڵام دواتر سەعدی گچکە ئاراستەی ڕێگای گۆڕی بەرەو بناری کۆسرەت، دواتر بەڕێکەوتین تا گەیشتینە سەرچیا، بەر لە گەیشتنمان بۆ گوندی دەشتێو دەوروبەرمان لە لایەن سوپای عێراقەوە گەمارۆ درابوو، بۆیە بڕیاری ڕووبەڕووبونەوەماندا و سەنگەرەکانمان دابەش کرد، لە بەرزترین شوێنی گردی چیوەی دەشتێو تا خوارەوە پێشمەرگەمان دامەزراند»[1]، بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، سوپای عێراق ئەڵقەیەکی گەمارۆی لە دەوروبەری پێشمەرگە دامەزراند و بە کۆپتەر دەسترێژی گوللەی لە هێزەکانی پێشمەرگە کرد[2]، دوای بەرگریکردن و ڕووبەڕووبونەوەی سوپای عێراق، هێزەکانی پێشمەرگە بەهۆی نا هاوسەنگی هێز لەڕووی مرۆیی و کەرستەی جەنگیەوە، بووە هۆی شەهیدبوونی سەعدی گچکە فەرماندەی هەرێمی دەشتی هەولێر، لەگەڵ (١٥) پێشمەرگە و بەدیل گیرانی (٤)ی دیکە، دواجار لە (٢٦ی حوزەیرانی ١٩٧٨) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران[3]، زیانەکانی سوپای عێراقیش بریتی بوو لە کوژرانی (١٦٠) ئەفسەر و سەرباز، برینداربوونی (٢٥٠)ی دیکە و کەوتنە خوارەوەی (٣) هەلیکۆپتەری جەنگیی[4]

لە (١٥ی ئایاری ١٩٧٨)، دەستەیەکی چەکدار بە فەرماندەیی خالید سەعید، تاهیر عەلی والی و عەلی عەسکەری لە (جورجان) لە لایەن فڕۆکەکانی عێراق و ئێران، بۆ ماوەی (٤) ڕۆژ لە ژێر بۆردوماندا بوون، لە ئاکامدا بووە هۆی شەهیدبوونی (٦) پێشمەرگە و برینداربوونی (٤٥) پێشمەرگەی تر[5]. لە (١٩ی شوباتی ١٩٧٩) مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی سەید سەلیم (١٩٤٠-١٩٧٩) لە سەر ڕێگای ئالانە و خەلیفان، بۆسەیەك بۆ سوپای عێراق دەنێنەوە، دوای شەڕێکی قورس (٤٥) سەرباز کوژران، لە هێزەکانی پێشمەرگەش کوژارێك هەبوو[6]، دوای جیا بوونەوەی (بسك) لە نیمچە بەرەی (ی.ن.ك)، بووە هۆی ململانێی ناوخۆیی و تەنانەت پێکدادانی چەکداری، ئەمەش کاریگەری کردە

(١) دیدار لەگەڵ بەکر حەمە، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٣.

(٢) شاخەوان عەباس، س.پ، ل١٤٠.

(٣) سەلام عەبدولکەریم، س.پ، ل٦٢.

(٤) نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری...، ل٢٤٧.

(٥) نەجمەدین عەبدوڵڵا ئیسماعیل، س.پ، ل٢٨٩.

(٦) ئیسماعیل تەنیا، س.پ، ل٢٧٩.

سـەر کەمبوونـەوەی چالاکییەکانـی پێشـمەرگە بەرامبـەر سـوپای عێـراق[1]. دوای ئـەوەی (بسـك) و لێژنـەی ئامـادەکاری یەکیانگـرت و حزبـی سۆسیالیسـتی یەکگرتـووی کوردسـتان (حسـيك) دامەزرانـد، بەمەبەسـتی چارەسـەری کێشـەی کـورد لـە (١ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٧٩) وەفدێکـی (حسـيك) بـە سـەرۆکایەتی مەحمـوود عـوسمان، عەدنـان موفتـی و مـولازم کامیـل سـەردانی بەغدایـان کـرد، چەندیـن داواکارییـان دایـە حکومـەت عێـراق لەوانـە: جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنامـەی (١١ی ئـاداری ١٩٧٠)، ڕاگرتنـی ڕاگـواستن و بـە عەرەبکـردن، ئازادکردنـی گیـراوە سیاسـییەکان، وەفدەکـە بـۆ مـاوەی سـێ ڕۆژ لـە بەغـدا مانـەوە[2]، حکومەتـی عێـراق بـە داواکارییەکانـی (حسـيك) ڕازی نەبـوو زیاتـر مەبەسـتی کات کـوشتن و دروسـت کردنـی دووبەرەکـی لـە نێـوان حزبـە کوردییـەکان بـوو[3] دوای سـەرنەکەوتنی دانوسـتان حکومەتـی عێـراق لـە (٢٤ی کانـوونی یەکەمـی ١٩٧٩) هێزێکـی زۆری لـە سـوپا بـە پاڵپشـتی هەلیکۆپتـەری جەنگـی، نـاردە سـەر گونـدەکانی سماقـولی و دەوروبـەری[4]، لـەو ناوچەیـە پێشـمەرگەکانی (حسـیک) هەبـوون، ڕووبەڕووبوونەوەیەکـی تونـد لـە نێوانیانـدا ڕوویـدا، شـەڕەکە سـەرەتا لـە بەرژەوەنـدی سـوپای عێـراق بـوو کـە لـە ڕێـی هەلیکۆپتـەری جەنگـی هێزەکانـی پێشـمەرگەی بۆردومـان کـرد، ئـەوەش بـۆ پێشـمەرگە سـەخت بـوو بەرانبـەر هەلیکۆپتـەر بجەنگـن[5]، لـە کاتی کشـانەوەی سـوپا، هێـزەکانی پێشـمەرگە دەسـتیان کـردەوە و بـووە هـۆی کـوژرانی (٧٠) سـەرباز و چەنديـن برينـدار، لـە هێـزەکانی پێشـمەرگەش هەریـەک لـە: سـەید سـەلیم و شـینە بۆڵـی (١٩٣٢-١٩٧٩) شـەهیدبوون[6].

---

(١) دیدار لەگەڵ سەیدکاکە، هەولێر، ٢٠٢٢/٦/٢١.

(٢) دیدار لەگەڵ مەحموود عوسمان، ٢٠٢٢/٧/١٩.

(٣) فاتح رسول، صفحات من تأريخ...، ج٢، ص٣٠.

(٤) دیدار لەگەڵ سەیدکاکە، هەولێر، ٢٠٢٢/٦/٢١.

(٥) دیدار لەگەڵ بەکر حەمە، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٣.

(٦) ئیسماعیـل تەنیـا، لـە ڕێـگای ئازادیـدا ژیاننامـەی ٢٠١ شـەهیدی حیزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان، چاپخانـەی هێڤـی، ب١، هەولێـر، ٢٠٢١، ل١٧٦؛ سـەید کاکـە، س.پ، ل٢١٨و٢٢٣.

## باسی سێیەم

### پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک):

بـە هـۆی کەمـی ژمـارەی پێشـمەرگەکانی پاسـۆك لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٧٦-١٩٧٩) تێبینـی ئـەوە دەکەیـن، کـە چالاکییـە چەکدارییەکانـی ئـەو پارتـە لـە چوارچێـوەی خەباتـی چەکدارییـدا بـە بـەراورد بـە چالاکـی پارتـە سیاسییەکانی تـر کەمبـووە و ژمارەیـان لـە نێـوان (١١٠-١٤٠) پێشـمەرگە بـووە. هەربۆیـە بـە شـێکی زۆری ئـەو چالاکییـە چەکدارییانـەی پاسـۆك بـە هاوبەشـی لەگـەڵ هێـزی چەکـداری پارتـە سیاسـەکانی تـردا بـووە[1]

یـەک لـە چالاکییـە دیارەکانـی پاسـۆک، لـە (١٩٧٧) بـە فەرماندەیـی جەلالـی حاجـی حوسـێن، بەڕێوەبـەری شـارەدێی بەرزنجەیـان بەدیـل گـرت. مـولازم مەنسـوور لـەم بارەیـەوە دەڵێـت: «لـە کاتـی گەڕانەوەمان بـۆ بارەگاکانمـان بە بەرزنجـەدا تێپەڕین، کۆمەڵێک سـەربازی عێراقـی لـە بنکەکانـەوە لـێمان دیاربـوون، دەسـتمان کـرد بـە بۆردومانکردنیـان بـە چەکـی هـاوەن لەلایـەن ئەوانیشـەوە بـە تـۆپ و هـاوەن وەڵام دراینەوە، شـەڕەکە چەنـد کاتژمێرێکی خایانـد، ئـەم چالاکییـە دەنگدانەوەیەکـی باشـی هەبـوو»[2]

دەتوانیــن بڵێیــن چالاکییەکانــی هێزەکانــی پێشــمەرگە لــە ســاڵانی (١٩٧٦-١٩٧٩) زیاتـر پارتیزانـی بـوو، ئەمـەش لەپێنـاو چەنـد مەبەسـتێک بـوو لـە سەرووشـیانەوە لەپێنـاو بەرزکردنـەوەی ورەی خەڵکـی بـووە، لـە دوای نسـکۆی شـۆڕش لـە سـاڵی (١٩٧٥) بـوو کـە لـە نائومێـدی دەژیـان بۆ بەدەسـتهێنانی پشـتیوانی و پشـتگیری خەڵکی، هەروەها دەسـتکەوتنی چەکـی پێویسـت لـە کردەکانیـان بەرانبـەر هێزەکانـی عێـراق، ماندووکردنـی سـوپای عێـراق، لەبەرئـەوەی ژمـارەی هێـزی پێشـمەرگە لـەو ماوەیـەدا کـەم بـوو پێویسـتییەکی زۆری بـە چـەك هەبـوو

(١) زانا محەمەد فەقێ، س.پ، ل١٢٥.

(٢) هــ.س، ل ١٢٢.

# بەشی دووەم

# خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان لە ساڵانی جەنگی عێراق و ئێراندا (١٩٨٠-١٩٨٨)

# تەوەری یەکەم

# کاریگەری جەنگ لەسەر باشووری کوردستان

باشـووری کوردسـتان لـە کۆتایـی حەفتـاکان و سـەرەتای هەشـتاکاندا، بـە هـۆی ئـەو گـۆڕان و پەرەسـەندنە خێرایانـەی لـە وڵاتانـی ئێـران، عێـراق و تورکیـا هاتنـە ئـارا، ڕووبـەڕووی کەتوارێکـی (واقیـع) نوێ بۆوە. سـەرکەوتنی شـۆڕشـی ئیسلامی ئێران لە (١١ی شـوباتی ١٩٧٩)، بـووە هـۆی کۆتایـی هێنـان بـە دەسـەڵاتی شاهەنشـاهی ئێـران، کـورد ئـەم گـۆڕانکارییـەی بـە سـەرکەوتنێکی گـەورە هەژمـار کـرد[١]، چونکـە سیاسـەتی خۆسـەپێنی شـا وایکردبـوو کـورد پێشـوازی لـە هـەر دەسـەڵاتێکی دیکـە لـە ئێرانـدا بـکات، لـە ئەنجامـدا سـنوورەکانی ئێـران بـە ڕووی حیزبـە سیاسـییەکانی باشـووری کوردسـتاندا کرانـەوە[٢].

دەسـت لـە کارکێشـانەوەی ئەحمـەد حەسـەن ئەلبەکـر، سـەرۆک کۆمـاری عێـراق (١٩٦٨-١٩٧٩) بـە بیانـووی نەخۆشـی و هاتنـی سـەددام حوسـێن بـۆ سـەر دەسـەڵات، لـە (١٦-١٧ی تەمـووزی ١٩٧٩)[٣]، پەرەسـەندنێکی دیکـە بـوو لـە ناوچەکـەدا. سـەددام حوسـێن بـە مەبەسـتی جێگیرکـردنی دەسـەڵاتی، لێبوردنێکـی گشـتی دەرکـرد، لـە ئاکامـدا سـەدان زینـدانی سیاسـیی کـورد ئـازاد کـران. ناوبـراو هەوڵـی دا کێشـەکانی ناوخـۆ بـە گفتوگـۆ چارەسـەر بـکات، بـۆ ئـەم مەبەسـتە گفتوگـۆی لەگـەڵ حسـیک لـە (٣٠ی ئەیلوولـی ١٩٧٩) دەسـت پێکـرد[٤]. هەروەهـا حکومـەتی عێـراق هەولێـدا گفتوگـۆ لەگـەڵ (پ.د.ک) دەسـت

(١) ڕاپۆرتی سیاسی و عەسکەری تەنزیمی...، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٣٩)، ئاداری ١٩٨٠، ل٦.

(٢) اطلاعات، شماره (١٦٣٩١)، ١٩ فروردین ماه ١٣٦٠، ص١٨.

(٣) هاشـم جـواد، مذكـرات وزيـر عراقـي مـع البكـر وصـدام ذكريـات في السياسـة العربيـة ١٩٦٧-٢٠٠٠، مطبعـة دار السـاقي، بيـروت، ٢٠٠٣، ص٢٠٠؛ الحـزب البعـث العـربي الاشتركي، التقريـر المركـزي للمؤتمـر القطـري التاسـع، حزيـران، ١٩٨٢، ص٨.

(٤) دیدار لەگەڵ مەحموود عوسمان، هەولێر ٢٠٢٢/٧/١٧.

پـێ بـکات، بـەڵام بـە هـۆی بـێ متمانەیـی حزبـە کوردییـەکان بـە حکومـەتی سـەددام حوسـێن، ئـەو هەوڵـە سـەرکەوتوو نەبـوو[١].

کوودەتـای (١٢ی ئەیلوولـی ١٩٨٠)ی تورکیا، بە سـەرۆکایەتی کەنعان ئیڤرین و دەسـتگرتن بەسـەر دەسـەڵاتدا، گۆڕان و پەرەسـەندنێکی دیکـە بـوو لـە ناوچەکـەدا هاتەئارا[٢]. فەلسـەفە و بۆچوونـە سیاسـییەکانی دەسـەڵاتدارە نوێیەکانـی ناوچەکـە و چاوتێبڕینە بێ سـنوورەکانیان، دۆخـی ناوچەکەیـان بـەرەو قەیرانـی گـەورە ئامـادە دەکـرد. لـەو بارودۆخـەی کوردسـتان و وڵاتانـی دەوروبـەری پێـدا تێدەپەڕیـن، پەیوەندییەکانـی عێـراق و ئێـران بـەرەو گـرژی چـوون، بـە تایبـەت دوای گۆڕینـی سیسـتەمی سیاسـیی ئێـران و دروشـمی ناردنـە دەرەوەی شـۆڕش، لـە لایـەن سـەرانی شۆڕشـی ئیسلامـی، ئەمـەش مەترسـی بـوو بـۆ سـەر وڵاتانـی دەوروبـەر بـە تایبـەت عێـراق[٣]، بـەو پێیـەی عێـراق خاوەنـی مـەزارە پیرۆزەکانـی شـیعەیە هەنـدێ لـە شـارەکانی عێـراق وەك (نەجـەف، کەربـەلا و بەغـدا)، سـەرباری ئەوانـەش ژمارەیەکـی بەرچـاوی شـیعە لـە عێـراق دەژیـان و هاوسـۆزییان بـۆ شۆڕشـی ئیسلامـی هەبوو، بـە تایبەتی ئـەو کاتـەی محەمـەد باقـر سـەدر (١٩٣٥-١٩٨٠) کەسـایەتی ئایینیـی شـیعە لـە عێـراق پشـتیوانی خـۆی بـۆ شۆڕشـی ئیسلامـی لـە ئێـران ڕاگەیانـد[٤].

سـەرباری ئـەوە چەندیـن هـۆکاری دیکـە ڕۆڵیان لـە قووڵبوونـەوەی ناکۆکییـەکانی عێراق و ئێـران بینـی[٥]. دواجـار لە (١٧ی ئەیلوولی ١٩٨٠)، سـەددام حوسـێن ڕێککەوتننامەی جەزائیری

---

(١) عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی...، ل١٣٨.

(٢) گوینتـەر دێشـنەر، س.پ، ل١٨٩؛ ئێسـتگەی دەنگـی کوردسـتان، لـە پێنـاوی هـاوکاری لەگـەڵ گیـراوە سیاسـیەکانی کـورد لـە بەندیخانـەکانی تورکیـا، ١٩٨١/٦/١.

(٣) فـاروق محەمـەد محەمەدئەمیـن، سیاسـەتی ئێـران...، ل١٨٧؛ فەرەیـدون عەبدولقـادر، کـورد و سیاسـەتی ئەمەریـکا لـە کەنـداودا، گۆڤـاری ڕێبـازی نـوێ، ژ(٦)، ١٩٩٥، ل١٢.

(٤) نەهـرۆ محەمـەد عەبدولقـادر، ویلایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمەریـکا و عێـراق (١٩٧٩-١٩٩١)، تێـزی دکتـۆرای بڵاونەکـراوە، کۆلێـژی ئادابـی زانکـۆی سـەڵاحەددین، هەولێـر،٢٠٢٠، ل٥٢.

(٥) بـۆ زانیاریـی زیاتـر، بڕوانـە: فاضـل رسـول، العـراق ایـران اسـباب وابعـاد النـزاع، ب.م، ١٩٩٢؛ طـارق عزيز، الصراع العراقـي الايراني اسـئلة ومناقشـات، المؤسسـة العربية للدراسـات والـنشر، بيـروت، ١٩٨١، ص٨١.

هەڵوەشاندەوە، ڕایگەیاند: (شط العرب) بەشێكە لە عێراق[١]. حكومەتی عێراق پێی وا بوو لە ئەنجامی ڕێككەوتننامەی جەزائیر، زیانی گەورەی بەركەوتووە. لە بەرانبەریشدا دەسەڵاتدارانی نوێی ئێران بە گومانەوە سەیری ڕێككەوتننامەكەیان دەكرد، چونكە شای ئێران ئیمزای لەسەر كردبوو[٢]. بە هۆی سەرنەكەوتنی هەردوو دەوڵەت لە دەستنیشان كردنی سنووری نێوانیان، ناكۆكییەكان ئاڵۆزتربوون[٣]. دوای ئەوەی پەیوەندی نێوان هەر دوو دەوڵەت گەیشتە بنبەست، لە (٢٢ی ئەیلوولی١٩٨٠) ئەنجوومەنی سەركردایەتیی شۆڕشی عێراق، ئۆپراسیۆنی سەربازیی دژ بە ئامانجە سەربازییەكانی ئێران پەسەند كرد[٤]. ئەمەش وەك بیانوویەك بۆ هەڵگیرسانەوەی جەنگ لە (٢٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠) لە قەڵەم درا، هێرشی ئاسمانی لە لایەن فڕۆكە جەنگییەكانی عێراق بۆ سەر ئامانجە سەربازییەكانی ئێران دەستی پێكرد[٥]. لە هێرشی هێزە ئاسمانییەكانی عێراق بۆ قووڵایی خاكی ئێران، زیانێكی زۆریان لە بنكە سەربازییەكانی (میهرئاباد، شیراز و بوشەهر) دا[٦]، لە هێرشی پێچەوانەی ئێران لە (٢٣ی ئەیلوولی١٩٨٠) بۆ سەر بەشێك لە شارەكانی

---

(١) فيصل شرهان العرس، الحرب العراقية الايرانية يوميات ووقائع واحداث، مطبعة الدار الجاحض، بغداد، ١٩٨٠، ص١٩؛ دلير اسماعيل حقي، العامل الكردي في الحرب العراقية الايرانية، مجلة جامعة صلاح الديـن، ع(٢)، ١٩٩٨، ١٩٩١، ص ص١٠-١٢.

(٢) هۆشمەند عەلی مەحمود، ڕۆژهەڵاتی كوردستان (١٩٧٩-١٩٨٩)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٨٥؛ نگاهی بە عهدنامە ١٩٧٥ الجزاير، اطلاعات، شماره (١٦٣٩٧)، ١٣٦٠، ص٨.

(٣) دلير اسماعيل حقي، م.س، ص١٠-١١؛ جەمال نەبەز، ئێستا و پاشەڕۆژی كورد لەبەر گڕی ئاگری جەنگی عێراق و ئێران دا، ئەكادیمیای كوردی بۆ زانست و هونەر، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٥.

(٤) ملف الحرب العراقية الايرانية، الجزء الأول، المركز التوثيق والمعلومات، ب.م، ٩/٢٢-١٩٨٠/١٠/٢٢، ص٨.

(٥) جەنگی عێراق- ئێران: لە (٢٢ی ئەیلولی ١٩٨٠) هەڵگیرسا، لە لایەن حكومەتی عێراق ئەم جەنگە بە قادسیەی سەددام و لە لایەن ئێران بە (دفاع المقدس) ناو نراوە، ئەم جەنگە تا (٨ی ئابی ١٩٨٨) بەردەوام بوو. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: نزار عبدالكريم فيصل الخزرجي، الحرب العراقية الايرانية ١٩٨٠-١٩٨٨ مذكرات مقاتل، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، قطر، ٢٠١٤؛ وفيق السامرائي، حطام البوابة الشرقية وحقائق عن الزمن السئ في العراق قراءة جديدة في حرب الخليج الاولى والثانية، دار القبس، الكويت، ١٩٩٧، ص١٦٣؛ ظاهر علي احمد كۆیی، مسيرة الجيش العراقي منذ تأسيس و دور الضباط الكردية، أربيل، ٢٠١٨، ص١٦٨.

(٦) بەیاننامەی سەركردایەتیی گشتی هێزە چەكدارەكان دەربارەی جەنگ، ڕۆژنامەی هاوكاری، ژ(٥٤٤)، ٢٩ی ئەیلول ١٩٨٠، ل٢؛ عبدالحليم ابوغزالە، جنگ عراق و ايران، ت: نادر نوروزشاد، سپاه پاسداران انقلاب اسلامی، مركز مطالعات وتحقيقات جنگ،١٣٨٠، ص٩٥.

عێـراق، وەک: (بەغـدا، ناسرییـە، هەولێـر و کەرکـووک)، چەنـدان کارگـە و کارخانـەی عێـراق لـەو هێرشـانەدا کرانـە ئامانـج[١]

دوابــەدوای بەردەوامیــی جەنــگ، لــە (٨ی تشرینــی یەکەمــی ١٩٨٠) ســوپای عێــراق هێرشـی کـردەوە سـەر چەنـدان بنکـەی سـوپایی ئێـران، لـە بەیاننامـەی ژمـارە (٦٧)ی سـوپای عێراقـدا هاتـووە: لـە هێرشـە بەردەوامەکانـی سـوپا لـە (٣) بـەرەی جەنگـەوە، بۆردومانـی بنکـە سـەربازیی و ئابووریيەکانیـی ئێرانیـان کـردووە، زیانێکـی گـەورەی ماددی و مرۆییان لێ داوە[٢]. ڕای گشـتی و بۆچوونی پسـپۆڕانی سـەربازیی و سیاسـییەکان وا بوو، ئێران لە بەرانبەر هێرشـەکانی عێـراق ناتوانێـت بەرگـری لـە خـۆی بـکات، بـەڵام هەمـوو بۆچوونـەکان پێچەوانە بوونـەوە، چونکـە هەواڵگریـی عێـراق سـەرکەوتوونەبوو لـە هەڵسـەنگاندنی تواناکانی هێـزی سـەربازیی ئێـران، زیاتـر پشـتی بـەو ڕاپۆرتانـە بەسـتبوو، کـە بـاسی شـڵەژاوی و لاوازی سـوپای ئێـرانی دەکـرد، چونکـە نـەک تەنیـا ئێـران هەڵنەوەشـایەوە[٣]، بەڵکـو سـەرهەڵدانی گـەورەی جەمـاوەری دروسـتبوو بـۆ پاراسـتنی وڵات، خومەینـی لـە ڕێگـەی هەسـتی ئاینییـەوە توانـی پشـتگیری گـەورەی جەمـاوەری مسـۆگەر بـکات، لـە ڕاگەیاندنەکانـەوە داوای لـە گەلانـی ئێـران کـرد، خۆیـان فیـدای ئێـران بکـەن، تـا بەهەشـت مسـۆگەر بکـەن. بـەردەوام جەختـی لـە ڕووخاندنـی حکومەتـی عێـراق دەکـردەوە[٤].

سـەبارەت بـە هەڵوێسـتی حزبـە کوردییـەکان لـە هەڵگیرسـانی جەنگـی عێـراق- ئێـران، هــەر یەکەیــان بەپێــی تێگەیشــتنی کەوتــە وەرگرتنــی هەڵوێســت و هەوڵــدان بــۆ ســوود وەرگرتـن لـە تەقینـەوەی ناکۆکییەکانـی عێـراق و ئێـران[٥].( پ.د.ک) لە یەکەمیـن بەیاننامەیدا لـە (٢٣ی ئەیلوولـی ١٩٨٠) دەربـارەی جەنگـی عێـراق و ئێـران، حکومەتـی عێراقـی بـە تاوانبـاری جەنگەکـە ناسـاند و ڕایگەیانـد : «جەنگێکـی نـاڕەوا و دەسـتدرێژیکارانەیە، لـە لایـەن ڕژێمـی فاشیسـتی بەعسـەوە ڕاگەیەنـدراوە، هەروەهـا بـە ئامانـج گرتنـی بزووتنـەوەی

---

(١) فاتح رسول، صفحات من تأريخ...، ج٢، ص٢١٩.

(٢) هێـزە بـە جەرگەکانمـان دەسـتی دلێرانـە لـە هێـزەکانی دوژمن دەوەشـێنن، ڕۆژنامـەی هـاوکاری، ژ(٥٤٨)، ١٣ی تشرینـی یەکـەم ١٩٨٠، ل٢.

(٣) ئێدگار ئۆ باڵانس، س.پ، ل٢٩٣.

(٤) فاروق محەمەد محەمەدئەمین، سیاسەتی ئێران...، ل١٨٨.

(٥) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان...، ل٢٤٩.

ڕزگاریخـوازی کـوردە؛ دژی بەرژەوەندییەکانـی نیشـتمانی گەلـی عێـراق و هەمـوو هێـزە پێشـکەوتوو خوازەکانـە»[١]. لـە لایەکـی دیکـەوە، (پ.د.ک) لـە (٢ی تشرینـی دووەمـی ١٩٨٠) لـە وتارێکـدا لـە ڕادیـۆی دەنگـی کوردسـتان، داوای کـرد سـەرجەم هێـز و پارتـە کوردییـەکان لـەم قۆناغـەدا لـە ئاسـتی بەرپرسـیارییەتی دابـن و ئـەم دەرفەتـە بەفیـڕۆ نـەدەن، چونکـە هەلێکـی شۆڕشـگێڕانە هەڵکەوتـووە بـۆ ڕووخاندنـی «دوژمنێکـی بەهێـز و چەکـدار»[٢]

سـەبارەت بـە هەڵوێسـتی (حسـیک) لـە ڕاپۆرتـی سیاسـی کۆنگـرەی یەکەمی (حسـیک)دا هاتـووە: «ئـەو شـەڕەی فەرمان ڕەوای سـەددامی دیکتاتۆری ڕەگەز پەرسـت، بە سـەر شۆڕشـی ئێرانـدا سـەپاندووە، بـە هـەزاران کـەس لـە گەلی عێـراق و ئێـران بوونەتـە قوربانـی، کۆڵەکەی ئابـووری هـەر دوو وڵاتی وێران کردووە. پێویسـتە خەبات و تێکۆشـان بەهێـز بکرێت و پەرەی پێبدرێت، بۆ ئەوەی گەلی کورد مافە سروشـتییەکانی خۆی وەچنگبخات، لە پێناو بەهێزکردنی هاوپەیمانییەتـی نیشـتمانی لـە پێنـاو ڕووخانـی حکومەتی عێـراق، دامەزراندنـی حکومەتێکی ئیتیلافـی نیشـتمانی و دیموکراسـی»[٣]. هەرچـی (پاسـۆک) بـوو پێـی وا بووە ئـەو جەنگەی کە عێراق هەڵی گیرسـاندووە دەبێتە هۆی شـەکەت بوونی حکومەتی عێراق، دەرفەتی لەناوبردنی کـوردی نابێـت[٤]. دەتوانین بڵێین حزبە سیاسـییە کوردییەکان نەیار و ئۆپۆزیسـیۆنی حکومەتی عێـراق بـوون و خەباتـی سیاسـی و چەکداریـان لـە پێنـاوی ڕووخاندنـی فەرمانـڕەوای عێراقـدا بـوو، ئەمـە سـەرباری ئـەوەی پەیوەندییـان لەگـەڵ ئێرانـدا هەبـووە. کۆدەنگییـەک هەبـوو لـە هەڵوێسـتی حزبـە کوردییـەکان، سـەبارەت بـە جەنـگ و سـوود وەرگرتـن لـەو دەرفەتـە و زیادکردنـی چالاکییـە چەکدارییەکان دژی حکومەتی عێـراق[٥].

حکومەتـی عێـراق قورسـایی هێزەکانـی بـۆ جەنگـی ئێـران تەرخـان کردبـوو، باشـووری کوردسـتانی بـۆ چەنـد بەرەیەکـی جەنـگ دابـەش کردبوو کـە بریتی بـوون لە: ١- هێڵی شـنۆ-

(١) بـۆ زانیاریـی زیاتـر، بڕوانـە: پ.د.ک، ڕاپـۆرتی گشـتی م.س، ١٩٨١/٧/٢٢؛ ح.د.ك، نـداء تتمـة، جريدة خبات (النضـال) ع(٥٤٢)، ايلولى ١٩٨٠. ص٤.

(٢) ئێسـتگەی دەنگـی کوردسـتان، لێکۆڵینـەوە ڕژێمـی بەعـس دوژمنێکـی سـەر سـەختی نەتـەوەی کـوردە، ١٩٨٠/١٠/٢.

(٣) حسك، ڕاپۆرتی سیاسی لە کۆنگرەی یەکەمی حزب، لە نێوان ١٢-١٥ی ئایاری ١٩٨١، ل٧٩-٨٠.

(٤) سەرکردایەتی لقی دوو پارتی سۆسیالیستی کورد پاسۆک، ئاگاداری دوا پلان بن، سەرەتای ساڵی ١٩٨٤.

(٥) برایم جەلال، چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە...، ل٣٢٩؛ مایکل غینتر، کورد العراق...، ص٦١.

سیدەکان. ٢-هێڵی خانە- ڕەواندز و هەولێر، ٣- هێڵی سەردەشت- قەڵادزێ، چوارقورنە، کەرکووک و سلێمانی لە ڕۆژئاوای دەریاچەی دۆکان. ٤- هێڵی مەریوان- پێنجوێن، سەید سادق و سلێمانی. ٥- هێڵی پاوە- بیارە و خورماڵ. ٦- هێڵی قەسری شیرین- خانەقین. بەم شێوەیە بەشێک لە شەڕی گەورەی هەر دوو دەوڵەت کەوتبووە سەر گۆڕەپانی کوردستان، کە زیانێکی بەرچاوی مرۆیی و ماددی لە ناوچەکە کەوت[١].

حکومەتی عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و ڕێگری لە سەرهەڵدانی جەماوەری لە شارەکان، چەند هێزێکی تری دروست کردبوو، وەك

١- جەیشی شەعبی (الجيش الشعبي- سوپای میللی)[٢].

٢- هێزی پۆلیسی نهێنی و پۆلیسی ئاشکرا بۆ داپڵۆسینی شارەکان.

٣- (افواج خفيفه) جاش[٣]، زیاد لە (٤٥٠) فەوجی سووکی لە کورد پێکهێنا[٤].

---

(١) عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی...، ل١٦٩.

(٢) جەیشی شەعبی: مێژووی دامەزرانی دەگەڕێتەوە بۆ (٨ی شوباتی ١٩٧٠)، لەسەردەمی فەرمان ڕەوایەتی حکومەتی بەعسدا ئەم سوپایە زۆرەملێ بوو، کرێکار و جووتیار و کاسبکار و فەرمانبەر و مامۆستا و قوتابی بە زۆر دەستگیر دەکران و ڕەوانەی سەربازگەی ڕاهێنان دەکران، دواتریش ڕەوانەی بەرەکانی جەنگی عێراق- ئێران دەکران، زۆرینەی ئەندامانی ئەم سوپایە سەر بە حزبی بەعس بوون، پێکهاتەی ئەم سوپایە گرێ درا بوو بە پێکهاتەی حیزبی بەعسەوە، لە هەر پارێزگایەک بەرپرسێکی گەورەی حیزبی بەعس فەرماندەی سوپای میللی ئەو پارێزگایە بوو، بەپێی نەخشەیەکی پێنج ساڵی سەرکردایەتیی حیزبی بەعس لە (١٩٨١)، دەبووایە تا کۆتایی (١٩٨٥) ئەندامانی سوپای میللی بگاتە (٥٠٠٠) چەکدار، بەڵام لە ئەنجامی سەربازیی زۆرەملێ لە (١٩٨٢) لەم ژمارەیە نزیک بۆوە، ئەم سوپایە وەک هێزێکی پاڵپشت بۆ سوپا دامەزرا، لە ئەنجامی جەنگی عێراق- ئێران ژمارەی زۆر زیادی کرد، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: دەرسیم پێشەوا دیبەگەیی، ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی شاڵاوی ئەنفال لە باشووری کوردستان ١٩٨٧-١٩٨٨، چ٢، هەولێر، ٢٠١٣، ل٣٠٣-٣٠٤؛ التقرير المركزي للمؤتمر القطر التاسع، حزيران ١٩٨٢، ص ص٢٢٢-٢٤٤.

(٣) جاش: مستەفا بارزانی ناوی لەو کوردانە نابوو جاش (جاش پۆلیس)، کە دژی شۆڕشی نەتەوەیی کورد لە خزمەتدا بوون، بەڵام دوای کوودەتای (٨ی شوباتی ١٩٦٣) حکومەتی عێراق ناوی (فرسان صلاح الدين)ی لێ نابوو، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: عبدالفتاح علي البوتاني، الحركة القومية الكردية...، ص٤٦٠-٤٦١؛ علي سنجاري، الحركة التحررية الكردية (مواقف وآراء)، مطبعة خبات، دهوك، ١٩٩٧، ص٢٧٥؛ ی.ن.ک، چەند تێبینیەک لەسەر چۆنییەتی بەکارهێنانی هێزەکانمان، ب.س، ل٦.

(٤) فەرید ئەسەسەرد، کوردستان مەسەلەی ئەمنی قەومی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١١٠.

بـۆ بەردەوامیـدان بـە شـەڕی پێشـمەرگە، فەوجـە سـووکەکان سـەرجەم پێداویسـتییە مـاددی و سـەربازییەکانیان بـۆ دابیـن کـرا، حکومەتـی عێـراق لـە دروسـتکردنی ئـەو فەوجانە مەبەسـتی سیاسـی و هەواڵگـری و سـەربازیی هەبـوو کـە بریتـی بـوو لـە بەردەوامیـدان بـە شـەڕی پێشـمەرگە[١]. لـە لایەکـی دیکـەوە ڕاپێچکردنـی گەنجانـی باشـووری کوردسـتان بـۆ بەرەکانـی جەنـگ، وێـڕای ئـەوەی دەبووایـە بچـن بـۆ خزمەتـی سـەربازیی، حکومـەت داوای دەکـرد خێزانەکانیـان هـاوکاری ئـەو جەنگـە بکـەن بە بەخشـینی پیتـاک، سـەرەڕای کردنەوەی چەندیـن مەڵبەنـدی مەشـق پێکردنـی گەنجـان لـە شـارەکانی کوردسـتان[٢]، بـۆ نموونـە لـە شـاری سـلێمانی حکومـەت هەمـوو فەرمانگـە و دەزگا مەدەنییەکانـی ئـاگادار کردبـووەوە، بە تایبەتـی گەنجـان دەبـوو پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانی کوردی جەیشـی شـەعبیبکەن دوای مەشـق ڕەوانـەی بەرەکانـی جەنـگ بکرێـن، ئەگەر سـەرپێچی بڕیارەکە بکەن، بۆ شـارەکانی باشـووری عێـراق دەگوازرێنـەوە[٣]، بـەڵام زیاتر ئەرکی جەیشـی شـەعبیلەنێو شـارەکان بوو بە مەبەسـتی کپکردنـەوەی دەنگـە ناڕازییـەکان دژی حکومـەت[٤]، هـەروەک سـەددام حوسـێن لـە وتارێکدا ڕایگەیاندبـوو: «لـە کوردسـتان (١٧٠٠٠) جەیشـی شـەعبییان هەیـە «[٥]. بـە هـۆی سیاسـەتی بـە زۆرکردنـە سـەرباز، ژمـارەی سـەربازەکانی سـوپای عێـراق لـە مـاوەی جەنگـی عێراق-ئێراندا لـە یـەک ملیـۆن سـەرباز نزیـک بـووەوە[٦]. ئەمـەش بـە هـۆی بـە زۆر پەلکێشـکردنی خەڵکی بـۆ خزمەتـی سـەربازیی، بەپێـی بڕیارێـک حکومەتـی عێـراق مەرجـی تەمەنـی خۆبەخشـی

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: راهی، س.پ، ل٢٣-٤٠ عەلی تەتەر، بزاڤی...، ل٣٧١.

(٢) بـۆ پشـتگیری کـردن لـە جەنگـی سـەربەرزی و شـکۆمەندی، ڕۆژنامـەی هـاوکاری، ژ(٥٤٦)، ٦ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٨٠، ل٢.

(٣) کورتەی هەواڵ، ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ، ژ(١)، کانونی دووەمی ١٩٨٥، ل٣.

(٤) دیـدار لەگـەڵ فاتیـح محەمـەد ئەمیـن عەبـدوڵڵا، هەولێـر، ٢٠٢٢/٤/١٨. نـاسراو بـە فاتیـح گـەورە دێ، ناوبـراو لـە (١٩٦٦) لـە دایکبـووە، قۆناغەکانـی خوێندنـی تـا یەکـی ناوەندی خوێنـدووە، لە ڕێکخسـتنەکانی (پ.د.ک) لـە ناوشـاری سـلێمانی کاری کـردووە، لـە (١٩٨٣) بووەتـە پێشـمەرگە، ناوبـراو ئێسـتا بـە پلـەی عەمیـد خانەنشـینە، لـە شـاری سـلێمانی نیشـتەجێیە

(٥) ئێسـتگەی دەنگـی کوردسـتان، لێکۆڵینـەوەی سـیاسی دیسـان مەسـەلەی کـورد، دوابەهانـەی سـەدام، ١٩٨٠/١٢/٢٦.

(٦) دەرسـیم پێشـەوا دیبەگەیـی، س.پ، ل٢٢١؛ ڕۆژنامـەی ڕێگای کوردسـتان، ژ(١٨)، سـاڵی (٣٨)، ناوەڕاسـتی ئـابی ١٩٨٢، ل١.

سەربازیی (متطوع) فراوانکرد لە (١٤) ساڵ تا (٥٥) ساڵ[١]

بە هۆی فشاری حکومەت لەسەر خەڵکی بووە هۆی ئەوەی دەیان هەزار کەس خۆیان لە دامودەزگاکانی حکومەت بشارنەوە، بەشێکیان ڕوویان لە ناوچە ئازادکراوەکان دەکرد، چونکە هیچ هۆکارێک نەبوو، کە لە جەنگدا خۆیان بە کوشت بدەن، حکومەت زۆرجار بە مەبەستی گەڕانەوەیان لێبوردنی دەردەکرد، بەڵام لێبوردنەکە زۆرجار تەکتیکی بوو، ڕاستەوخۆ ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ دەکرانەوە[٢]، بۆیە بەشێکیان پەیوەندییان بە هێزەکانی پێشمەرگەوە دەکرد، زۆرینەشیان لە گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە گیرسابوونەوە[٣]، بەڵام بارودۆخی سەرجەم حزبە کوردییەکان لەو ئاستەدا نەبوو بتوانن ئەو خەڵکە زۆرە لە ڕیزەکانی پێشمەرگە وەربگرن[٤]. لە نووسراوێکی (حسک) کە ئاراستەی سەرجەم هەرێمەکان کرابوو، داوا کرابوو وریابن لە وەرگرتنی خەڵکی، بۆ ئەوەی ئەزموونی (١٩٧٤) دووبارە نەبێتەوە، هاتنی خێزانێکی زۆر بۆ ناو شۆڕش و بەخێوکردنیان دەبێتە ئەرکێکی قورس بۆ حزب و شۆڕش[٥]. سەرباری ئەوەی حزبە کوردستانییەکان توانای وەرگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی لە خەڵکییان لە ڕیزەکانی شۆڕش نەبوو، بەڵام بەردەوام بوون لە ئاگادارکردنەوەی ئەو کەسانەی لەڕیزەکانی حکومەت دژی پێشمەرگە دەجەنگان، هەروەك لە بانگەوازێکی (پ.د.ک) بۆ جەیشی شەعبی، داوا دەکات ئەوانەی چەکیان دژی پێشمەرگە هەڵگرتووە، بگەڕێنەوە ڕیزی پێشمەرگە و بنکە و بارەگاکانی پارتی کراوەن بۆ پێشوازی کردنیان[٦]. وەرگرتنی سەربازە هەڵاتووەکان لە ڕیزەکانی پێشمەرگە، حکومەتی عێراقی نیگەران کردبوو، بە مەبەستی ڕێگری

(١) مەرجەکانی نوێ ی تطوع، ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ، ژ(٤) نیسانی ١٩٨٧، ل٦؛ ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٥٤-٥٥٥)، کانوونی دووەم شوباتی ١٩٨٥، ل٤.

(٢) ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، ڕۆژانی سەخت، ب٢، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٤١؛ گیرۆدەیی و دەردەسەری ئەو سەربازە هەڵاتوانەی بۆ لای میری گەڕاونەتەوە، ڕۆژنامەی دەنگوباسی کوردستان، ژ(٩٥)، تشرینی یەکەمی ١٩٨٢، ل١٠.

(٣) هەڤاڵ کوێستانی، س.پ، ل٣٦٠؛ تفەنگەکان یەکیان گرت چونکە ئێمە لە دڵ و ویژدانەوە یەك گەلین، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ(٦٧٢)، ١٩٨٢/١/٢٧، ل٥.

(٤) دیدار لەگەڵ مولازم یوونس ڕۆژبەیانی، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٢.

(٥) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ١٣).

(٦) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ١٤).

لـەو خەڵکـە زۆرەی پەیوەنـدی بـە شـۆڕش و هێـزی پێشـمەرگەوە دەکـەن، بڕیـاری تونـدی دەردەکـرد، کـە کاریگـەری هەبـوو لەسـەر شـیرازەی کۆمەڵایەتـی و خێزانـەکان، چونکە بەپێی ئـەو بڕیـارە «هەڵاتـووەکان و خێزانـی هەڵاتـووەکان»، لـە هەمـوو دەسـتکەوتێکی حکومـی و هـاوکاری بـێ بـەش دەبـوون[1].

لـە لایەکـی دیکـەوە عێـراق و ئێـران هەمیشـە لـە هەوڵـدا بـوون، کـورد بـۆ مـەرام و ویسـتەکانیان بـەکار بهێنـن، سـەددام لـە وتارێکـدا لـە (٦ی کانوونـی دووەمـی ١٩٨١)، سڵاوی بـۆ کـورد، بەلـووچ، ئازەربایجـان و عـەرەب ناردبـوو لـە ئێـران، داکۆکـی لـە مافەکانیـان کـرد بـەم شـێوەیە دەیویسـت دوژمنایەتـی هێـزە بەرهەڵسـتکارەکانی ئێـران دژی ئێـران بـەکار بهێنێـت[2]. لـە بەرانبـەردا ئێران، یارمەتی بەشـێک لە هێزە کوردییەکانی باشـووری کوردسـتانی داوە، وەک لەشـکری ئیسلامیـی کـوردی، بۆیـە بەشـێک لـە هێـزە کوردییـەکان هاوکارییـان لـە ئێـران وەردەگـرت[3]. عێـراق بـە نهێنـی ناوچـە سـنوورییەکانی مینڕێـژ کردبـوو[4]. ئەمـەش

(١) قـرار مجلـس القيـادة الثـورة، الرقـم (٢٧١)، ١٩٨٠/٢/٢٣. وەرگیـراوە لـە: طـارق جامبـاز، قـرارات ومراسـيم مجلـس قيـادة الثـورة المتعلقـة بكوردسـتان (١٩٦٨-٢٠٠٣)، ط٢، مركـز شـهاب للكومبيتـور ولطباعـة، اربيـل، ٢٠٠٤،ص٩٩.

(٢) عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی...، ل١٧٠.

(٣) لەشـکری ئیسلامـی: لەلایـەن ئێـران بـە چەکـی نـوێ پـڕ چـەک کرابـوو، ئەمـەش زەمینەیەکـی لەبـاری ڕەخسـاند بـۆ گەشـەکردنی، خەڵکێکـی زۆر پەیوەندییـان بـە لەشـکری ئیسلامـی (لاک) کـرد، لـە ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی (ی.ن.ک و پ.د.ک) ڕێککەوتـوون، لەشـکری ئیسلامـی بەڵێنـی بـە (ی.ن.ك) دابـوو نەخـۆش و بریندارەکانیـان بەنـاوی خۆیـان و کارتـی خۆیـان بنێـرن بـۆ نەخۆشـخانەکانی ئێـران، پارتـی و یەکێتـی لایەنگرانـی خۆیـان خزاندبـووە نـاو لەشـکرەوە کـەرت و دەسـتەی چەکداریـان تێـدا دامەزراندبـوو، بـەڵام دوای تێکچوونـی پەیوەنـدی (ی.ن.ك) و ئێـران، پەیوەنـدی لەشـکری ئیسلامـی لەگـەڵ (ی.ن.ک) تێکچـوو، لـە ماوەیەکـی کورتخایـەن لەلایـەن هێزەکانـی (ی.ن.ك) لـە ناوچەکە دەرکـران. برایـم جـەلال، چەپکێـک لـە مێـژووی کۆمەڵـە...، ل٣٦١؛ حەمـەی حەمەسـەعید، دەنگـی خـاک، بەرگـی یەکـەم، چاپخانـەی حەمـدی، سـلێمانی، ٢٠١٦، ل٣٧٣.

(٤) لەمـاوەی جەنگـی عێراق-ئێرانـدا حکومـەت عێـراق دەوروبـەری ڕەبیـە و بنکـە سـەربازییەکان و ڕێـگا گشـتییەکانی میـن ڕێـژ کردبـوو، بەپێـی ئامـاری دەزگای گشـتیی هەرێـم بـۆ کاروبـاری میـن، لـە باشـووری کوردسـتان (٣١٤٩) کێڵگـەی میـن هەیـە، کـە ڕووبەرەکـەی (٧٨٨) کـم چوارگۆشـەیە، ژمـارەی مینەکانیـش بـە (٢٥) ملیـۆن میـن مەزەنـدە دەکرێـت. بـەو هۆیـەوە هـەزاران هاووڵاتـی مەدەنـی کـوژراون. بۆزانیاریـی زیاتـر، بڕوانـە: عومـەر هەمـزە سـاڵح، ڕاگـواستن لێکۆڵینەوەیەکـی جوگرافی مێژوویـی ڕاگواسـتنی زۆرملێـی گوندنشـینەکانی کوردسـتانە، پشـدەر وەک نموونـە، چاپخانـەی خانـێ، دهـۆک، ٢٠٠٩، ل٨٥-٨٧.

بیانوویەك بوو بۆ ڕێگری لە هێرشی زەمینی ئێران، بەو هۆیەوە زیانێکی زۆری مرۆیی لەدانیشتووانی ناوچە سنوورییەکان کەوت، لەکاتێکدا عێراق لەوپەڕی پێویستی دابوو بۆ هێزی مرۆیی لە (١٩٨٢) بەپێی بڕیاری ژمارە (٨٧٧) لە (٧ی تەمووزی ١٩٨٢): «لێخۆشبوونی بۆ ئەوانە ی هەڵاتون یان دواکەوتن دەیانگرێتەوە» بەپێی ئەم بڕیارە نزیکەی (٧٠) هەزار کوردی گرتەوە[١]، ئەو بڕیارە تایبەت بوون بە کورد، پێکهاتەکانی دیکەی کوردستانی تورکمان و کلد و ئاشووری نەدەگرتەوە[٢].

دوای شکست هێنانی سوپای عێراق لە بەرەکانی جەنگ، بە تایبەتی لە (١٩٨٢)، (مجلس قيادة الثورة) ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ڕایگەیاند: عێراق ئامادەیە شەڕ ڕابگرێت و لە ماوەی دوو هەفتەدا سەربازەکانیی لە خاکی ئێران بکشێنێتەوە، بە مەرجێک ئێران ڕازی بێت شەڕ بوەستێنێت[٣]، عێراق بەردەوام ئامادەی ڕاگرتنی جەنگ بوو، هەروەک لە دانیشتنێکی تاریق عەزیز ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و وەزیری دەرەوەی عێراق لەگەڵ مەسعودڕەجوی، سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەرخودانی ئێران، لە سوێد لە ڕاگەیاندنێکی هاوبەشدا هاتووە: «هەڵوێستی عێراق لەمەڕ ڕاگرتنی شەڕ و خواستی گەیشتنە بە ئاشتی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە سەروەری و سەربەخۆیی هەر دوو دەوڵەت، چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی دانوستانی ڕاستەوخۆ»[٤]. بەڵام ئێران ڕازی نەبوو بە دانوستان، هێرشەکانی بۆ سەر عێراق لە (١٨-١٩ی تەمووزی ١٩٨٣) بەناوی (والفجر) دەست پێکرد[٥]. لە (٢٢ی تەمووزی ١٩٨٣)

(١) بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ(٨٧٧)، ١٩٨٢/٧/٧؛ تەسریح و ڕاکێش کردنی کورد بۆ سەربازی، ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ، ژ(١)، کانونی دووەمی ١٩٨٥، ل٣.

(٢) تورکمان و ئاشوور و کلدانەکانی پارێزگای هەولێر داوایان کردووە وەکو کوردەکان تەسریح بکرێن، ڕۆژنامەی دەنگوباسی کوردستان، ژ(٩٩)، ٥ کانوونی دووەمی ١٩٨٣، ل١.

(٣) كمال مجيد، النفط والاكراد ديراسة العلاقات العراقية- الايرانية- الكويتية، دار الحكمة، ب.م، ١٩٩٧، ص٧٦؛ هاشم جواد، م.س، ص٢٠٢.

(٤) اعلان مشترك بين السيد طارق عزيز عضو مجلس قيادة الثورة ونائب رئيس مجلس الوزراء العراقي، والسيد مسعود رجوي رئيس مجلس الوطني للمقاومة في ايران ومسؤول منظمة مجاهدي خلق، ٩كانون الثاني١٩٨٣.

(٥) الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية في العراق، تصريح حول تطورات الحرب العراقية الايرانية، ١٩٨٢/٧/٣١؛ جەعفەر مستەفا مەعروف، گوڵبژێرێک لە یاداشتەکانم، ب١، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، ١٩٩٩، ل١٢٠.

ئێـران هێرشـی کـردە سـەر حاجـی ئۆمـەران، بـە قووڵایـی (٢٠)کـم هێزەکانـی ئێـران لـە ڕێـگای هاملتۆنـەوە هاتنـە نـاو خاکـی عێـراق[1]. لـەو ئاکامـەدا حکومەتـی عێـراق بـە بیانووی پشـتگیری (پ.د.ک) لـە هێرشـەکانی ئێـران بـۆ حاجـی ئۆمـەران، نزیکـەی (٨٠٠٠) بارزانـی لـە منـداڵ و پیـر و گەنـج، لـە کەمپەکانـی قوشـتەپە و دیانـا گواسـتەوە بـۆ باشـووری عێـراق و بێ سەروشـوێنی کـردن[2]

لـە ئەنجامـی ئـەو شکسـتە سـەربازییەی عێـراق بەرانبـەر ئێـران، کـە (٤٥) هـەزار دیـل و هـەزاران کـوژراو و برینـداری سـوپای عێراقـی لێکەوتـەوە، هۆکارێک بـوو بۆ لاوازبوونی سـوپا، هەروەهـا بـووە هـۆی زیادبوونـی چالاکیی پێشـمەرگە لەنێو شـارەکان و ڕەنگدانـەوەی هەبوو لەسـەر بەرزبوونـەوەی هەسـتی نەتەوەیـی، ناڕەزایی و خۆپیشـاندان لە شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان لـە پەرەسـەندن دا بـوو[3]. دەسـەڵاتی حزبـە کوردییـەکان بـە شـێوەیەکی بەرچـاو زیـادی کردبـوو، حکومـەت لـە توانایـدا نەبوو کۆنتڕۆڵـی بـکات[4]، **ئەمەش** هەلێکی ڕەخسـاند بـۆ هێزەکانـی پێشـمەرگە ستراتیژیەتـی شـەڕیان بگـۆڕن و شـەڕی بەرەیـی گـەورە ئەنجـام بـدەن و چەندیـن ناوچـە لـە ژێر دەسـتی حکومەتی عێـراق دەربهێنـن، بەکارهێنانـی هەندێک شـێوەی نوێـی شـەڕکردن، بـە تایبەتـی تەرکیـز کردنـە سـەر خاڵـی پشـکنین و شـوێنەکانی هێـزی بەرانبـەر، لـە شـار و ئۆردوگاکانـدا، هەوڵـدان بـۆ کۆنتڕۆڵکردنـی هەندێـک ناوچـە[5]. جەنگـی عێـراق ئێـران دەرفـەتی بـە پێشـمەرگە دا لەناو گونـدەکان ڕووبـەڕووی سـوپای عێراق ببنـەوە کـە بە شـەڕی گونـدەکان نـاسراوە[6]، ئەمـەش زیانەکانی پێشـمەرگەی کەمکـردەوە، بەهـۆی ئـەوەی لەنـاو گونـدەکان هێزەکانـی پێشـمەرگە دادەمـەزران و دیـواری ماڵەکانیـان کـون دەکـرد، بـۆ هاتووچۆکردنـی هێزەکانیـان، ئەمـەش ئەرکی سـوپای عێراقی قـوڕس کردبوو،

---

(١) گۆران ئیبراهیم ساڵح، س.پ، ل٢٣٢.

(٢) امـر قاطـع اربیـل، معلومـات، ع(أ/٣/١١٣٦)، ١٩٨٦/١١/١٠؛ ٨٠٠٠ کـردی طـی سـە سـال در عـراق ناپدیـد شـدەاند، اینـدگان سیاسـی، شمارە (٣٣١١)، ١٣٥٧/١/١٧. ص٤.

(٣) بـۆ زانیاریـی زیاتـر دەربـارەی خۆپیشـاندانەکان لەمـاوەی جەنگـی عێـراق و ئێـران، بڕوانـە: ئـاراس عەبدولـڕەحمان، س.پ، ل١٤١ بـەدواوە؛ ڕاپەڕینـی جەمـاوەری گـەل سـەرەنجام سـەر هەڵدەداتـەوە بـۆ ئیجـگاری ڕژێمـی بـەعسی عەفلەقـی لەنـاو دەبـا، ڕۆژنامـەی دەنگوبـاسی کوردسـتان، ژ(٨٨)، ١٩٨٢/٧/٥، ل٤.

(٤) ئێدگار ئۆ باڵانس، س.پ، ل٣٠٢.

(٥) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان...، ل١٧١.

(٦) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ مولازم شوان، ٢٠٢٢/٣/١٦.

لە دەست نیشانکردنی شوێنی پێشمەرگە و بۆردومانکردنیان لەلایەن هێزی ئاسمانییەوە[١].

لە لایەکی دیکەوە دۆخی ئابووریی خەڵک بە هۆی جەنگەوە تا دەهات خراپتر دەبوو، ئەوەی دۆخەکەی ئاڵۆزتر کردبوو، کەمبوونەوەی دەستی کار بوو بە هۆی ڕاپێچ کردنی گەنجان بۆ بەرەکانی جەنگ[٢]. سەرەتا دەسەڵاتدارانی عێراق پێیان وابوو: ئەم جەنگە کورتخایەن دەبێت، جەنگەکە لە بەرژەوەندی عێراق کۆتایی دێت، بەڵام بە هۆی درێژەکێشانی جەنگ، خەرجیی حکومەت لەڕووی سەربازیی و مەدەنییەوە زیادی کرد[٣]. بەپێی ئامارێک زیانی ڕۆژانەی عێراق لەم جەنگەدا نزیکەی (٢٥) ملیۆن دۆلار بوو. سەرەڕای ئەوەی حکومەت ئەو داهاتەی دەستی دەکەوت لە خزمەت جەنگ و سوپاکەی بەکاری دەبرد، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر خراپبوونی ڕەوشی هاووڵاتییانی عێراق[٤]

بەرزبوونەوەی نرخی خواردەمەنی بە تایبەت ڕۆن، شەکر و چا، ئەرکی هاووڵاتییانی قورس کردبوو، ئەمەش کاریگەری خراپی کردبووە سەر هێزەکانی پێشمەرگە، چونکە بەشێکی زۆری پێداویستی و خواردەمەنی لە لایەن هاوڵاتییانەوە دابین دەکرا[٥]. دەوڵەت پشتی بە داهاتی نەوت بەستبوو، بەڵام دامەزراوە نەوتییەکانی عێراق کەوتبووە ژێر کاریگەری نەرێنییەکانی جەنگ، لە ئەنجامی بۆمبارانددا زیاد لە (٨٠٪) دامودەزگاکانی پیشەسازیی نەوت تێکدران، ئەوەش ئابووریی دەوڵەتی لاواز کردبوو[٦]. بۆ

(١) نامەی ئەلیکترۆنی نووری حەمە عەلی، پردێ، ٢٠٢٢/١٠/٢٣. لە دایکبووی (١٩٥٦) لە (سەرەتای١٩٨٠) بووەتە پێشمەرگە. لە (حسیک) چەندین پلەی پێشمەرگایەتی بڕیوە، وەک ئامر مەفرەزە ئامر کەرت و ئامر هێز و ئامر هەرێم، دواتر پەیوەندی بە (پ.د.ک)هوە کردووە و چەندین پلەی سەربازی و حیزبی وەرگرتووە، ئێستاش بەرپرسی میحوەری کەرکووک – پردێیە

(٢) الحزب الاشتراكي الكردستاني- العراق، الحزب الشعب الديمقراطي الكردستاني، التجمع الديمقراطي العراقي، العراق بعد التطورات الخطيرة في الحرب بين العراق وايران، ٢١ اذار ١٩٨٤.

(٣) هیوا تاڵەبانی، سیاسەتی ئابووری عێراق، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ساڵی دووەم، ژ(٣)، تشرینی دووەمی ١٩٩٣، ل٢١.

(٤) ئێستگەی دەنگی کوردستان، لێکۆڵینەوە، سەدام تکریتی عێراقی کاول کرد،١٩٨٠/٩/٢٨.

(٥) کەم بوونەوەی خواردەمەنی لەنێو شارەکاندا، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٦٧-٥٦٨)، تشرینی دووەمی ١٩٨٦، ل٤؛ ئێستگەی دەنگی کوردستان، ڕژێمی بەعس دوژمنێکی سەرسەختی نەتەوەی کوردە، ١٩٨٠/١٠/٢.

(٦) ئێستگەی دەنگی کوردستان، لێکۆڵینەوە، سەدام تکریتی عێراقی کاول کرد،١٩٨٠/٩/٢٨.

قەرەبووکردنـەوەی کورتهێنانـی بودجـە و درێـژەدان بـە جەنـگ، حکومەتـی عێـراق قەرزێکـی زۆری لـە وڵاتانـی کەنـداو و ڕۆژئـاوا کردبـوو، قـەرزە کەڵەکەبووەکانـی گەیشـتبووە نزیکـەی (٨٠) مليـار دۆلار[١]. قەرزەکانـی عێـراق هـۆ کار بـوون بـۆ پەککەوتنـی بودجـەی عێـراق بـۆ نموونـە لـە سـاڵی (١٩٨٢) کورتهێنانـی بودجـە گەیشـتووەتە (٤.٤) مليـار دۆلار، لـە (١٩٨٣) بـەرز بووەتـەوە بـۆ (٣٢) مليـار، ئـەم ژمارەیـە لـە سـاڵی (١٩٨٥) زیـادی کـرد بـۆ (٤٠) مليـار، لـە ژێـر ڕۆشـنایی ئـەو دۆخـەدا ئـەو دەوڵەتانـەی چەکیـان بـە عێـراق دابـوو، بڕیاریـان دابـوو چیتر چـەک بـە عێـراق نەفرۆشـن، وەک ئەرجەنتیـن و ئیسـپانیا[٢]

بـە مەبەسـتی قەرەبووکردنـەوەی زیانەکانـی جەنـگ حکومەتـی عێـراق دەسـتی کردبوو بە وەرگرتنـی خۆویسـتانە بەخشـین (باربوو) بـۆ نموونە لە پارێـزگای سـلێمانی دوکاندارەکانی ناچار کردبـوو، پـارە بەنـاوی بەخشـین بـدەن، کـە لـە هـەر دوکاندارێـک (١٠٠) دینـار وەرگیـراوە[٣]. لـە پارێـزگای هەولێـر حکومەتـی عێـراق نزیکـەی (٢٠) مەڵبەنـدی بەخشـینی کردبـووەوە، بـە مەبەسـتی باربـوو کۆکردنـەوە بـۆ جەنـگ[٤]. دابەزینـی نرخـی نـەوت لـە (١٩٨٦)، بەردەوامیـی جەنـگ کاری کـردە سـەر ئابووریـی عێـراق و هەناردەکـردنی نـەوت، بۆیـە حکومـەتی عێـراق بـۆ دابیـن کـردنی خەرجییـەکانی شـەڕ کەوتـە کۆکردنـەوەی پـارە و زێـڕ بـە زۆرەملـێ[٥]

لــە (ســەرەتای ١٩٨٧) عێــراق و ئێــران بــە شــێوەیەکی فــراوان دەســتیان بــە شــەڕی شــارەکان و بۆردومانکــردنی پێگــەی ســەربازی و ئابووریــی یــەکتری کــردەوە، ســەرباری زیـانی ئابـووری و سـەربازی، زیانـی زۆری گیانـی لێکەوتووەتـەوە و بووەتـە هـۆی کـوژرانی

(١) بەیاننامەی لێژنەی بەرزی بەرەی نیشتیمانی دیموکراتی عێراق، تشرینی یەکەمی ١٩٨٤.

(٢) باری ئابووری عێراق لە داتەپین دایە، ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ، ژ(٧)، تەمووز ١٩٨٥، ل٥.

(٣) چەنـد هەواڵێـک، ڕۆژنامـەی ڕێبـازی نـوێ، ژ(٢)، شـوبات ١٩٨٨، ل٨؛ ڕۆژنامـەی دەنگوبـاسی کوردسـتان ژ(١١٢)، کۆتایـی شـوباتی ١٩٨٤، ل٥؛ گۆڤـاری سـەفین، ژ(٣٣)، شـوباتی ١٩٨٦، ل٥.

(٤) پشـتگیرکردن لـە جەنگـی سـەربەرزی و شـکۆمەندی، ڕۆژنامـەی هـاوکاری، ژ(٥٤٦)، (٦ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٨٠)، ل٢.

(٥) پیتـاک بـە زۆرەملـێ، ڕۆژنامـەی ڕزگاری، ژ(٨)، ئـاداری ١٩٨٦، ل٨؛ سـەددامی دیکتاتـۆر بـە پاڕانـەوە و هەڕەشـەکردن لـە هاووڵاتیـان داوای زێـڕ و پـارە دەکات، ڕۆژنامـەی دەنگوبـاسی کوردسـتان، ژ(١٠٦)، ٣١ی تەمـوزی ١٩٨٣، ل١-٢؛ الشریـط اخبـاري، جریـدة الشرارة، ع(٣)، ١٢ مايـس ١٩٨٨، ص٧.

ژمارەیەکـی زۆر لــە خەڵکــی مــەدەنی[١]. جەنــگ دۆخێکــی دەروونــی خراپــی لەنــاو دانیشــتووان خولقانــد بــوو، لــە کاتــی بۆردومانــی شــارەکاندا، بــە مەبەســتی خۆپــاراستن، خەڵــک لەژێــر زەمینــی بچووکـدا دەمانــەوە کــە لەنــاو خانووەکانیــان دروســتیان کردبــوو، بــە نموونــە بەهــۆی تۆپبــاران کردنــی شــاری ســلێمانی لــە (١٩٨٧) مــاوە مــاوە لەلایــەن ســوپای پاســدارانی ئێــران کوشــتارێکی زۆری لــێ کەوتــەوە[٢].

شیاوی گوتنـە خراپـی کەرتـی تەندروسـتی یەکێـک لـە کاریگـەرە نەرێنییەکانـی جەنگـی عێــراق و ئێــران بــوو، ڕێــژەی پێشکەشــکردنی خزمەتگــوزاری لــە بنکــە تەندروســتییەکان کــەم بــووەوە، نەخۆشــەکان لــە بنکــە تەندروســتییەکان لابــران و بریندارانــی جەنــگ لــە شــوێنیان دادەنــران، نەخۆشــی هاووڵاتــی تەنیــا لــەو کاتانــە وەردەگیــرا، کــە زۆر مەترســیدار ببووایــە، کادیرانــی پزیشــکی کــەم بوویــەوە، بــە ناڕەوایانــە مامەڵەیــان لەگــەڵ دەکــرا، دەرمــان و پێداویســتی پزیشــکی لــە نەخۆشــخانەکان کــەم بــووەوە، ئــەوەی بــێ بەرانبــەر دەدرایــە هاووڵاتییــان، بــە نووسراوێکــی فەرمــی قەدەغــە کــرا[٣]، بەهــۆی زۆری بریندارانــی ســوپای عێــراق لــە جەنگــی بەرامبــەر ئێــران، ئــەو هاووڵاتییانــەی نەشــتەرگەرییان بــۆ دەکــرا، ڕاســتەوخۆ لــە نەخۆشــخانەکان دەردەکــران، شــوێنیان بــە بریندارانــی جەنــگ پــڕ دەکرایــەوە[٤]. هــاوکات لەگــەڵ خراپــی دۆخــی تەندروســتی و بڵاوبوونــەوەی چەنديــن نەخۆشــی لــە ناوچــە جیاجیاکانــی کوردســتاندا، لێژنــەی تەندروســتیی پێشــمەرگە ئــاگاداری و ڕێنمایــی بڵاو دەکــردەوە، داوایــان لــە خەڵکــی دەکــرد ڕاســتەوخۆ ئــاوی کانیــاوەکان

(١) بــۆ زانیاریــی زیاتــر دەربــارەی بۆردومــانی شــارەکان، بڕوانــە: ڕۆژنامــەی هــاوکاری، ژ(٨٧٤)، ١٩٨٧/١/١٥، ل١؛ جریـدة العـراق، ع(٣٣٣٩)، كانـون الثـاني، ١٩٨٧، ص١-١٠؛ جریـده العـراق، ع(٣٣٥٤)، ١شـباط ١٩٨٧، ص١؛ جریـدة العـراق، ع(٣٣٥٧)، ٤ شـباط ١٩٨٧، ص١-١٠؛ جریـدة العـراق، ع(٣٣٥٩)، شـباط ١٩٨٧، ص١-١٠؛ جریـدة العـراق، ع(٣٥١٨)، اب ١٩٨٧، ص١؛ جریـدة العـراق، ع(٣٥١١)، اب ١٩٨٧، ص١؛ جریـدة العـراق، ع(٣٤٣٤)، ٦ ایـار ١٩٨٧، ص١

(٢) ڕەئـوف شـێخ جەمیـل، مەفـرەزەی تۆڵـە (بیرەوەرییەکانم لە ڕێکخراوی سـلێمانی_کارکردنم لـە مەفرەزەی تۆڵە)، چ٣، ب.ش، ٢٠١٩، ل٢١٢.

(٣) ڕۆژنامـەی ڕێـگای کوردسـتان، ژ(١٨)، ١٩٨٢، ل٢؛ بـەزۆر نـاردنی خەڵـک بـۆ جەبهـە ئاڵۆزبـوونی بـاری ئابـووری و کۆمەڵایـەتی، ڕۆژنامـەی دەنگوبـاسی کوردسـتان، ژ(٧١)، ٢ نیسـان ١٩٨٢، ل٣-٤.

(٤) ڕۆژنامەی دەنگوباسی کوردستان، ژ(٦٨)، ١٩٨٢/٣/٢٨.

نەخۆنەوە، بە هۆی پیسبوون و نەبوونی مەرجی تەندروستی[١].

سیاسەتی حکومەتی عێراق لەڕووی خوێندنەوە لە سیاسەتە تەندروستییەکەی باشتر نەبوو، حکومەت هەزاران مامۆستا و قوتابی بەناوی خۆبەخش ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ کردبوو، ئەمەش کاریگەری خراپی کردبووە سەر ڕەوشی خوێندن، چونکە چەندین قوتابخانە لەبەر نەبوونی مامۆستا داخران[٢]. وەزارەتی خوێندنی بالا فەرمانی کردبوو قوتابیانی زانکۆ ڕاهێنان بکەن لەسەر چەک، دواتر ڕەوانە کردنیان بۆ بەرەکانی جەنگ، لە بەرانبەردا قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین کۆلێژی زانست، ڕەتیان کردەوە بەشدار بن لە ڕاهێنان لەسەر چەک، هەربۆیە لە لایەن ڕاگری کۆلێژی زانست فەرمانی دەرکردنیان بۆ دەرچوو[٣]. حکومەت بەوەش نەوەستا، لە (١٩٨٥)دا، هەڵمەتێکی دیکەی داخستن و وێرانکردنی قوتابخانەکانی دەست پێکرد، لەو هەنگاوەدا (٧٤٨) قوتابخانەی داخست، بە بیانووی ئەوەی قوتابییەکانیان کەسوکاری پێشمەرگە بوون[٤]. لە (١٩٨٦) حکومەت بڕیاری دا هەر مامۆستایەک لە (٧) ڕۆژ زیاتر دەوامی نەکردبێت دەربکرێت و ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ بکرێت، هەروەها هەر قوتابییەک (٧) ڕۆژ نەهاتبێتە دەوام ئەوا ساڵەکەی بە دەرنەچوو هەژمار دەکرێت و ڕەوانەی خزمەتی سەربازیی دەکرێت. سەرباری ئەوانەش حکومەت تاقیکردنەوەکانی کۆلێژ و پەیمانگاکانی بۆ ماوەی (٢٠-٢٥) ڕۆژ پێش دەخست، بە مەبەستی زوو ڕاپێچ کردنیان بۆ بەرەکانی جەنگ[٥].

(١) کەم بوونەوەی خواردەمەنی لەنێو شارەکاندا، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٦٧-٥٦٨)، تشرینی دووەمی ١٩٨٦، ل٥.

(٢) تدهور الاوضاع الداخلية للنظام بسبب الحرب، جريدة خەبات النضال، ع(٥٤٣)، تشرين الثانی١٩٨٠، ص٦؛ عدنان، باری پەروەردە و فێرکردن لە پەراوێزی شەڕی نێوان عێراق و ئێران، گۆڤاری خەباتی مامۆستا شاخ، ژ(٢)، خولی یەکەم، ١٩٨٢، ل١٠.

(٣) جامعة صلاح الدين _ كلية العلوم، م: فصل طلبة، ع(٢٤٥٣/١٤/٧)، ١٩٨٤/٤/١١.

(٤) بەرگری میللی هاوسەنگەری هەمیشەیی (ل.ش.ک)، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٥٨-٥٥٩)، کانوونی دووەمی ١٩٨٦، ل١٠؛ کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان، بەیاننامەی کۆتایی هێنان بە کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتمان پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان لە ١٩٨٦/٤/٢٧/٢٧، ناوەڕاستی ئایاری ١٩٨٦.

(٥) سەنگەر، سەربازگەکانی مەشق پێکردنی خوێندکاران و مامۆستایان، گۆڤاری خەباتی مامۆستا، ژ(٧)، کانوونی یەکەمی ١٩٨٦، ل٦-١١.

دەتوانین بڵێین جەنگی عێراق- ئێران کاریگەری نەرێنی و ئەرێنی هەبوو لەسەر باشووری کوردستان، لایەنی نەرێنی کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییان و خەڵکی مەدەنی بوو، زیادبوونی دیاردەی جاشایەتی و وێرانکردنی گوندەکان بیانووی دایە دەست حکومەت چەکی کیمیایی بەرانبەر کورد بەکار بهێنێت. لایەنی ئەرێنیشی ئەوە بوو کە بووە هۆی پەرەسەندن و زیندووبوونەوەی بیری نەتەوایەتیی کوردی و یەکخستنی هێزەکان و لە کۆتاییشدا دروستبوونی بەرەی کوردستانی.

# تەوەری دووەم

# کاریگەری ئەزموونی کاری بەرەیی لەسەر خەباتی چەکداری

## باسی یەکەم

### ئەزموونی کاری بەرەیی

دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی (١٩٧٥) (پ.د.ک) گەیشتە ئەو بڕوایەی خەباتی چەکداریی کورد بە تەنیا حزبێک بەڕێوە ناچێت، بە تایبەت دوای دروستبوونی چەند حزبێکی خاوەن ئایدیۆلۆژیای جیاجیا لە کوردستاندا[١]. لەم قۆناغەدا ناکۆکییەکانی نێوان حزبە کوردییەکان لە پەرەسەندن دابوو، زۆر جاریش پێکدادانی چەکداری لێ کەوتۆتەوە، بەڵام لەگەڵ بوونی ناکۆکییەکان لە جەنگی عێراق- ئێران زەمینەی لەبار ڕەخسا بۆ پێکهێنانی کاری بەرەیی[٢]. سەرەڕای هەوڵە سەرەتاییەکان بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتوو، هەریەك لە (پ.د.ک) و (حسیک) لە کۆبوونەوەیەکدا بە مەبەستی زەمینەسازی و دامەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتوو[٣]. لەو دۆخەدا چەند بەرەیەك دامەزرا لەوانە

### یەکەم - بەرەی جوقد

لە (١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠)، بەرەی نیشتمانیی نەتەوەیی دیموکراتی (الجبهة الوطنیة القومیة الدیمقراطیة)، (**جوقد** (ڕاگەیەندرا[٤]. کە چەند لایەنێکی عەرەبی و کوردی

(١) پ.د.ک، ڕاپۆرتی سیاسی یازدەمین کۆنگرەی (پ.د.ک) کۆنگرەی یەکگرتن، بڕیار و راسپاردەکانی کۆنگرەی (١١)ی پارتی دیموکراتی کوردستان- یەکگرتوو، ٦-٢٦ی ئابی ١٩٩٣، ل٢٠-٢١.

(٢) ئەحمەد بانیخێڵانی، یادەوەرییەکانم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٣٤٢-٣٤٣.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ١٥).

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ١٦).

لە خۆ دەگرت: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان، حزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتراکی- سەرکردایەتی هەرێمایەتیی عێراق (حزب البعث العربي الاشتراكي- قيادة قطر العراق)، بزووتنەوەی عەرەبیی ئیشتراکی (الحركة العربية الاشتراكية)، حزبی کۆمۆنیستی عیراقی (الحزب الشيوعي العراقي)، حزبی ئیشتراکیی عێراقی (الحزب الاشتراكي العراقي) و ڕێکخراوی سوپای گەلێری بۆ ڕزگارکردنی عێراق (منظمة الجيش الشعبي لتحرير العراق)[١]. هەروەک لە ڕاگەیاندنی بەرەکەدا هاتبوو: ئامانجی ئەم بەرەیە ڕووخاندنی حکومەتی عێراق و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراسی و دابینکردنی ئۆتۆنۆمی بوو بۆ کوردستان، هەروەها گرێدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لە عێراقدا بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبییەوە یەکێک لە ئامانجەکانی دیکەی بووە[٢]. بەرەی (جوقد) هەوڵێک بوو بۆ فراوانکردنی بەرەی (توع) (التجمع الوطني العراقي) بۆ ئەوەی هەموو هێزە کوردستانییەکان بگرێتەخۆ[٣]، بەڵام کێشەیەکی گەورە ڕووبەڕووی بەرەکە بووەوە، ئەویش دروستبوونی کێشە و ناکۆکی بوو لە نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) و سەرەنجامیش سەری کێشا بۆ دابەشبوونی هێزە کوردییەکان. (پ.د.ک) لەم بەرەیە ئەندام نەبوو، هەرچەندە چەند هەوڵێک درا بۆ بە ئەندامبوونی (پ.د.ک) لەم بەرەیە، بەڵام هەوڵەکان شکستیان هێنا، لەبەر ئەوەی (ی.ن.ک) نەیدەویست (پ.د.ک) بەشدار بێت لەم بەرەیەدا[٤]. لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا نووسیویەتی: «یەکێتی ئەیویست پارتی تەوق بخات و لەمەش هەم بەعس و هەم حرکە هاوکاری یەکێتیان دەکرد»[٥]. لە لایەکی دیکەوە ناڕەزایی زۆر لەناو سەرکردایەتیی (حسیک) پەیدا بوو، چونکە مەحموود عوسمان بەبێ ئاگاداری سەرکردایەتیی (حسیک)، ئیمزای لەسەر چوونە ناو بەرەی (جوقد) کردبوو، زۆرینەی سەرکردایەتیی (حسیک) بۆچوونیان پێچەوانە بوو، بۆیە بێ

---

(١) فاتح رسول، صفحات من تاريخ...، ج٢، ص٢٥٢-٢٥٣.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئامانجی (جوقد)، بڕوانە: الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية في العراق، ميثاق الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية في العراق، ١٩٨٠، جريدة الهدف، ع(٤١٤)، ٢٢ تشرين الثاني ١٩٨٠، ص ص٢٠-٢٦.

(٣) سروە قادر سمایل، ئەزموونی کاری بەرەیی لە کوردستانی عێراق ١٩٨٠-١٩٩٠، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠١٠، ل١٩.

(٤) دیدار لەگەڵ مەحموود عوسمان، هەولێر، ٢٠٢٢/٧/١٩.

(٥) نەوشیران مستەفا ئەمین، پەنجەکان...، ل١٧٧.

ئاگایی خۆیان لەو هەنگاوە نیشاندا[١]. محەمەدی حاجی مەحموود لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: «لە بەرەی (جوقد) ڕێگە بە حسیک نەدەدرا، بەشداری بڕیارەکان بن، هەرچەندە هێزەکانی سۆسیالیست لە زۆربەی ناوچەکان باڵادەست بوو»[٢].

دوای سڕکردنی ئەندامێتی هەریەک لە (حشع و حسیک)، (جوقد) هیچ ڕۆڵ و قورسایی لە کوردستاندا نەما[٣]. دوای ئەوەی ئێران لەساڵی (١٩٨٦) فاوی داگیر کرد، بەرەی (جوقد) بەیاننێکی دەرکرد دژی داگیرکردنی فاو لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە، هەربۆیە لەسەر داوای ئێران نووسینگەی بەرەی (جوقد) لە سووریا لە (شوباتی ١٩٨٦) داخرا و چالاکییەکانی وەستێنرا[٤].

**دووەم - بەرەی جود**

دوای ڕازی نەبوونی (ی.ن.ك) لە هاتنی (پ.د.ک) بۆ ناو بەرەی (جوقد)، (پ.د.ک) بۆ ڕاگرتنی پارسەنگی هێز، لەگەڵ (حسیک و حشع)، لە (٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠)، پەیمانی هاوکارییان بەناوی بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی (الجبهة الوطنية الديمقراطية) (جود) واژۆکرد[٥]. ئامانجی بەرەکە بریتی بوو لە ڕووخاندنی حکومەتی عێراق و دامەزراندنی حکومەتێکی هاوپەیمانی دیموکراتی، کە گەلی کورد لە سایەی ئەو حکومەتەدا بگاتە ئامانج و مافەکانی، هەروەها دانانان بە مافەکانی کورد و کەمایەتییە نەتەوایەتییەکانی دیکە و ئازادکردنی گیراوە سیاسییەکان ئامانجی دیکەی بەرەکە بوو[٦]. جەنگی عێراق و ئێران دەرفەتێکی باشی بۆ هێزە بەرهەڵستکارەکانی

(١) بەهرۆز گەڵاڵی، س.پ، ل١١٣.

(٢) محمد حاجی محمود، ڕۆژ ژمێری....، ب٢، ل١٩.

(٣) ژیلوان عبدالله ئەحمەد، س.پ، ل٦٨.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ١٧).

(٥) ئێستگەی دەنگی کوردستانی- عێراق، مژدەی خۆشی خەبات و سەرکەوتنی ئیرادەی گەل، ١٩٨٠/١١/٢٩؛ صابر علي احمد، مسيرة العمل الجبهوي للحزب الديمقراطي الكردستاني- العراق ١٩٧٥-١٩٨٨، مطبعة خبات، ب.م، حزيران ١٩٨٨، ص٣٠؛ بەيان احمد حسين، شۆڕشا گوڵانێ دڤەرا بەهدينان ١٩٧٥-١٩٩١، چاپخانەی خانێ، دهۆک، ٢٠٠٧، ل٦٠.

(٦) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ١٨).

عێـراق ڕەخسـاندبوو، بـۆ یەکگرتنـی هێـزە چەکـدارەکان و خەباتـی هاوبـەش[١]، بـەڵام بوونـی ململانێـی بەرەیـی و بەشـداریی کردنـی (حسـیک و حشـع) لـە بـەرەی (جـود) ناکۆکییەکانـی زیاتـر کـرد، لـە کاتێکـدا هـەر دوو حـزب لـە بـەرەی (جوقـد) بەشـداربوون، هەرچەنـدە لـە بەیاننامـەی یەکەمـی (جـود) جەختیـان لەسـەر ئـەوە دەکـردەوە، کـە جێگـرەوەی (جوقـد) نییـە، ئامادەیـی خۆیـان نیشـاندا بـەرەی (جـود) هەڵبوەشـێننەوە، بـە مەرجـی وەرگرتنـی (پ.د.ک) لـە (جوقـد) و (بـەڵام (ی.ن.ک) و سـەرکردایەتی هەرێمیـی عێـراق (بەعـس) ڕازی نەبـوون. بۆیـە کەوتنـە دژایەتیکردنـی بـەرەی (جـود)[٢]، لـەو سـۆنگەیەوە جـەلال تاڵەبانـی دامەزراندنـی بـەرەی (جـود)ی بـە تەقینـەوەی بۆمبێـک چوواند، هەروەهـا سـەرکۆنەی (حسـیک و حشـع) کـرد، چونکـە پێـی وابـوو ئـەم بەرەیـە دژی (ی.ن.ک) هاتووەتـە ئـاراوە[٣]

یەکەمیـن کۆبوونـەوەی لێژنـەی هاوبەشـی بـەرەی (جـود) لـە (٢٨ی کانوونـی دووەمـی ١٩٨١) ئەنجـام درا، لـە بەیانێکـدا چەنـد بڕیارێکـی دەرکـرد لەوانـە: پێکهێنانـی لێژنـەی بـاڵا و دانانـی دەسـتوور و چۆنیەتـی کارکـردن لەگـەڵ جەمـاوەر و ڕێکخسـتنەکان، پەیوەنـدی نێـوان پێشـمەرگەی حزبـەکان. لەسـەر بڕیـاری لێژنـەی بـاڵا سـکرتاریەتی بـەرە پێکهـات، لـە (٢٥-٢٦ ی ئـاداری ١٩٨١)، سـکرتارییەتی بـەرە یەکەمیـن کۆبوونـەوەی ئەنجـام دا و چەنـد بڕیارێکـی دەرکـرد، کـە گرنگترینیـان دەستنیشـان کردنـی نوێنـەری لایەنەکانـی بـەرە و دیاریکردنـی لێژنەکانـی پارێـزگای سـلێمانی، کەرکـووک، هەولێـر، دهـۆک و مووسـڵ[٤]. لـە (٨ی تەمـووزی ١٩٨١)یـش کۆبوونـەوەی لێژنـەی بـاڵای بـەرەی (جـود) بەڕێوەچـووە، چەنـد بڕیـار و ڕێنماییـەک سـەبارەت بـە پەیوەندییەکانـی جەمـاوەر و پێشـمەرگە، لـەو

(١) الجبهة الوطنية الديمقراطية في العراق، رسالة الى رؤساء الجبهة القومية للصمود والتصدي، ١٩٨١/٩/١٦.

(٢) پ.دک، بڵاوکراوەی ناوخـۆ بـۆ ئەندامـان، ١٩٨٥/١/١؛ فاتـح رسـول، صفحـات مـن تاريـخ...، ج٢، ص٢٥٦؛ یوسـف محمـد بەرزنجـی، یەکێتـی نیشـتیمانی...، ل٢٩٥.

(٣) محمـد خـدر، ڕۆژانی پێشـمەرگایەتی، چاپخانـەی ماردیـن، ب.ش، ١٩٩٩، ل٢٤؛ دەیڤـد ماکـداوڵ، س.پ، ل٥٤١.

(٤) ئێسـتگەی دەنگـی کوردسـتان، لە پێنـاو پتەوکردنی بەرەی نیشـتیمانی دیموکراتی لـە عێراقـدا، ١٩٨١/٦/٢٦؛ اللجنـة العليـا للجبهـة الوطنيـة الديمقراطيـة العراقيـة، النظـام الـداخلي جـود، جريـدة كفـاح الجبهـة، ع(٩)، تشريـن الاول ١٩٨٦، ص٥؛ کۆبوونـەوەی لێژنـەی بـەرەی نیشـتیمانی دیموکـراتی عێـراق، ڕۆژنامـەی دەنگوباسی کوردسـتان، ژ(١٨)، ٢٨ ئایـاری ١٩٨١، ل٣.

کۆبوونەوەیــەدا دەرکــراوە[1]. بــە تێپەڕینــی ماوەیەکــی کــەم بــەرەی (جــود) فــراوان بــوو، هەریــەک لــە پارتــی گــەل، پاســۆک، حزبــی تەجەموعــی عێراقــی و حزبــی سۆسیالیســتی عێراقــی، هاتنــە نــاو بەرەکــە. (جــود) خــاوەن ڕێکخســتنی ســەربازیی بــوو، کــە بــە بەشــداریی ســەرجەم لایەنــەکان پێکهێنرا بــوو، بۆیــە چالاکــی و کاری هاوبــەش لــە بەرەکــە ئەنجــام دراوە[2].

## سـێیەم - بـەرەی هێـزە شۆڕشـگێرە ئیسلامـی و نیشـتیمانیەکان لـە عێـراق (الجبهـة القـوى الثوريـة الأسلاميـة والوطنيـة في العـراق)

لــە (بەهــاری ١٩٨١)، دامــەزرا ئەندامەکانــی بریتــی بــوون لــە: پارتــی دیموکراتــی کوردســتان، حزبــی دەعــوە (حــزب الدعــوة)، بزووتنــەوەی سۆسیالیســتی عــەرەب (الحركــة الاشتراكيــة العربيــة) و بەشــێک لــە لایەنگرانــی حزبــی بەعســی ســوریا[3]. لیــوا ڕوکــن حەســەن ئەلنەقیــب، بــە ســەرۆکی بەرەکــە هەڵبژێــردراوە، ڕۆژنامەیەکیــان دەرکــردووە بــە نــاوی دەنگــی شۆڕشــی عێراقــی (صــوت الثــورة العراقيــة)، بــەڵام ئــەم بەرەیــە لــە ســاڵی (١٩٨٤) کاریگــەری نەمــاوە و هەڵوەشــاوەتەوە[4]

دەتوانیــن بڵێیــن ســاڵانی جەنگــی عێــراق- ئێــران و ســەرەتای خەباتــی بەرەیــی و دامەزراندنــی (جــود) و (جوقــد)، وا چــاوەڕوان دەکــرا خەباتــی هێــزە سیاســی و بەرهەڵســتکارەکانی عێــراق یــەک بخــات، بــەڵام دۆخەکــە پێچەوانــە بــووەوە، هــەر حزبێــک دەیویســت چەنــد هێــز و گروپێــک بــۆ لای بەرەکــەی خــۆی ڕابکێشــێت[5]، ســەرەڕای

(١) بــۆ زانیاریــی زیاتــر دەربــاری بڕیــارەکان، بڕوانــە: بــەرەی نیشــتیمانی دیموکراتی عێــراق، ئامۆژگارییــەکانی لێژنــەی بــەرزی بــەرەی نیشــتیمانی دیموکــراتی عێــراق دەربــارەی پەیوەنــدی لەگــەڵ جەمــاوەر، ١٩٨١/٧/٨.

(٢) محەمەد مەلا قادر، سەربردە، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٥٥.

(٣) بــۆ زانیاریــی زیاتــر، بڕوانــە: م.س/ پ.د.ک، بەیانێکــی گرینــگ، ١٩٨٠/٧/١٧؛ بەیــانی ڕزگاری نیشــتیمانی ئیسلامــی لەعێراقــدا، ڕۆژنامــەی خەبــات، ژ(٥٤٠)، گــوڵان و حوزەیــرانی ١٩٨٠، ل٤-٥؛ پ.د.ک، بەلاغــی کۆتایــی، ڕاپــۆرتی سیاســی و پرســیار و ڕاســپاردەکانی کۆنگــرەی ١١، س.پ؛ کریــس کۆچێــرا، بزوتنــەوەی نەتەوەیــی...، ل٦٠.

(٤) بــۆ زانیــاری زیاتــر، بڕوانــە: علي ســنجاري، القضيــة الكرديــة وحــزب البعــث الاشتراكي في العــراق، ج٢، مطبعــة خــاني، دهــوك، ٢٠٠٩، ص ص٢٤٨-٢٥٧؛ حبيــب محمــد كريــم، م.س، ص١٦٩.

(٥) جەمال نەبەز، ئێستا و پاشەڕۆژی کورد...، ل٢٢٦.

دروستبوونی کاری بەرەیی نەتوانرا ناکۆکییەکان چارەسەر بکرێن، ململانێکان بە جۆرێکی تر سەریان هەڵدایەوە، ئەم جارەیان ململانێی بەرەیی جێگای ململانێی حزبی گرتەوە[١]

## چوارەم - بەرەی کوردستانی

بە مەبەستی ئاشتبوونەوەی گشتی حزبە کوردی و کوردستانییەکان جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی (ی.ن.ك)، لە (٢١ی ئاداری ١٩٨٤) لە میانەی کۆبوونەوەی جەماوەری فراواندا بانگەوازێکی ئاراستەی لایەنەکانی بەرەی جود کرد[٢]، شکستهێنانی دانوستانەکانی (ی.ن.ك) و حکومەتی عێراق لە ساڵی (١٩٨٤) بۆیە (ی.ن.ك) بە تەنها مایەوە و ئەو هیوایەشی کە هەیبوو یەکلایەنە لە ڕێی دانوستان لەگەڵ عێراق مافێك بۆ کورد دەستەبەربکات لە دەستیدا، بۆیە پێویستی بە ئاشتبوونەوە هەبوو[٣]، پرۆسەی ئاشتبوونەوەی گشتی لە شاخ هۆکار و ڕووداوێکی گرنگ بوو کە پاش شەڕی براکوژی هێزە سیاسییەکان ئاشتبوونەوە، دواجار لایەنەکانی بەرەی جود بە دەم بانگەوازەکەی (ی.ن.ك) بۆ ئاشتبوونەوە چوون، سەرەتای ئاشتبوونەوەی (ی.ن.ك و حسك) لە گوندی ناوگردان لە شارەزوور، دواتر لەسەر ئاستی کوردستان ئاشتبوونەوەی (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) لە ساڵی (١٩٨٦) زەمینە سازی بوو بۆ دامەزراندنی بەرەی کوردستانی[٤]، بەوەی سەرجەم حزبە کوردستانی و عێراقییەکان کۆ بکاتەوە. لە (نیسانی ١٩٨٧) جەلال تاڵەبانی لە بروسکەیەکدا، کە ئاراستەی سەرجەم حزبە سیاسییەکانی کردبوو، پێشنیازی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی کردبوو[٥]، **هەربۆیە** هێزە سیاسییەکان بەدەم پێشنیاز و بانگەوازەکەی تاڵەبانییەوە چوون، بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی. نوێنەری هەر یەک لە حزبە کوردییەکانی: (ی.ن.ک، پ.د.ک، پاسۆک، حسک و پ.د.گ.ک)، لە (١٨ی

(١) الجبهة الوطنية الديمقراطية العراقية، بيان الي الشعب العراقي، ١٩٨١/١/٢٨؛ عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی...، ل١٩٤.

(٢) سەلام عەبدولکەریم، س.پ، ل١٦٨.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: ی.ن.ك، گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری، کانوونی دووەمی ١٩٨٥.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: سەلام عەبدولکەریم، س.پ، ل١٦٨بەدواوە.

(٥) پێشنیاری دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ، ژ(٤)، نیسانی ١٩٨٧، ل١.

تەمــووزی ١٩٨٧) کۆبوونــەوە و لەســەر دامەزراندنــی بــەرەی کوردســتانی کــۆك بــوون[١]. لـە (٣٠ی تەمـووزی ١٩٨٧)دا، ئامانجـی بـەرەی کوردسـتانی دەسـت نیشـان کـرا، هەنـگاوی دووەمــی کۆبوونــەوەکان لــە (ئەیلوولــی ١٩٨٧)، بریتــی بــوو لــە داڕشــتنی بەرنامــەی بــەرە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە (ی.ن.ک) پرۆژەیەکـی بـە نـاوی پـرۆژەی گەڵاڵەنامـەی بـەرەی کوردســتانی (مشروع میثــاق الجبهــة الكردســتانية) ئامــادە کردبــوو[٢]. لــە چوارچێــوەی دامەزراندنـی بـەرە، (پ.د.ک) لـە (سـەرەتای ١٩٨٨) لـە بەیانێکـدا ڕایگەیانـد: ئامادەیـە بـۆ پێکهێنانــی بەرەیەکــی کوردســتانی لەســەر هــەر ئاســتێک ڕێکبکەوێــت و ببێتــە مایــەی هەماهەنگـی و یەکخسـتنی هێـزەکان[٣]. لـە یەکەمیـن کۆبوونـەوەی بـەرەی کوردسـتانیدا، کــە بــە بەشــداریی (٦) حزبەکــەی ناوبــەرە لــە (٧-٩ی حوزەیرانــی ١٩٨٨) لــە خواکــوڕک بەڕێوەچــوو، واژۆیــان لەســەر پێکهێنانــی بــەرەی کوردســتانی کــرد[٤]. لــە (ئابــی ١٩٨٨) یــش نوێنەرانــی حــزب و لایەنــە سیاســییەکان بــۆ بڕیــاردان لەســەر پەیــڕەو و پرۆگرامــی بــەرەی کوردســتانی کۆبوونــەوە[٥]، لـە کۆبوونەوەکـە پەیـڕەوی ناوخـۆی بـەرە پەسـەند کـرا، هەروەهــا بڕیــار لەســەر دامەزراندنــی چەنــد دامودەزگایەکــی بــەرە درا لەوانــە: دەزگای پەیوەنــدی گشــتی، دەزگاکانــی لەشــکری، ڕاگەیانــدن، دارایــی و مەکتەبــی تەنفیــزی[٦]. نووسـینگەی سـەربازیی پێکهـات لـە: ئەبـو تـارا (حشـع)، مـولازم بابەکـر (پ.د.ک)، مـولازم عومــەر (ی.ن.ک)، شــێروان شــێرەوەندی (حســک) و مــولازم شــوان (پاســۆک)[٧]. هەرچەنــدە دامەزراندنــی بــەرەی کوردســتانی دواکــەوت، بــەڵام کاریگــەری هەبــوو لەســەر یەکخســتنی

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر، بڕوانـە: بیـان عـن اجـتماع الاحـزاب الوطنيـة الكرديـة حـول اقامـة جبهـة في كردسـتان العـراق، جريـدة خبـات، ع(٥٧١)، تمـوز ١٩٨٧، ص ص١-٦.

(٢) بـۆ زانیاریـی زیاتـر، بڕوانـە: ئازاد مسـتەفا، کورتە باسـێکی بـەرەی کوردسـتانی، دەزگای چاپەمەنی شـەهید فەرهـاد، سـوید، ١٩٨٨، ل٣٣؛ ڕۆژنامـەی ڕێبازی نـوێ، ژ(٨)، ئـابی ١٩٨٧، ل١.

(٣) بەرەی کوردستانی دامەزرێ، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٧٥)، کانونی دووەم ١٩٨٨، ل٥.

(٤) ڕاگەیاندنێـک لـە کۆبوونـەوەی سـەرکردایەتی سیاسـی بـەرەی کوردسـتانی عێراقـەوە، سـەرەتای حوزەیرانی ١٩٨٨، ڕۆژنامـەی ڕێبـازی نـوێ، ژ(٦)، حوزەیـرانی ١٩٨٨، ل١و٤؛ فاتـح ڕەسـول، بنچینـە و مێـژووی بیرۆکـەی چـەپ لـە کوردسـتاندا، ستۆکهۆڵم، ٢٠٠١، ل٣٦٦.

(٥) سەلام عەبدولکەریم، س.پ، ل١٨٧.

(٦) بـۆ زانیاریـی زیاتـر، بڕوانـە: ح.د.ک، فـرع اوروبـا، وثائـق الجبهـة الكردسـتانية العـراق، ايار ١٩٨٨، ص ص٣٠-٣٣.

(٧) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ مولازم شوان، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٦.

خەباتـی چەکداریـی کـورد و دامەزراندنـی کۆمیتـەی سـەربازیی و چالاکیـی هاوبـەش، هەرچەنـدە بـەرە کەموکـوڕی تێـدا هەبـوو، وەک سسـتی لـە هێـزە چەکـدارەکان و کـەمتر تێکـەڵاوی هێـزەکان، هەروەهـا زیاتـر فەرمانـی حزبەکانیـان جێبەجـێ دەکـرد، ئەمـەش کاریگـەر و دەرهاوێشـتەی شـەڕ و ململانێـی ناوخۆیـی پێـشتر بـوو، بـەڵام سـەرەتایەکی بـاش بـوو، بـۆ یەکخسـتنی هێـزە چەکـدارەکان و بەدەسـتهێنانی دەرەنجامـی بـاشتر

## باسی دووەم

### کاریگەری تێکۆشانی بەرەیی لەسەر خەباتی چەکداریی کورد

قۆناغی تێکۆشانی بەرەیی، کاریگەری ئەرێنی لەسەر خەباتی چەکداریی کورد هەبوو. هەربۆیە کاتێک گۆڤاری (Sunday Times)ی لەندەنی، لە ڕۆژی (١٥ی ئایاری ١٩٨١) نووسیویەتی: «لە مانگەکانی دواییدا چالاکیی شۆڕشگێڕانە لەپێناو ئۆتۆنۆمی لە عێراقدا، لە ناوچە کوردییەکان پەرەی سەندووە»[1]. بەپێی چەندان ئاماژە و بەڵگەی مێژوویی، چالاکیی هاوبەشی بەرەیی لەو ماوەیەدا دژی حکومەتی عێراق لە زیادبووندا بووە، هەر بۆ نموونە لە (٩ی شوباتی ١٩٨١) لە چالاکییەکی هاوبەشی (پ.د.ک) و (حسیک)، لە گوندی ڕێشین لە سەید سادق، پێشمەرگە ڕووبەڕووی هێزێکی زۆری سوپا و مەفرەزە تایبەتەکان بوونەتەوە، لە ئاکامدا بووەتە هۆی کوژرانی (٢٠) سەرباز و برینداربوونی (٣٠)ی دیکە[2]. لە چوارچێوەی چالاکیی هاوبەش لە (١٧ی نیسانی ١٩٨١) دەستەیەک پێشمەرگەی (حشع) لەلایەن سوپای عێراق لە ناوچەی ئالان حاسڵ لە ناوچەی شارەزوور گەمارۆ درابوون، هەربۆیە پێشمەرگەکانی هەرێمی یەکی (حسیک) لەگەڵ پێشمەرگەکانی پاسۆک، وەک هێزی پاڵپشتی بە هانای هێزە گەمارۆدراوەکە چوونە[3]، دوای ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەخت توانییان هێزەکەی حکومەت تێکبشکێنن و زیانێکی زۆری مرۆیی و ماددی لە سوپای عێراق

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: بزوتنەوەی کوردایەتی لە ڕۆژنامەکانی جیهانی و ناوچەیی، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٤٧)، ئەیلولی ١٩٨١، ل٩.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: العمليات لشهري كانون الثاني وشباط عام ١٩٨١، جريدة اخبار كردستان، ع(١٢)، ١٩٨١/٢/٢، ص٣.

(٣) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ مولازم شوان، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٦.

بـدەن[١]، لـە ئاکامـی ئـەو چالاکییـەدا (٦٤) سـەرباز و ئەفسـەر کـوژراون، لەگـەڵ دەسـت گرتـن بەسـەر ژمارەیـەک لـە کەلوپـەلی سـەربازی. زیانـەکانی پێشـمەرگە لـەو شـەڕەدا شـەهیدبوونی (٩) پێشـمەرگە و برینداربـوونی (١٢)ی دیکـە بـووە، هەروەهـا بـە هـۆی بۆردومـانی هێـزەکانی حکومـەت (٢) هـاووڵاتی مـەدەنی کـوژران و (٦) هـاووڵاتی دیکـەش برینـدار بوونـە، لەگـەڵ زیـان لـێ کەوتنێکـی زۆری مـاددی لـە ناوچەکـە[٢]

جێـگای ئاماژەیـە پێشـمەرگەکانی (پ.د.ک) و (حشـع)، لـە (١٩-٢٠ نیسـانی ١٩٨١)، پێکـەوە هێرشـیان کـردە سـەر بنکەیەکـی سـەربازیی سـوپای عێـراق لـە ناوچـەی (دەرکار) ی قـەزای زاخـۆ، شـەڕەکە زیاتـر لـە کاتژمێرێکـی خایانـد، هێزەکانـی پێشـمەرگە دەسـتیان بەسـەر بنکـە و بارەگاکانـی سـوپادا گـرت و زیانێکـی زۆری مرۆیـی و ماددییـان لـە سـوپا دا[٣]. لـە چالاکییەکـی دیکـەی پێشـمەرگەکانی (پ.د.ک) و (حشـع) لـە (١٩٨١)، بـۆ سـەر بنکـەو بـارەگاکانی سـوپای عێـراق لـە ئامێـدی، بـووە هـۆی کـوژرانی (٤) سـەرباز و برینـدار بـوونی (٣)ی دیکـە[٤]. بەپێـی ئامارێـک لـە (١ی ئـاداری١٩٨١ تـا ١ی ئەیلوولـی ١٩٨١)، بـەرەی (جـود) (١٨) چالاکیـی هاوبەشـی ئەنجـام داوە، زیانەکانـی سـوپای عێـراق لـەو ماوەیـەدا بریتـی بـووە لـە کوژرانـی (٣٨٩) سـەرباز و برینداربوونـی (٢١٧)ی دیکـە[٥].

لـە لایەکـی دیکـەوە هەرچەندە بە هـۆی ململانێی ناوخۆیـی و دەرکردنی پێشـمەرگەکانی پاسـۆک لـە ناوچـەی شـارەزوور، چالاکیـی بەرەیـی بـەرەو کـزی هەنـگاوی هەڵنـا و کاری کردە سـەر کەمبوونـەوەی چالاکییـە هاوبەشـەکان لـە ناوچەکانـی سـلێمانی و دەوروبـەری، بـەڵام هەرێمـی (١)ی حسـک بـە فەرماندەیـی محەمـەدی حاجـی مەحمـوود لـە شـاخی سـورێن و دەوروبـەری هـەر چـالاک بـوون[٦]، هـەروەک لە نووسراوێکی هاوبەشـی (حشـع) و (حسـک)

(١) تیشـکێک لـە خـۆری کوردایـەتی دێرێـک لە داسـتانی بەچکەشـێرانی نەتەوەیی، گۆڤـاری ئاڵای سـور، ژ(٤)، مایسی ١٩٨١، ل٣٨-٣٩.

(٢) حیـزبی سۆسیالیسـتی یەکگرتـووی کوردسـتان، مەکتـەبی ڕاگەیانـدن، داسـتانێکی قارەمانێتـی حزبمـان و هێـزە نیشـتیمانییەکانی شـۆڕش لـە ناوچـەی شـارەزوردا، ١٩٨١/٤/٢٧

(٣) احتلال ربية دەرکار زاخو، جريدة اخبار كردستان، ع(١٥)، ٢٣ نيسان ١٩٨١، ص٢.

(٤) جزئيات حملات جديد پيشمرگان كرد عراقی به ارتش صدام، اطلاعات، شماره (١٦٣٦١)، ١٣٥٩، ص١٢.

(٥) احصائيـة للعمليـات العسـكرية للجيش الثوري الكردسـتاني، جريدة اخبـار كردسـتان، ع(٣٠)، ١٩٨١/٩/٢١، ص٢-٣؛ چالاکی لەشـکری شۆڕشـگێڕانی کوردسـتان، ڕۆژنامەی خەبـات، ژ(٥٤٧)، ئەیلـولی ١٩٨١، ل١٠.

(٦) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ مولازم شوان، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٦.

ئاراستەی (پ.د.ک) و (پاسۆک) کراوە، داوا دەکەن هێزێکی (١٠٠-١٥٠) کەسی ئامادە بکەن بۆ ناوچەکانی شارەزوور بە مەبەستی لێدانی بنکە و بارەگاکانی سوپای عێراق لە ناوچەکە[١]

دەتوانین بڵێین ڕاستە ململانێی ناوخۆیی کاری کردووەتە سەر کاری بەرەیی، لەم چوارچێوەیەشدا پەیوەندییەکانی (پ.د.ک و ی.ن.ک) ئەندامانی بەرەی (جود) بەرەو ئاڵۆزی ڕۆیشت، چەندین پێکدادانی چەکداری لە نێوانیان ڕوویدا[٢]. شەڕی ناوخۆیی کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر خەباتی چەکداری، هەڵبەتە دوای هەڵگیرسانی جەنگی عێراق- ئێران دەرفەتێکی لەبار ڕەخسا بۆ حزبە کوردییەکان، کە لە بەرەیەکی یەکگرتوو درێژە بە خەباتی چەکداری بدەن، بەڵام بە هۆی ململانێی ناوخۆیی لەسەر هەژموون و گومرگ، بووە هۆی بەفیڕۆدانی وزە و توانایەکی زۆری مرۆیی لە شەڕی ناوخۆییدا. لە لایەکی دیکە سەرقاڵبوونی حزبە کوردییەکان بە شەڕی ناوخۆیی، کاری حکومەتی عێراقی ئاسان کرد بوو، چونکە لە بری بەکارهێنانی هێز بۆ لاوازکردنی حزبە کوردییەکان، شەڕ و ململانێی ناوخۆیی حزبەکان باشتر خزمەتی ئامانجەکانی حکومەت دەکرد[٣]

لە ئامارێکدا چالاکی هێزەکانی (جود) لە (٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٢ تا ٢٣ حوزەیرانی ١٩٨٣)، بڵاوکراوەتەوە، (٢٤) چالاکییان ئەنجامداوە، توانیویانە زیانێکی زۆری ماددی و مرۆیی لە سوپای عێراق بدەن[٤]. هەروەها لە (٢٣ی حوزەیرانی ١٩٨٣ تا ٢٩ی شوباتی ١٩٨٤)، هێزەکانی بەرەی (جود) (١٨) چالاکیی هاوبەشیان ئەنجام داوە[٥]. بە هۆی زیادبوونی چالاکییە هاوبەشەکان سوپای عێراق لە (شوباتی ١٩٨٤) بە پاڵپشتی فەوجی جاش، بۆردومانی گوندەکانی (ماوان، سرێشمە و دۆڵی ڕۆست)یان لە ناوچەکانی باڵەک کرد، لە ئەنجامدا زیانێکی زۆر لە خەڵکی مەدەنی کەوت، هەربۆیە هێزەکانی (پ.د.ک)

(١) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دەقی نامەکە، بڕوانە: محمد حاجی محمود، ڕۆژ ژمێری...، ب٢، ل٥١٢.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی شەڕی ناوخۆ، بڕوانە: شیلان حاجی شەریف، ناکۆکی و شەڕی ناوخۆیی پارتە سیاسیەکانی باشووری کوردستان لە ساڵانی ١٩٧٥-١٩٩٢، چ٢، ب.ش، ٢٠٢١؛ سەڵاح ڕەشید، شەڕی ناوخۆ بۆچی سەری هەڵدا چۆن گەشەی کرد سەرەنجام، ناوەندی ڕۆشەنبیری ئەدیبان، ب.ش، ٢٠٢٠، ل١٩٤ بەدواوە

(٣) دیدار لەگەڵ مەحموود عوسمان، هەولێر، ٢٠٢٢/٧/١٩.

(٤) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٤٨)، ئاب ١٩٨٣، ل٣.

(٥) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٤٩)، کانوونی دووەمی ١٩٨٤، ل٣؛ فعليات الجيش الثوري الكردستاني، جريدة خبات النضال، ع(٥٥٠)، شباط ١٩٨٤، ص٣.

و (حسک) و (حشع)، لە دژە هێرشێکدا ڕووبەڕوویان بوونەوە و پاشەکشەیان بە سوپا کرد[١]. لە (١٩-٢٠ ئابی ١٩٨٤) هێزێکی هاوبەشی (حسک) و (پ.د.ک) و (حشع) هێرشیان کردە سەر بارەگای فەوجی سەربازیی لە بامەڕنێ و ڕێکخراوی حزبی بەعس و بارەگاکانی دەوروبەری، لە ئاکامدا زیانێکی زۆریان لە بارەگای فەوج و بنکەکانی دەوروبەری دا، هەروەها بووە هۆی کوژرانی (٨) سەرباز و برینداربوونی (٧)ی دیکە[٢]. لە بەرانبەردا (لە ٢٨ی ئابی ١٩٨٤)، سوپای عێراق بە پاڵپشتیی فڕۆکەی جەنگی و هێزێکی زرێپۆش و جاش هێرشیان کردووەتە سەر گوندەکانی ناحیەی مانگیش و هەڵمەتیان بۆ پێشمەرگەکانی (پ.د.ک) و (حشع) و (حسک) بردووە. لە ئاکامی ئەو هێرشە دا سوپا زیانێکی زۆری بەرکەوتووە و بووەتە هۆی کوژرانی (٤٥) سەرباز. هەرچی هێزەکانی پێشمەرگەیە ئەوا (٤) شەهید و (٥) برینداریان هەبووە[٣]. لە درێژەی خەباتی چەکداریی بەرەیی لە ماوەی ساڵی (١٩٨٤)، پێشمەرگەکانی (پ.د.ک) و (حشع) و (حسک)، (٤٦) چالاکییان لە ناوچە جیاجیاکانی باشووری کوردستان ئەنجام داوە[٤].

لە ساڵی (١٩٨٥) هێزەکانی (جود) بەردەوام بوون لە چالاکی چەکداریی بەرەیی دژی حکومەتی عێراق، هەروەک لە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی لێژنەی باڵای بەرەی جود (کۆتایی کانوونی دووەمی ١٩٨٥) ئەنجام دراوە، لە بەرنامە و چالاکی چەکداری بەرەیی کۆڵیوەتەوە، کەوا هێزەکانی پێشمەرگە توانیویانە چەندین چالاکی بەرەیی دژی حکومەتی عێراق ئەنجام بدەن[٥]. دەتوانین بڵێین ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەرەی (جود) لە سنووری سووریا تا سنووری ئێران لە ژێر دەسەڵاتیاندا بوو، لە هەندێک شوێن دەگەیشتە دەیان کیلۆمەتر، مەترسییەکی گەورەیان لەسەر حکومەتی عێراق دروست

---

(١) دوو نەبەردی لە ناوچەی باڵەک، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژ(٢٢)، ئاداری ١٩٨٤، دوالاپەڕە.

(٢) چالاکی بەرەیی، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژ(٢٦)، ئابی ١٩٨٤، دوالاپەڕە

(٣) جريدة كفاح الجبهة، ع(٣)، ايلول ١٩٨٤، ص١و٧.

(٤) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٥٤-٥٥٥)، کانوونی دووەم و شوبات ١٩٨٥، ل٣.

(٥) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ١٩).

کردبـوو[١]. بەپێـی ئامارێـک چالاکییەکانـی بـەرەی (جـود) لـە مـاوەی (١٩٨٥) لـە ناوچـە جیاجیاکانـی کوردسـتان گەیشـتووەتە (٣٣) چالاکـی چەکـداری[٢].

حکومەتـی عێـراق بـە بیانـووی پشـتگیریکردنی پێشـمەرگە، هێرشـەکانی بـۆ سـەر گوندەکانـی کوردسـتان چـڕ کـردەوە، بـۆ نموونـە لـە (١٢ی ئـاداری ١٩٨٦)، هێزێکـی زۆری سـوپای عێـراق بە پاڵپشـتیی فەوجەکانـی جاش، هێرشـیان کردووەتە سـەر گونـدی (ئازیکەند) ی سـەر بـە قـەزای مەخمـوور، لـە هەمـان کاتـدا دەسـتەیەک چەکـدار لـە هێزەکانـی (جـود) لـەو ناوچەیـەدا دەبـن، بـەر لەوەی سـوپا هێـرش بکاتە سـەر گوندەکـە، هێزەکانی پێشـمەرگە لـە دەشـتی قـەراج ڕووبەڕوویـان بوونەتـەوە و پاشەکشـەیان بـە سـوپا و جاشـەکان کـردووە، زیانیـان لێـداون و بووەتـە هـۆی کوژرانـی (٧) سـەرباز و جـاش لەگـەڵ برینداربوونی زۆر[١]. چالاکییـە هاوبەشـەکانی هێـزی پێشـمەرگە، دوای ئاشـتبوونەوەی گشـتی زیاتر کاریگـەر بوون. لە (٢٦-٢٧ی ئەیلوولی ١٩٨٦) هێزێکی هاوبەشـی (حسـک) و (پاسـۆک) و (ی.ن.ک)، هێرشـیان کـردە سـەر بەرزاییەکانـی قەیـوان، لـە مـاوەی (٥) کاتژمێـردا دەسـتیان بەسـەر ڕەبییەکانـی سـوپای عێراقـدا گـرت[٤]، لـە (٢٧ی تشرینـی یەکەمـی١٩٨٦) هێزێکـی زۆری حکومـەت بـە پاڵپشـتی زیـاد لـە (١٠٠) ئۆتۆمبێلـی سـەربازی و (١٠) تانـك و (٥٠) زرێپـۆش بـە مەبەسـتی گـەڕان و پشـکنین بـەرەو گوندەکانـی دەشـتی هەولێـر لـە پێشڕەوی دابـوون، دوای گـەڕان و پشـکنین لـە گونـدی تریەسـپیان لـە لایـەن هێزێکـی هاوبەشـی (پ.د.ك) و(حزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتا- عێـراق/ ئیتیجاهـی دیموکراتـی شۆڕشـگێڕ)[٥]، ڕووبەڕووبوونـەوە، هێزەکانـی پێشـمەرگە توانییـان سـوپای عێـراق تێـك بشـکێنن و زیانێکـی زۆری مرۆیـی

(١) عـەلی تەتـەر نێروەیـی، بزاڤـی...، ل٣٧٣؛ نیروهـای مبـارز عراقـی دەهـزار کیلـومتر مربـع از اراضی شمال عـراق را ازاد وهشـتصد نفـراز مـزدوران بعثـی رابـە اسـارت گرفتنـد، رسـالت، شماره (١٠٢)، ٢٨ اردیهشـت ١٣٦٥، ص١٢.

(٢) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٥٨-٥٥٩)، کانوونی دووەمی ١٩٨٦، ل٣.

(١) پێشـمەرگە هێزێکـی گـەورەی دوژمـن تێـک دەشـکێنن، ڕۆژنامـەی ڕێـگای ئـازادی، ژ(٢)، سـاڵی یەکـەم، ئایـاری ١٩٨٦، ل١-٥.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٢٠).

(٥) ئیتیجاهـی دیموکراتـی شۆڕشـگێر: بەهـۆی جیابوونـەوەی باڵـی قـادر عەزیـز لـە (حسـك) لـە (١٢ی کانـوونی یەکەمـی ١٩٨٥)، لـە ژێـر نـاوی حیـزبی سۆسیالیسـتی کوردسـتان-عێراق/ ئیتجاهـی دیموکـراتی شۆڕشـگێر، درێژەیـان بـە خەبـاتی سـیاسی و چەکـداری خۆیانـدا. کاوە تەیـب جـەلال، س.پ، ل٣٣٨.

مادییان لێ بدەن، بریتی بوو لە : کوژرانی (١٧٠) سەرباز و جاش لەگەڵ بریندار بوونی (١١٠)ی دیکە، خستنە خوارەوە (٢) کۆپتەری جەنگی، لە هێزەکانی پێشمەرگەش (٢) شەهید و (٤) بریندار هەبوو[١]، لە سۆنگەی پەرەسەندنی چالاکییەکاندا چاودێریی حکومەت و زانیاریی هەواڵگریی لەسەر هێزەکانی پێشمەرگە چڕتر بووەوە، حکومەت زانیاری لەسەر جۆری چەکەکانی پێشمەرگە و ژمارەیان کۆدەکردەوە، دواتر هێزەکانی سوپا و فەوجەکانی جاش ئاگادار دەکرانەوە بۆ ڕێگری لە چالاکیی پێشمەرگە. بۆ نموونە لە دوای ئەوەی هێزێکی هاوبەشی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) و (حشع) ئامادەکاری تەواویان کردبوو بۆ هێرشکردنە سەر فەوجەکانی پاسەوانی نەوت لە دیبەگە و دووبز. لەم سۆنگەیەوە دەزگا ئەمنییەکان ئاگادار کراونەتەوە، ڕێوشوێنی توندی ئەمنی بگرنەبەر[٢]، هەروەک لە بروسکەیەکی نهێنیی دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی عێراق، لە (تشرینی دووەمی ١٩٨٦)دا هاتووە: «دەستەیەک چەکداری (حسک) و (ی.ن.ک) هاتوونەتە گوندی کەردز سەر بەناحیەی قوشتەپە، دەیانەوێت شەو هێرش بکە نە سەر قوشتەپە»[٣]، بەڵام لە لایەن مەفرەزەیەکی جاش لە گوندی (کەردز) ڕووبەڕوویان بوونەتەوە و ڕێگرییان لێ کراوە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکە[٤]. لە (زستانی ١٩٨٦)، حکومەتی عێراق لە سێ قۆڵەوە هێرشی بردووەتە سەر دۆڵی سماقولی، پێشمەرگەکانی (حسک) و (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) و

(١) حیزبی سۆسیالیستی کوردستان/ ئیتیجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، بەلاغی عەسکەری تایبەت، ١/ ١١/ ١٩٨٦؛ داستانێکی قارەمانانە، گۆڤاری سەفین، ژ (٤١-٤٢)، تشرینی یەکەم و دووەمی ١٩٨٦، ل١٣؛ جەمال مورتکە، چیا خۆی دەنوسێتەوە نوسینەوەی ڕۆژە سەختەکانی خەبات ١٩٨٦، بەرگی پێنجەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٢، ل٩٩-١١٠

(٢)بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٢١).

(٣) بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٢٢).

(٤)نامەی ئەلیکترۆنی مام غەفوور، سلێمانی،٢٠٢٢/٩/٢٠. ناسراو بە مامە غەفە لە ساڵی (١٩٤٠) لە دایکبووە، لە ساڵی (١٩٦٣) پەیوەندی بە ڕیزەکانی (پ.د.ک) کردووە، لەو ساڵەدا بووەتە پێشمەرگە، لە (١٩٧٩) پەیوەندی کردووە بە (حسیک)، بووەتە فەرماندەی هەرێمی حەوتی قەرەچووغ، لە ساڵی (١٩٨٤) پەیوەندی بە (ی.ن.ک) کردووە ئێستا لە سلێمانی نیشتەجێیە

(حشع) بە فەرماندەیی کۆسرەت ڕەسووڵ، ڕووبەڕوویان بوونەتەوە[١]، شەڕەکە سەرەتا لە بەرژەوەندیی سوپای عێراق بووە، چونکە بەردەوام بە پاڵپشتیی هەلیکۆپتەر بۆردومانی پێشمەرگەی کردووە، بەڵام دواتر هێزەکانی سوپای عێراق پاشەکشەیان کرد، بە هۆی ئەوەی هێزەکانی (پ.د.ک) لە بادینان هێرشیان کردبووە سەر فەوجێکی سوپای عێراق، حکومەت بۆ نەهێشتنی مەترسییەکانی سەر سوپاکەی لە بادینان، ئەو هێزەی سماقولی، وەک هێزێکی پاڵپشتی، گواستووەتەوە بۆ بادینان. هەربۆیە شەڕەکەی دۆڵی سماقولی لە بەرژەوەندیی هێزەکانی پێشمەرگە کۆتایی هاتووە[٢].

لە (سەرەتای ١٩٨٧)، سوپای عێراق، بە مەبەستی گرتنی بارەگاکانی هێزە کوردستانییەکان، هێرشێکی فراوانی کردە سەر ناوچە ئازادکراوەکان لە بناری قەندیل، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگەی (پ.د.ک) و (حسک) و (حشع) و (ی.ن.ک) ڕووبەڕوویان بوونەوە و زیانێکی زۆریان بە سوپای عێراق گەیاندووە[٣]، ئەمەش پێشمەرگەی ڕژدتر کرد لەسەر باوەڕەکانیان بە خەباتی هاوبەشی بەرەیی، بۆیە لە چالاکییەکی هاوبەشدا لە (١٩-٢٠ی نیسان ١٩٨٧) هێزەکانی (پ.د.ک)، (ی.ن.ک)، (حشع) و (حسک)، لە دوو تەوەرەوە هێرشیان کردە سەر ناحیەی قەرەداخ و لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەر

(١)دیدار لەگەڵ سەید کاکە، هەولێر، ٢٠٢٢/٦/٢١. سەید ئیسماعیل سەید عومەر ناسراو بە سەید کاکە لە (١٩٣٢) لە گوندی مورتکەی گەورە لە ناحیەی قوشتەپە لە دایکبووە، لە ساڵی (١٩٥٣) بەشداریی بزووتنەوەی جووتیارانی دەشتی هەولێری کردووە، لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی (١٩٦١) بووەتە پێشمەرگە و بەشداریی شەڕەکانی کردووە، لە شۆڕش پلەی ئامر بەتالیۆن بووە، دوای نسکۆی شۆڕش لە (١٩٧٥) چووەتە ئێران، دواتر لە (٨ی ئابی ١٩٧٦) لە قەندیل یەکەمین دەستەی چەکداریی بزووتنەوەی سۆسیالیست پێکهێناوە، دوای ڕاپەڕین پەیوەندی بە ڕیزەکانی (پ.د.ک)ەوە کردووە، چەندین پۆستی حیزبی و حکومی وەرگرتووە، ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر نیشتەجێیە

(٢)دیدار لەگەڵ بەکرحەمە، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٣.

(٣)عمليات جبهوية، جريدة اخبار كردستان، ع(١٥٣)، شباط١٩٨٧، ص٥؛ سەرکەوتوو بێت هێزی هاوبەشی پێشمەرگە، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژ(٤٥)، شوبات و ئاداری ١٩٨٧، ل٦.

شارۆچکەکەدا گرت[1]. زیانەکانی سوپای عێراق لەم شەڕەدا بریتی بووە لە کوژرانی (١٠٠) سەرباز و ئەفسەر و بە دیل گیرانی (١١٠)ی دیکە[2]. حکومەتی عێراق بۆ گرتنەوەی قەرەداخ لە (٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧) هێرشی کردەوە سەر قەرەداخ، بەڵام لەلایەن پێشمەرگەکانی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) و (حسک) بەرپەرچی هێرشەکە درایەوە[1]. لە لایەکی دیکەوە لە (٢٩ی تەمووزی ١٩٨٧)، دەستەیەک پێشمەرگەی (حسک) و (ی.ن.ک) لەسەر ڕێگای (دوز- نەوجول)، بۆسەیەکیان بۆ سوپا و جاش نایەوە، دوای پەلاماردان و ڕووبەڕووبوونەوە، کوژرانی (١٠) سەرباز و جاشی لێکەوتەوە[4]

حکومەتی عێراق لە پەرەسەندنی چالاکیی هاوبەشی پێشمەرگە هەراسان بووبوو، لە (٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧)، سوپای عێراق لە سێ قۆڵەوە هێرشی فراوانی کردە سەر دەڤەری قەرەداغ، لە لایەن پێشمەرگانی (پ.د.ک، حسک و ی.ن.ک)، هێرشەکە تێک شکێنرا و زیانی مرۆیی و مادییان لە سوپای عێراق دا، پێشمەرگە لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا (٣) شەهیدی هەبووە[5]. چالاکییەکانی پێشمەرگە لە ساڵی (١٩٨٧)دا لە زیادبووندا بووە، ئەمەش بەهۆی ئاشتبوونەوەی گشتی حزبە کوردییەکان و ڕێگەدان بە هێزی پێشمەرگەی یەکتری، لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیان چالاکی چەکداری ئەنجام بدەن[6]، هێزەکانی پێشمەرگە لەو ماوەیەدا (١١٠) چالاکیی هاوبەشیان ئەنجام داوە، زیانێکی

---

(١) دیدار لەگەڵ تاهیر عەلی مەحموود، پیرمام، ٢٠٢٢/٢/١٣. ناسراو بە تاهیر ڕەباتی، لە (١٩٥١) لەدایکبووە، لە (١٩٦٧) بووەتە پێشمەرگە، دوای نسکۆی (١٩٧٥) لە شاری سلێمانی لە ڕێکخستنەکانی (س.ک/ پ.د.ک) کاری کردووە، جێگری ڕێکخراوی خەبات بووە لە شارباژێڕ، دواتر لە (١٩٨٠) پەیوەندی بە هێزەکانی پێشمەرگە کردووە، پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە، چەندین جار بریندار بووە، ئێستا جێگری فەرماندەی هێزەکانی خەباتە

(٢) ڕزگارکردنی قەرەداغ، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٧٠)، حوزەیرانی ١٩٨٧، ل٣و١٦؛ جریدة اخبار كردستان، ع(١٥٤)، آذار ١٩٨٧، ص١.

(١) تێکشکانێکی دیکەی ڕژێم بەرامبەر هێزی پێشمەرگە، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژ(٥٠)، تشرینی یەکەمی ١٩٨٧، ل١و٨.

(٤) چالاکی پێشمەرگە، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژ(٤٨)، ساڵی حەوتەم، ئابی ١٩٨٧، ل٧.

(٥) تێکشکانی دیکەی هێرشی ڕژێم لە بەرامبەر هێزی هاوبەشی پێشمەرگە، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژ(٥٠)، تشرینی یەکەم ١٩٨٧، ل١و٨.

(٦) دیدار لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحموود، گوڵەخانە، ٢٠٢٢/٩/٤.

زۆریـان بـە سـوپای عێـراق گەیانـدووە[١].

حکومەتـی عێـراق لە سـاڵی (١٩٨٨) لـە ژێر دروشـمی ڕاماڵینی بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازیی کـورد، هێرشـی بـۆ ناوچـە جیاجیاکانی کوردسـتان دەسـت پێکـرد . حزب و لایەنە سیاسـییەکان کەوتنەخـۆ بـۆ دامەزراندنـی بـەرەی کوردسـتانی لـە (٢ی ئایـاری ١٩٨٨)، وەک ئامرازێکـی کاریگـەر بـۆ یەکخسـتنی سـەرجەم هێزەکانـی کـورد لەپێنـاو بەرپەرچدانـەوەی حکومەتـی عێـراق[٢]. نزیکبوونـەوەی حزبـە کوردسـتانییەکان حکومەتـی عێراقـی نیگـەران کردبـوو، هەربۆیـە لـە بروسـکەیەکی نهێنیـی دەزگا ئەمنییەکانـی شـەقڵاوە، ئامـاژە بـە نزیکبوونـەوەی (پ.د.ک و ی.ن.ک)، لـە بەرەیەکـی یەکگرتـوودا کـراوە، ئەمـەش مەترسـییە بۆ سـەر هێزەکانی حکومـەت[٣]. هەربۆیـە هێرشـەکانی بـۆ سـەر بنکـە و بارەگاکانـی هێـزە کوردسـتانییەکان چـڕ کـردەوە، بـە چەکـی کیمیایـی هێرشـی بـۆ سـەر ناوچەکانی چـۆخماخ، یاخسـەمەر، هەڵـەدان، چاڵاوە، سـەرگەڵوو و بەرگەڵوو دەسـت پێکرد، هێزەکانی (ی.ن.ک، پ.د.ک، حسـک و حشـع)، بـۆ مـاوەی سـێ هەفتـە بەرانبـەر ئـەو هێرشـە گەورەیـەی سـوپای عێـراق بەرگرییـان کـرد، بـەڵام بـە هـۆی ناهاوسـەنگیی هێز، لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە، هێزەکانی پێشـمەرگە نەیانتوانی بەرگـری لـەو ناوچانـە بکـەن، بۆیـە بەشـێکی زۆر لـە دانیشـتووانی ناوچەکـە بـۆ سـنووری ئێـران و ناوچـە ئازادکـراوەکان گوازرانـەوە[٤]. لەگـەڵ زۆربوونـی گوشـارەکانی حکومـەت بـۆ سـەر ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە و گیرانـی بارەگاکانـی (ی.ن.ک)، لەناوچەکانـی قـەرەداغ مەترسـی لای هێـزە چەکـدارەکان دروسـتبوو، کـە حکومـەت ناوچـەی زیاتـر داگیربـکات و دواجاریـش ببێتـە هـۆی لاوازکردنـی خەباتـی چەکداریی کـورد. هەربۆیـە (١٥ی ئـاداری ١٩٨٨) هێزێکـی هاوبەشـی (حسـک، ی.ن.ک و بزووتنـەوەی ئیسلامـی)، بـە هاوکاریی کۆمـاری ئیسلامـی ئێـران، توانیـان سـوپای حکومەتـی عێـراق لـە هەڵەبجـە دەربکـەن، ڕۆژی دواتـر حکومەتـی عێـراق بـە کیمیایـی هێرشـی کـردە سـەر هەڵەبجـە و بـووە هـۆی کوژرانـی

---

(١) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٧٥)، کانوونی دووەم ١٩٨٨، ل٣.

(٢) ح.د.ك، بيان حول انبثاق الجبهة الكردستانية العراقية، ٢/ ايار/ ١٩٨٨.

(٣) مدير امن شقلاوة، برقية سرية، ع(ش٣/١١٢٥٥)، ١٩٨٧/١٢/٢٨.

(٤) عـەلی تەتـەر، سیاسـەتی حکومـەت...، ب٢، ل١١٤؛ داسـتانێکی نوێـی بەرەیـی، ڕۆژنامەی خەبـات، ژ(٥٧٩-٥٨٠)، ئایـار و حوزەیـرانی ١٩٨٨، ل٣و١٤.

نزیکەی (٥) هەزار هاووڵاتیی مەدەنی[١].

هەر لە درێژەی هێرشەکانی سوپای عێراق بۆ سەر ناوچە کوردییەکان، (٧ی نیسانی١٩٨٨) هێرشێکی فراوانی کردە سەر گوندەکانی قەرەوەیس، کوڵەبان لە ناوچەی جەباری، بەڵام لە لایەن پێشمەرگەکانی (حسک، پ.د.ک و حشع)، توانراوە هێرشەکە تێک بشکێندرێت. بۆ ڕۆژی دواتر سوپای عێراق بە مەبەستی گرتنەوەی ناوچەکە هێرشی کردەوە سەر هەمان ناوچە، هێزەکانی پێشمەرگە توانیویەتی هەموو هێرشەکان تێک بشکێنێت[٢]. بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، سوپای عێراق بە چەکی کیمیایی لە (٢٤ی ئایاری ١٩٨٨) هێرشێکی فراوانی کردووەتە سەر ناوچەکانی باڵەکایەتی، خۆشناوەتی، وەرتێ و ڕەواندز، پێشمەرگەکانی (حسک، پ.د.ک و ی.ن.ک)، ڕووبەڕووی سوپای عێراق بوونەتەوە، بەڵام بە هۆی هێرشی کیمیایی نەتوانراوە شەڕی جێگیر بکەن، هێزەکانی پێشمەرگە توانیویانە زیانێکی زۆر لە سوپای عێراق و فەوجی جاشەکان بدەن، لەو ئاکامەشدا (١٢) پێشمەرگە شەهید بوو[٣]

لە ژێر کاریگەری ئەو دۆخە ناهەموارەی باشووری کوردستانی گرتبووەوە، بەرەی کوردستانی هاتە کایەوە، دروستبوونی بەرەی کوردستانی لە کاتێکی درەنگ وەختدا بوو، کە لەو کاتەدا حکومەتی عێراقی بە چەکی کیمیایی هێرشی کردبووە سەر ناوچە جیاجیاکان و ورەی پێشمەرگە دابەزیبوو[٤]. وێڕای ئەوەی هێزی پێشمەرگە لە (٢٦ی تەمووز ١٩٨٨) بڕیاری بەرگرییان دابوو، هەروەها بڕیار درابوو ئەوانەی ناتوانن بەرگری بکەن لەگەڵ خێزان و منداڵەکانیان بەرەو سنوورەکانی ئێران و ناوچە پارێزراوەکان بچن[٥]، بەڵام حکومەت بەو پلانەی زانیبوو، بۆیە ناوچەکانی (بالیسان، مەلەکان، هیران، سماقولی، خەتێ و دەراس)ی بە چەکی کیمیایی بۆردومان کرد، لە ئەنجامدا کوژراو و

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لە ناو بازنەدا دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٨٤-١٩٨٨، چ٣، بەرلین، ١٩٩٩، ل١٤٤-١٤٦؛ پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ محەمەد شاکەلی، کفری ٢٠٢٢/٤/٢

(٢) چالاکییەکانی پێشمەرگە، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژ(٥٣)، حوزەیرانی ١٩٨٨، ل٤.

(٣) هێرشی دڕندانەی ڕژێم، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژ(٥٣)، حوزەیرانی ١٩٨٨، ل٥و٧.

(٤) دیدار لەگەڵ مەحموود عوسمان، هەولێر، ٢٠٢٢/٧/١٩.

(٥) زۆزان ناسر، س.پ، ل١٣٤.

برینـداری زۆری لـێ کەوتـەوە[1].

دەتوانیــن بڵێیــن دوای دامەزراندنــی بــەرەی جوقــد و جــود، هێــزە کوردســتانییەکانی زیاتـر لـە یەکـدی دابـڕی، بـە تایبـەت (ی.ن.ك) ڕێگـر بـوو لـە ئەنـدام بوونـی (پ.د.ك) لـە بـەرەی جوقـد، ئەمـەش وایکـرد (پ.د.ك) بـۆ هاوسـەنگی هێـز لەگـەڵ چەنـد حزبێکـی دیکـە بـەرەی جـود دابمەزرێنـن، ئەمـەش ململانـێ و شـەڕی ناوخۆیـی بـە دوای خۆیـدا هێنـا، کەبـووە هـۆی بـە فیڕۆدانـی توانایەکـی زۆری مرۆیـی لـە شـەڕی ناوخۆیـی و شـەکەت بوونـی هێزەکانـی پێشـمەرگە، بـەڵام دوای ئاشـتبوونەوەی گشـتی لـە سـاڵی (١٩٨٦)، دواجـار دامەزراندنـی بـەرەی کوردسـتانی لـە سـاڵی (١٩٨٨) بـووە هـۆی هەماهەنگـی و یەکخسـتنی خەباتـی چەکـداری، تـا ڕادەیـەک توانیویانـە بەرامبـەر سـوپای عێـراق بەرگـری بکـەن، بـەڵام بـە هـۆی چڕبوونـەوەی هێرشـەکانی حکومـەت و بەکارهێنانـی چەکـی کیمیایـی، بڕیـاری کشـانەوەی هێـزەکان بـۆ ئـەو دیـو سـنوورەکان دراوە

(١) بـۆ زانیاریـی زیاتـر، بڕوانە: استشـهاد الـعشرات بالقنابل الكيمياوية والفسـفورية، جريدة اخبار كردسـتان، ع(١٨٢)، ١١-١٢ تموز ١٩٨٨، ص٢و١٤

# تەوەری سێیەم

# دیارترین شەڕەکان لە ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨)

## باسی یەکەم

### شەڕەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و گۆڕانی سیستەمی سیاسیی لەو وڵاتەدا، بارودۆخی هێزی پێشمەرگەی بەرەو باشتر برد. هەروەها دوای کۆنگرەی (٩)ی ساڵی (١٩٧٩) (پ.د.ک) لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە بە ڕێکخستنەکانی داچووەوە[١]. چالاکییەکانی پێشمەرگەی (پ.د.ک) لە سنووری زاخۆ تا خانەقین بەردەوامی هەبوو، لە کاتێکدا حکومەتی عێراق بەو پەڕی توند و تیژییەوە هەوڵی وەستاندنی چالاکییەکانی هێزەکانی پێشمەرگەی دەدا[٢]. بەپێی ئامارێکی لەشکری (پ.د.ک) لە (تشرینی دووەمی ١٩٧٩ تا تەمووزی ١٩٨٠)، لە ناوچە جیاجیاکانی باشووری کوردستان چەندین چالاکی ئەنجام دراوە، سەبارەت بە ژمارەی چالاکی و کوژرا و بریندار بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

(١) دیدار لەگەڵ شێخەڵلا ئیبراهیم، هەولێر، ٢٠٢٢/٧/٦. ناوبراو لە ساڵی (١٩٤٧) لە گوندی جاستان لە ناحیەی دیبەگە لە دایکبووە، لە ساڵی (١٩٦٣) بووەتە پێشمەرگە، لە (١٩٧٥) دوورخراوەتەوە بۆ باشووری عێراق، لە ڕێکخستنەکانی پارتی دانەبڕاوە و بە نهێنی سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی پارتی لە شاری هەولێر و دەوروبەری کردووە، لە ساڵی (١٩٨٠) ئاشکرا بووە و چووەتە شاخ، چەندین پۆستی حیزبی و حکومی وەرگرتووە، ئێستا پەرلەمانتاری خانەنشینە

(٢) من بطولات البيشمركة، جريدة اخبار كردستان، ع(١)، ١٩٨٠/٣/٨، ص١؛ من بطولات البيشمركة، جريدة اخبار كردستان، ع(٢)، ١٩٨٠/٣/١٥، ص١.

خشتەی ژمارە ١ چالاکییە چەکدارییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دژی هێزەکانی عێراق[1]

| بەرواری چالاکی | چالاکی | کوژراو | | بریندار | | دیل | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سوپا | پێشمەرگە | سوپا | پێشمەرگە | سوپا | پێشمەرگە |
| تشرینی دووەمی ١٩٧٩ تا تەمووزی ١٩٨٠ | ١٠٨ | ٨٥١ | ٣٨ | ٢٠٦٥ | ٢٨ | --- | --- |

سەرەڕای بوونی زیانی ماددی و لەناوچوونی ژمارەیەک ئۆتۆمبێل و ئامێری سەربازیی سوپای عێراق، هێزەکانی پێشمەرگە توانیان دەست بگرن، بەسەر چەندان چەک و کەلوپەلی سەربازیی. هەڵبەتە شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران لە ساڵی (١٩٧٩) گۆڕینی سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتە، دەروازەیەکی باش بوو بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، چونکە ئێران دەرگای بەڕووی حزبە کوردستانییەکانی باشووری کوردستان کردەوە. لەڕووی چەک و پێداویستی پزیشکی هاوکاری حزبە کوردستانییەکانی کردووە. ئەمەش پاڵنەرێکی باش بوو بۆ هێزی پێشمەرگە لە دوای نسکۆ بێ پشتیوانی مابوونەوە تا لەو ڕێگەیەوە پەرە بە چالاکییەکانیان بدەن. ئەگەر سەرنج بدەین سوپای عێراق زیانەکانی لە هێزەکانی پێشمەرگە زۆر زیاتر بوو، چونکە لە سەرەتای هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەکداریی، هێزەکانی پێشمەرگە چالاکییەکانیان پارتیزانی دەست وەشاندن بوو، لە هێزی بەرانبەر، دەربازبوون بە کەمترین زیان بوو، بەڵام بە هەڵگیرسانی جەنگی عێراق - ئێران ئەو دەرفەتەی بە هێزی پێشمەرگەدا کە چالاکی گەورە ئەنجام بدەن لەوانە: شەڕی حاجی ئۆمەران، لە درێژەی چالاکیی هێزەکانی (پ.د.ک)، لە (١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠) لە حاجی ئۆمەران هێرشی بردە سەر سوپای عێراق[2]، هەرچەندە تۆپخانەکانی ئێران تۆپبارانی سوپای عێراقیان کرد، بەڵام تۆپەکان ئامانجەکانیان نەدەپێکا[3]، سەرەتا شەڕەکە لە بەرژەوەندیی پێشمەرگەدا بوو، چەندین شوێنی ستراتیژی کەوتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە، سوپای عێراق دووچاری زیانێکی

(١) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ژمارەی چالاکی لقەکانی (١-٢-٣-٤) پ.د.ک، بڕوانە: مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ل٩٠-٩٢؛ أحصائية نهاية للنشاطات العسكرية للفصائل الانصار التابعة لحزبنا الديمقراطي الكردستاني، جريدة اخبار كردستان، ع(٦)، اب١٩٨٠، ص ص٣٧، ٤٠.

(٢) سالار شەهید کاکۆ، سی بەهاری ژیان و پێشمەرگایەتیم، چاپخانەی دانیشفەڕ، هەولێر، ٢٠٢٢، ل٣٦٨.

(٣) دیدار لەگەڵ عومەر عوسمان، پیرمام، ٢٠٢٢/٩/٢٦. لە دایکبووی (١٩٤٨)، لە (١٩٦٤) بووەتە پێشمەرگە، لە نسکۆی (١٩٧٥) چووەتە ئێران، لە (١٩٧٩) گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان، جێگری فەرماندەی بارزان بووە، بەرپرسی ناوچەی مێرگەسۆر بووە. ئێستا فەرماندەی هێزەکانی خەباتە

زۆری ماددی و مرۆیی بووەوە. زیانەکانی سوپا لە کوژراو و بریندار نزیکەی (٥٠٠) سەرباز و ئەفسەر بوو. هەرچی زیانەکانی پێشمەرگە بوو ئەوا (١٤) کوژراو و (٢٦) بریندار بوو، شەڕەکە نزیکەی (٤٨) کاتژمێری خایاند، لە کۆتاییدا بە هۆی سەختی کەش و هەوای ناوچەکە و بارینی بەفرێکی زۆر، هێزەکانی پێشمەرگە کشانەوە، چونکە سوپای عێراق بە مەبەستی هێرشکردن لە دیانا ئامادەکاری کردبوو[1].

لە مانگەکانی (ئابی ١٩٨٠ تا ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٨٣)، پێشمەرگەکانی (پ.د.ک) لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، چەندین چالاکی جۆراو جۆریان دژی حکومەتی عێراق ئەنجام داوە، بەم شێوەیە بووە

خشتەی ژمارە ٢ چالاکییە چەکدارییەکانی (پ.د.ک) دژی هێزەکانی عێراق (١٩٨٠-١٩٨٣)

| بەرواری چالاکی | چالاکی | کوژراو | | بریندار | | دیل | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سوپا | پێشمەرگە | سوپا | پێشمەرگە | سوپا | پێشمەرگە |
| ئاب و ئەیلوولی ١٩٨٠[2] | ٦٥ | ٣٥٨ | ١٠ | ١٠١ | ٦ | | --- |
| تشرینی یەکەمی ١٩٨٠ تا کانوونی یەکەمی ١٩٨٠[3] | ٧٧ | ١٢١٠ | ٢٧ | --- | ٣٥ | ١٠ | --- |
| کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٨١[4] | ٤٩ | ٢٨٠ | ٦ | | ٥ | --- | ٢ |

(١) معركـة حاجـي عمـران البطوليـة، جريـدة اخبـار كردسـتان، ع(٩)، كانـون الاول ١٩٨٠، ص ص١٢-١٤؛ ئێسـتگەی دەنگـی کوردسـتان، بـەراتی نەجـات بـە خوێـن سـورە، ١٩٨٠/١١/٢٣؛ مسـعود بـارزانی، بـارزانی و...، بەرگـی چـوارەم، بـەشی دووەم، ل٥٤-٥٧.

(٢) العمليـات التـي نفذتهـا فصائـل بيشـمركة حزبنـا الديمقراطـي الكردسـتاني خلال شـهر اب، جريـدة اخبار كردسـتان، ع(٧)، ايلـول ١٩٨٠، ص٧و١٧؛ عمليـات الفدائيـة التـى نفـذت خلال شـهر ايلـول _ احصائيـة عامـة، جريـده اخبـار كردسـتان، ع(٨)، تشريـن الاول ١٩٨٠، ص ص١٥،٤.

(٣) ئێسـتگەی دەنگـی کوردسـتان ڕاپـۆرت، خولاسـەی چالاکـی یـەکانی لەشـکری شـۆڕش گێڕی کوردسـتان لە چـوار مانگی دوایـی ساڵی ١٩٨٠، ١٩٨٠/١٢/٢٨.

(٤) احصائيـة بعمليـات البيشـمركة خلال شـهر كانـون الثـاني و شـباط، جريـدة اخبـار كردسـتان، ع(١٣)، ١٨ آذار ١٩٨١، ص١-٢؛ بژی لەشـکری شۆڕشـکێڕی کوردسـتان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٤٦)، شـوباتی ١٩٨١، ل١و٤.

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاداری ١٩٨١ تا ئەیلوولی ١٩٨١[1] | ٢٣٨ | ١,٢٥١ | ٤٨ | --- | --- | --- | --- |
| تەمووزی ١٩٨١ تا تشرینی یەکەمی ١٩٨١[2] | ١٩٢ | ٧٣٧ | ٤٨ | --- | ٤١ | -- | --- |
| ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٢ تا ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٨٣[3] | ٦٠٨ | ٢,١٢٢ | ١٠٧ | ٩٩٢ | ٨٨ | ١١٤ | --- |
| کۆی گشتی | ١٢٢٩ | ٥٩٥٨ | ٢٣٦ | ١٠٩٣ | ١٧٥ | ١٢٤ | ٢ |

سەرەڕای بوونی زیانی ماددیی لە سوپای عێراق و لەناوچوونی چەندین زرێپۆش و دەست بەسەرداگرتنی چەندین چەک و کەلوپەلی سەربازیی، لەم قۆناغەشدا ئەوەی جێی سەرنجە، زیانەکانی پێشمەرگە بەراورد بە زیانەکانی سوپای عێراق زۆر کەمترن، ئەوەش لەبەر ئەوە بوو کە چالاکییەکان زیاتر پارتیزانی بووە، هەروەها بەشێکی زۆری سوپای عێراق تەرخان کرابوو بۆ جەنگی عێراق- ئێران، ئەوەی هەبوو سوپای میللی و مەفرەزە تایبەتەکان بوون، ئەوانیش نەیاندەتوانی بەرانبەر پێشمەرگە خۆیان ڕابگرن، ئەمەش دەرفەتێکی باش بووە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، کە چالاکییەکانیان زیاد بکەن و بە کەمترین زیان لە شەڕەکان دەرباز بن[4].

لە درێژەی چالاکییە لەشکرییەکانی (پ.د.ک) زۆرجار ژمارەیەک ئەندازیار و پسپۆڕی بیانی کەوتوونەتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە، ئەمەش سوودی لێ بینراوە لەپێناو ناساندنی دۆزی کورد بە دەرەوە، هاوکات هەوڵدانێک بوو بۆ دروست کردنی جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە لایەکی دیکەوە وەکو گوشارێک لەسەر حکومەتی عێراق بۆ بەردانی گیراوە سیاسییەکان[5]. لە لایەکی دیکەوە بەشێک لەو پسپۆڕە بیانییانە خزمەتی دامودەزگاکانی حکومەتی

(١) جريدة اخبار كردستان، ع(١٤)، ١٢ نيسان ١٩٨١، ص ص٢-٨؛ احصائية للفعليات العسكرية للجيش للثوري الكردستاني، جريدة اخبار كردستان، ع(٣٠)، ١٩٨١/٩/٢١، ص٢-٣؛ چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٤٧)، ئەیلولی ١٩٨١، ل٣.

(٢) ئێستگەی دەنگی کوردستان، سەرژمێرێک دەربارەی چالاکی پێشمەرگەکانمان لە کۆتایی گەلاوێژەوە تا کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٨١، ١٩٨١/١١/١٩.

(٣) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٤٨)، ٢ اب١٩٨٣، ل٣؛ جريدة اخبار كردستان، ع(٥٠)، ١٩٨٢/١/٢٤، ص٣-٤؛ جريدة اخبار كردستان، ع(٧٩)، ٥ ايار ١٩٨٢، ص٢.

(٤) دیدار لەگەڵ تاهیر عەلی مەحموود، پیرمام، ٢٠٢٢/٢/١٣.

(٥) کاروان جەوهەر محمد و بارزان محمد علی، دیاردەی بارمتە گرتن لە لایەن پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان ١٩٨٠-١٩٨٨ (پ.د.ک) (ی.ن.ک) (پاسۆک) بە نموونە، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژ(٣)، هەولێر، ٢٠٢١، ل٤٤

عێراقیان كردووە، بۆ نموونە لە (ئایاری ١٩٨١) چەند ئەندازیارێكی میسری لە لایەن پێشمەرگەكانی (پ.د.ك) بە بارمتە گیراون، بەڵام دواتر بێ هیچ مەرجێک ئازاد كراون[١].

حكومەتی عێراق لە هەوڵی بەردەوامدا بوو بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ چالاكییەكانی پێشمەرگە دابنێت و لە ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دووربخاتەوە و گەمارۆیان بدات[٢]، بۆ ئەم مەبەستە حكومەتی عێراق لەگەڵ توركیا لەسەر هەماهەنگی و ڕووبەڕوو بوونەوەی پێشمەرگە ڕێككەوتن[٣]، هەربۆیە لە (٢٦ی ئایاری ١٩٨٣)، هێزێكی توركیا هێرشی بۆ سەر ناوچەكانی باشووری كوردستان و سنووری لقی یەكی (پ.د.ك) ئەنجام دا[٤]، هێزەكانی (پ.د.ك) ڕووبەڕووی هێزە توركییەكە بوونەوە[٥]، سوپای عێراق پاڵپشتی توركیای كرد و بە هەلیكۆپتەر بۆردومانی هێزەكانی پێشمەرگەی كردووە[٦]، لەم هێرشەدا زیانی مرۆیی و ماددی بە ناوچەكە گەیشت، توركیا ڕایگەیاندبوو لەم هێرشەدا ژمارەیەكی زۆر لە هێزەكانی پێشمەرگەی بەدیلگرتووە[٧]، بەڵام مەسعود بارزانی بۆ ڕۆژنامەی (سەفیر) قسەی كردووە گوتوویەتی: «ئامانجی هێرشی توركیا لێدانی بنكە و بارەگای پارتییە لە ناوچەكانی بادینان، كە ڕزگارمان كردووە، كەس لە ئێمە نەگیراوە»[٨]. هەڵكشانی چالاكییەكان وایكرد حكومەتی عێراق بۆ كردنەوەی بەرەیەكی شەڕ بەرانبەر پێشمەرگە لەگەڵ حكومەتی توركیا لە (٦ی تشرینی یەكەمی ١٩٨٤) ڕێكبكەوێت[٩]، هەربۆیە (پ.د.ك) لە بانگەوازێكی بۆ ڕای گشتیی جیهانی ڕایگەیاندبوو: حكومەتی عێراق و توركیا ڕێككەوتوون بۆ هەماهەنگی و لێدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردی، پەرلەمانی توركیا لە (١٧ی تشرینی

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ناوی ئەندازیارەكان، بڕوانە: حزبنا يطلق سراح ٣ مهندسين مصريين بدون قيد او شرط، جريدة اخبار كردستان، ع(١٦)، ٢ آيار ١٩٨١، ص٢-٣.

(٢) شورش بزرگ در كردستان عراق، اطلاعات، شماره (١٦٣١٥)، ٢٩ اذر ١٣٥٩، ص١٢.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشكۆی ژمارە ٢٣).

(٤) حزب العمل الاشتراكي العربي – العراق، حول الغزو التركي للاراضي العراقية، اوائل حزيران ١٩٨٣؛ ئێستگەی دەنگی كوردستان، هێرشی توركیا بۆ سەر خاكمان بەشێكە لە نەخشەیەكی بەربڵاوی ئیمپریالیزم، حوزیرانی ١٩٨٣.

(٥) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ تاهیر ئەحمەد محەمەد ئیبراهیم، دهۆک ٢٠٢٢/٦/١٣.

(٦) تركية بر عليه كردها عمليات نظامى انجام ميدهد، اطلاعات، شماره (١٧٦٥٥)، ١٣٦٤، ص٢٠.

(٧) دەیڤد ماكداوڵ، س.پ، ل٥٤٣.

(٨) ڕۆژنامەگەری جیهانی هێرشی توركیا بۆ سەر خاكی كوردستانی عێراق، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٤٨)، ئابی ١٩٨٣، ل٧و٩.

(٩) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في تركيا، ط١، مكتبة مدبولي، قاهيرة، ٢٠٠٢، ص٣٨٦.

یەکەمی ١٩٨٤) پلانی دەستتێوەردانی سوپای تورکیا لە کاروباری ناوخۆی عێراق و هێرشکردنە سەر پێشمەرگەی پەسەند کرد[١]، لە (١٩-٢٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٤) فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا سنووری باشووری کوردستانیان بەزاند و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەیان بۆردومان کرد، هەروەها سوپای عێراق بەردەوام بوون لە بۆردومان کردنی هێزی پێشمەرگە[٢]. بەڵام هێزەکانی تورکیا نەیانتوانی ئامانجەکانیان بپێکن لە دەست بەسەرداگرتنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بۆیە پاشەکشەیان کرد[٣]. هەرچەندە ئەو هێرشانەی تورکیا بە پشتیوانی حکومەتی عێراق بۆ سنووردارکردنی چالاکییەکانی پێشمەرگە بوو[٤]، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوام بوون لە چالاکییەکانیان، بەپێی ئامارێک چالاکی لەشکری (پ.د.ک) لە (٢٣ی حوزەیرانی ١٩٨٣ تا ١ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٥)، بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

خشتەی ژمارە ٣ چالاکییە چەکدارییەکانی (پ.د.ک) دژی هێزەکانی عێراق (١٩٨٣-١٩٨٥)

| بەرواری چالاکی | چالاکی | کوژراو | | بریندار | | دیل | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سوپا | پێشمەرگە | سوپا | پێشمەرگە | سوپا | پێشمەرگە |
| ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٨٣ تا ١ی کانوونی دووەمی ١٩٨٤[٥] | ٢٣٣ | ٦٨٣ | ١١٩ | ٤٤٥ | ٥٣ | ٦٥ | --- |
| ١ی کانوونی دووەمی ١٩٨٤ تا ٢٩ شوباتی ١٩٨٤[٦] | ٧٨ | ٢٤٤ | ١٢ | ١٢٢ | ١٣ | --- | --- |
| ١ی ئاداری ١٩٨٤ تا ١ی ئایاری ١٩٨٤[٧] | ١٣٠ | ٢٨١ | ٧ | ١١٤ | ٢٢ | --- | --- |

(١) م.س، ح.د.ك، نداء الى الرأي العام العالمي، ١٩٨٤/١٠/١٧.
(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٢٤).
(٣) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ تاهیر ئەحمەد محەمەد ئیبراهیم، دهۆک، ٢٠٢٢/٦/١٣.
(٤) نیروهای ترکیه و عراق برای حمله مشترک به چریکهای کرد رمرز متمرکز شدند، ازادگان، شماره (١٥٣٩)، ٦ خرداد ١٣٦٤، ص١٦.
(٥) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٤٩)، کانوونی دووەمی ١٩٨٤، ل٣.
(٦) فعليات الجيش الثوري الكردستاني، جريدة خەبات النضال، ع(٥٥٠)، شباط ١٩٨٤، ص٤.
(٧) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٥١) کۆتایی نیسان ١٩٨٤ ل٣.

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ی ئایاری ١٩٨٤ تا تشرینی یەکەمی ١٩٨٤[(١)] | ٢٨١ | ٦٧٣ | ٣٥ | ٦٤٩ | ٣١ | --- | --- |
| تشرینی یەکەی ١٩٨٤ تا کانوونی یەکەمی ١٩٨٤[(٢)] | ١٤٠ | ٢٩٤ | ٦ | ١٩٨ | ١٦ | ٢١ | |
| کانــوونی دووەم و تــا شــوباتی ١٩٨٥[(٣)] | ٥٦ | ١١٢ | ٤ | ٨٩ | --- | ٣ | |
| ئادار و نیسانی ١٩٨٥[(٤)] | ١٠٤ | ١٥٧ | ٦ | ١٧٤ | --- | ٢٦ | |
| تەواوای ساڵی ١٩٨٥[(٥)] | ٤١٣ | ٧٦٠ | ٦٥ | ٦٤٥ | ٧٩ | ٩٨ | --- |
| کۆی گشتی | ١٤٣٥ | ٣,٢٠٤ | ٢٥٤ | ٢,٤٣٦ | ٢١٤ | ٢١٣ | |

پاڵپشت بەو خشتەیە چالاکییەکانی پێشمەرگە لە هەڵکشاندا بووە، ئەمەش بە هۆی توندبوونی جەنگی عێراق-ئێران، هەروەها سەرکەوتنەکانی ئێران لە بەرەکانی جەنگ، وایکرد هێزەکانی پێشمەرگە ئەو دۆخە بقۆزنەوە بۆ زیادکردنی چالاکییەکان، جۆری چالاکییەکانیش بریتی بووە لە: بۆسە دانان بۆ کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی سوپای عێراق، هەروەها لێدانی بنکە و بارەگاکانی سوپای عێراق، لە ئەنجامی ئەو چالاکییانە سوپای عێراق زیانێکی گیانی و ماددی زۆری بەرکەوتووە، ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێل و کەرەستەی سەربازیی لەدەست داوە.

لە ساڵی (١٩٨٦) ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە فراوان بوو، کە بەناوچەی (ئازادکراو) ناسراوە، بەتایبەت ناوچەکانی دەرەوەی شارەکان لە ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەدا بوو[(٦)]، بەتایبەت ناوچەکانی سنووری تورکیا و عێراق کە بۆڕی نەوتی عێراقی پێدا تێدەپەڕی، ئەمەش مەترسی بوو بۆ سەر بەرژەوەندییە ئابورییەکانی عێراق و تورکیا[(٧)]، هەربۆیە حکومەتی عێراق لە

(١) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٥٢)، ١٩٨٤/١١/٢١، ل٣.

(٢) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٥٣)، ١٩٨٤/١١/٢١، ل٣.

(٣) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٥٤-٥٥٥)، کانوونی دووەم وشوباتی ١٩٨٥، ل٣.

(٤) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات ژ(٥٥٦-٥٥٧) مارت و نیسانی ١٩٨٥، ل٣.

(٥) ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٥٨-٥٥٩)، کانوونی دووەمی ١٩٨٦، ل٣.

(٦) اطلاعات، شماره (١٧٨٩٤)، ٨ خرداد ١٣٦٥، ص٢٠.

(٧) پیشمرگان کرد عراق در مناسبترین شرایط برای قطع جاده نفتی عراق به ترکیه هستند، رسالت، شماره (١٠٩)، ٥ خرداد ١٣٦٥، ص٨؛ رزمندگان کرد عراقی جاده ارتباطی عراق- ترکیه را قطع کردند، اطلاعات، شماره (١٧٧٨٥)، دی ماه ١٣٦٤، ص٢٠.

(٢٧ی نیسانی ١٩٨٦) هێزێکی نزیکەی (١٠) هەزار سەربازیی بە پشتیوانی فڕۆکەی جەنگی و مووشەکی قورس و تۆپخانە هێرشی کردە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ک)[١]، بەتایبەت لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان تورکیا و عێراق، مەبەستی حکومەت لەو هێرشە بریتی بوو لە گرتنی ناوچە ستراتیژییەکان و دابڕینی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە، بەڵام لەلایەن هێزەکانی (پ.د.ک) بەرپەرچی هێرشەکە درایەوە، بووە هۆی کوژران و بریندار بوونی نزیکەی (١٢٠) سەرباز، بە دیل گیرانی (٢٠) ی دیکە، هەروەها زیانی هێزەکانی پێشمەرگە (١٠) شەهید بوو[٢]. لە (سەرەتای ئایاری ١٩٨٦) حکومەتی عێراق ئۆپراسیۆنێکی سەربازیی بۆ ناوچەکانی بادینان ئەنجام دا، بۆ ئەوەی ناوچەکان لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەکانی (پ.د.ک) دابڕێت[٣]. حکومەتی عێراق نەیتوانی سنوورێک بۆ فراوانبوونی چالاکیی پێشمەرگە دابنێت، تەنانەت ستراتیژییەتی شەڕی پێشمەرگە لە (١٩٨٦) گۆڕانی بەسەردا هات، لە شەڕی پارتیزانی و نانەوەی بۆسە گۆڕا بۆ شەڕی دەست بە سەرداگرتنی شارۆچکە و گوندەکان[٤]. بۆ نموونە لە (١٤ی ئایاری ١٩٨٦) پێشمەرگەکانی (پ.د.ک) هێرشیان کردە سەر ناحیەی مانگیش، توانیان بۆ ماوەیەک دەست بەسەر ناحیەکەدا بگرن، سوپا زیانێکی زۆری بەرکەوت، کە بە کوژرانی (١٠٠) سەرباز و ئەفسەری پلەدار و بەدیلگیرانی (٤٠)ی دیکەیان کۆتایی هاتووە. ئەم کردەیە لە ڕاگەیاندنە جیهانییەکاندا دەنگدانەوەیەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. سوپای عێراق دوای شکستەکەی هەوڵی بۆردومان کردنی ناوچەکەی داوە، بۆیە هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ڕاگرتنی بۆردومان ناوچەکەیان چۆڵ کردووە[٥]. حکومەتی عێراق دوای ئەوەی بێ ئومێد بوو لە گەڕانەوەی دەسەڵاتی بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، جارێکی دیکە بە ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیا لە (١٥-١٦ی ئابی ١٩٨٦) فڕۆکەکانی تورکیا بۆردومانی باشووری کوردستانیان کردەوە و زیانی ماددی بە ناوچەکە گەیاند[٦]، بەڵام ئەمە نەبووە ڕێگر لە بەردەم کەمبوونەوەی چالاکییەکان.

---

(١) حملە مجد دارتش ترکیە بە مواضع اکراد در شمال عراق، اطلاعات، شماره (١٧٩٦٣)، شنبە اول شهر بورماه ١٣٦٥، ص١٦.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٢٥).

(٣) ئێدگار ئۆ باڵانس، س.پ، ل٣٢٠.

(٤) دیدار لەگەڵ حەمید ئەفەندی، هەولێر، ٢٠٢٢/٥/١١.

(٥) بۆچی مانگیش مان چۆڵکرد، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٦٢-٥٦٣)، نیسان و ئایاری ١٩٨٦، ل٨؛ مانگیش في قبضة الثوار، جريدة اخبار كردستان، ع(١٤٥)، حزيران ١٩٨٦، ص١ و ٥.

(٦) مسعود البارزاني، تصريح صحفي، ١٩٨٦/٨/١٦.

دوای ئاشتبوونەوەی گشتی (پ.دک) و (ی.ن.ك) لە ساڵی (١٩٨٦) بەپێی ڕێککەوتنی نێوانیان ڕێگایان بە هێزەکانی یەکتری دەدا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتری چالاکی دژی حکومەتی عێراق ئەنجام بدەن[١]. بە تایبەتی لە (١٩٨٧) بە ساڵێکی پڕ لە جموجۆڵی چەکداریی دادەنرێت، دوای ئەوەی عەلی حەسەن مەجید (١٩٤١-٢٠١٠)، لە (٢٩ی ئاداری ١٩٨٧) بوو بە بەرپرسی نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور. ناوبراو هەوڵەکانی چڕ کردەوە بۆ لەناوبردنی بزاڤی چەکداری کورد[٢]. هەرچەندە ڕێکارەکانی عەلی حەسەن مەجید بەرانبەر پێشمەرگە توند بوو، بەڵام نەبووە هۆی وەستاندنی چالاکییەکانی پێشمەرگە، بۆ نموونە لە (٢٧-٢٨ی تەمووزی ١٩٨٧) پێشمەرگەکانی لقی (٣، ٤)ی (پ.د.ک) توانیان دەست بەسەر فەوجی (باسەڕە) لە ڕێگای چەمچەماڵ- سەنگاو و (٩) ڕەبیەی دەوروبەریدا بگرن، ئەو چالاکییەدا بووە هۆی کوژرانی (١٥٠) سەرباز و ئەفسەری عێراقی، بەدیل گیرانی (٧٠) سەرباز، زیانەکانی پێشمەرگە (٤) شەهید و (٧) بریندار بووە[٣]. لە درێژەی چالاکییەکانی لەشکری (پ.د.ک) لە (١٣-١٤ی ئەیلوولی ١٩٨٧) پێشمەرگەکانی لقی یەکی (پ.د.ک) لە سێ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر فەوجەکانی سوپای عێراق و ڕەبییەکانی دەوروبەری لە کانی ماسی، کە بووە هۆی گیرانی (٥) فەوجی سوپا و (٧٠) ڕەبییەی دەوروبەری بە درێژایی (٣٠)کم، هەروەها کانی ماسی و بیگۆڤیا گیران[٤]، ئەمە وێڕای هەبوونی زیانێکی زۆر لە هێزەکانی سوپای عێراق کە کوژرانی (٥٠٠) سەرباز و بەدیل گیرانی (٦٠٠) سەرباز و جاش بووە[٥]، لە هێزەکانی پێشمەرگەش (٧) شەهید و (٢) بەرگری میللی هەبوون، دوابەدوای سەرکەوتنی پێشمەرگە لە شەڕی کانی ماسی مەسعودبارزانی بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی گشت پێشمەرگەکان کردووە[٦]. گرتنی کانی ماسی لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە گرنگ بوو، چونکە بۆڕی نەوتی هەناردەکردن بۆ تورکیا بە ناوچەکەدا تێپەڕ دەبوو، مەترسی دروست کردبوو لەسەر

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە :نەوشیروان مستەفا، خولانەوە...، ل١١٥-١١٨؛ جريدة اخبار كردستان، ع(١٥١)، كانون الاول ١٩٨٦، ص٤؛ جريدة اخبار كردستان، ع(١٥٢)، كانون الثاني ١٩٨٧، ص١و١٠.

(٢) عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی...، ل٤٢٧.

(٣) دیدار لەگەڵ تاهیر عەلی مەحموود، پیرمام، ٢٠٢٢/٢/١٣؛ جريدة اخبار كردستان، ع(١٥٩)، تموز ١٩٨٧، ص١.

(٤) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ تاهیر ئەحمەد محەمەد ئیبراهیم، دهۆک، ٢٠٢٢/٦/١٣.

(٥) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: كاني ماسي في قبضة الثورة طوال اسبوع، جريدة اخبار كردستان، ع(١٦٣)، ايلول ١٩٨٧، ص١و١١.

(٦) مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ل٧١-٧٣.

هەناردەکردنی نەوت، بۆیە حکومەت هێرشی پێچەوانەی دەست پێکرد، دواتر هێزەکانی (پ.د.ک) لە ناوچەکە کشانەوە[١]. بەم جۆرە چالاکییەکان (١٩٨٧) لە هەڵکشاندا بووە، هەربۆیە حکومەتی عێراق ستراتیژیەتی شەڕی بەرانبەر پێشمەرگە گۆڕی، تەنانەت چەکی قەدەغەکراوی بەکارهێنا[٢]، بەڵام پێشمەرگەکانی (پ.د.ک) لە چالاکییەکانیان نەوەستان، بۆ نموونە: لە (١٠-١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٨٨)، پێشمەرگەکانی لقی سێی (پ.د.ک)، لە ماوەیەکی کەمدا توانیان دەست بەسەر بارەگای فەوجی (مەندیلە)ی نزیک چەمچەماڵ و (٧) ڕەبیەی دەوروبەریدا بگرن[٣]، لەم شەڕەدا نزیکەی (١٤٠)، سەرباز و جاش کوژران، (٥٢) کەس بە دیل گیران، هەروەها هێزەکانی پێشمەرگە (٥) شەهیدیان هەبوو[٤].

زیادبوونی چالاکییەکانی پێشمەرگە و کۆنترۆڵکردنی چەندین شارۆچکە و گوند، تەنانەت پێشمەرگە پلانی کۆنترۆڵکردنی شارە گەورەکانیشی هەبوو، بۆیە حکومەت پلانی کۆتایی هێنان دوورخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی دانابوو، بۆ ئەم مەبەستە لە (١٩ تەمووز تا ٥ی ئەیلوولی ١٩٨٨) هێرشێکی فراوانی کردە سەر باشووری کوردستان و بەتایبەتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ک)، لە ناوچەکانی سیدەکان، مێرگەسۆر و خواکوڕک[٥]. هێزەکانی بارەگای سەرکردایەتیی شۆڕش و لقەکانی (١، ٢، ٣، ٤) دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی (حشع) لەو شەڕەدا بەشداربوون. هەروەها لە سوپای عێراق فەیلەقی (١)، فەیلەقی (٥) و زیاتر لە (٣٠) فەوجی جاش، کەتیبەی تۆپخانە، کەتیبەی تانک، چەند سریەیەکی هەلیکۆپتەر و فڕۆکەی جەنگی بەشداربوون[٦]، ئەو شەڕە نزیکەی دوو مانگی خایاند، لەو ماوەیەدا سوپای عێراق چەندین هێرشی کردووەتە سەر پێگەکانی پێشمەرگە، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە توانیویانە خۆڕاگربن لەبەردەم هێرشەکانی

(١) ئێدگار ئۆ باڵانس، س.پ، ل٣٢٥.

(٢) دیدار لەگەڵ عومەر عوسمان، پیرمام، ٢٠٢٢/٩/٢٦.

(٣) دیدار لەگەڵ سەعدوڵڵا حەبیب مەحموود، هەولێر، ٢٠٢٢/٦/٢٣. ناسراو بە بێکەس لە (١٩٦٨) لە دایکبووە، لە (١٩٨٤) بووەتە پێشمەرگە لە لێژنەی ناوچەی کەرکووک، ناوبراو بەشداربووە لە شەڕی مەندیلە، ئێستا کارگێڕی لێژنەی ناوچەی کەرکوکە

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: چالاکی مەندیلە، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٧٥)، کانوونی دووەمی ١٩٨٨، ل١٧.

(٥) دیدار لەگەڵ عومەر عوسمان، پیرمام، ٢٠٢٢/٩/٢٦.

(٦) خواکوڕک داستانی قارەمانان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٨٣)، سەرەتای ئەیلولی ١٩٨٨، ل٥ و١٣.

سوپای عێراق[١] و هەموو هێرشەکان تێکبشکێنن، عەلی عوسمان بەشداربوویەکی شەڕەکە دەڵێت: «داستانی خواکوڕک بە چەند قۆناغێک دەستی پێکرد... شەڕێکی قورس و نابەرامبەر بوو، ئێمە بە هاوەن لە سوپای عێراقمان دەدا، هەندێک جاریش پیادە بووین و لە نزیکەوە لەگەڵ سوپای عێراق دەجەنگاین»[٢]. بە هۆی سەرمایەکی زۆر و نەبوونی پێداویستی خواردن و نا بەرانبەری هێزەکان، لە (٥ی ئەیلوولی ١٩٨٨)دا، بە فەرمانی مەسعودبارزانی هێزەکانی پێشمەرگە بڕیاری کشانەوەیان دا[٣]. لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا، سوپا لە ڕووی ماددی و مرۆییەوە زیانێکی زۆری بەرکەوت، کە ژمارەی کوژراو و برینداەکانی سوپای عێراق گەیشتە نزیکەی هەزار سەرباز، لەناو کوژراوەکانیشدا چەندین ئەفسەر و پلەدار هەبوون، وێڕای بە دیل گیرانی ژمارەیەکی زۆری دیکەیان[٤]. لە بەرانبەردا، (٢٨) شەهید (١٠٤) بریندار لەنێو هێزەکانی پێشمەرگەدا هەبوو[٥]. سەبارەت بە شەڕی خواکوڕک مەسعود بارزانی دەڵێت: «لە خواکوڕک پێشمەرگە ئەرکی پیرۆزی خۆی بەجێگەیاند ئەفسانەی هێزی ڕژێمی تێکشاند، ڕێی نەدا هێزەکانی ڕژێم بگەنە سێکوچکەی سنوور و ڕێی خەڵکەکە بگرن، ئەو خەڵکەی بە نیاز بوون بگەنە ئێران، هەموویان دەربازبوون و گورزێکی گەورە لە هێزەکانی ڕژێم درا. دوای هاتنی وەرزی زستانیش مانەوە لەو بەرزییانە ئەستەم بوو، بۆیە بڕیارماندا کۆتایی بە شەڕ بهێنین»[٦].

سەبارەت بە ئاماری شەڕو پێکدادانەکانی پێشمەرگەکانی (پ.د.ک) و سوپای عێراق لەخشتەی ژمارە (٤) خوارەوە دەخەینە ڕوو:

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: سەفەر کەریم هاواری، خواکورک سیمبولی داستانەکانی پێشمەرگە، هەولێر، ٢٠٢١، ل١٧ بەدواوە؛ خواكورك ملحمة في التاريخ الكردي، جريدة اخبار كردستان، ع(١٨٣)، ١٩٨٨/٨/١٥، ص١.

(٢) دیدار لەگەڵ عەلی عوسمان عومەر، پیرمام، ٢٠٢٢/٢/١٣. ناوبراو بە عەلی عوسمان مێرگەسۆری ناسراوە، لە (١٩٥٠) لە دایکبووە، لە (١٩٦٨) بووەتە پێشمەرگە، لە بارەگای بارزانی بەرپرسی تۆپخانە بووە، لە دوای نسکۆی (١٩٧٥) ئاوارەی ئێران بووە، لە (١٩٧٩) گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان، لە شەڕی خواکوڕک بەشدار بووە و بەرپرسی ڕێکخراوی برووسکی سەر بەهێزی بارزان بووە، ئێستا ئەندامی فەرماندەیی هێزەکانی خەباتە.

(٣) دیدار لەگەڵ مولازم یوونس ڕۆژبەیانی، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٢.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ل٢٤٣-٢٤٤.

(٥) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٢٦).

(٦) مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەر گی چوارەم، بەشی دووەم، ل٢٢٩.

خشتەی ژمارە ٤ چالاکییە چەکدارییەکانی (پ.د.ک) دژی هێزەکانی عێراق (١٩٨٦-١٩٨٨)

| بەرواری چالاکی | چالاکی | کوژراو | | بریندار | | دیل | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سوپا | پێشمەرگە | سوپا | پێشمەرگە | سوپا | پێشمەرگە |
| تەواوی ساڵی ١٩٨٦[1] | ٢٣٤ | ٧٦٦ | ٣٢ | ٥٨٥ | ٥ | ١٠٢ | --- |
| **تەواوی ساڵی ١٩٨٧**[2] | ٦٦٥ | ٢٤٧٥ | ١٢٠ | ٣٢٨١ | ٢٨٦ | ١٥٦٠ | --- |
| شوبات تاکو نیسانی ١٩٨٨[3] | ٨٦ | ٣٠٥ | ٣١ | ٢١٥ | --- | ٣٤٩ | --- |
| کۆی گشتی | ٩٨٥ | ٣٥٤٦ | ١٨٣ | ٤٠٨١ | ٢٩١ | ٢٠١١ | --- |

شیاوی باسە دوای ئاشتبوونەوەی گشتی، چالاکی پێشمەرگە لە ڕووی چەندیەتی و چۆنیەتییەوە گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هاتبوو، بووە هۆی زیادبوونی چالاکییە بەرەییەکان، بۆ نموونە: لە نێوان ساڵانی (١٩٨٦-١٩٨٧) بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کرد. ستراتیژییەتی شەڕی پێشمەرگە لە شەڕی پارتیزانی بچووک بۆ شەڕی بەرەیی گەورە گۆڕا، دەست بە سەر داگرتنی چەندین شار و ناحیە ڕاستی ئەم بۆ چوونە پشت ڕاست دەکاتەوە، ئەمەش گۆڕانێکی گەورە بوو لە ڕووی جۆری چالاکییەکان و دستکەوت و زیانەکان.

(١) عمليات الجيش الثوري الكردستاني، جريدة خەبات النضال، ع(٥٦٠-٥٦١)، لشهر شباط و اذار١٩٨٦، ص٣؛ چالاکی لەشکری شۆڕش گێڕان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٦٢-٥٦٣)، نیسان و ئایاری ١٩٨٦، ل٣؛ عمليات الجيش الثوري الكردستاني، جريدة خەبات النضال ع(٥٦٤-٥٦٥)، حزيران و تموز١٩٨٦، ص٣؛ چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٦٩)، کانوونی یەکەم ١٩٨٦، ل٣و١١.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: ئاماری چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٧٠)، حوزەیرانی ١٩٨٧، ل٣؛ ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٧٢-٥٧٣)، تشرینی دووەمی ١٩٨٧، ل٣؛ ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٧٤) کانوونی یەکەمی ١٩٨٧، ل٣؛ ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٧٥)، کانوونی دووەم، ١٩٨٨، ل٣.

(٣) چالاکییەکانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان، ژ(٥٧٦)، شوبات ١٩٨٨، ل٣؛جريدة اخبار كردستان، ع(١٧٢) شباط ١٩٨٨، ص٤؛ ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٧٧-٥٧٨)، ئادار و نیسانی ١٩٨٨، ل٣.

## باسی دووەم

### شەڕەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان (حسک):

دوای دەست پێکردنی گفتوگۆی (حسيك) و حکومەتی عێراق لە (٣٠ی ئەیلوولی ١٩٧٩)، دوای ماوەیەك لە دانیشتن و وتوویژ هەردوولا بەهیچ ئەنجامێك نەگەیشتن، چونکە حکومەت داوای لێکردبوون واز لە خەباتی چەکداری بهێنن، خۆیان بە دەستەوە بدەن و بگەڕێنەوە ژێر گرووپی حکومەت، بەڵێنی هیچ دەستکەوتێکی سیاسی پێنەدابوون[١]، دواجار (حسيك) لە بەیاننامەیەکدا لە (١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٨٠)، شەڕی چەکداریی دژی حکومەتی عێراق ڕاگەیاند[٢]. لەو چوارچێوەیەدا پێشمەرگەکانی حسیک لە ناوچە جیاجیاکانی باشووری کوردستان، کەوتنە چالاکیی چەکداری دژی سوپای عێراق، لە ساڵی (١٩٨٠) چەندین چالاکیی پارتیزانیان ئەنجام داوە و بۆسەیان لە ناوچەکانی هەولێر، سیدەکان، ڕانیە، قەڵادزێ، هیران و سەنگەسەر ناوەتەوە و زیانێکی زۆری مرۆیی و ماددییان بە سوپای عێراق گەیاندووە[٣]

شیاوی باسە پێشمەرگەکانی (حسیک) لە (١ی کانوونی دووەمی ١٩٨١)، لە ڕێگای نێوان سلێمانی و سەیدسادق، بۆسەیەکیان نایەوە کە بووە هۆی کوژرانی (٨) سەرباز و ئەفسەرێک[٤]. هەروەها لە (١٢ی کانوونی دووەمی ١٩٨١)، دەستەیەک پێشمەرگەی (حسیک) بە فەرماندەیی سەلیم کێشەکەیی(١٩٤٠-١٩٨١) لە گوندی گۆمەشین ڕووبەڕووی

(١) سەلام عەبدولکەریم، س.پ، ل٨٩.

(٢) فاتح رسول، صفحات...، ج٢، ص٣٠.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە (پاشکۆی ژمارە٢٧)؛ پێشمەرگە قارەمانەکانمان ئاگری نەورۆز لەسەر سەنگەسەر و موڵگەکانی دوژمنی ڕەگەز پەرستدا دەکەنەوە، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژ(٥)، ئاداری ١٩٨٠، ل١٨-١٩و٢٣.

(٤) محمد حاجی محمود، ڕۆژ ژمێری...، ب١، ل٣٩٠.

فەوجێکی جاش بوونەوە، دواتر پێشمەرگە لە گوندەکە کشانەوە[١]. بۆ ڕۆژی دواتر، پێشمەرگەکان گەڕانەوە بۆ هەمان گوند و پێکدادان لەگەڵ مەفرەزە تایبەتییەکانی حکومەت ڕوویدا، لە ئاکامدا سەلیم کێشکەیی شەهید دەبێت و (٥) پێشمەرگەش بریندار دەبن، لە کاتێکدا مەفرەزە تایبەتییەکە هیچ زیانێکی بەر نەکەوت[٢]. لە بروسکەیەکی نهێنیی دەزگا ئەمنییەکانیشدا هاتووە لە (٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩٨١) دەستەیەک پێشمەرگەی (حسیک) لەسەر ڕێگای کۆیە و ناحیەی شۆڕش بازگەیان داناوە، بۆ پشکنینی ئۆتۆمبێل، هەروەها کەسێکیان دەستگیر کردووە. لە بروسکەکەدا ئامادەباشی پۆلیس و زانینی ناسنامەی ڕفێنراوەکە و دەست نیشانکردنی شوێنی پێشمەرگەکان و ڕووبەڕووبوونەوەیان دووپات کراوەتەوە[٣].

لە کۆنگرەی یەکەمی (حسک)، لە (١٢-١٥ی ئایاری ١٩٨١) دەستی پێکردووە، جەخت لەسەر خەباتی چەکداریی و ڕووخاندنی حکومەتی عێراق و دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتمانی کراوەتەوە[٤]. لەم چوارچێوەیەشدا پێشمەرگەکانی (حسک) لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان چالاکییان دژی حکومەتی عێراق ئەنجام داوە، بۆ نموونە: لە (١١ی کانوونی دووەمی ١٩٨٢) دا، دەستەیەک پێشمەرگەی (حسک)، کە ژمارەیان (١٨) کەس بوونە، بە فەرماندەیی (بەکر حەمە) لە بناری چیای قەرەچووغ، دوو شارەزای فەرەنسی و سێ سەرباز بە بارمتە دەگرن[٥]، ئەو چالاکییە دەنگدانەوەی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا، سوپای عێراق وەک پەرچە کردارێک بۆ بەردانی شارەزاکان لە (٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٨٢) هێرشێکی فراوانی کردە سەر بەستی شەرغە و گوندەکانی دەوروبەری، سەرەتای شەڕەکە لە گوندی سێکانییان بووە، کە لەو کاتەدا (حشع) ڕووبەڕووی هێزەکانی حکومەت بوونەوە و ئەو شەڕە بە شەڕی (شارەزاکان-خەبیرەکان) ناسراوە[٦]. سوپای عێراق بە مەبەستی گەمارۆدانی

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٢٨).

(٢) شرطة اربيل، برقية سرية وفورية، رقم (أ/ ش.ش/ ٦٤٧)، ١٩٨١/١/١٥.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٢٩).

(٤) حیزبی سۆسیالیستی کوردستان، ڕاپۆرتی سیاسی، کۆنگرەی یەکەمی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، ١٩٨١ /٥/١٥.

(٥) دیدار لەگەڵ بەکر حەمە، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٣؛ ماكۆك غەفور دەروێش، س.پ، ل١٩٤؛ ئازاد کاکل، بیرەوەری ڕۆژە سەختەکانی پێشمەرگەیەک، ب١، هەولێر، ٢٠١٥، ل٤٣.

(٦) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٣٠).

پێشمەرگە، بە هەلیکۆپتەر هێزێکی زۆری لە ناوچەکە دابەزاند و بەرەی شەڕەکە فراوان بوو، پێشمەرگەکانی (حسک، حشع و ی.ن.ک)، ڕووبەڕوویان بوونەوە، ڕەفعەت عەبدوڵڵا پیرداود (ڕێباز) (١٩٥٢-١٩٩٤) فەرماندەیەکی (ی.ن.ک) بوو لە کتێبی قەندیل بەغدای هەژاند نووسیویەتی: «پێشتر تەنسیقمان نەکردبوو، هێزەکە پچڕ پچڕ بوو نەمانتوانی کۆنترۆڵی شەڕەکە بکەین»[١]. لەم شەڕەدا نزیکەی (١٣) پێشمەرگە کوژران کە زۆربەیان لە (حشع) بوون[٢]. دواتر حکومەت لە ڕێگای عەبدولڕەحمان قاسملوو (١٩٣٠-١٩٨٩)، داوای بەردانی پسپۆڕە فەڕەنسییەکانی کرد، لە بەرانبەر بەردانی دیلەکان (حسک)، داوای بەردانی کەسوکاری پێشمەرگەیان کرد، دوای بەردانی دیلەکان ژمارەیەک لە کەسوکاری پێشمەرگە، بڕێک پارە و چەند پارچە چەکێکیان بە سەرکردایەتیی (حسک) دا[٣]. لە ئامارێکدا سەبارەت بە چالاکیی پێشمەرگەکانی (حسک) لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان هاتووە کە لە (١ی تەمووزی ١٩٨٢ تا ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٨٢)، (١٠٨) چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجام داوە، لەو ئاکامەشدا زیانێکی زۆری مرۆیی و ماددیان لە حکومەتی عێراق داوە، کە ئەویش کوژرانی (١٥٤) سەرباز و جاش، (٧٨) بریندار، (٢٩) دیل بووە، زیانەکانی پێشمەرگە شەهیدبوونی (١٠) پێشمەرگە و برینداربوونی (١٦)ی دیکە بووە[٤]. هەروەها لە (ئاداری ١٩٨٣ تا ئەیلوولی ١٩٨٣) پێشمەرگەکانی (حسک)، (٢٧) چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجام داوە، بە تایبەت لە ناوچەکانی سەیدسادق، گردەنازێ، گۆمەلار، لامەرکەزی، سیروان، گردی چەقڵاوە و هەڵەبجە، زیانێکی زۆریان لە بنکە و بارەگاکانی سوپا و جاشەکانی سەر بە حکومەت دابوو[٥].

لە ساڵی (١٩٨٣)دا، چەندین ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لە نێوان (حسک) و سوپای عێراق ڕووی داوە، دیارترین چالاکییان شەڕی کانی بەردینە و قەڵبەزە لە (٢١ی نیسانی ١٩٨٣)[٦]، دوای ئەوەی هەر دوو لیوای (٩٠) و (٩٩) نزیکەی پێنج هەزار جاش لە شەڕی ئێران گەڕابوونەوە، هێرشیان کردە سەر پێشمەرگەکانی (حسک)، بەڵام هێرشەکە لە لایەن

(١) ڕێباز، س.پ، ل٢١٤.

(٢) هـ.س، ل٢١٤.

(٣) نامەی ئەلیکترۆنی مام غەفوور، سلێمانی،٢٠٢٢/٩/٢٠.

(٤) ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژ(١٠)، ساڵی دووەم، ئەیلولی ١٩٨٢، ل٣.

(٥) نوری حەمە عەلی، مێژووی تێکۆشانی پێشمەرگەیەک، چ٢، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٦، ل٩٨.

(٦) نوری حەمە عەلی، هـ.س، ل٩٣.

پێشـمەرگەکانی (حسـک) تێکشـکێنراوە، زیانێکـی زۆریـان لـە سـوپای عێـراق دا، کـە کوژرانـی (١٣٠) سـەرباز و (٦) جـاش، هەروەهـا بـە دیـل گیرانـی (٢٢) سـەرباز و (٢) جـاش بـوو. زیانەکانـی پێشـمەرگە لـەو شـەڕەدا (٥)شـەهید و (١٦) برینـدار بـوو[١].

دوای شـەڕی (قرناقـە و پشـت ئاشـان)[٢]، کاریگـەری کـردە سـەر چالاکییەکانـی (حسـک) لـە ناوچـە جیـا جیاکانـی باشـووری کوردسـتان، چونکـە پێشـمەرگەکانی (حسـک) و بـەرەی جـوود بـەرەو ناوچەکانـی قەندیـل و بارزان پاشەکشـەیان کـرد[٣]، بەڵام پێشـمەرگەکانی هەرێمی یەکـی شـارەزووری (حسـک)، لـە ناوچەکـە بوونیـان هەبـووە و چەندیـن چالاکیـان ئەنجـام داوە[٤]، بـەردەوام زیانیـان لـە سـوپای عێـراق داوە، بـۆ نموونـە لـە شـەڕی گونـدی شـیرەمەڕ لـە (٧ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٨٣)، سـوپای عێـراق بـە پشـتیوانیی هەلیکۆپتـەر و تۆپخانـە بۆردومانـی گونـدی شـیرەمەڕی کـردووە، کـە دەسـتەیەک پێشـمەرگەی (حسـک) و (پاسـۆک) لەنـاو گوندەکـە بـوون، شـەڕەکە لـە کاتژمێـر (٨)ی بەیانـی دەسـتی پێکـردووە و تـا (٦)ی ئێـوارە بـەردەوام بـووە، دوای بەرگرییەکـی زۆر لـە لایـەن پێشـمەرگەوە، هێرشـەکە تێکشـکێنراوە و سـوپا زیانێکـی زۆری بەرکەوتـووە، بۆیە کشـاوەتەوە. سـەرەڕای شـەهیدبوونی (٦) پێشـمەرگە و بەرکەوتنـی زیانێکـی زۆر بـە گوندەکە شـەڕەکە لـە بەرژەوەندیی پێشـمەرگە کۆتایی هاتـووە[٥]

حکومەتی عێراق هەوڵی داوە هێزەکانی (حسـک) لە ناوچەی شـارەزوور لاواز بکات، چونکە بوونـی هێـزی پێشـمەرگە لـەو ناوچانە مەترسـی بوو بـۆ حکومـەت، زۆرجـار کاروانی ئۆتۆمبێلی سـەربازیی لە ناوچەکە دەکەوتە بۆسـەی پێشـمەرگەکانی (حسک)[٦]. پێشـمەرگەکانی (حسک)

(١) محمد حاجی محمود، ڕۆژ ژمێری....، ب٢، ل١٠٣-١٠٦.

(٢) شـەڕی قرناقـە و پشـت ئاشـان: لـە (١ی ئایـاری ١٩٨٣)، هێزەکانـی (ی.ن.ك) لـە ژێـر دروشـمی (تۆڵـە بەسـەبرە بـەڵام بەزەبـرە) هێرشـی کـردە سـەر بارەگاکانـی (حشـع) و (حسـك) و (پاسـۆك) لـە قرناقـە و پشـت ئاشـان لـە نێـوان قـەڵادزێ و چیـای قەندیـل، لـە ئەنجامـدا هێزەکانـی (حشـع) و (حسـك) و (پاسۆك) دووچاری شکسـتێکی گـەورە بوونـەوە، (٦٤) کـەس لـە (حشـع) و (١٣) کـەس لـە (حسـك)، چەنـد کەسـێك لـە (پاسـۆك) دەیـان کەسـیش لـە (ی.ن.ك) کـوژران. دلاوەر محەمـەد سـدیق، س.پ، ل١٥٧.

(٣) حاتـەم عـوسمان گۆمەتاڵـی، بیرەوەرییـەکانی ژیـانی پێشـمەرگایەتیم، دەسـتنووس (لای دکتـۆر بورهـان حاتـەم گۆمەتاڵـی پارێـزراوە)، ل٤٣.

(٤) دیدار لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحموود، گوڵەخانە، ٢٠٢٢/٩/٢.

(٥) محمد حاجی محمود، ڕۆژ ژمێری....، ب٢، ل١٥٩-١٦٠.

(٦) هــ.س، ل٢٣٤.

بەردەوام گورزیان لە هێزەکانی حکومەت دەوەشاند، زۆرجار هێرشیان دەکردە سەر بنکە و بارەگاکانی سوپای عێراق. یەکێک لەو هێرشانەش لە (٥-٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٤) بوو، کە دەستەیەک لە پێشمەرگەی سەر بە هەرێمی چواری (حسک)، هێرشیان کردە سەر بنکەیەکی سەربازیی لەسەر ڕێگای سورداش- دۆکان، زیانێکی گەورەی مرۆیی و ماددیان لە بنکەکە دا. هەروەها لە (١١-١٢ تشرینی یەکەمی ١٩٨٤)، پێشمەرگەکانی (حسک) هێرشیان کردە سەر بنکەی سەربازییی کانی سارد و زیانێکی زۆریان لە بنکەکە دا، لە ئەنجامدا (٢) سەرباز کوژرا و (١)ی دیکە بریندار بوو، پێشمەرگە لەم دوو چالاکییەدا بێ زیان بوون[١].

جێگای سەرنجە حکومەتی عێراق لە زۆرینەی هێرشەکانی بۆ سەر پێشمەرگە، بەچاو ساغیی جاش ئەنجام دەدرا، لەم کارەیدا زیاتر مەبەستی بوو ڕق و کینە بخاتە نێوان بنەماڵەی پێشمەرگە و جاشەکان، بەوەش کۆمەڵگای کوردی بکات بە دوو بەشەوە[٢]. لەو سۆنگەیەوە لە (٨ی شوباتی ١٩٨٥) سوپای عێراق و فەوجی سووک (جاش) هێرشێکی کردە سەر گوندی ناو گردان، شەڕەکە لە کاتژمێر (٢)ی دوای نیوەڕۆ تا ئێوارە بەردەوام بوو، دوای ئەوەی سوپا نەیتوانی ئامانجەکەی بپێکێت، پاشەکشەی کرد و (١٢) جاش کوژران و (٢٥) جاشیش بریندار بوون، لە هێزەکانی پێشمەرگە (٩) بریندار هەبوو[٣]. ئاشتبوونەوەی گشتی و گەڕانەوەی پێشمەرگەکانی (حسک)، بۆ ناوچەکانی سلێمانی و هەولێر، کاریگەری هەبوو لەسەر زیادبوونی چالاکییەکان لە ڕووی چۆنیەتی و چەندییەتییەوە، بۆ نموونە لە (١٩-٢٠ی ئەیلوولی ١٩٨٦) پێشمەرگەکانی لقی سلێمانی هێرشیان کردە سەر ناحیەی قادرکەرەم، لە سەرەتای هێرشەکە دەستیان بەسەر بارەگای فەوجی (٧٨٥٢)دا گرت و دواتر هەڵیان کوتایە سەر بارەگایەکی حزبی بەعس و ڕەبیەکانی دەوروبەری، لەو هێرشەدا (٣٦) سەرباز و جاش کوژران، لە هێزەکانی پێشمەرگەش (٢) شەهید هەبوو[٤]. لە (٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦)، سوپای عێراق لە سێ قۆڵەوە هێرشێکی فراوانی کردە سەر کەندێناوە و بناری قەرەچوغ، پێشمەرگەکانی هەرێمی حەوتی قەرەچوغ و هێزی دێدەوان ڕووبەڕوویان بوونەوە و توانیان بەر بەو هێرشە بگرن، زیانێکی زۆر لە سوپا بدەن، کە بووە هۆی

(١) دوو چالاکی قارەمانانە، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژ(٢٧)، تشرینی دووەمی ١٩٨٤، ل٥.

(٢) میدڵ ئیست ووچ، س.پ، ل٨٩.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٣١).

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٢٠).

کوژرانی (٧٠) سەرباز و خستنەخوارەوەی هەلیکۆپتەرێک[١].

پێشمەرگەکانی (حسک) لە ساڵی (١٩٨٧)دا توانای چەکدارییان زیاتر هەڵکشابوو بۆ لێدانی بنکە و بارەگاکانی سوپای عێراق، هەربۆیە لە (١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٨٧) پێشمەرگەکانی هەرێمی حەوتی قەرەداخ و هەرێمی پێنجی شارەزوور بۆسەیەکیان لەسەر ڕێگای هەڵەبجە-سەید سادق دانایەوە، لە ئاکامدا کاروانێکی ئۆتۆمبێلی سوپای عێراق کەوتە ناو بۆسەکەوە، لە ئەنجامدا (٣٠) سەرباز کوژران و (٧)ی دیکەش بە دیل گیران[٢]. لە لایەکی دیکەوە، لە (٢٠-٢١ی حوزەیرانی ١٩٨٧) هێزێکی هاوبەشی سەر بە هەرێمەکانی سلێمانیی (حسک) لە سێ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر فەوجێکی (مغاویر)ی سەر بە فیرقەی (٢٧) لە گوندی بەرکەورگان و شقوبە لە قەزای پێنجوێن، هێزەکانی پێشمەرگە دەستیان بەسەر فەوجەکەدا گرت، زیانێکی زۆریان لە سوپادا، کە بووە هۆی کوژرانی (٧٠) سەرباز و بە دیل گرتنی (١٢)ی دیکە[٣]. لە (١٢ی تەمووزی ١٩٨٧) دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هەرێمی نۆی (حسک)، هێرشێکی لەناکاویان کردە سەر بنکەیەکی سوپای عێراق لەسەر ڕێگای گشتیی گومتان حافیز لە قەزای ڕەواندز لەو هێرشە لەناکاوەدا سەرباز و جاشەکان نەیانتوانی دەست بکەنەوە، هەربۆیە زیانێکی زۆریان بەر کەوت[٤]. هەروەها لە (٧ی ئابی ١٩٨٧) پێشمەرگەکانی هەرێمی (١، ٢، ٣)، هێرشیان کردە سەر بنکە و بارەگاکانی سوپای عێراق لە شاخی سورێن، لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا چەندین ناوچەیان دەست بەسەرداگرت و زیانێکی زۆریان لە سوپا دا، کە نزیکەی (٢٠) سەرباز کوژران[٥]. لە لایەکی دیکەوە لە (٢٠ی ئەیلوولی ١٩٨٧)، پێشمەرگەکانی هەرێمی (١٥)ی (حسک) بۆسەیەکیان لەسەر ڕێگای تەقتەق- کەرکووک نایەوە، بووە هۆی کوژرانی (٤) سەرباز[٦]. لە (١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٨٧) هێزێکی لقی سلێمانیی حسک، بە هاوبەشی پاسداری

---

(١) حسك، دەزگای ڕاگەیاندنی ناوەندی، بەلاغی عەسکەری، ژ(٨٤)، تشرینی یەکەمی ١٩٨٤.

(٢) الحزب الاشتراكي الكردستاني- العراق، الاعلام المركزي، بلاغ عسكري ع(٨٧)، شباط ١٩٨٧.

(٣) حسك، دەزگای ڕاگەیاندنی ناوەندی، بەلاغی عەسکەری ژ(٩٢)، تەمووزی ١٩٨٧.

(٤) هەرێمی نۆی شەهید ئەحمەد فەقێ ڕەش، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژ(٤٨)، ساڵی حەوتەم، ئابی ١٩٨٧، ل٦.

(٥) پێشمەرگەکانی لقی سلێمانی چەندین ڕەبییەی دوژمن دەگرن، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژ(٤٨)، ساڵی حەوتەم، ئابی ١٩٨٧، ل١و٧.

(٦) چالاکییەکانی پێشمەرگە، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژ(٥٠)، تشرینی یەکەم، ١٩٨٧، ل٦.

ئێرانـی، بۆردومانـی سـەربازگەی دەربەندیخانیـان کـرد، زیانێکـی زۆری مرۆیـی و ماددیـان لـە سـەربازگەکە دا[١]

لـە سـاڵی (١٩٨٨) حکومەتـی عێـراق هێرشـەکانی بـۆ سـەر پێشـمەرگە چـڕ کـردەوە، بـەڵام پێشـمەرگەکانی (حسـک) بـەردەوام بـوون لـە چالاکییـەکان، بـۆ نموونـە لـە (کانوونـی دووەم و شـوباتی ١٩٨٨) چەندیـن چالاکیـان لـە ناوچـە جیاجیاکانـی باشـووری کوردسـتان ئەنجـام داوە و زیانێکـی زۆریـان لـە هێـزە ئەمنییەکانـی حکومـەت داوە[٢]. لـە (٥ی کانوونـی دووەمـی ١٩٨٨) دەسـتەیەک پێشـمەرگەی هاوبەشـی لقـی سـلێمانی و کۆمیتـەی چەمچەمـاڵ کۆنترۆڵـی ڕێـگای چەمچەمـاڵ- قەرەهەنجیریـان کـرد، زیـاد لـە (٢٠٠) ئۆتۆمبێلیـان ڕاگرتبـوو، پشـکنینیان بـۆ دۆزینـەوەی کەسـانی سـەر بـە حکومـەت کـردووە، بـەڵام دواتـر لـە لایـەن سـوپاوە هێـرش کراوەتـە سـەریان، دوای چەنـد کاتژمێرێـک ڕووبەڕووبوونـەوە، هێرشـەکە لـە لایـەن هێزەکانـی پێشـمەرگە تێکشـکێنرا و بـووە هـۆی کوژرانـی (٤٠) ئەفسـەر و سـەرباز[٣]. لـە (٨ی ئابـی ١٩٨٨) هێزێکـی تایبـەت (قوة خاصة) هێرشـیان کردە سـەر شـاخی سـورێن، پێشـمەرگەکانی (حسـک) توانیان هێرشـەکە تێک بشـکێنن و بـووە هۆی کوژرانی (٥) سـەرباز و برینداربوونـی ژمارەیەکی دیکـە[٤]

دەتوانیـن بڵێیـن شـەڕەکانی پێشـمەرگە لـە مـاوەی جەنگـی عێـراق- ئێـران گۆڕانێکـی گـەورەی بـە خۆییـەوە بینیـوە، چەندیـن شـەڕی بەرەیـی و گەورەیـان ئەنجـام داوە، دەسـتیان بەسـەر چەندیـن ناوچـەدا گرتـووە، بـە ناوچـەی (ئازادکـراو) نـاسراون، بـۆ ماوەیەکـی زۆر لـە ژێـر دەسـەڵاتی هێزەکانـی پێشـمەرگەدا بوونـە، حکومەتـی عێـراق هەمیشـە لـە هەوڵـی گرتنـەوەی ئـەو ناوچانـەدا بـووە، بـەڵام لـە زۆربـەی هێرشـەکانی شکسـتی خـواردووە، بۆیـە دوای وەسـتانی شـەڕی عێـراق- ئێـران هێزەکانـی بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی پێشـمەرگە تەرخـان کـردووە، هێرشـەکان بـۆ سـەر بنکـە و بارەگاکانـی حزبـە کوردییـەکان دەسـت پێکـرد ووە. لـە

(١) محمـد حاجـی محمـود، ڕۆژ ژمێری پێشـمەرگەیەک بـاسی ڕووداوەکانی (٢٠) سـاڵی خەباتی شـۆڕشی نوێی گەلەکەمـان دەکات، ١٩٧٩-١٩٩٦، ب٣، چاپخانـەی تیشـک، سـلێمانی، ٢٠٠١، ل٦٧-٧٠؛ گۆڤاری سـورێن، ژ(٣١-٣٢-٣٣)، سـاڵی (٤)، ئـاب و ئەیلـول و تشرینی یەکەمـی ١٩٨٧، ل٣.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٣٢).

(٣) چالاکییەکانی پێشمەرگە، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژ(٥١-٥٢)، شوباتی ١٩٨٨، ل١٩.

(٤) چالاکییەکانی پێشمەرگە، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژ(٥٥)، ساڵی هەشتەم، ئابی ١٩٨٨، ل٥.

لایەکی دیکەوە حکومەتی عێراق لە هێرشەکانیدا چەکی کیمیایی بەکارهێناوە، هەرچەندە هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ماوەیەک توانییان بەرگری بکەن و خۆیان ڕابگرن، بەڵام دواتر لە ژێر گوشاردا بڕیاری کشانەوەیان بۆ ئەو دیو سنوورەکانی ئێران دا

# بەشی سێیەم

# پلان و ستراتیژی سیاسی و سەربازیی حکومەتی عێراق بەرامبەر خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان

(١٩٨٨-١٩٧٦)

# تەوەری یەکەم
# ڕاگواستن و تێکدانی گوندەکان و گەمارۆدانی هێزەکان

دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی(١٩٧٥) دەرفەتێکی لەبار ڕەخسا بۆ حکومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی پلانە ستراتیژییەکانی، بۆ ئەم مەبەستە کەوتە جێبەجێکردنی نەخشە و پلانەکانی[١]، سەددام حوسێن جێگری سەرۆک کۆماری عێراق لە ساڵی (١٩٧٥) ڕایگەیاند:«نیازی ڕاگواستنی کوردەکانی سەر سنووری ئێران و تورکیای هەیە»[٢]. سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی حکومەت پەلە بکات لە ڕاگواستنی ناوچە سنوورییەکان، لەبەرئەوەی ئەو ناوچانە لەبارن بۆ شەڕی پارتیزانی، هەربۆیە حکومەت ناچار دەبوو ڕێژەیەکی زۆر لە سوپاکەی تەرخان بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە، بۆیە لە دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی (١٩٧٥) بە قووڵایی (٣٠)کم گوندە سنوورییەکانی ئێران، تورکیا و سووریا چۆڵکردن[٣]

پاش سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی لە ساڵی (١٩٧٦)، حکومەتی عێراق بە بیانووی هاوکاریکردنی پێشمەرگە، لە ساڵی (١٩٧٧) گوندە سنوورییەکانی وێران کرد[٤]. ئەمەش وەک کاردانەوەیەک لە بەرانبەر زیادبوونی چالاکیی پێشمەرگە و حکومەت مەبەستی بوو دانیشتووانی ئەو گوندانە ناچار بکات دەست لە هاوکاریی پێشمەرگە هەڵگرن و

(١) چیا، ڕاگواستنی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژ(٢)، ساڵی (٢)، ١٩٩٣، ل١٨.
(٢) فەرید ئەسەسەرد، کوردستان و مەسەلەی ئەمنی قەومی، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١١٤.
(٣) دیدار لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحموود، گوڵەخانە، ٢٠٢٢/٩/٢.
(٤) ئەمین قادر مینە، س.پ، ل١٩٣و١٩٥.

هێـزی پێشـمەرگە بـۆ پشـتیوانی بمێنێتـەوە[١]. لـە لایەکـی دیکـەوە لـە ناوبـردنی سـەرچاوەی خۆراکـی و پێداویسـتییەکانی پێشـمەرگە، بـە تایبـەت لـە ناوچـە شـاخاوییەکان باشترین شـوێنی بەگژداچوونـەوەی هێزەکانـی حکومـەت بـوو، بـە لێکدانـەوەی حکومـەت تێکدانـی گونـدەکان و ڕاگواسـتنی دانیشـتووانەکەی خەباتـی چەکداریـی کـورد لاواز دەبێـت، لـە لایەکـی دیکـەوە ڕاگواسـتنی دانیشـتووانی گونـدە سـنوورییەکان و کۆکردنەوەیـان لـە ئـۆردوگا زۆرەملێـکان[٢]، بـۆ ئـەوەی لەژێـر سـایەی پێشـمەرگە دووریـان بخاتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئـۆردوگاکان لـە نزیـک شـارەکان بنیـات دەنـران، بـۆ ئـەوەی پێشـمەرگە نەتوانێـت ڕێکخسـتنیان لەنـاو دروسـت بـکات و چالاکیـی تێیانـدا ئەنجـام بـدات، هەروەهـا دەوری ئـۆردوگاکان بـە ڕەبیـە تەنرابـوو[٣]، بـۆ چاودێریکـردنی دانیشـتووانی نـاو ئـۆردوگاکان، پەروەردەکردنیـان لەسـەر ئایدیۆلۆژیـای بەعـس، هەروەهـا گۆڕینـی شـێوازی ژیانـی کۆمەڵـگای کوردی، بـۆ نموونە گواسـتنەوەی چیانیشـنەکان بۆ بیابانەکانـی عێـراق کـە ئاووهـەوا و تۆپۆگرافیـای جیـاوازە، هەروەهـا تێکدانی ژێرخانـی ئابووریی کوردسـتان[٤]، چونکـە خەڵکـی گوندەکان ئاشـنانەبوون بە کولتووری شارنشـینی، بە گواسـتنەوەی زۆرەملێی خەڵکی گوندنشـین، شـێوازێکی ژیانیان بەسـەردا دەسـەپێنرا، کە لەگەڵی ڕانەهاتبوون، بۆیـە کاریگـەری خراپـی لەسـەر دەروون و هەڵسـوکەوتیان هەبـووە[٥].

لـە سـاڵانی (١٩٧٧-١٩٧٨)دا حکومەتـی عێـراق بەپێـی خاڵەکانـی ڕێککەوتننامـەی جەزائیـر پشـتێنەی ئاسایشـی بـە درێژایـی سـنووری لەگـەڵ ئێـران، تورکیـا و سـووریا دروسـتکردووە، ئـەم پشـتێنەیە سـەرەتا (٥) کـم بـوو، دواتـر بـوو بـە (١٠) کـم، دواجـار بـووە بـە (٣٠) کـم[٦]. لـە ناحیـەی سـیروان قـەزای هەڵەبجـە درێـژ دەبێتـەوە تـا دەگاتـە زاخـۆ، ئـەو گوندانـەی کـە ڕاگـوازراون بریتـی بـوون لـە: هەڵەبجـە، پێنجوێـن، شـارباژێڕ و پشـدەر لـە پارێـزگای سـلێمانی، قەزاکانـی چۆمـان و زێبـار، لـە پارێـزگای هەولێـر، قەزاکانـی ئامێـدی و زاخـۆ لـە پارێـزگای

(١) کاولکردنی کوردستان لە ستراتیجی بەعسدا، گۆڤاری کۆمەڵە، ژ(٨)، ئەیلولی ١٩٨٥، ل٣.

(٢) ئەمین قادر مینە، س.پ، ل١٨٥

(٣) چیا، س.پ، ل١١؛ مستەفا چاوڕەش، س.پ، ل١٥٠.

(٤) مراد حەکیم محەمەد، س.پ، ل١١١-١١٢.

(٥) شری لەیزەر، س.پ، ل١٥٦-١٥٧.

(٦) میدڵ ئیست ووچ، س.پ، ل٨٢-٨٣.

دهـۆک[١]، ئـەم ناوچـە ڕاگوێزراوانـەی سـەر سـنوور بـە درێژایـی سـەدان کیلۆمەتـر بـوون بـە ناوچەیەکـی قەدەغەکـراو، هەرکـەس لـەم ناوچانـە دەسـتگیر کرابـا، ئەگـەر خوێندەواربوایـە لـە سـێدارە دەدرا، ئەگـەر نەخوێندەواربوایـە بەزیندانـی هەتـا هەتایـی سـزا دەدرا[٢]، لـە ئاکامـدا حکومەتـی عێـراق لـە سـەرەتای (ئابـی ١٩٧٨) هێرشـێکی کـردە سـەر گونـدە سـنوورییەکان، زۆرینـەی گونـدەکان سـووتێنران و تەقێندرانـەوە[٣]، هەروەهـا لـە ڕێگـەی موختارەکانـەوە دانیشـتووانی گونـدەکان ئـاگادار کرانـەوە کـە هاتووچـۆی گونـدە چۆڵکـراوەکان، بـە مەبەسـتی کشـتوکاڵ و ئاژەڵـداری، بـە هەمـوو شـێوەیەک قەدەغەیـە، گوندنشـینەکان لـە سـەرەتای سـەرهەڵدانەوەی خەباتـی چەکـداری سـەرچاوەیەکی سـەرەکی دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی پێشـمەرگە بوون، حکومـەت ویسـتی ئـەو سـەرچاوەیە لەناوبەرێـت[٤]. بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە (١٢ی کانـوونی یەکەمـی ١٩٧٨) بروسـکەیەکی نهێنـی لـە لێژنـەی کاروبـاری باکـوور ئاراسـتەی وەزارەتـەکانی بەرگـری و ناوخـۆ کـراوە لـە کۆمەڵێـک ڕێنمایـی و (١٨) بڕگـە پێکهاتـووە، بـە مەبەسـتی ڕاگواسـتنی گونـدە سـنوورییەکان و دروسـت کـردنی "گونـدی هاوچـەرخ" ئـۆردوگا زۆرەملێـکان[٥]، لـەو سـۆنگەیەوە ژمـارەی ئـەو گوندانـەی بـەر قۆناغی یەکەمـی ڕاگـواستن کەوتن نزیکـەی (٥٠٠) گونـد بـوون، زۆربەیـان دەکەوتنـە پارێـزگای سـلێمانی. تەنیـا لـە دوو مانگـی هاوینـی (١٩٧٨)، (٢٨) هـەزار خێـزان، نزیکـەی (٢٠٠) هـەزار کـەس لـە ناوچـە سـنوورییەکان ڕاگـوازراون نیشـتەجێکردنیان لـە ئـۆردوگا زۆرەملێـکان[٦]. لـە مـاوەی ساڵانی (١٩٧٦-١٩٧٩)، لـە ناوچـە جیاجیاکانـی باشـووری کوردسـتان، ئـەو کەسـانەی کـە ڕاگـوازراون نزیکـەی (٧٠٠) سـەد

(١) ئەمیـن قـادر مینـە، س.پ، ل١٨٦؛ دارا عەتـار، خەبـاتی کـورد لـە پێنـاو ناسـنامەکەیدا، چاپخانـەی هەڤاڵی هونـەری، ب.ش، ٢٠٢٠، ل٢١.

(٢) عەلی تەتەر نێروەیی، سیاسەتی حکومەتی...، ب١، ل٧٧.

(٣) م.س، ی.ن.ك، بەیاننامـەی یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان، ئەی جەمـاوەری گەلی کوردسـتان، ١٩٧٨/٣/١٩؛ پشـکۆ نەجمەدین، س.پ، ب١، ل٨٢.

(٤) عومـەر هەمـزە سـاڵح، س.پ، ل١٨١؛ فایـەق محەمـەد گوڵپـی، کـە لێـرەوە سـەیری ژیانـی خـۆم دەکـەم، ١٩٦١-١٩٨٩، ب١، چاپخانـەی تـاران، ب.ش، ٢٠١٨، ل١١٢.

(٥) عومەر هەمزە ساڵح، س.پ، ل١٦٦.

(٦) ئـەو ئۆردوگایانـە لـە نزیـك شـارەکان بـە نـاوی گونـدی هاوچـەرخ بنیـات دەنـران، ئـەو خەڵکانـەی کـە ڕادەگـوازران لـەم ئۆردوگایانـە نیشـتەجێ دەکـران. میـدڵ ئێسـت ووچ، س.پ، ل٨٣-٨٤.

هـەزار کـەس دەبـوون، سـەرەڕای ئـەوەی (١٢٢٢) گونـد تێکـدران[١]

پرۆسـەی تێکدانـی گونـدەکان بـە شـێوەیەکی پلان بـۆ داڕێـژراو کاری لەسـەر کـراوە، لـە (١٩٧٩) بـۆ بەڕێوەبردنـی پرۆسـەی ڕاگواسـتنی بـە کۆمـەڵ، دەزگایـەك پێکهـێنرا بـە نـاوی لێژنەی لێکۆڵینـەوەی تایبـەت (هيئـة التحقيـق الخاصـة) کە لـە چـوار ئەندام پێـک هاتبوو، بریتـی بوون لـە نوێنـەری حزبـی بەعـس و هەریـەک لـە بەڕێوەبەرایەتـی دەزگای ئاسـایش و هەواڵگریـی سـەربازیی و دەزگای هەواڵگریـی دەرەوە. ئـەو لێژنەیە بەرپرسـیار بووە لە جموجۆڵی پێشـمەرگە دەسـەڵاتێکی ڕەهـای هەبـووە بـێ گەڕانـەوە بـۆ بەغـدا[٢]. ئـەم جـۆرە ئاراسـتەیەی حکومەتـی عێـراق بـە ئاشـکرا خەسـڵەتی دژە کـوردی پێـوە دیـار بوو، لـە لایەن حزبی بەعـس شـاراوە نەبوو، بۆیـە ڕێگـر بـوون لـە هـەر چالاکیـی و جووڵانەوەیـەک، کـە لەگـەڵ ویسـت و ئارەزووەکانـی حکومـەت نەگونجایـە[٣]. دوای هاتنـە سـەر دەسـەڵاتی سـەددام حوسـێن لـە سـاڵی (١٩٧٩)، پڕۆسـەی ڕاگـواستن و تێکـدانی گونـدەکان بە شـێوەیەکی چڕتر کاری لەسـەر کراوە، هـەزاران کەس لـە کـوردە فەیلییەکانـی بـۆ ئێـران ڕاگـوازران، گەنجـە ڕاگـوازراوەکان زۆرینەیان شـوێن بزرکـران[٤]

حکومەتـی عێـراق لەسـەر سیاسـەتی ڕاگـواستن و بـە عەرەبکـردن بـەردەوام بـوو، لـە ژێـر هەلومەرجـی جەنگـی عێراق_ئێـران، دەیتوانـی بـاشتر بەردەوامـی بـەم سیاسـەتەی بـدات، لـە سـەرەتای دەسـت پێکردنـی جەنگـەوە دەسـتی کـرد بـە پـرۆژەی نیشـتەجێکردنی دانیشـتووانی عـەرەب لـە ناوچـە کوردنشـینەکان، بـە مەبەسـتی گۆڕینـی مۆرکـی ناوچـە کوردییـەکان. لـە هەوڵێکـی حکومەتـدا، (٢٠) هـەزار خێزانـی عـەرەب لـە کەرکووک نیشـتەجێ کران. لـە پارێزگای دهـۆک ناوچەکانـی باشـووری ڕۆژئـاوای پارێزگاکـە بـەر هەڵمەتـی ڕاگـواستن و بەعەرەبکـردن کـەوت، عەرەبێکـی زۆر تێیـدا نیشـتەجێکران، لـە ناحیەی قـەراج کـوردەکان بەرەو شـاری هەولێر ڕاگوێـزران، عەرەبـی تێدا نیشـتەجێ کـرا[٥]. بەپێی بڕیارێکی ئەنجوومەنی سـەرکردایەتیی شـۆڕش

(١) نجـم الديـن فقـي عبداللـه، الجريمـة المنسـية حـول الانفـال وجرائـم الابـادة الجماعيـة في كردسـتان، منشـورات اكاديميـة التوعيـة وتأهيل الكـوادر، السـليمانية، ٢٠٢١، ص٨؛ مـراد حەكيم محەمـەد، س.پ، ل١٣٣.

(٢) میدڵ ئیست ووچ، س.پ، ل٨٣.

(٣) دلێر ئەحمەد حەمەد، س.پ، ل٢٩.

(٤) الاتحـاد الوطنـي كردسـتاني، مـن اجـل ايقـاف حملـة التشريـد الجماعيـة واعـادة المشرديـن الى مناطقهـم، (١٩٨٠/٤/٢١)؛ خليـل اسماعيـل محمـد، مـؤشرات...، ص٢٠.

(٥) السـلطة تنفـذ عمليـات تعريـب وتبعيـث وتهجير جديـدة في كردسـتان، جريدة اخبـار كردسـتان، ع(٣٥)، ١٩٨١/١٠/٢٦، ص٤.

لە (٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨١)، بڕیار بوو شارێکی گەورەی وەکو سلێمانی بەر شاڵاوی ڕاگواستن و بە عەرەبکردن بکەوێت و خەڵکەکەی بۆ ناوچە عەرەبنشینەکان بگوازرێنەوە، بەڵام بە هۆی ئەو پێشهاتانەی جەنگی عێراق- ئێران، کە لە (١٩٨٢) تووشی بووبوو ئەو پیلانەی دواخستبوو[١]. دەتوانین بڵێین ئەو ناوچانەی بە هۆی جەنگی عێراق- ئێران بەر ڕاگوستن کەوتن، ناوچە سنوورییەکان بوون، بۆ نموونە لە پارێزگای سلێمانی: ناوچەکانی (پێنجوێن، بیارە و سیوەیل، باسنێ، ناڵپارێز) بەر ئەو ڕاگواستنە کەوتن، کە (٦٦) گوند بوون، لە پارێزگای هەولێریش (قەزای چۆمان) بەر ڕاگواستن کەوت، کە (٣٥) گوند بوون. لە ئاکامدا ژمارەی ئەو خێزانانەی بە هۆی جەنگی عێراق- ئێران ڕاگوازراون بریتی بوون لە (١٧٩٠٤)خێزان[٢] هێزەکانی پێشمەرگە لە ساڵی (١٩٨٢) تەکتیکی شەڕیان گۆڕی بۆ شەڕی ناو گوند، هەربۆیە حکومەتی عێراق لەو ساڵە بەدواوە هەر گوندێک شەڕی تێدا کرابێت، لەگەڵ زەوی تەختی کردووە. هەروەها ئەو گوندانەی حکومەت پێی نەگەیشتووە لە لایەن هێزی ئاسمانییەوە بۆردومان کراوە[٣]، بۆ ئەمەش بیانووی هەبوو، بریتی بوو لە زیادبوونی چالاکییەکانی پێشمەرگە و هاوکاری گوندنشینەکان بۆ پێشمەرگە[٤]. **بە هۆی** گواستنەوەی جەنگی عێراق_ئێران بۆ ناوچە سنوورییەکان و تۆپباران کردنی بەردەوامی ناوچەکانی باشووری کوردستان، دۆخێکی ناهەمواری خولقاند بوو، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکان بە بیانووی جەنگەوە ڕاگوازراون[٥]. بۆ نموونە دانیشتووانی ناوچەی هەورامان و سیوەیل و ئۆردوگای ناڵپارێز پێنجوێن، کۆی (٦٦) گوند کە ژمارەی خێزانەکانیان (١٦١٢٥) خێزان بوو، بە هۆی پەلاماری ئێرانەوە ڕاگوازراون[٦]. لە پارێزگای هەولێریش قەزای چۆمان (٣٥) گوند کە ژمارەی خێزانەکانیان (١٧٧٩) خێزان بوون ڕاگوازراون[٧]. پێشڕەوەییەکانی ئێران لە ساڵی (١٩٨٣) و گرتنی

(١) عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی...، ل١٧٦.

(٢) ئەمین قادر مینە، س.پ، ل١٩٢-١٩٣.

(٣) عادل سدیق، کۆمەڵکوژی کورد لە جەنگی ئێران عێراقدا هەڵبجە بە نموونە، نامەی ماستەری بڵاو نەکراوە، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤، ل٤١ -٤٢.

(٤) شۆڕش حاجی، س.پ، ل٦٨.

(٥) عومەر هەمزە ساڵح، س.پ، ل١٨٥.

(٦) محمد هەماوەندی، ڕاگواستنی کورد و زامدارکردنی دیموکراتیەت لە کوردستان، بڵاوکراوەی هەماوەند بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، کەرکووک، ٢٠٠٤، ل٢٣؛ ئەمین قادر مینە، س.پ، ل١٩٣.

(٧) ئەمین قادر مینە، هـ.س، ل١٩٣.

حاجی ئۆمەران، بیانووی دایە دەست حکومەتی عێراق لە (تەمووز و ئابی ١٩٨٣) نزیکەی (٨) هەزار بارزانی ڕابگوازێت بۆ خوارووی عێراق، چونکە حکومەت پێیوا بووە هێزەکانی (پ.د.ک) بەشداربوونە لە گرتنی حاجی ئۆمەران[١]. حکومەتی عێراق لە تۆڵەی چالاکییەکانی پێشمەرگە، لە (٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٣) هێرشە کردە سەر گوندی ئەحمەد ئاوا، سەر بە ناحیەی خورماڵ لە ئەنجامدا (٢٠٠) خێزانی ئەو گوندەی ناچار کرد گوندەکەیان بەجێ بهێڵن، بیانووی حکومەت بۆ ئەو کردەیە ئەوەبوو ئەو گوندە ببووە شوێنی حەوانەی هێزەکانی پێشمەرگە و دابین کردنی پێداویستی و خواردەمەنی، حکومەت مەبەستی بوو لە ڕێگەی ڕاگواستنی ئەو گوندە فشار بخاتە سەر هێزەکانی پێشمەرگە و لە ناوچەکە دووریان بخاتەوە[٢].

لە ساڵی (١٩٨٥)، حکومەت بە شێوەیەکی فراوانتر هەڵمەتی ڕاگواستن و تێکدانی گوندەکانی دەست پێکردەوە[٣]. بە تایبەت ئەو گوندانەی لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوون، هەروەها ئەو گوندانەی لەسەر ڕێگا سەرەکییەکانی نێوان شارەکان دا بوون و گونجاو بوون بۆ بۆسە نانەوە و شەڕی گوندەکان، هەربۆیە زۆربەی گوندەکانی سەر ڕێگا سەرەکییەکانی ڕانیە، دۆکان، سلێمانی، کۆیە و هەولێر تێکدران[٤]. لە نووسراوێکی لێژنەی ئەمنیی کۆیە لە (٨ی ئابی ١٩٨٥) ئاراستەی پارێزگاری هەولێر کراوە، تێیدا لیستی ناوی (٨٠) گوندی شارۆچکەی کۆیە هاتووە کە پێشمەرگەی تێدابووە، خواردەمەنی و پێداویستییەکانیان بۆ دابین کراوە[٥]، هەروەها لە (تشرینی یەکەمی ١٩٨٥) حکومەتی عێراق بە بیانووی هەبوونی پێشمەرگە گوندەکانی گۆمەشین، گۆپتەپە، چۆمان، دۆڵی بالیسان، سرێشمە، گرتک و...هتد ڕاگواست[٦]. بەڵام بە گشتی لە (سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ تا حوزەیرانی ١٩٨٧)

---

(١) اللجنة العالمية للتضامن مع الشعب العراق، م: ارفعو اصوات التضامن مع الشعب العراقي، تشرين الاول ١٩٨٣؛ مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ل٣١٥.

(٢) معاونية امن حلبجة، الموضوع معلومات، ع(١٠٣٨٠)، ١٩٨٣/١٠/٣.

(٣) پ.د.گ.ک، بەیاننامەی کۆتایی هێنان بە کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان، ناوەڕاستی ئایاری ١٩٨٦.

(٤) ئەمین قادر مینە، س.پ، ل١٩٥.

(٥) بورهان حاتەم عوسمان، پرۆسەی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لە ساڵی ١٩٨٧ دا لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەنامەییە، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ(٤٨)، هەولێر، ٢٠٢١، ل١٦٩.

(٦) بیانووی سوتماك، ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ، ژ(١٠)، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، ل٥.

لـە سـنووری پارێزگاكانـی هەولێـر، سـلێمانی، دهـۆک، کەرکـووک و دیالـە زیاتـر لـە (٩٠٠) گونـد خاپوورکـراون و دانیشـتووانەکانی ڕاگـوازراون[١]

دوای کـرداری لێدانـی نەوتـی کەرکـووک لەلایـەن هێزەکانـی (ی.ن.ک) و سـوپای ئێـران لـە (١٩٨٦)، بیانـووی دایـە دەسـت حکومـەتی عێـراق درێـژە بـدات بـە تێکدانـی گونـدەکان و گواسـتنەوەی دانیشـتووانەکەی بـۆ ئـۆردوگا زۆرەملێـکان[٢]، ئامانجـی حکومـەت لـە نیشـتەجێکردنی دانیشـتووانی گونـدەکان لـە ئـۆردوگا زۆرەملێـکان بـۆ چاودێـری خەڵـك بـوو، هەروەهـا دوورخسـتنەوەیان لـە هێزەکانـی پێشـمەرگە، هەروەهـا چەکدارکردنـی بەشـێك لـەو خەڵكانـە لـە فەوجـە سـووکەکان (جـاش) بەکارهێنانیـان دژی پێشـمەرگە[٣]. لـە نووسراوێکـی نهێنیـی بـارەگای فەرماندەیـی هێزەکانـی (٤١) لـە (١١ی شـوباتی ١٩٨٦) کـە ئاراسـتە پارێـزگای هەولێـر کـراوە، تێیـدا داواکـراوە نـاوی ئـەو گوندانـە بنێـرن کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی هێـزی پێشـمەرگە بـوون بـۆ ئـەوەی پەلامـار بدرێـن و هێرش بکرێتـە سـەریان[٤]. بەم جـۆرە هـەر شـوێنێک بـۆ حکومـەت جێـی مەترسـی بووایـە لـە لایـەن دەزگا ئەمنییـەکان تێـک دەدران، هـەروەک لـە نووسراوێکـی (ی.ن.ک) لـە (ئـاداری ١٩٨٦) پێشکەشـی سـکرتێری نەتـەوە یەکگرتووەکانـی کـردووە هاتـووە: تەنیا لە مانگەکانـی (تەمووز و تشرینـی دووەمـی ١٩٨٦) زیاتر لـە (١٩٩) گونـد خاپوورکـراون، دانیشـتووانەکانیان بـۆ ئـۆردوگا زۆرەملێـکان ڕاگـوازراون [٥].

زیادبوونی چالاکیی پێشمەرگە و گۆڕینی ستراتیژیەتی شەڕ لە (١٩٨٧)، هەروەها گواستنەوەی

(١) عومەر هەمزە ساڵح، س.پ ل٩٠-٩١.

(٢) دیـدار لەگـەڵ فـازڵ ڕەئـووف، سـلێمانی، ٢٠٢٢/٩/٢. لـە سـاڵی (١٩٥٤) لـە گەڕەکـی کانێسـکان لـە سـلێمانی لـە دایکبـووە، لـە (١٩٦٨) بووەتـە ئەندامـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان. لـە (١٩٧٣) بووەتـە پێشـمەرگە، دوای نسـکۆی شـۆڕش لە سـاڵی (١٩٧٥) پەیوەندی کردووە بە ڕێکخسـتنەکانی (س.ک/ پ.د.ک)، لـە (١٩٨١) بووەتـە پێشـمەرگە لـە لێژنـەی ناوچـەی چوارتـا، لـە نیـوەی یەکەمـی هەشـتاکان چەندیـن جـار لەگـەڵ مەفرەزەکانی (پ.د.ک) چووەتـە نێـو شـاری سـلێمانی بـۆ ئەنجام دانـی چالاکـی، لـە (١٩٨٢-١٩٨٨) بووەتـە ئەندامـی کارگێـڕی لێژنـەی ناوچـەی پێنجوێـن، دۆکان و سـلێمانی، دوای ڕاپەڕیـن چەندیـن پلـەی حیزبـی و حکومـی وەرگرتـووە. ئێسـتا لـە سـلێمانی نیشـتەجێیە

(٣) ئامانجەکانمـان بەسـەرەو ژێرکـردنی سـەددام و ڕژێمەکـەی دێنـەدی، گۆڤـاری سـەفین، ژ(٣٥)، نیسـانی ١٩٨٦، ل١؛ مەبەسـتە ڕەگـەز پەرسـتیەکانی ڕژێـم لـە سیاسـەتی سـوتماك، ڕۆژنامـەی ئـاڵای ئـازادی، ژ(١)، ئـاداری ١٩٨٦، ل٣.

(٤) بورهان حاتم عوسمان، س.پ، ل١٧٠.

(٥) مراد حەکیم محەمەد، س.پ، ل١٣٩.

شەڕ بۆ شارۆچکە و ناحیەکان حکومەتی عێراقی نیگەران کردبوو[١]. سەرۆکی عێراق بەهۆی شکستە جەنگییەکان بەرانبەر ئێران و هێزەکانی پێشمەرگە فشارێکی زۆری لەسەر بوو[٢]، مەترسی هەڵگەڕانەوە و لەدەستدانی دەسەڵاتەکەی کەوتبووە سەر، بۆیە لە پێناو پتەوکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر هەموو ناوچەکانی باکووری وڵات (باشووری کوردستان)، بە بڕیاری ژمارە (١٦٠) لە (٢٩ ئاداری١٩٨٧) عەلی حەسەن مەجیدی کرد بە سکرتێری مەکتەبی ڕێکخستنی باکووری حزبی بەعس، دەسەڵاتی ڕەهای پێدرا[٣]. بڕیار و ڕاسپاردەکانی ناوبراو دەبوو بە پەلە و بە وردی جێبەجێ بکرێت. دوای دەستبەکاربوونی ناوبراو تێکدانی گوندەکان و فشار خستنە سەر هێزەکانی پێشمەرگە، بە شێوەیەکی چڕ کاری لەسەر کرا، بۆ ئەو مەبەستە پڕۆسەکە بە دوو قۆناغ جێ بەجێ کرا، قۆناغی یەکەم لە (١٢ی نیسان تاکو ٢١ی ئایاری ١٩٨٧) بەردەوام بوو، قۆناغی دووەم لە (٢١ی ئایار تاکو ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٧) بەردەوام بوو. هەروەها کۆمیتەیەک پێکهێنرا بۆ چاودێری و جێبەجێکردنی تێکدانی گوندەکان، عەلی حەسەن مەجید کە بە وردی چاودێری ئەو پرۆسەیەی کردووە ڕایگەیاندووە: «نابێت یەک خانوو بەپێوە بمێنێت»[٤]. بە گوێرەی پلانەکە دەبوو پرۆسەی ڕاگواستن و تێکدانی گوندەکان لە یەک کاتدا بن، ڕێگا بە گوندنشینەکان بدرێت خانووەکانیان چۆڵ بکەن، بۆ ئەوەی نەبێتە پەناگەیەک بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، بە مەبەستی جێبەجێکردنی تێکدانی گوندەکان لە قۆناغی یەکەم سەرەتا لەو گوندانەوە دەستی پێکرد[٥]، کە لە شارەکان و ڕێگا سەرەکییەکانەوە نزیکن، لەبەرئەوەی حکومەت بە مەترسی لەسەر ئاسایشی شارەکانی هەژماردەکرد. هەروەها وێرانکردنی گوندەکانی نزیک شارەکان پێویستی بە ئۆپراسیۆنی سەربازیی گەورە نەبوو، چونکە ژمارەی پێشمەرگەی تیایدا کەمە، لە قۆناغی دووەم ئەو گوندانەی لە شارەکان دوورن بوونەتە پەناگەی پێشمەرگە لە ناوچە شاخاوییەکان، لە قۆناغی سێیەم ئەو گوندانەی دەکەوتنە ناوچە شاخاوییە سەختەکان، زۆرجار بە فڕۆکە بۆردومان دەکران[٦].

(١) دیدار لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحموود، گوڵخانە، ٢٠٢٢/٩/٢.

(٢) چارلز تریپ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی عێراق، و: محمد حوسێن ئەحمەد و عەبدولقادر کەلهور، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ل٢٤٢.

(٣) شۆرش حاجی، س.پ، ل٢١٤-٢١٥؛ ملحق وثائق خاص، جريدة الشرارة، (دون الرقم)، كانون الثاني ١٩٨٨، ص٤.

(٤) میدڵ ئیست ووچ، س.پ، ل١٠٦-١٠٨.

(٥) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٣٣).

(٦) یوست هێلتەرمان، کارێکی ژەهراوی ئەمەریکا و ئێران گازبارانی هەڵەبجە، و: محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، چاپخانەی سەردەم، چ٢، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٢٨٦-٢٨٥.

لە درێژەی پلانی وێرانکردنی گوندەکان، سەر ژمێریی ئەو خێزانانە دەکرا کە ڕادەگوازران و لەگەڵ دیاریکردنی ئەو گوندانەی کە بەر هەڵمەتی تێکدان دەکەوتن. تەنانەت ئەو گوندانەش سەرژمێریی دەکران کە زۆرینەی دانیشتووانی جاش بوون و پەیوەندییان بە حکومەتەوە هەبوو، بۆیە حکومەت جیاوازی لە نێوان گوندەکان نەدەکرد[١]. لە (٢٨ی نیسانی ١٩٨٧) بەرەی جود نووسراوێکی ئاراستەی موعەمەر قەزافی (١٩٤٢-٢٠١١) سەرۆکی لیبیا کرد، تێیدا ئاماژەی بە سیاسەتی وێران کردن و ڕاگواستنی کورد لە پارێزگاکانی باشووری کوردستان کردبوو، لیستی ناوی گوندە وێران کراوەکانیش هاوپێچ کرابوو[٢]. بۆ تەواوکردنی پرۆسەی تێکدانی گوندەکان، لە (حوزەیرانی ١٩٨٧) حکومەتی عێراق دەستی کرد بە هێرشکردن بۆ سەر ئەو گوندانەی بەر هەڵمەتی تێکدان دەکەوتن، هەڵمەتەکە لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە ڕووبەڕووی بەرگرییەکی سەخت بووەوە[٣]. بەشێک لە دانیشتوانی ئەو گوندانە گوزرابوونەوە بۆ ئۆردووگا زۆرەملێکان. بۆ ئەم مەبەستە عەلی حەسەن مەجید، نووسراوێکی نهێنیی (٣ی حوزەیرانی ١٩٨٧) ئاراستەی هێزە ئەمنییەکان کرد، بەڕوونی ناوچە قەدەغەکراوەکانی دەست نیشان کردووە، هەروەها لە بڕگەی پێنجەمی ئەو فەرمانەدا هاتووە: «هێزە چەکدارەکانی عێراق بە تەواوی دەست کراوەن لە کوشتنی هەر مرۆڤێک لەو ناوچانەی کە قەدەغەکراون»[٤]. بۆ ئەم مەبەستە سوپای عێراق و فەرماندەیی هێزەکانی فەوجی جاش و مەفرەزە تایبەتەکان و هێزی ئاسمانی کەوتنە پەلاماردانی گوندە دیاریکراوەکان، لە ئەنجام دا سەدان گوند لە سنووری پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، دهۆک، دیالە، مووسڵ و سەڵاحەددین کەوتنە بەر شاڵاوی ڕووخاندن و سووتاندن، کە ژمارەیان (٩٣٣) گوند بوو[٥]

دوای کۆتایی هاتنی قۆناغی دووەمی ڕاگواستن، بەپێی فەرمانێکی سەرکردایەتیی نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور ژمارە (٤٠٠٨/٢٨) لە (٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٧)، کە ئاراستەی هێزە ئەمنییەکان کراوە بۆ مامەڵەکردنی هێزە ئەمنییەکان لە گوندە قەدەغەکراوەکان، لە بڕگەی

---

(١) قيادة فرقة العمادية، الى كافة المنظمات الحزبية، ع(٦٣١/٨)، ١٩٨٧/٤/٢٢؛ یوست هێڵتەرمان، س.پ، ل٢٨٨-٢٨٩.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٣٤).

(٣) یوست هیڵتەرمان، س.پ، ل٢٩٧.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکری ژمارە ٣٥).

(٥) عومەر هەمزە ساڵح، س.پ، ل٩٣.

چـواری فەرمانەکـەدا هاتووە: «لێدانی تایبەت جێبەجێ بکرێت، هەلیکۆپتـەر و فڕۆکەی جەنگی لـە هەمـوو کاتێکدا بـە ڕۆژ و بـە شـەو بـەردەوام ناوچە قەدەغەکراوەکان بۆردومان بکـەن، بـۆ کوشـتنی زۆرتریـن ژمـارەی ئەو خەڵکانـە لـە ناوچە قەدەغەکراوەکاندان». لە بڕگەی پێنجەمیشـدا هاتـووە: «بەندکـردن و لەداردانـی ئـەو کەسانەی تەمەنیان لـە نێـوان (١٥ بـۆ ٧٠) سـاڵدان کـە لە ناوچـە قەدەغەکراوەکان دەسـتگیر دەکرێـن»[١].

لە (٦ی ئەیلوولی ١٩٨٧)، عەلی حەسەن مەجید بڕیاری دا لێژنە ئەمنییەکانی پارێزگاکانی باکوور سـەرژمێریی ئەو بنەماڵانە بکەن کە کەسـوکاریان پەیوەندییان بە هێزی پێشـمەرگەوە کردووە، بۆ ئـەوەی دەسـت بەسـەربکرێن و وەک بارمتە لـە ژێر چاودێری هێزە ئەمنییەکانی حکومـەت بن[٢]، لـەو چوارچێوەیەدا نووسراوێکی فیرقەی ئامێدی کە ئاراسـتەی هێزە ئەمنییەکانـی دێرەلوک کراوە، فەرمـان دراوە بـە ڕاگواسـتنی کەسـوکاری ئەوانەی پەیوەندییان بە هێزی پێشـمەرگەوە کـردووە لە ماوەیەکی دیاریکراودا[٣]. ئالن کۆیلەن پەیامنێری دەزگای ڕاگەیاندنی نیویۆرک تایمز (New York Times) لـە (٢٧ی ئەیلوولـی ١٩٨٧) لـە ڕاپۆرتێکـدا سـەبارەت بـە دۆخی کوردسـتان نووسـیبووی: «نزیکـەی نیـو ملیـۆن کورد لـە گوندەکانیان دەرکـراون، لە مـاوەی (٦) مانگـی ڕابـردوو، بە لایەنی کەمـەوە (٥٠٠) گونـد وێـران کـراون بۆ ئەوەی پێشـمەرگە نەتوانێت پەنایان بۆ ببـات»[٤]. تەنانەت سـەرچاوە سروشـتییەکان و کانیـاوەکان تێکـدران و پـڕ کرانـەوە، بۆئەوەی پێشـمەرگە سـەرچاوەی ئاوی خواردنەوەشـی نەمێنێت[٥]. بۆ ڕێگری لە جموجوڵی پێشـمەرگە چەند ڕێوشـوێنێکی ئەمنیی گیراوەتـە بـەر بـە پێی بڕیارێکی ئەنجوومەنی سـەرکردایەتیی شـۆڕش لـە (١٧ی ئەیلوولـی ١٩٨٧) بـەدواوە هەرکەسـێک لـە ناوچـە قەدەغـە کراوەکان دەسـتگیر بکرێت بـە تیرۆریسـت و تێکدەر دەناسرێـت[٦]. هەروەهـا ناوچـە قەدەغەکراوەکانـی مینڕێـژ کران، بـەو هۆیەوە سـەدان هاووڵاتی مەدەنـی کـوژراون[٧]. لـە نووسراوێکـی نهێنیـی فەیلەقـی (٥) لـە (١٠ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٨٧)

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٣٦).

(٢) قيادة فرقة العمادية، برقية سرية وفورية، ع(١٦٩٢/٤)، ١٩٨٧/٩/٩.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٣٧).

(٤) جريدة اخبار كردستان، ع(١٦٦)، ١٥ كانون الاول١٩٨٧، ص٦.

(٥) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە٣٨).

(٦) كريـس كوتـشيرا، الكتـاب الأسـود لصـدام حـسين، ترجمـة مـن الفرنسـية: خسرو بوتـاني، مؤسسـة اراس للطباعـة والـنشر، اربيـل، ٢٠٠٧، ص١٨٠.

(٧) عومەر هەمزە ساڵح، س.پ، ل٨٥.

دەربـارەی تێکدانی شـارۆچکەی دێگەڵـە ئاماژە بەوە کـراوە، لەبەرئەوەی شـارۆچکەکە کەوتووەتە ناوچەیەکـەوە بووەتـە مایـەی مەترسـی و هەڕەشـە بـۆ سـەر سـوپا لە لایـەن پێشـمەرگەوە، بۆیە پێشـنیازی ڕووخاندنـی شـارۆچکەکە کـراوە[١]. هەروەها لـە نووسراوێکی دیکـەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخسـتنی هەواڵگریـی ناوچـەی باکوور لـە (١٦ی تشرینی دووەمـی ١٩٨٧) ئاراسـتەی پارێزگای هەولێـر کـراوە، سـەبارەت بـە تێکدانی شـارۆچکەی شـۆڕش هاتـووە: «پشـتگیری لـە وێرانکردنی شـارۆچکەی شـۆڕش دەکەین، لەبەرئەوەی تێکدەرەکان بە بەردەوامی هاتووچۆی شـارەکە دەکەن و بارەگا دادەنێن، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی دەسـەڵاتی سـەربازییمان، شـارۆچکەکە بووەتە سـەرچاوەی بەدەسـتهێنانی خواردەمەنی و پێداویسـتی بۆ تێکدەران»[٢]

لە چوارچێوەی پڕۆسەی تێکدانی گوندەکان حکومەتی عێراق لە (١١ی تشرینی دووەمی ١٩٨٧)، هێرشـی کردە سـەر گوندی چیمەن بۆ سـێیەم جـار گوندەکە وێران کـرا، هەروەهـا (١٣) هاووڵاتی کـوژران و (١٠٧) هاووڵاتـی بـێ سـەر و شـوێن کـران[٣]، بە مەبەسـتی ڕێگری لە پڕۆسـەی تێکدانی گوندەکان لە (٢٥ی کانوونی یەکەمی١٩٨٨)، (حسـک) نامەیەکی ئاراسـتەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ئەنجوومەنی ئاسایشـی جیهانی بکات، تێیدا ئاماژە بە سیاسـەتی حکومەتـی عێراق کراوە، لە تێکدانی گوندەکان و سـێدارەدانی هاووڵاتیانی کـورد، هەروەها داوە لە ڕێکخراوە جیهانییەکان و ئەنجوومەنی ئاسـایش دەکات گوشـار بکەنە سـەر عێراق، بۆ ئەوەی واز لە سیاسـەتی کوشتن و گرتنی و چەوسـاندنەوەی نەتەوەی کورد بهێنێت[٤]

لە ساڵی (١٩٨٨) حکومەتی عێراق بڕیاری تێکدانی هەموو گوندە کوردییەکان دەرکرد، بەپێی نوسراوێك ئاراسـتەی جێگری فەرماندەی گشـتی هێزە چەکـدارەکان و وەزیری بەرگـری کراوە، باس لـە چۆنیەتی لێکۆڵینەوە و نەخشـەکانی سـوپا و چاکسـازی ناوچـەکان دەکات، هەروەها جەخت لـە تێکدانـی هەموو گوندەکان و نەهێشـتنی هیـچ خانوویەک دەکاتـەوە، تەنانەت بۆ گـەڕان بە

(١) الفيلـق الخامـس، سريـة و فوريـة، رقـم المنشـئ (٢/ح/١٢)، ١٩٨٧/١٠/١٠. وەرگیـراوە لـە بورهـان حاتـم، س.پ، ل١٩٨.

(٢) مديريـة منظومـة اسـتخبارات المنظمـة الشماليـة، م: بيـان راعـي، الرقـم (ش٣/ق٣/٢٠٠٨)، ١٦ تشريـن الثـاني ١٩٨٧. وەرگیـراوە لـە بورهـان حاتـم، هــ س، ل١٩٩.

(٣) یاداشتنامەیەکی گرنگ، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژ(٥١-٥٢)، ساڵی هەشتەم، شوباتی ١٩٨٨، ل١.

(٤) مەکتـەبی سیاسـی حزبی سۆسیالیسـتی کوردسـتان/ عێـراق، (١٩٨٨/١/٢٥). وەرگیـراوە: لە محەمەد حاجی مەحمـوود، ڕۆژ ژمێـری پێشـمەرگەیەک، بـاس لـە ڕووداوەکانی خەبـات و شـۆڕشی میللەتەکەمـان دەکات، ١٩٧٦-٢٠٠٤، ب٥، چاپخانـەی هـەژاری موکریـانی، ب.ش، ٢٠٢١، ل٧٢٢.

سەر گوندە ڕووخاوەکان سوود لە فڕۆکە وەرگیراوە بۆ ئەوەی دڵنیا ببنەوە کە پرۆسەکە بە تەواوی جێبەجێکراوە[١]. بە پێی بروسکەیەکی نهێنیی لیژنەی ئەمنیی شەقڵاوە لە (١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٨٨)، کە ئاراستەی قایمقامی قەزای شەقڵاوە و دەزگا ئەمنییەکان کراوە، تێیدا هاتووە: «ئاگادار کردنەوەی دانیشتووانی گوندی سیساوە بۆ چۆڵکردنی گوندەکەیان لە ماوەی سێ ڕۆژدا و گواستنەوەی دانیشتووانی بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان»[٢]

سەرباری ئەوەی تێکدانی گوندەکان و پرۆسەی ڕاگواستن بەردەوامی هەبوو، بۆ کۆتاییهێنان بە بزاڤی چەکداریی و سیاسیی کورد حکومەتی عێراق دەستی بە شاڵاوەکانی ئەنفال کرد، کە پێشتر ئامادەکاری بۆ کرابوو شاڵاوی ئەنفال لە ژێر سەرکردایەتیی عەلی حەسەن مەجید، بە بەشداری فەیلەقی یەک و پێنجیی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەمن و هەواڵگریی سوپا و فەوجە جاشەکان بە (٨) قۆناغ دەستی پێکرد[٣]. لە ماوەی نێوان (٢٣ی شوبات تا ٦ی ئەیلوولی ١٩٨٨) و بە هەشت قۆناغی جیا، دانیشتووانی ناوچە جیاجیاکانی باشووری کوردستانی بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق گواستەوە و زۆربەیانی زیندەبەچاڵکرد[٤]. ئەنفالی یەک: ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی گرتووەتەوە، لە (٢٣ی شوباتی١٩٨٨ تا ١٩ی ئاداری ١٩٨٨)ی خایاند[٥]. ئەنفالی دوو: لە ناوچەکانی قەرەداغ و بازیان دەستی پێکرد، لە (٢٢ی ئاداری ١٩٨٨ تا ١ی نیسانی ١٩٨٨) خایاند[٦]، ئەنفالی سێ: ناوچەکانی گەرمیان لە (٧ی نیسانی ١٩٨٨ تا ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨) خایاند[٧]، ئەنفالی چوار: کورتترین شاڵاوی ئەنفال بوو کە دۆڵەکانی زێی بچووکی گرتەوە لە (٣-٨ی ئایاری

(١) نەخشەی قەڵاچۆکردنی کورد درێژەی هەیە، ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ، ژ(١٠)، (تشرینی یەکەمی ١٩٨٨)، ل٢.

(٢) لجنة شقلاوة الأمنية، برقية سرية وفورية، رقم المنشئ (ل.م)، ١٩٨٨/١/١٧.

(٣) فاتح محمد سليمان، عمليات الأنفال في ضوء مقاصد الشريعة والاتفاقيات والمواثيق الدولية، جمجمال، ٢٠١٠، ص٢١؛ یوست هێڵتەرمان، س.پ، ل٣٦٧؛ یوسف دزەیی، ئەنفال کارەسات ئەنجام و ڕەهەندەکانی، لێکۆڵینەوەیەکی لە پارێزگای هەولێردا، هەولێر، ٢٠٠١، ل٢٥.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنفال، بڕوانە: زوزان ناسر مستەفا، ئۆپەراسیۆنێن ئەنفالێ لکوردستانی دەرئەنجام کاردانەڤە ٢٣ی شوبات ١٩٨٨ تا ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.

(5) Micheal J. Kelly: Ghosts of Halabja (Saddam Hussein and The Kudish Genocide) PSl publishers, London, 2008, p24.

(٦) ئەبوبەکر محمد حاجی شاخی، ئەنفالی خاڵخاڵان ئەنفالی چوار، چاپخانەی کارۆخ، سلێمانی ٢٠٠٧، ل٢٠.

(٧) شۆڕش حاجی، س.پ، ل٩٨-١٠١

١٩٨٨) خایاند[1]، ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت:ئەم سێ قۆناغە پێکەوە دەستی پێکرد، مەبەست لە پەلامارەکان تێکشکاندنی ورەی هێزی پێشمەرگە بوو، ناوچەکانی سەفین و خۆشناوەتی، هەندرێن و قەڵاتۆکان، دۆڵ و چیاکانی شەقڵاوە و ڕەواندزی گرتەوە ماوەی (١٥-٢٦ی ئایاری ١٩٨٨) خایاند[2]، لە (٧ی ئابی ١٩٨٨) عەلی حەسەن مەجید لە کۆبونەوەیەکدا لەگەڵ دەستەی ئەرکان و بەڕێوەبەرایەتی جموجۆڵی سەربازیی و هێزی ئاسمانی بڕیاریان دا کۆتایی بە هێزەکانی پێشمەرگە بهێنن[3]. دوای ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران بڕیاری ڕاگرتنی شەڕی دا لە (٨ی ئابی ١٩٨٨)، ئەو بڕیارە بۆ هێزەکانی عێراق سەرکەوتنێکی گەورە بوو، بووە هۆی دابەزینی ورەی هێزەکانی پێشمەرگە، سوپای عێراق لە (٢٥ی ئابی ١٩٨٨) دوا سەنگەری بەرگری پێشمەرگەی لە خۆشناوەتی و باڵەکایەتی گرت، ڕۆژی دواتر سەرکردایەتیی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق کۆتایی کردەکانی ئەنفالی حەوتی ڕاگەیاند[4]

ئەنفالی هەشت: لە ناوچەکانی بادینان بەڕێوەچوو ماوەی (٢٥ی ئاب-٦ی ئەیلوولی ١٩٨٨) خایاند[5]. حکومەتی عێراق لە لە (٢٥ی ئابی ١٩٨٨)، بە چەکی کیمیایی هێرشی بۆ سەر ناوچەکانی بادینان و سنووری ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ک) دەست پێکردووە، لەو ئۆپەراسیۆنەدا هەزاران سەرباز لە هێزەکانی سوپا و جاش بەشدار بوون، هەرچی گوند و ئاوەدانی هەبوو لەگەڵ خاک یەکسان کرا. لەم ئۆپراسیۆنەدا هێزەکانی پێشمەرگە لە هەوڵی ڕزگارکردنی جەماوەری ناوچە ئازادکراوەکاندا بوون، بۆ ناوچە سنوورییەکانی تورکیا و ئێران، بەڵام کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە ڕێگا سەرەکییەکان گیرابوون[6]. ئەگەرچی لە ئۆپراسیۆنەکانی ئەنفالدا، هێزەکانی پێشمەرگە ڕووبەڕووی سوپای عێراق بۆونەوە، بەڵام سەرەنجام سوپای عێراق توانی دوا گوندی کوردستان خاپوور بکات و دانیشتووانی ڕابگوازێت بۆ خوارووی عێراق و نزیکەی (١٨٠) هەزار کەس ئەنفال

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٣٩)؛ ئیدریس ئۆمەر گۆمبەتی، ئەنفالی زێی بچوک، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٢،ل١٧-١٨.

(٢) ئەسعەد جەباری، ئەنفال لە میدیاکانی بەعسدا (١٩٨٨/٣/٢- ١٩٨٨/٤/٧) مانشێتەکانی ڕۆژنامەی الثورة وەک نموونە، ب.ش، ٢٠١٥، ل٥٤.

(٣) یوسف دزەیی، س.پ، ل١٣٧.

(٤) شۆڕش حاجی، س.پ، ل١١٤.

(٥) عومەر محەمەد، پەلامارە سەربازییەکانی ئەنفال، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١٨١-١٨٥.

(٦) جرائم مروعة في محافظات دهوك نينوى واربيل، جريدة اخبار كردستان، ع(١٨٥)، (١-١٩٨٨/٩/١٥)، ص٦.

کران[١]. لە هەموو قۆناغەکاندا بەکارهێنانی تەکتیکی گازی کیمیایی بە زۆری پێشمەرگەی دەکردە ئامانج، بەڵام بە شـێوەیەکی سـەرەکی خەڵکی مەدەنـی دەکوژران، بووە هـۆی بڵاوبوونەوەی ترس و دڵەڕاوکێ؛ لە ماوەیەکی کەمدا خەڵکی گوندەکان ناچار دەکران لە زێدی خۆیان هەڵبکەنرێن[٢]. دەتوانیـن بڵێین ئۆپراسـیۆنی ئەنفال زیانێکـی زۆری مرۆیی و ماددی بە کوردسـتان گەیاند، لەوانە

١- کوشتنی بە کۆمەڵ و بێ سەروشوێن کردنی دەیان هەزار هاووڵاتی.

٢- بەکارهێنانـی چەکـی کیمیایـی بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان لـە ناویانـدا گازی سـوتێنەر و خنکێنـەری خـەردەل و سـیانید.

٣- وێرانکردن و سووتاندنی زیاتر لە (٢٠٠٠) گوند و دەیان شارۆچکە و یەکەی ئیداری[٣].

٤- کـوشتن و بەتـاڵان بردنـی هەمـوو سـەروەت و سـامانی ئەنفـال کـراوان لـە لایـەن جاشــەکان و ســوپای عێــراق.

٥- دەستگیرکردنی دەیان هەزار ژن و منداڵ و پیر و ڕاپێچ کردنیان بۆ خوارووی عێراق.

٦- لەناوبردنـی ژێرخانـی ئابووریـی کوردسـتان و تێکدانـی زەوی کشـتوکاڵی و بەتـاڵان بردنی مـاڵ و سـامانی خەڵکـی[٤]

شـاڵاوەکانی ئەنفـال زیاتـر لـە (٦) مانگـی خایانـد، ڕاگـواستن و ئـاوارە بوونـی زیاتـر لـە (١,٥٠٠,٠٠٠) خەڵـک کاولبوونـی (١١) شـار و شـارۆچکە و قـەزا خاپوورکردنـی زیاتـر لـە (٣٠٠٠) گونـدی لێکەوتـەوە، ژمـارەی ئـەو کەسـانەی کـە بەتـەواوی لـەو شـاڵاوانە لـە ناوبـران لـە نێـوان (١٨٠- ١٨٢) هەزارکــەس دەبــوون[٥]. حکومەتــی عێــراق لــە ڕێــگای شــاڵاوەکانی ئەنفالــەوە هەڵمەتـی کۆکـوژی و قەڵاچۆکردنـی گوندەکانـی کوردسـتانی دەسـت پێکـرد، زۆربـەی گونـد و ناحیـە و قەزاکانـی پارێزگاکانـی کەرکـووك، هەولێـر، دهـۆک و سـلێمانی وێـران کـران.

---

(١) عومەر محەمەد، س.پ، ل٢٠-٢١.

(٢) یوست هێڵتەرمان، س.پ، ل٣٦٨.

(٣) دلێر ئەحمەد حەمەد، س.پ، ل٢٥٦.

(٤) مەحمود سەنگاوی، بیرەوەرییەکانی سەنگاوی، چ٢، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٤، ل٢٥٩.

(٥) گۆران ئیبراهیم، س.پ، ل٢٨١.

# تەوەری دووەم
# چالاكیی پێشمەرگە لەنێو شارەكان و پلانی حكومەت

## باسی یەكەم

### چالاكیی پێشمەرگە لەنێو شارەكان

### یەكەم: پارتی دیموكراتی كوردستان:

لە سەرەتای دەست پێكردنەوەی خەباتی چەكداریی، هێزەكانی پێشمەرگە دەستیان بە شەڕی پارتیزانی كرد، چونكە هەلومەرجی دەست پێكردنەوەی خەبات پێویستی بە خۆڕێكخستنەوەی هێزەكان هەبوو، سەرەتا بنەمای شەڕی پارتیزانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای عێراق دانرا، هەربۆیە ناوچەكانی باشووری كوردستان بۆ شەڕی پارتیزانی لەبار بوو، بە تێپەڕبوونی ماوە و زیادبوونی هێزی پێشمەرگە و ڕۆڵی ڕێكخستنە نهێنییەكان لە شارەكان، هێزی پێشمەرگە توانیان دزە بكەنە نێو شارەكان و چەندین چالاكیی ئەنجام بدەن[1]. سەبارەت بە ڕێكخستنە نهێنییەكانی (پ.د.ك) لە شارەكان، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی (پ.د.ك)، لە سەر بناغەی شانەیی و هێڵ و خەت دامەزراوە. هەروەها ڕێكخستنی شانەیی زیاتر لەسەر بنەمای پیشەیی، واتە چین و توێژەكانی كۆمەڵ ڕێكخراوە[2]، بەڵام شێوەی خەت زنجیرەیی زیاتر نهێنیی بوو (٣) كەس زیاتر یەكتریان نەدەناسی، لە پێناو پاراستن و ئاشكرا نەبوونیان، ئەمەش زیاتر بۆ پاراستنی خەباتی نهێنیی نێو شارەكان

---

(١) ماهی، دەربارەی جەنگی پارتیزانی لە نێو شارەكان، گۆڤاری كۆمەڵە، ژ(٢)، خولی سێیەم، شوباتی ١٩٨٥، ل٢٠-٣٩.

(٢) ڕێكخستنی نهێنی لە شارەكان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٦٧-٥٦٨)، تشرینی یەكەم و تشرینی دووەمی ١٩٨٦، دوالاپەڕە

بـوو، دوای زیادبوونـی جەمـاوەر و پەیوەنـدی خەڵکـی بـە ڕیزەکانی (پ.د.ک) ڕێکخسـتنەکان فــراوان بــوون[١]، بەلەبەرچاوگرتنــی بارودۆخــی ناوچەکــە پێشــمەرگەکانی (پ.د.ک) لــە چوارچێـوەی ڕێکخـراوی هاوبـەش ڕێکخـران لـە (٤) لـق و (٢٨) لێژنەی ناوچـە (١٣٩) ڕێکخراو (٣) هێـز و (٥) پێنـج ڕێکخـراوی سـەر بـە سـەرکردایەتیی ڕێکخـران[٢]. ڕێکخـراوەکان لێژنـەی ناوچـەکان ڕاسـتەوخۆ سـەر بـە لـق و مەکتەبـی سیاسـی بـوون، سـنووری چالاکییـان هەولێـر، دهـۆک، سـلێمانی و کەرکـووک بـوو[٣]، ئەرکـی ڕێکخسـتنەکان لەنێـو شـارەکان بریتـی بـوو لـە بڵاوکردنـەوە بڵاوکـراوەکانی ڕێکخسـتنەکانی حـزب، هێنـانی دەسـتەی چەکـداری پێشـمەرگە بـۆ نێـو شـارەکان، هەروەهـا نـاردنی پێشـمەرگە بـۆ شـاخ کـە لەلایـەن ڕێکخسـتنەکانی نێـو شـار پشـتگیری دەکـران[٤]، ئەرکـی پێشـمەرگەی ناوشـارەکان بریتـی بـوو لـە تۆڵەسـەندنەوە لـەو بەرپرسـانەی حکومـەت، کـە دژی پێشـمەرگەن و ئـازاری خەڵکیـان داوە[٥]، زۆربـەی چالاکییـەکانی ناوشـار لـە شـەواندا ئەنجـام دەدران و دوای ئەنجامـدانی چالاکـی لـە شـەودا پێشـمەرگەکان شـاریان جـێ دەهێشـت دەگەڕانـەوە ناوچـە ئازادکـراوەکان[٦].

جەنگـی عێـراق و ئێـران دەرفـەتی زیاتـری بـە هێـزی پێشـمەرگە دا، دزە بکەنـە نێـو شـارەکان و چالاکیـی ئەنجـام بـدەن، بۆیـە لـە (١٤ی تشرینـی یەکەمـی١٩٨٠) دەسـتەیەک پێشـمەرگەی سـورێن (پ.د.ک) بـە نارنجـۆک هێرشـیان کـردە سـەر بارەگایەکـی حزبی بەعس لـە سـەید سـادق زیانێکـی زۆریـان لـێ دا، بـۆ مـاوەی چەنـد کاتژمێرێـک مانـەوە، هەروەهـا

(١) دیدار لەگەڵ شێخەڵلا برایم، هەولێر، ٢٠٢٢/٧/٦.

(٢) مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، ل١٢٢.

(٣) بـە هـۆی بوونـی ململانێـی ناوخۆیـی لـە سـنووری پارێـزگای سـلێمانی و کەرکـووک لقـی (٣-٤) تێکـەڵ کرابـوون، بـارەگای سـەرەکییان لـە هەورامـان و مەریـوان و سـنوورەکانی شـاخی مامەنـدە بـوو، لـە هەمـان کاتـدا چەندیـن خەتـی نهێنـی لـە نێـو شـارەکان پەیوەندییـان بـە بـارەگای لـق هەبـووە، لـە (کۆتایـی ١٩٨٦) هــەر دوو لــق جیاکرانــەوە، حەمیــد ئەفەنــدی بــوو بــە بەرپرســی لقــی (٤)، ئــازاد قەرەداخــی بــوو بــە بەرپرسـی لقـی (٣). جەمـال مورتکـە، چیـا خـۆی دەنوسـێتەوە نوسـینەوەی ڕۆژەسـەختەکانی خەبـات ١٩٨٦، ب٥، چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات، ٢٠١٢، ل، ل١٩-٢٥.

(٤) دیدار لەگەڵ تاهیر عەلی محموود، پیرمام، ٢٠٢٢/٢/١٣.

(٥) ماهی، س.پ، ل٣٧.

(٦) سوارە محمد ئەمین ئاغا، داستانی تۆڵە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢٠، ل٣١.

بڵاوکراوەکانی پارتییان لە شەقامەکان هەڵواسی[1].

لە (٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٠) پێشمەرگەکانی سەر بە ڕێکخستنیی ناوخۆی لقی (١) بە نارنجۆک هێرشیان کردە سەر بنکەی پۆلیسی سمێڵ لە پارێزگای دهۆک و توانیان (٣) پۆلیس بکوژن و (٥)ی دیکەش بریندار بکەن[2]. لە (١٤-١٥ی شوباتی ١٩٨١) دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی سورێنی لقی (٤) چوونە ناو خورماڵ لە قەزای هەڵەبجە، لە ڕەبییەیەکی سوپای عێراقییان دا، بووە هۆی کوژرانی (٣) سەرباز، هەروەها برینداربوونی (٢)ی دیکە، پێشمەرگەکان بێ زیان گەڕانەوە. هەروەها لە (١٥-١٦ی شوباتی ١٩٨١) هێزێکی هاوبەشی پارتی و حسیک توانیان بچنە ناو ناحیەی سیروان زیانێکی زۆریان لە بنکە و بارەگاکانی بەعس دا[3]. لە زنجیرەی چالاکییەکانی سنووری لقەکانی (١، ٢، ٣، ٤) لە (کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٨١)، (١٤) چالاکییان لە شارەکانی، هەولێر، سلێمانی، مووسڵ، دهۆک، مێرگەسۆر، خورماڵ، سیروان، چەند شوێنی دیکە هێرشیان کردووەتە سەر دامودەزگاکانی حکومەت و ڕێکخراوەکانی حزبی بەعس، هەروەها بەیاننامەیان لە شەقامە گشتییەکان بڵاو کردووەتەوە[4]، لە (١٧ی ئابی١٩٨١) دەستەیەک پێشمەرگەی (پ.د.ک) چوونە نێو شاری هەولێر، لەو کاتەدا بەڕێوەبەری پۆلیسی گشتی لە هەولێر بوو، بۆمبێکیان خستە ناو ئۆتۆمبێلێک، بووە هۆی کوژرانی (٢) کەس و برینداربوونی (٥)ی دیکە، هەروەها (٥) ئۆتۆمبێلی لە جۆری مارسیدس سووتا، ئەم چالاکییە دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، ترسێکی زۆری خستە ناو بەرپرسانی حکومەت[5]. لە زنجیرەی چالاکییەکانی پێشمەرگەدا لە (کۆتایی مانگی تەمووز تا کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٨١) لە شارەکانی هەولێر، مووسڵ، دهۆک، چۆمان، هەڵەبجە و سەید سادق، (٢٥) چالاکی ئەنجام داوە[6]

---

(١) العمليات التى نفذتها فصائل الانصار الوطنية البشمركة خلال تشرين الاول، جريدة اخباركردستان، ع(٩)، كانون الاول ١٩٨٠، ص٥.

(٢) اهم فعليات الجيش الثوري الكوردستاني، جريدة اخبار كردستان، ع(١١)، ١٩٨١/٢/٦، ص٤-٥.

(٣) جريدة اخبار كردستان، ع(١٣)، ١٩٨١/٣/٢، ص ص٤-٧.

(٤) احصائية بعمليات الجيش الثوري الكردستاني (البيشمرگه) خلال الشهر كانون الثاني و شباط، جريدة اخبار كردستان، ع(١٣)، ١٨/ أذار/ ١٩٨١.ص١.

(٥) حرق (٥) سيارات مارسيدس للشرطة في اربيل، جريدة اخبار كردستان، ع(٢٤)، ١٩٨١/٨/٢٧، ص٢.

(٦) سەرژمێرییەک دەربارەی چالاکی پێشمەرگەکانمان لە کۆتایی گەلاوێژ تا کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٨١، ئێستگەی دەنگی کوردستان، ١٩٨١/١١/١٩.

دوابەدوای ئەنجامدانی چەندین چالاکی لە ناوشارەکاندا لە (١٠ی شوباتی ١٩٨٢) دەستەیەک پێشمەرگەی لقی (١)ی پارتی چوونە نێو شاری دهۆک، بڵاوکراوەکانی پارتییان لە شوێنە گشتییەکانی دهۆک بڵاو کردەوە، دواتر هێرشیان کردە سەر ڕەبییەکی جەیشی شەعبی، لە نزیک گۆڕستانی مەسیحییەکان، لە ئەنجامدا (٤) سەربازیی (الجیش الشعبي) کوژران و (٢) ی دیکەش برینداربوون[١]. لە (٤-٥ی ئاداری ١٩٨٢) پێشمەرگەکانی لقی (٤) ی پارتی، هەڵیان کوتایە سەر سەربازگەی سەیدسادق، زیانێکی زۆریان بەر سەربازگەکە گەیاند، بووە هۆی کوژرانی (٦) سەرباز و (٥)ی دیکە برینداربوون[٢]. لە ئامارێکدا سەبارەت بە چالاکی چەکداریی پێشمەرگەکانی پارتی لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان، کە لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاو کراوەتەوە لە (٢٢حوزەیرانی ١٩٨٢ تا ١ی کانوونی دووەمی ١٩٨٤)، (١٧٢)چالاکییان ئەنجام داوە[٣]، لە لایەکی دیکەوە پێشمەرگەکانی (پ.د.ک) لە (١ی کانوونی دووەمی ١٩٨٤ تا ٢٩ی شوباتی ١٩٨٤) لە شارەکانی سلێمانی، مووسڵ، دهۆک و ناوچەکانی قەسرێ، دیانە و شێخان، (٢٥) چالاکییان ئەنجام داوە[٤]، پێشمەرگەکان هەموو دەرفەتێکیان بۆ ئەنجام دانی چالاکی قۆستووەتەوە، بەتایبەت لە بۆنەی نەورۆزدا زۆرترین چالاکی لە شارەکان ئەنجام دەدران، بۆ نموونە لە شەوی (١٨-١٩ی ئاداری ١٩٨٤) پێشمەرگەکانی هێزی شنرویێ و ڕێکخستنی عەبابەیلێ و ڕێکخراوی تەوێڵە، چوونە نێو شاری هەڵەبجە، بۆ ماوەی یەک کاتژمێر بە چەکی هاوەن بۆردومانی ڕەبیە و بنکەکانی بەعسیان کرد، دواتر چاپەمەنییەکانیان بڵاوکردەوە و دروشمی نەورۆزیان لە شوێنە گشتییەکان نووسی. هاوکات لە (٢٠ی ئاداری ١٩٨٤) دەستەیەک پێشمەرگەی (پ.د.ک)، چوونەتە نێو شاری سلێمانی لەسەر ڕێگای ئۆرزدی نارنجۆکێکی دەستیان فڕی دایە ناو ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی، بووە هۆی برینداربوونی چەند سەربازێک[٥]. بە هۆی سیاسەتی توندی حکومەت بەردەوامی خۆپیشاندانەکان دەرفەتی بە هێزەکانی پێشمەرگەدا دزەبکەنە ناوشارەکان زۆرجار تێکەڵی خۆپیشاندانەکان

(١) ثوارنا الابطال يقتلون معاون مدير امن دهوك، جريدة اخبار كردستان، ع(٥٧)، ١٩٨٢/٢/٢٨، ص٣.

(٢) جريدة اخبار كردستان، ع(٦٢)، ١٩٨٢/٣/١٤، ص٣.

(٣) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٤٨)، ئاب ١٩٨٣، ل٣؛ ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٤٩)، کانوونی دووەمی ١٩٨٤، ل٣.

(٤) فعليات الجيش الثوري الكردستاني، جريدة خبات، ع(٥٥٠)، شباط ١٩٨٤، ص٣.

(٥) نوروز والانتفاضات الجماهيرية، جريدة اخبار كردستان، ع(١١٣)، اذار ١٩٨٤، ص٥.

دەبـوون[١]. هەربۆیـە لـە سـاڵی (١٩٨٤) چالاکـی پێشـمەرگە لە شـار و شـارۆچکەکان و ئۆردوگا زۆرەملێیـەکان پـەرەی سـەند، لەو ماوەیەدا ڕێکخسـتنەکان و پێشـمەرگەکانی (پ.د.ک) (١٩٤) چالاکییـان ئەنجـام داوە[٢]. هەروەها لە سـاڵی (١٩٨٥)، پێشـمەرگەکانی (پ.د.ک) لە سـەرجەم شـار و شـارۆچکەکان (٩٤) چالاکییـان ئەنجـام داوە[٣].

لـە سـاڵی (١٩٨٦) پێشـمەرگەکانی (پ.د.ک) چالاکییەکانـی لـە شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان پـەرەی سـەند بـە هـۆی ئاشـتبوونەوەی گشـتی ڕێککەوتننامـەی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) ڕێگـەدان بـە ئـازادی سیاسـی و سـەربازیی پێشـمەرگەکان لـە ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی یـەکتری[٤]، لـە (٢٢-٢٣ی ئـاداری ١٩٨٦) دەسـتەیەک پێشـمەرگەی سـەر بـە لێژنەی ناوچـەی هەڵەبجـە، هێرشـیان کـردە سـەر ڕەبییەکانی سـەید سـادق. بۆ مـاوەی یـەک کاتژمێر ڕووبـەڕووی جەیشـی شـەعبی بوونـەوە و زیانێکـی زۆریـان پێگەیانـدن، پێشـمەرگەکان بەبـێ زیـان گەڕانـەوە[٥]. لـە لایەکـی دیکـەوە لـە (تەمـووز و ئابـی ١٩٨٦) پێشـمەرگەکانی لێژنـەی ناوچـەی شـەقڵاوە چەندیـن چالاکییـان لـە شـەقڵاوە، دیانـا، هیـران و ڕەوانـدز ئەنجـام داوە بڵاو کراوەکانـی (پ.د.ک) بڵاو کردووەتـەوە[٦]. بـە هـۆی فراوانبوونـی چالاکییەکانی پێشـمەرگە لەنێـو شـاری دهـۆک و زاخـۆ ناوچەکانـی دیکـەی بادینـان، حکومـەت هێرشـەکانی بـۆ سـەر بـارەگای هـەر دوو ناوچـەی زاخـۆ و دهـۆک چـڕ کردبـووەوە[٧]. هەرچەنده حکومـەت هەوڵی دا سـنوورێک بـۆ جموجۆڵـی پێشـمەرگە لەنێـو شـارەکان دابنێـت، لەڕێگـەی بەکارهێنانی هێز بـۆ ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە، بـەڵام ئـەو هەوڵـەی حکومـەت نەبـووە ڕێگـر لـە بـەردەم ئەنجـام دانـی چالاکییـەکانی پێشـمەرگە هـەر وەک لـە ئامارێکـدا هاتـووە لـە سـاڵی

---

(١) دیدار لەگەڵ فازڵ ڕەئووف، سلێمانی، ٢٠٢٢/٩/٢.

(٢) چالاکـی لەشـکری شۆڕشـگێڕانی کوردسـتان، ڕۆژنامـەی خەبـات، ژ(٥٥٤-٥٥٥)، سـاڵی (٢٦)، کانوونـی دووەم و شـوباتی ١٩٨٥، ل٣.

(٣) چالاکی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان، خەبات، ژ(٥٥٨-٥٥٩)، کانوونی دوورمی ١٩٨٦، ل٣.

(٤) بـۆ زانیاریـی زیاتـر، بڕوانـە: پـڕۆژەی هـاوکاری نێـوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک)، ڕۆژنامـەی خەبـات، ژمـارە (٥٦٧-٥٦٨)، تشرینـی یەکـەم و تشرینـی دووەمـی ١٩٨٦ ل١-١٥.

(٥) چالاکییەکانی پێشمەرگە، گۆڤاری ئەزمەڕ، ژ(٥)، نیسانی ١٩٨٦، ل١٨.

(٦) چەنـد چالاکییەکـی جەمـاوەری، گۆڤـاری سـەفین، ژ(٣٩)ئـابی ١٩٨٦، ل٨؛ جەمـال مورتکـە، س.پ، ب٥، ل٥٩-٦٠-٦١.

(٧) مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ل٣٩.

(١٩٨٦) پێشـمەرگەکانی (پ.د.ک) لـە شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان (٥٠) چالاکییـان ئەنجـام داوە[١].

بـە بۆچوونـی مەسـعود بارزانـی سـاڵی (١٩٨٧) چالاکـی پێشـمەرگە پـەرەی سـەندبوو، جگـە لـەو هێرشـانەی دەکرانـە سـەر فـەوج و خاڵـە بەهێزەکانـی حکومـەت، هێزەکانـی پێشـمەرگە دزەیـان کردبـووە نـاو زۆرێـک لـە شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان[٢]، ئەمـەش زیاتـر بووبـووە هـۆی بەرزکردنـەوەی ورەی پێشـمەرگە و جەمـاوەر هـەر وەک لـە (٢٣ی ئایـاری ١٩٨٧)، لـە چالاکییەکـدا هێـزی پێشـمەرگەی (پ.د.ک) بـۆ هاوکاریـی جەمـاوەری ڕاپـەری و چوونـە نێـو شـاری شـەقڵاوەوە[٣]. لـەم ڕاپەڕینـەدا ژمارەیەکـی زۆر لـە جاشـەکان و جەمـاوەر هێرشـیان کـردە سـەر دامودەزگاکانـی حکومـەت، لەگـەڵ دەزگا ئەمنییەکانـی حکومـەت ڕووبـەڕوو بوونـەوە. لـە ئەنجامـدا بـووە هـۆی کـوژران و برینداربوونـی ژمارەیـەک هاووڵاتـی[٤]. هەروەهـا لـە (١٦-١٧ حوزەیرانـی ١٩٨٧) پێشـمەرگەکانی ڕێکخـراوی بروسـکی (پ.د.ک) توانیـان بچنـە نـاو مێرگەسـۆر زیانێکـی زۆر لـە دەزگا ئەمنییەکانی حکومـەت بدەن، دوای مانەوەیـان بـۆ مـاوەی چەنـد کاتژمێرێـک هێـزەکانی پێشـمەرگە پاشەکشـەیان کـرد[٥]، حکومـەت لـە تۆڵـەی ئـەو هێرشـەدا بۆردومانـی گونـدی (ئاوبرانـی) کـرد، بـارەگای هێـزی بـارزان لـەو گونـدە بـوو، بووە هـۆی شـەهیدبوون و برینـدار بوونی چەنـد پێشـمەرگەیەک[٦]. لـە شـەوی (١٢-١٣ کانوونـی دووەمـی ١٩٨٨) هێزێکـی پێشـمەرگەی لقـی یـەک هێرشـیان کردووەتـە سـەر دامودەزگاکانـی حکومـەت لـە ناحیـەی دێرەلـوک، توانیویانـە دەسـت بگـرن بەسـەر ناوەنـدی ناحیەکـە و دەسـتیان بەسـەر (١٢٠) ڕەبییـەی سـەربازییدا گـرت، هەروەهـا کوژرانـی نزیکـەی (٥٠٠) سـەرباز و جـاش (٥٧٧)ی دیکـە بەدیـل گیـران، لەم چالاکییـەدا (١١) پێشـمەرگەش کـوژران[٧]

(١) ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٦٩)، کانوونی یەکەم ١٩٨٦، ل٣.

(٢) عەلی تەتەر، بزاڤی...، ل٤٥٠.

(٣) مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، ل١٩٦.

(٤) جريدة اخبار كردستان، ع(١٥٨)، حزيران ١٩٨٧، ص١٧

(٥) عومەر عوسمان، ژیانی کوردێک، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٣٠.

(٦) دیدار لەگەڵ عومەر عوسمان، پیرمام، ٢٠٢٢/٩/٢٦.

(٧) نامەی ئەلیکترۆنی شوکری ساڵح نێروەیی، دهۆک، ٢٠٢٢/٩/٩.

## دووەم: حزبی سۆسیالیستی کوردستان:

سـەبارەت بـە پەیکـەری ڕێکخسـتنەکانی حسـک، بریتـی بوو لـە شـانەی ڕێکخـراو، لێژنەی ناوچـە و لـق. مەکتەبی نهێنی لەنێو شـارەکان ڕێنیشـاندەری هێزی پێشـمەرگە بـوون بۆ ئەنجام دانی چالاکـی، ڕێکخسـتنەکانی هەولێـر لەلایـەن عـەلی هـەژار (١٩٤٣-١٩٨٣) سەرپەرشـتی دەکـرا، بـەڵام دوای گیـرانی عەلی هـەژار و کاردۆ گەلاڵی (١٩٥١- ١٩٨٣)، لە (٩ی نیسـانی ١٩٧٩)، ڕێکخسـتنەکانی نێـو شـار بـەرەو لاوازی چـوون، بـۆ مـاوەی چەنـد مانگێـک چالاکییـەکانی نێـو شـار ڕاگیـران[١]، ئەمـەش بـۆ پاراسـتنی ئەندامانـی ڕێکخسـتنە نهێنییەکانـی (حسـك) بـوو، لـە دەزگا ئەمنییـەکان[٢]. بـەڵام ڕێکخسـتنەکانی ناوخـۆی (حسـک) جگە لە لقـی هەولێر لەلایەن محەمـەد شـاکەلی سەرپەرشـتی دەکـرا، تاوەکـو (ئابـی ١٩٨٢). ئەرکـی گەیاندنـی هەواڵـی نێو شـار بە پێشـمەرگە خرایە ئەسـتۆی مەحموودی حاجی حەمەڕەش لقەکانیش لەگەڵ خوارووی خۆیـان بـە شـێوەی هێڵ و زنجیرەیـی کاری خۆیان ڕێک خسـتبوو[٣]. ئەرکـی گەیاندنی زانیاریی دەربـارەی دام و دەزگاکانـی حکومـەت بـۆ هێزەکانـی پێشـمەرگە لە ئەسـتۆی ڕێکخسـتنەکانی ناو شـار بوو[٤]، لەو سـۆنگەیەوە دەسـتەیەک پێشمەرگەی سـەر بە کەرتی شەهیدانی قەڵادزێ، لە (١-٢ی شـوباتی ١٩٨٠) چوونە نێو شـارۆچکەی قەڵادزێ، لە ڕێکخراوی حزبی بەعسـیان دا، زیانێکـی زۆریـان پێگەیانـدن[٥]. لە چوارچێوەی چالاکییەکانی نێو شـار لـە (٢٣-٢٤ی حوزەیرانی ١٩٨١) دەسـتەیەک پێشـمەرگەی (حسک) چوونە نێو شارۆچکەی سەیدسـادق، دوای شەڕێکی دوو کاتژمێـری لەگـەڵ هێزەکانـی حکومەت، پێشـمەرگەکان بەبێ زیان گەڕانـەوە. هەروەها لە (٣-٤ی تەمووزی ١٩٨١) دەسـتەیەک پێشـمەرگەی هەرێمی یەک چوونە ناو ناحیەی سـیروان، بە چەکی سـووک و ئاڕبیجی لە بارەگای ڕێکخراوی جەیشـی شـەعبیان دا. بووە هۆی کوژرانی سـەربازێک و برینداربوونـی (٤)ی دیکە[٦]

(١) دیـدار لەگـەڵ موحسـین عـوسمان، هەولێـر، ٢٠٢٢/٤/٢٤؛ ئیسماعیـل تەنیـا، کاردۆ گەلاڵـی نووسـەر و پارێـزەر و سیاسـەتمەدار، هەولێـر، ١٩٩٧، ل١٠.

(٢) دیدار لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحموود، گوڵەخانە، ٢٠٢٢/٩/٢.

(٣) محمد شاکەلی، لە بزوتنەوەی...، ل١٥-١٦.

(٤) دیدار لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحموود، گوڵەخانە، ٢٠٢٢/٩/٢.

(٥) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژ (٥)، ئاداری ١٩٨٠، ل١٨.

(٦) محمد حاجی محمود، ڕۆژ ژمێری...، ب١، ل٤٥٣و٤٥٧.

جێــی ئاماژەیــە لــە ئەنجامــی دروســتبوونی بــەرەی جــود و جوقــد، بەشــداریکردنی (حســیک) لــە بــەرەی جــود شــەڕ و ململانێــی ناوخۆیــی بــە دوای خۆیــدا هێنــا، کاریگــەری هەبــوو لەســەر کەمبوونــەوەی چالاکییەکانــی (حســیک) بەرانبــەر حکومــەت، لــە لایەکــی دیکــەوە پێشــمەرگەکانی (حســک) بــە هاوبەشــی لەگــەڵ هێزەکانــی بــەرەی جــود لەنێــو شــارەکان چەندیــن چالاکییــان ئەنجــام داوە، بــۆ نموونــە لــە (ئابــی ١٩٨١) پێشــمەرگەکانی (حســک) و (پ.د.ک) چوونــە نێــو شــارۆچکەی ســەید ســادق، دوای شــەڕێکی دوو کاتژمێــری لەگــەڵ مەفرەزەیەکــی جــاش، بــووە هــۆی کوژرانــی جاشــێک، پێشــمەرگەکانی (پ.د.ک) و (حســک) بەبــێ زیــان گەڕانــەوە شــوێنی خۆیــان[١]. هــەر لــە درێــژەی چالاکییەکانــی نێــو شــار لــە (٤-٥ی ئابــی ١٩٨٢) پێشــمەرگەکانی هەرێمــی (١٢)ی هەندرێــن کۆمیتــەی ناوچــەی ڕەوانــدز لــە بنکــە و بارەگاکانــی حکومەتیــان دا کاتژمێــر (٨)ی ئێــوارە تــا کاتژمێــر (٣)ی شــەو دەســتیان بەســەر تــەواوی شــاری ڕەوانــدزدا گــرت. لــە کاتــی گەڕانەوەیــان تووشــی بۆســەیەکی ســەربازیی بــوون، بــەڵام پێشــمەرگەکان توانیــان لــە بۆســەکە دەربازبــن[٢]. لــە (١٣-١٤ی تشرینــی دووەمــی ١٩٨٢) دەســتەیەک پێشــمەرگەی لقــی هەولێــر و هەرێمــی (١١) باواجــی، چوونــە نێــو شــارەدێی دێگەڵــە، دەســتیان بەســەر تــەواوی دەرمانخانەکانــی نەخۆشــخانەی دێگەڵــەدا گــرت و گواســتیانەوە بــۆ ناوچــەکانی ژێــر دەســەڵاتی پێشــمەرگە[٣]، هاوهەنــگاو لــە (١٥ی کانوونــی یەکەمــی ١٩٨٢) هێزێکــی هاوبەشــی کۆمیتــەی ناوچــەی گەرمیــان و کۆمیتەی ناوچــەی هەڵەبجــە و بــارەگای لقــی ســلێمانی، هێرشــیان کــردە ســەر بنکــە و بارەگاکانی ســوپا و جــاش لەنــاو سەیدســادق[٤]، لەئەنجامــدا بــووە هــۆی کوژرانــی (٣٥) ســەرباز و جــاش. بــەڵام بــە هــۆی بۆردومانەکانــی ســوپا زیانێکــی زۆر بــەر ناوچەکــە کــەوت بــووە هــۆی کوژرانــی ئافرەتێــک و برینداربوونــی (٢) منــداڵ[٥].

لــە زنجیرەی چالاکییەکانــی پێشــمەرگەکانی (حســک) لەنێو شــار، لــە (٢١ی ئــاداری ١٩٨٣) هێزێکــی هاوبەشــی زورگــەزراو هەرێمــی (٨) ی دەشــتی هەولێــر و دەســتەیەک پێشــمەرگەی

(١) عملیة مشترکة لبیشمرکة، جریدة اخبار کردستان، ع (٢٢)، ١٩٨١/٨/٨، ص٦.

(٢) ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژ(٩)، ساڵی دووەم، ئابی ١٩٨٢، دوا لاپەڕە.

(٣) ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژ(١١)، ساڵی دووەم، تشرینی یەکەم و دووەمی ١٩٨٢، ل٥.

(٤) ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژ(١)، ساڵی سێیەم، کانوونی دووەمی ١٩٨٣، ل١-٢.

(٥) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٤٠).

(پ.د.ک) چوونە ناو ناحیەی گوێڕ، لە بارەگاکانی ئەمن و جەیشی شەعبییان دا. بووە هۆی کوژرانی (٧) ئەمن و (٢) سەرباز و برینداربوونی (٥) ئەمن[١]. شەڕی قرناقە و پشت ئاشان کاریگەری هەبوو لەسەر کەمبوونەوەی چالاکی پێشمەرگەی (حسک) لەنێو شاری سلێمانی، چونکە هێزەکانی بەرەی جود بەرەو ناوچە سنوورییەکانی ئێران کشانەوە[٢]. بەڵام لە هەولێر پێشمەرگەکانی حسک بەردەوام بوون لە چالاکی، یەکێک لەو چالاکییانەی لەنێو شارەکان ئەنجام دراوە، هێنانی ئۆتۆمبێلی حکومی بوو لەنێو شارەکان دواتر گەیاندنی بۆ ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە[٣]، بۆ نموونەلە (٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٣) دەستەیەک پێشمەرگەی سەر بە کۆمیتەی سەرکردایەتیی هەولێر و هەرێمی (١١)ی باواجی لەنێو شاری هەولێر دەستیان بەسەر ئۆتۆمبێلێکی لاندکرۆز دا گرت و گەیاندیانە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە[٤]. لە (١٩-٢٠ ی حوزەیرانی ١٩٨٤) دەستەیەک پێشمەرگەی هەرێمی (١٧)ی کۆمیتەی ناوچەی ڕەواندز چوونە نێو شاری خەلیفان؛ دەستیان بەسەر بەدالەی عەسکەری و مەدەنی ناحیەکەدا گرت و دواتر بارەگای حزبی بەعسیان بۆردومان کرد، لە ئاکامدا بووە هۆی کوژرانی (٦) سەرباز و بە دیل گیرانی (٣)ی دیکە[٥].

شیاوی گوتنە بە هۆی خەریک بوونی (حسک) بە کێشەی ناوخۆیی و دوو لەتبوونی لە ساڵی (١٩٨٥) چالاکی چەکداریی (حسک) لەنێو شارەکان کەمی کرد[٦]، بەڵام سلێمانی و کەرکووک دۆخێکی تایبەت بوو، کەمتر لە کێشە ناوخۆیەکانیی حسک تێوەگلاون[٧]. لە (٣ی ئاداری ١٩٨٦) پێشمەرگەکانی (حسک)، چوونە نێو شاری هەولێر لە گەڕەکی لەتیفاوە، بە مەبەستی گەڕان بە دوای جاش و کەسانی سەر بە حکومەت، بۆ ماوەی (٥) کاتژمێر دەستیان بەسەر گەڕەکەکەدا گرت[٨]. هەروەها لە (٢٦ی حوزەیرانی ١٩٨٦)

(١) ڕێگای ئازادی، ژ(٣)، ساڵی سێیەم، ئازاری ١٩٨٣، ل١.

(٢) پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ محەمەد شاکەلی، کەلار، ٢٠٢٢/٢/٤.

(٣) ئازاد کاکل، بیرەوەری ڕۆژە سەختەکانی پێشمەرگەیەک، ب١، هەولێر، ٢٠١٥، ل٢٤.

(٤) هەولێر، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی ژ(٢١) شوباتی ١٩٨٤، دوالاپەرە.

(٥) دوو نەبەردی، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژ(٢٥)، ساڵی چوارەم، تەمووزی ١٩٨٤، ل١-٥.

(٦) دیدار لەگەڵ موحسین عوسمان، هەولێر،٢٠٢٢/٤/٢٤.

(٧) پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ محەمەد شاکەلی، کەلار،٢٠٢٢/٢/٤.

(٨) پێشمەرگە دەچێتە نێو شاری هەولێر، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژ(٢)، ساڵی یەکەم، ئایاری ١٩٨٤، ل٤.

پێشـمەرگەکانی هەرێمـی (٧) ی قەرەچـوغ (٨)ی دەشـتی هەولێـر (١٠)ی سـەفین لەنێـو شـاری هەولێـر لـە ئۆتۆمبێلێکـی سـەربازییاندا بـووە هـۆی کوژرانـی (٤) سـەرباز[1]

بـە هـۆی سیاسـەتی ڕاگـواستن و تێکدانـی گونـدەکان، لـە (١٢-١٣ی ئایـاری١٩٨٧) دانیشـتووانی سەیدسـادق، خورمـاڵ هەڵەبجـە و سـیروان دژی دامودەزگاکانـی حکومـەت ڕاپەڕیـن، هەڵگەڕانەوەیەکـی گـەورەش لەنـاو ڕیزەکانـی جـاش پەیـدا بـوو، دەسـەڵات لەدەسـت کاربەدەسـتانی بەعـس دەرچووبـوو[2]، جەمـاوەر بـە هـاوکاری پێشـمەرگەکانی (حسـک) و (ی.ن.ک) توانیـان دەسـت بەسـەر ناحیەی خورماڵ و سـیروان دا بگـرن، حکومەتی عێـراق هێزێکـی زۆری بـۆ گرتنـەوەی ئـەو شـارانە ناردبـوو، بۆیـە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توند لـە نێـوان پێشـمەرگە و هێزەکانـی حکومـەت ڕوویـدا[3]. لـە میانـەی هەوڵـەکانی پێشـمەرگە بـۆ گرتنـی ئۆتۆمبێـل و کەلوپـەلی سـەربازیی حکومـەت، لـە (١ی ئابـی ١٩٨٧) دەسـتەیەک پێشـمەرگەی هەرێمـی (٧) چوونـە نێو شـاری هەولێـر، ئۆتۆمبێلێکـی لاندرۆڤەری سـەربازی و چـوار کلاشـینکۆفیان گرت[4]. لە سـاڵی (١٩٨٨) چالاکییەکانی پێشـمەرگەی (حسـک) بـەردەوام بـوو، هەرچەنـدە حکومـەت پلان و ستراتیـژی خـۆی بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی پێشـمەرگە گۆڕی بـوو، بـەڵام پێشـمەرگەکانی (حسـک) لـە ڕێگـەی ڕێکخسـتنەکانەوە دەهاتنـە ناوشـارەکان چالاکییـان ئەنجـام داوە[5].

(١) گۆڤاری  دەنگی پێشمەرگە، ژ(٢٠)، ساڵی (٨) ئابی ١٩٨٦، ل١٥-١٦.

(٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە...، ل١٢٩.

(٣) ڕاپۆرتێک دەربارەی ڕاپەڕینی دەشتی شارەزوور، ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ، ژ(٥)، مایسی ١٩٨٧، ل٣-٨.

(٤) چالاکییەکانی پێشمەرگە، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژ(٤٨)، ئابی ١٩٨٧، ل٧.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٣٢).

## سێیەم: پاسۆک:

پاسۆک لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بڕیاری دابوو قورسایی چالاکی خۆی بە شێوەیەکی نهێنیی بخاتە نێو شارەکان، بەمەبەستی هۆشیارکردنەی جەماوەر و بەرزکردنەوەی ئاستی سیاسی و کاری ڕێکخستن[١]. لەبەرئەوەی بڕیاری دابوو بۆ ماوەی (١٠) ساڵ کادیر و ئەندامانی لەسەر خەباتی سیاسی و نهێنیی پەروەردە بکات[٢]. بەڵام دوای گیرانی بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتیی پاسۆک ناچار بوو، بە ڕاگەیاندنی خەباتی چەکداریی و ناردنی دەستەی چەکداریی بۆ شاخ. پاسۆک چالاک بوو لە ناردنی پێشمەرگە بۆ نێو شار[٣]. بۆیە پاسۆک زیاتر گرنگی بە ڕێکخستنەکان و چالاکی ناوشارەکان داوە. سەبارەت بە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی پاسۆک لە شانە و شانەی سەرەکی، ڕێکخراو، لێژنەی ناوچە و لق پێکهاتبوو[٤]، شێوازی ڕێکخستنەکانی پاسۆک زنجیرەیی بوو دوو تا سێ کەس یەکتریان دەناسی، لە شانەیەکی بچووک ڕێک دەخران. قورسایی ڕێکخستنەکانی پاسۆک لە سلێمانی بوو، سێ لێژنەی ناوچە لە سلێمانی هەبوو لەلایەن مەلا شوان سەرپەرشتی دەکران لە ساڵانی (١٩٧٨ تا١٩٨١) لە بریتی بوو لە: لێژنەی ناوچەی شەهید کانی شەفیق، لێژنەی لێژنەی ناوچەی سلێمانی، لێژنەی ناوچەی زانکۆ، سەر بە لقی (٢)ی سلێمانی بوون، سەرەتا لەلایەن شێخ حوسێنی کاژیک سەرپەرشتی دەکرا، دواتر مژدە تاهیر بووە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی نێو شاری سلێمانی[٥]. هەروەها لە ناوچەکانی دەوروبەری هەڵبجە،

---

(١) زانا فەقێ، س.پ، ل١٢٧.

(٢) پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ شێرزاد فاتیح محەمەد، کەرکوک، ٢٠٢٢/٨/٢٢.

(٣) پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ هەڵۆ عەلی محەمەد، ئەڵمانیا،٢٠٢٢/٨/٢٠. ناسراو بە هەڵۆ بەرزنجەیی، لە ساڵی (١٩٦١) لە سلێمانی لە دایکبووە، خوێندنی ئامادەیی و پیشەسازی لە سلێمانی تەواو کردووە، لە (١٩٧٨) پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پاسۆک کردووە، لە لێژنەی ئاواریک سلێمانی کاری ڕێکخستنی کردووە، لە (١٩٨٤) چووەتە دەرەوەی وڵات، ئێستا لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە

(٤) دیدار لەگەڵ فوئاد ڕەوەند، هەولێر، ٢٠٢٢/٨/٢١.

(٥) دیدار لەگەڵ کەمال مەحموود محەمەد، هەولێر، ٢٠٢٢/٨/٢٣. لە دایکبووی (١٩٦١) شاری پێنجوێنە، ناسراو بە مەلا شوان، لە (١٩٧٨) پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پاسۆک کردووە لە شاری سلێمانی، لە (١٩٨١) چووەتە شاخ و بووەتە پێشمەرگە، ناوبراو ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە

سلێمانی، چەمچەماڵ، ڕانیە و باڵەکایەتی پاسۆک ڕێکخستنی هەبووە[١]. لە کەرکووک دوو خەتی ڕێکخراوەیی پاسۆک هەبوو، لەلایەن شێرزاد فاتیح محەمەد سەرپەرشتی دەکرا، بەڵام لە کەرکووک چالاکی چەکداریی نەبوو، چونکە دۆخی کەرکووک جیاواز بوو، چالاکییەکان زیاتر بڵاوکردنەوەی دروشم و بڵاوکراوەکانی حزب بوو[٢]، لە هەولێر و دهۆک پاسۆک ڕێکخستنی نەبووە، زیاتر پەیوەندی کەسی بووە[٣]، پاسۆک لەنێو شار دوو شێوە خەتی ڕێکخراوەیی هەبووە، خەتی سیاسی بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە تایبەت لەناو گەنجان و ڕۆشنبیران و قوتابیان، خەتی سەربازیی بۆ ئەنجام دانی چالاکی پێشمەرگە لەنێو شار، هێرشکردنە سەر بنکە و بارەگاکانی حزبی بەعس[٤]. خەتی ڕێکخستنی پاسۆک، جگە لەکاری سیاسی و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە چالاکی چەکداریشی ئەنجام داوە، پێشمەرگەی ناوشار هەبووە تایبەت بووە بە ڕێکخستنەکانی نێو شار[٥]، چالاکی ڕێکخستنەکانی پاسۆک لەنێو شار بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی حزبی و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر، هەروەها دابین کردنی چەک و تەقەمەنی و پێداویستی پزیشکی بۆ پێشمەرگە[٦]. چالاکییەکانی پێشمەرگە لە لایەن چەند لێژنەیەک ئەنجام دەدرا، کە بریتی بوو لە دەستەی شەهید فەرهاد خەفاف، دەستەی شەهید مولازم محەمەد شەوقی، دەستەی شەهید کامیل شەفیق، شەهید عومەر ساڵح مەنسوور و دەستەی شەهید دلێر[٧]، ئەو لێژنانە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە سەرکردایەتیی پاسۆک هەبووە و لەلایەن سەرکردایەتیی ئاراستە کراون، پەیوەندییان بە ڕێکخستنەکانی ناوخۆ نەبوو[٨]، ئەمەش زیاتر بۆ پارستنی ئەمنییەتی

(١) پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ هەڵۆ عەلی محەمەد، ئەڵمانیا،٢٠٢٢/٨/٢٠.

(٢) پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ شێزاد محەمەد فاتیح، کەرکوک، ٢٠٢٢/٨/٢٢.

(٣) پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ هەڵۆ عەلی محەمەد، ئەڵمانیا،٢٠٢٢/٨/٢٠.

(٤) کاوە ئەمین، لە کاژیکەوە بۆ پاسۆک، چاپخانەی تاران، ب.ش، ٢٠١٧، ل١٩١.

(٥) دیدار لەگەڵ فوئاد ڕەوەند، هەولێر، ٢٠٢٢/٨/٢١.

(٦) نامەی ئەلیکترۆنی ئاری هەرسین، سلێمانی، ٢٠٢٢/٩/٢٠. لە دایکبووی (١٩٦٤) لە گەڕەکی مەڵکەندی لە سلێمانی لە (١٩٨٠) پەیوەندی بە پاسۆك کردووە و بووەتە پێشمەرگە، ئەندامی ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد بووە لە ئەورووپا، دوای یەکگرتنی پاسۆک و پارتی، چەندین پۆستی حیزبی و حکومی وەرگرتووە، لە ئێستادا لە سلێمانی نیشتەجێیە.

(٧) زانا فەقێ، س.پ ل١٢٧.

(٨) کاوە ئەمین، س.پ، ل ٢٩٦.

ڕێکخستنەکانی نێو شار بووە، مولازم شوان دەڵێت: «لە ناوشاری سلێمانی هێڵێکی زۆری ڕێکخستنم دروست کردبوو، جگە لە من کەسی دیکەیان نەدەناسیی بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن»[١]

شیاوی باسە پێشمەرگەکانی پاسۆک لەنێو شاری سلێمانی چەندین چالاکییان ئەنجام داوە، بۆ نموونە لە (٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٠) دەستەیەک پێشمەرگەی پاسۆک چوونەتە ناوشاری سلێمانی، لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی حکومەت دەکەونە شەڕکردن، لە ئەنجامدا بووە هۆی کوژرانی (٣) سەرباز و بریندار بوونی (١)ی دیکە. هەروەها لە (٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٠) دەستەیەک پێشمەرگەی شەهید عومەرساڵح مەنسوور، لە شەقامی زانکۆی سلێمانی نارنجۆکێکیان هەڵدایە ناو ئۆتۆمبێلێکی سەربازییەوە و بووە هۆی کوژرانی (٢) سەرباز و برینداربوونی (٣)ی دیکە[٢]. سەرەڕای زیان گەیاندن بە هێزە ئەمنییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەیان لە ناوشارەکان، پێشمەرگەکانی پاسۆک لە شەقامە گشتییەکان و ڕێگە سەرەکییەکانی سلێمانی بازگەیان داناوە، بۆ نموونە لە (١ی شوباتی ١٩٨١) دەستەیەک پێشمەرگەی شەهید کاکە فەتاح، خاڵێکی پشکنینیان لەسەر ڕێگای سلێمانی و چوارتا دانا، کۆمەڵێک هاووڵاتییان ڕاگرت، مەبەستیان گرتنی کەسانی گومانلێکراو بووە. دوای لێکۆڵینەوە ئەوانەی کە هیچیان لەسەر ئاشکرا نەبووە ئازاد کراون[٣]

یەکێک لەو چالاکییە دیارانەی پێشمەرگەکانی پاسۆک لە ناوشاری سلێمانی لە (١٦-١٧ی شوباتی ١٩٨١) بریتیبوو لەوەی کە دەستەیەک پێشمەرگە بە سەرپەرشتی مولازم شوان، چوونە ناو بەشە ناوخۆیی زانکۆی سلێمانی[٤]، مولازم شوان کە سەرپەرشتی ئەم چالاکییەی کردووە دەڵێت: «دوای ئەوەی خوێندکارەکانمان کۆکردنەوە، بە عەرەبییەکی ڕەوان قسەم بۆ کردن، بۆ ئەوەی هەست نەکەن کە پێشمەرگەین سەرەتا نا بە دڵانە؛ بە درۆ بە شان و گرووپی بەعس و سەددام حوسێنم هەڵدا، دوای کاتژمێرێک قسەکردن پێم گوتن کارێکی تایبەتمان هەیە کێ ئامادەیە هاوکاریمان

(١) پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ مولازم شوان، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٦..

(٢) دێڕێک لە داستانی بەچکە شێرانی نەتەوەیی، گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتی، ژ(١)، شوباتی ١٩٨١، ل١٩.

(٣) دێڕێک لە داستانی بەچکە شێرانی نەتەوەیی، گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتی، ژ(٣)، نیسانی ١٩٨١، ل٣٩.

(٤) گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتی، ژ(٣)، نیسانی ١٩٨١، ل٤١.

بکات نزیکەی (٢٠٠) قوتابی دەستیان بەرزکردەوە و ئامادەیی خۆیان دەربڕی»[١]، بەڵام بەهۆی ئەوەی ژمارەی قوتابییەکان زۆربووە نزیکەی (٤٥٠) قوتابی بوون، بۆیە تەنیا (٣٠) قوتابیان لێ هەڵبژرادوون، کە (٨) یان بەڕەگەز ئوردنی بوون. دواتر لەبەر پاڕانەوەی زۆر و گریانی قوتابییەکان (٣) یانیان بەرداوە[٢]. ئەم چالاکییە دەنگدانەوەی خێرای بە دوای خۆیدا هێنا، بۆیە بەرپرسانی حکومی داوایان لە سەرکردایەتیی پاسۆک کرد بۆ بەردانی گیراوەکان و ئاشکراکردنی چارەنووسیان[٣]. ئەم چالاکییە لە ڕووی چەندییەتی و چۆنیەتییەوە گەورە بووە. بە هۆی بوونی چەند قوتابییەکی ئوردنی گوشاری بەردەوامی ئوردن لەسەر حکومەتی عێراق، بووە هۆی ئەوەی حکومەت دووچاری شڵەژانێکی زۆر بێت و داوای دانوستان و گفتوگۆ لە سەرکردایەتی پاسۆک بکات[٤]. بۆیە سەرکردایەتی پاسۆک لە بەرانبەر بەردانی گیراوەکان، چەند مەرجێکی داناوە، لەوانە:

١-ئازادکردنی (١٠٠) خێزانی گیراوی پێشمەرگەی سەرجەم حزبەکانی باشووری کوردستان.

٢-کشانەوەی سوپای ئوردن لە کوردستان[٥].

دوای ئەم چالاکییە بەشێک لە کەسوکاری پێشمەرگەکان ئازاد کران، لەگەڵ کشانەوەی سوپای ئوردن لە کوردستان[٦]. لە لایەکی دیکەوە کاریگەرە نەرێنییەکانی ئەم چالاکییە بریتی بوو لەوەی حکومەتی عێراق بە بیانووی نائارامی لە شاری سلێمانی و پاراستنی ئەمنییەتی شارەکە، زانکۆی سلێمانی لە (١٠ی ئەیلوولی ١٩٨١)

(١) پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ مولازم شوان، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٦.

(٢) تیشکی خۆری کوردایەتی دێرێك لە داستانی بەچکە شێرانی نەتەوەیی، گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتی، ژ(٣)، نیسانی ١٩٨١، ل٤١.

(٣) دیدار لەگەڵ فوئاد ڕەوەند، هەولێر، ٢٠٢٢/٨/٢١.

(٤) پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ مولازم شوان، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٦.

(٥) دیدار لەگەڵ فوئاد ڕەوەند، هەولێر، ٢٠٢٢/٨/٢١؛ گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتی، ژ(٣)، نیسانی ١٩٨١، ل٤١.

(٦) پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ مولازم شوان، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٦.

بـۆ شـاری هەولێـر بگوازێتـەوە[1]، هەروەهـا گوشـاری (ی.ن.ک) لـە سـەر پاسـۆک، بـۆ ئازادکـردنی گیـراوەکان و ئامـادە نەبـوونی سـەرکردایەتی پاسـۆک، بـۆ ڕادەسـتکردنەوەی قوتابییـە گیـراوەکان، شـەڕ و ململانێـی چەکداریـی لـە نێـوان (ی.ن.ک) و پاسـۆک بـە دوای خۆیـدا هێنـا[2]. ئـەم بارودۆخـە کاریگـەری هەبـوو لەسـەر کەمبوونـەوەی چالاکییـەکانی پاسـۆک لـە شـاری سـلێمانی[3].

شـیاوی باسـە پێشـمەرگەکانی پاسـۆک، جـاش و بـە کـرێ گیـراوانی حکومەتیـان ئـاگادار دەکـردەوە بـۆ دوورکەوتنەوەیـان لـە حکومـەت. چونکـە ببوونـە مایـەی مەترسـی بـۆ هێزەکانـی پێشـمەرگە، کاری سـیخوڕیان بـۆ دەزگا هەواڵگرییەکانـی حکومـەت دەکـرد[4]، بـۆ نموونـە لـە شـەوی (٧ی نیسـانی ١٩٨١) دەسـتەیەک پێشـمەرگەی شـەهید مـولازم محەمـەد شـەوقی، لـە شـاری سـلێمانی دوای ئـەوەی چەنـد جەیـش شـەعبییەک دەگـرن، بەڵێنـی ئەوەیـان لـێ وەردەگـرن خراپـە کاری نەکـەن. لـە (١٢ی نیسـانی ١٩٨١) دەسـتەی شـەهید کامیـل شـەفیق، هەڵیـان کوتایـە سـەر ماڵـی هەندێـک جـاش ئاگاداریـان کردنـەوە، دەسـت لـە خراپـە کاری هەڵبگـرن، لـە گەڕانەوەیانـدا لەگـەڵ هێـزی (قـوات خاصـة) ڕووبەڕووبوونـەوە، لـە ئاکامـدا بـووە هـۆی کوژرانـی (٣) سـەرباز و برینداربوونـی (٣)ی دیکـە[5]

لـە چالاکییەکـی دیکـەدا، دەسـتەیەک پێشـمەرگەی شـەهید کاکـە فەتـاح، لـە (٢٠/١٩ نیسـانی ١٩٨١) لـە کاتـی سـەردانی بـەرزان تکریتـی (١٩٥١-٢٠٠٦) و چەنـد وەزیرێـک بـۆ شـاری سـلێمانی، وەک کاردانەوەیـەک چوونـە سـەر بۆسـەیەکی (قـواة خاصـة) دوای شـەڕێکی دوو کاتژمێـری (٤) سـەرباز کـوژران و (٢)ی دیکـەی برینـدار بـوون[6]، زۆربـەی چالاکییـە چەکدارییـەکانی پاسـۆک لـە سـنووری سـلێمانی تێنەپەڕیـوە، پاسـۆک کـەمتر

(١) قرار مجلس قيادة الثورة، استحداث جامعة صلاح الدين بدلا من جامعة سليمانية، الوقائع العراقية، رقم (١٢٢٧)، ع(٢٨٥١)، ٢٨/ ايلول/١٩٨١.

(٢) پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ مولازم شوان، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٦.

(٣) نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان...، ل٢٠٨-٢٠٩.

(٤) نامەی ئەلیکترۆنی ئاری هەرسین، سلێمانی،٢٠٢٢/٩/٢٠.

(٥) دێرێک لە داستانی بەچکە شێرانی نەتەوەیی، گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتی، ژ(٤)، مایسی ١٩٨١، ل٣٧و٣٩.

(٦) گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتی، ژ(٤)، مایسی ١٩٨١، ل٣٧و٣٩.

توانیویەتـی پـەل بهاوێژێـت بـۆ ناوچەکانـی دیکـەی باشـووری کوردسـتان[١]، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ چەنـد هۆکارێـک، پاسـۆک لـە ڕووی ژمـارەی پێشـمەرگە بـەراورد بـە لایەنەکانـی دیکـە ژمارەیـان کـەمتر بـووە، هەروەهـا لـەڕووی مادییـەوە توانـای سـنووردار بـووە[٢]. لـەم بارەیـەوە ئـاری هەرسـین دەڵێـت: « کـە ئێمـە بـە شـێوەیەکی ڕۆمانسـی سیاسـەتمان دەکـرد و ئامـادە نەبوویـن دەسـتی هـاوکاری بـۆ ئێـران و سـووریا و لیبیـا درێـژ بکەیـن، چونکـە پـێمان وابـوو ئـەو هاوکاریانـە بـە سیاسـەت و بەرژەوەنـدی ئـەو وڵاتانـەوە پابەندمـان دەکات»[٣]. بۆیـە پاسـۆک نەیتوانـی کەناڵێکـی پەیوەنـدی لەگـەڵ وڵاتـانی هەرێمـی و دەوروبـەر دروسـت بـکات[٤]. لـە لایەکـی دیکـەوە ناکۆکـی و ململانێـی ناوخۆیـی پاسـۆک سـاڵانی (١٩٨٣ - ١٩٨٦) پاسـۆکی لـە ناوچـەکانی سـلێمانی و دەوروبـەری دابـڕی[٥].

(١) پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ شێرزاد فاتیح محەمەد، کەرکوک، ٢٠٢٢/٨/٢٣.

(٢) پەیوەندی تەلە فونی لەگەڵ هەڵۆ بەرزنجی، ئەڵمانیا، ٢٠٢٢/٨/٢٠.

(٣) نامەی ئەلیکترۆنی ئاری هەرسین، سلێمانی،٢٠٢٢/٩/٢٠.

(٤) دیدار لەگەڵ مەلا شوان، هەولێر، ٢٠٢٢/٨/٢٣.

(٥) بێسـتون ئـازاد مسـتەفا، شـەهیدی سـەرکردە ئـازاد مسـتەفا لـە دووتوێـی نووسـینەکانیدا، چاپخانـەی ڕوون، سـلێمانی، ٢٠١٣، ل١٣٢.

## باسی دووەم

### پلانی حکومەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە لە شارەکان

حکومەتی عێراق بۆ ڕێگری لە چالاکی پێشمەرگە لەنێو شارەکان، چەند ڕێوشوێنی ئەمنیی گرتبووە بەر، چەندین جۆری هێزی ئەمنیی لە شارەکان بڵاوە پێکرد بوو، لەوانە: (ئەمن)، هەواڵگریی (استخبارات)، پۆلیسی نهێنیی، جەیشی شعبی، جاش[١]، بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاریی و ڕێگری لە چالاکی پێشمەرگە لەنێو شارەکان، هەروەها لێژنەی لە ناوبردنی چالاکییە دوژمنکارییەکان (لجنة مكافحة نشاط المعادي) دروست کرد[٢]. بۆ کۆنترۆڵکردنی پارێزگاکانی باشووری کوردستان، هەروەها دەسەڵاتێکی زۆری بە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیی پارێزگاکان دابوو، پارێزگار هیچ دەسەڵاتێکی نەبووە بە سەریاندا، بەڵکو ڕاستەوخۆ سەر بە بەڕێوەبەرایەتی (ئەمنی عامة) بوون، بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیی پارێزگاکان زۆر بە توندی هەر بەرهەڵستکارێکیان سەرکوت دەکرد، بێ ئەوەی کەس دەسەڵاتی لێپێچینەوەی هەبێت[٣]. هەربۆیە بە بیانووی جیاجیا دەزگا ئەمنییەکان هەڵیان دەکوتایە سەرماڵی هاووڵاتییان و دەیان پشکنی، هەرکەسێک گومانی لێ بکرایە کە پاڵپشتی پێشمەرگە یان کەسێکی نزیکی لەناو شۆڕش دایە، لەلایەن هێزە ئەمنییەکان دەستگیر دەکرا[٤]. حکومەتی عێراق (٢١) بەندیخانەی بۆ گیراوە سیاسییەکان و کەسوکاری پێشمەرگە لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکووک و مووسڵ دروست کردبوو[٥]، زیندانەکان پڕ کرا بوون لە کەسوکاری پێشمەرگە بۆنموونە لە ساڵی (١٩٨١)، کەسوکاری پێشمەرگە لە شارەکانی هەولێر، زاخۆ، دهۆک، سلێمانی و هەڵەبجە، دەستگیرکراون و بۆ

(١) دیدار لەگەڵ فوئاد ڕەوەند، هەولێر، ٢٠٢٢/٨/٢١.

(٢) دیدار لەگەڵ شێخەڵڵا برایم، هەولێر، ٢٠٢٢/٧/٦.

(٣) عەلی تەتەر، سیاسەتی...، ب١، ل١٣٢

(٤) شارەکانی کوردستان، ڕۆژنامەی سەربەخۆیی، ژ(١٩)، کانوونی یەکەمی ١٩٨٩، ل١٠.

(٥) بیست و یەک زیندانی لە کوردستان هەیە، ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ، ژ(١٢)، کانونی یەکەمی ١٩٨٧، ل٤.

گرتووخانەکانی باشوور گواستراونەتەوە[١]. بە هۆی زیادبوونی چالاکی پێشمەرگە لەنێو شارەکان وەک پێشتر ئاماژەمان بۆکرد لە (ئەیلوولی ١٩٨١) حکومەتی عێراق زانکۆی سلێمانی گواستەوە بۆ هەولێر و ناوی گۆڕی بۆ زانکۆی سەڵاحەددین[٢]. حکومەتی عێراق نەیتوانیبوو ڕێگر بێت لەبەردەم چالاکییەکانی پێشمەرگە لەنێو شارەکان، بۆیە ڕق و قینەی خۆی بە خەڵکی مەدەنی دەڕشت، بە بیانووی جیا جیا بەبێ دادگایی خەڵکێکی زۆری لە سێدارە داوە بۆ نموونە لە شاری دهۆک لە (٢٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٣) لە یاریگای دهۆک (٦) گەنجی کوردی لە سێدارەدا[٣].

بەهۆی سیاسەتی توندی حکومەتی بەعس بەرانبەر خەڵکی کوردستان، کاردانەوەی خەڵکی بەدوای خۆیدا هێنا، چەندین ڕاپەڕین و خۆپیشاندان دژی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق لە (١٩٨٣ تا ١٩٨٨) ڕوویدا[٤]، ئەمەش دۆخێکی لەباری بۆ هێزی پێشمەرگە ڕەخساند، بە خۆخزاندنە نێو شارەکان و تێکەڵبوونیان لەگەڵ خۆپیشاندەران و ئەنجامدانی چالاکی. بۆیە حکومەتی عێراق بەوپەڕی توند و تیژییەوە هەوڵی دامرکانەوەی خۆپیشاندانەکانی داوە[٥]. بۆ ڕێگری لە هاتنی پێشمەرگە بۆ نێو شارەکان، حکومەت لە دەوروبەری شارەکان هێزێکی زۆری ئەمنییان بڵاوە پێ کردبوو. زۆربەی شەو بۆسەیان بۆ پێشمەرگە داناوە[٦]. بۆ نموونە لە شاری هەولێر زۆربەی شەوان لە کاتژمێر (٧) ئێوارە تا بەرەبەیان قەدەغەی هاتووچۆ بوو، بە تایبەت لەو شوێنانەی دامودەزگای بەعسی لێ بوو[٧]، بەڵام نەتوانراوە ڕێگە لە هاتنە ناوەوەی پێشمەرگە بگیرێت، بۆیە حکومەت بۆ ڕێگری لە هاتنە ناوەوەی پێشمەرگە بۆ نێو شارەکان چەند ڕێکارێکی ئەمنیی و سەربازی گرتبووەبەر، بۆ نموونە لە دەوروبەری هەولێر خەندەقێکی دروست کردبوو، بە درێژایی

(١) ئێستگەی دەنگی کوردستان، وتار: ڕژێمی تاوانباری صەدام ڕۆژ لە دوا ڕۆژ تاوانی گەورەتر و زیاتر دەکا، ١٩٨١/٧/١٥.

(٢) السلطة تنفذ عمليات تعريب وتبعيث وتهجير جديدة في كردستان، جريدة اخبار كرستان، ع(٣٥)، ١٩٨١/١٠/٢٦، ص٤.

(٣) اعدامات جماعية واطلاق نار في دهوك والموصل، جريدة اخباركردستان، ع(١١١)، كانون الثاني، ١٩٨٤، ص٥.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر، لەسەر خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکان، بڕوانە: ئاراس عەبدولڕەحمان، س.پ.

(٥) دیدار لەگەڵ فازڵ ڕەئووف، سلێمانی، ٢٠٢٢/٩/٢.

(٦) دیدار لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحموود، گوڵەخانە، ٢٠٢٢/٩/٢.

(٧) جريدة اخباركردستان، ع(٥٦)، ١٩٨٢/٢/٢٢، ص٣

(١٠) کـم و پانـی (٤) مەتـر و بـە قووڵایـی (٣) مەتـر خاڵـی پشـکنینی لەسـەر خەندەقەکـە دانابـوو[١]. هەروەهـا لـە دەوروبـەری شـاری سـلێمانی شـەقامی (٦٠)مەتـری چەندیـن بازگەی سـەربازیی دانرابـوو، وەک پشـتێنەی ئەمنیـی شـار بـوو[٢] تەنانـەت شـاخی ئەزمەڕیـش مینڕێـژ کرابـوو[٣]. لـە لایەکـی دیکـە بـە هـۆی زیادبوونـی ڕفاندنـی ئۆتۆمبێـل لەلایـەن هێزی پێشـمەرگە و بردنیـان بـۆ ناوچـە ئازادکـراوەکان، حکومەتـی عێراق سـەقفی هەمـوو ئۆتۆمبێلە حکومییەکانـی سـوور کردبـوو، هـەر ئۆتۆمبێلێـک لـەو پشـتێنە ئەمنییـەی کـە لـە دەوروبەری شـارەکان تێپـەڕ ببوایـە، لەلایـەن فڕۆکـەکان بۆردومـان دەکـرا[٤]. حکومـەت هەوڵـی دەدا لـە ڕێگـەی تـرس و تۆقانـدن و گرتنـی هاووڵاتییانـی مەدەنـی، شـوێن و پێگـەی ڕێکخسـتنە حزبییـەکان ئاشـکرا بـکات[٥]. چونکـە حکومـەت لای ئاشـکرا بوو، ڕێکخسـتنەکان سـەرچاوەی کۆکردنـەوەی زانیاریـن بـۆ پێشـمەرگە، لـەو ڕێگەیـەوە پێشـمەرگە دێنـە نێـو شـارەکان، بۆیـە هەوڵـی داوە ڕێکخسـتنەکان لەنێـو شـارەکان لاواز بـکات و پـردی پەیوەندییـان لەگـەڵ پێشـمەرگە بپچڕێنێـت[٦]، بۆیـە بەڵێنـی دابـوو هەرکەسـێک ڕێکخسـتنی حزبـی ئاشـکرا بکات بـە پلـە و پـارە خـەڵات دەکرێـت[٧]، حکومەتـی عێـراق لـە ڕێگـەی کۆکردنـەوەی زانیاریـی هەواڵگریی و کەسـانی سـیخوڕ هەوڵی دۆزینەوە و ئاشـکراکردنی ڕێکخسـتنەکانی نێو شـاری داوە، تـا ڕادەیـەک توانیبـووی زەفـەر بـە ڕێکخسـتنەکان بەرێـت و زیانیـان لـێ بـدات، لـە (٢٨ی تەمـووزی ١٩٨٢) بـۆ دروسـت کردنـی تـرس و کەمکردنـەوەی چالاکـی پێشـمەرگە، لەنێـو شـارەکان (٨) ئەندامـی (پ.د.ک) لـە زیندانـی ئەبـو غرێـب لـە بەغـدا لـە سـێدارە داوە[٨]. هەروەهـا لـە (تشرینـی یەکەمـی ١٩٨٥) دوو ئەفسـەری هێـزی ئاسمانـی عێـراق لـە

(١) دیدار لەگەڵ ئازاد کاکل، هەولێر، ٢٠٢١/١١/٢٢.

(٢) دیدار لەگەڵ فازڵ ڕەئووف، سلێمانی، ٢٠٢٢/٩/٢.

(٣) دیـدار لەگـەڵ ڕەفیـق ڕەحیـم، گوڵەخانـە، ٢٠٢٢/٩/٢. نـاسراو بـە ڕەفیـق پارەزانی لـە دایکبـووی (١٩٥٤)، لـە (١٩٧٧) بووەتـە پێشـمەرگە، پلەکانـی پێشـمەرگایەتی بڕیـوە تـا بـووە بـە ئامـر مەفـرەزە و ئامر کـەرت، بەرپرسـی جموجۆڵـی هێزەکانـی حسـک بـووە، دوای ڕاپەڕیـن خانەنشـین بووە

(٤) دیدار لەگەڵ، ئازاد کاکل، هەولێر، ٢٠٢١/١١/٢٢.

(٥) دیدار لەگەڵ فازڵ ڕەئووف، سلێمانی، ٢٠٢٢/٩/٢.

(٦) دیدار لەگەڵ فوئاد ڕەوەند، هەولێر، ٢٠٢٢/٨/٢١.

(٧) عەلی تەتەر نێروەیی، سیاسەتی...، ب١، ل٢٤٠.

(٨) جريدة اخبار كردستان، ع(٧٢)، ٦ نيسان ١٩٨٢، ص٨.

چالاکییەک لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە لە سلێمانی کوژرابوو، حکومەت لە تۆڵەی ئەم چالاکییەدا لە هەمان شوێن و هەمان ڕۆژدا (١٠) هاووڵاتی مەدەنی گوللەباران کرد[١].

ئەو ڕێوشوێنە ئەمنییەی حکومەت گرتبوویە بەر نەبووە هۆی کەمکردنەوەی چالاکی پێشمەرگە لەنێو شارەکان. لە ڕاپۆرتێکدا لە ڕۆژنامەی فەیناشاڵ تایمز (Finacial Times) لە (٨ی کانوونی دووەمی ١٩٨٦) بڵاوکراوەتەوە هاتووە: لە ناوشارەکان ڕێکخستنەکانی سیاسی کورد گەشەیان کردووە و فراوان بووە، ئەوانە هاوکاری هێزی چەکداریی کوردیان بە دابین کردنی ئازووقە دەکرد، هەروەها وەکو سەرچاوەی زانیاری گرنگ بۆ پێشمەرگە دەژمێردران و بەشدارییان هەبووە لەو چالاکییانەی پێشمەرگە کە لەنێو شارەکان ئەنجامیان داوە[٢]. بە هۆی زیادبوونی چالاکی پێشمەرگە لەنێو شارەکان، حکومەت هەڵمەتێکی گرتن و کوشتنی لەنێو شارەکان دەست پێکرد، تەنانەت منداڵانیش لەو هەڵمەتە بەدەرنەبوون، هەروەک لە ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی ئەمنستی جیهانی هاتووە: حکومەتی عێراق لە (کۆتایی مانگی تەمووز تاوەکو کۆتایی مانگی ئەیلولی ١٩٨٥)، نزیکەی (٣٠٠)منداڵی تەمەن (١٠ تاوەکو ١٤)ساڵی لە سلێمانی گرتبوو، ژمارەیەکیان ئەشکەنجەدان و دواتر کوشتیانن، حکومەتی عێراق مەبەستی بوو بە گرتن و کوشتنی ئەو منداڵانە، زانیاری لە سەر جووڵە و شوێنی کەسوکاریان لەناو هێزەکانی پێشمەرگە بزانێت[٣]. لە لایەکی دیکەوە زیاتر لە (٤٥٠) کەس لە دامودەزگا ئەمنییەکان ڕەوانەی شاری هەولێر کران، بە شێوازێکی توندو تیژ ڕووبەڕووی خەڵکی بوونەوە[٤]. لە ئەنجامی گەشەسەندنی چالاکییەکانی پێشمەرگە لە شاخ و شارەکان، حکومەتی عێراق وەک کاردانەوەیەک لە (١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٥) دەیان هەزار چەکداریی لە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق و لە شارەکانی هەولێر، دهۆک، سلێمانی، کەرکووک مۆڵ دابوو، لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە داوایان لە خەڵکی ئەو شارانە دەکرد لە ماڵەکانیان نەیەنە دەرەوە، هەزاران سەرباز لە شارەکان بڵاوەیان پێکرابوو، هەموو دەوروبەری شار

(١) عەلی تەتەر نێروەیی، سیاسەتی...، ب١، ل٢٣٩.

(٢) الاكراد يوسعون رقعة عملياتهم الپارتيزانية، جريدة اخبار كردستان، ع(١٣٩)، كانون الثاني ١٩٨٦، ص١١-١٢.

(٣) ڕاپۆرتی ئەمنستی جیهان، دەربارەی گرتنی (٣٠٠) منداڵ لە شاری سلێمانی، ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ، ژ(٤)، نیسانی ١٩٨٦، ل٤.

(٤) هەواڵێک لە نێو شاری هەولێرەوە، ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ، ژ(٤)، نیسانی ١٩٨٦، دوالاپەڕە.

لەلایـەن هێـزە ئەمنییەکانـەوە گیرابـوو، گـەڕان و هاتووچـۆ و دەرچـوون لە شـار قەدەغە بوو، هەرچـی فێرگـە و فەرمانگـە هەبـوو کرابـووە بنکـەی سـەربازیی مـاڵ بـە ماڵیان دەپشـکنی[١]. لـە ئەگـەری ئاشـکرابوونی هـەر ماڵێـک بـە گومانـی هـاوکاری پێشـمەرگە و دۆزینـەوەی چەکـی بـێ مۆڵـەت و بەیاننامـە و بڵاوکـراوەی حزبـەکان، خـاوەن ماڵەکـە لـە سـێدارە دەدرا. هێـزە ئەمنییـەکان بـۆ چاوترسـانی خەڵکـی، خانـووی بەشـێک لـە هاووڵاتییانـی بـە بلـدۆزەر ڕووخانـد، خەڵکێکـی زۆر بـە گوللـەی هێـزە ئەمنییـەکان کـوژران[٢].

سیاسـەتی حکومەتـی عێـراق لـە هەمبـەر کەسـوکاری پێشـمەرگە لـە شـارەکان تونـد بـوو، مەبەسـتی حکومـەت لـە گرتنـی کەسـوکاری پێشـمەرگە شـەڕێکی دەروونـی بـوو بەرانبـەر هێزەکانـی پێشـمەرگە بـۆ ئـەوەی فشـار بکاتـە سـەر پێشـمەرگە واز لـە خەباتـی چەکداریـی بهێنـن و بگەڕێنـەوە نـاو خانەوادەکانیـان[٣]. هـەر وەک لـە بروسـکەیەکی نهێنیـی دەزگا ئەمنییەکانـی ناحیـەی نێـروە و ڕێـکان هاتـووە کـە کەوتووەتـە دەسـت هێزەکانی پێشـمەرگە لـە سـنووری لقـی یەکـی (پ.د.ک):«هیـچ دەسـتگیرکراوێک ئـازاد نەکرێـت لـە ئەگـەری نەگەڕانـەوەی تێکـدەران» (مەبەسـتی پێشـمەرگەکانە- توێـژەر) بـۆ نـاو کەسـوکاریان، لـە حاڵەتـی گەڕانـەوەی تێکـدەران بـۆ نـاو کەسـوکاریان دەبێـت کەفالـەت بکرێـن بـە بـڕی (٥) هـەزار دینـار بـۆ ئـەوەی دڵنیـا ببنـەوە ناگەڕێنـەوە نـاو تێکـدەرەکان»[٤]. لـە لایەکـی دیکـەوە حکومەتـی عێـراق ئـەو پێشـمەرگانەی چـالاک بـوون لە شـاخ، بڕیـاری دابـوو کەسـوکاریان کە لـە شـار بـوون ڕابگوازێـت و سـامانی گـوازراو و نـە گوازراویـان دەسـت بەسـەردا بگرێـت[٥]، هەروەهـا هەرکەسـێکی خانەنشـین ئەگـەر کەسـوکاری لەنـاو شـۆڕش بووایـە، دوای تەمەنێک لـە خزمەتکـردن حکومـەت مووچەکـەی دەبـڕی[٦]. ئـەو پێشـمەرگانەی کـە هاوسـەرگیرییان نەکـردووە، دایـک یـان باوکـی وەک بارمتـە دەگـرت[٧]. حکومـەتی عێراق لـە (تەمـووزی ١٩٨٦) لـە شـاری کەرکـووک (٢٦٠) خێزانـی کـوردی دەرکـرد، بـە بیانـووی ئـەوەی کەسـوکاریان

(١) فاشیستەکان گۆڕ بۆ خۆیان هەڵدەکەنن، ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ، ژ(١٠)، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، ل١-٧.

(٢) فەرمانی پشکنینی شارەکان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٥٨-٥٥٩)، کانوونی دووەمی ١٩٨٧، ل١٣.

(٣) دیدار لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحموود، گوڵەخانە، ٢٠٢٢/٩/٢.

(٤) پ.د.ک، لجنة الأمنية في ناحية نيروة ريكان، م: المحجوزين، ع(٨٥)، ايلول ١٩٨٥.

(٥) قيادة فرقة عمادية، م: اموال المخربين، ع(١٣٣٥)، ١٩٨٦/٦/٦.

(٦) عەلی تەتەر نێرەویی، سیاسەتی...، ب٢، ل٣٥.

(٧) مديرية امن سليمانية، م: حصول موافقة ديوان وزارة الدفاع من العمل، ع(٥٤٨١٩)، ١٩٨٢/١٠/١٢.

پێشمەرگەن[١]، لەلایەکی دیکەوە حکومەت بە بیانووی تەقەکردن لە پارێزگای هەولێر لە (٢٨ی ئاداری ١٩٨٦)، لە یاریگای هەولێر، (٤) گەنجی کورد گوللە باران کرد[٢].

هێزەکانی پێشمەرگە لە ساڵی (١٩٨٧) توانییان چەندین شارۆچکە و گوند کۆنترۆڵ بکەن، بەڕۆژ حکومەت تا کاتژمێر(٤)ی دوای نیوەڕۆ ڕێگا سەرەکییەکانی لەدەستدا بوو، بەڵام شەوان بەشێک لە شارۆچکەکان لە بەرزەختی حکومەت دەردەچوون و لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە دەبوون[٣]. ئەمەش مایەی نیگەرانی حکومەت بوو، هەروەک لە ڕاپۆرتێکی لیژنەی ئەمنیی پارێزگای سلێمانی لە (نیسانی١٩٨٧) هاتووە: هۆی سەرەکی لاوازبوونی باری ئەمنیی ناوچەکە، هاوکاری نەکردنی هاووڵاتییانی کوردە لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکان، هەربۆیە بەڕێوەبەرایەتی دەزگای ئەمنیی سلێمانی بڕیاری دابوو، هەرکەسێک مامەڵەیەکی لە دامودەزگا حکومییەکان هەبووایە، پێویست بوو ڕازی بێت هاوکاری دەزگا ئەمنییەکان بکات لە سەر دۆزینەوەی شوێن و پێگەی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکان[٤]. بۆ فشارکردنە سەر کەسوکاری پێشمەرگە و ڕێگری کردن لەوانەی بە نیازن بچنە شاخ، لەلایەن حکومەتەوە دەستگیر دەکران[٥] بۆ نموونە لە شاری پێنجوێن بەشێکی زۆر لە کەسوکاری پێشمەرگە ڕاپێچی زیندانەکان کراون و بەشێکیان لە سێدارە دراون، لە نووسراوێکی نهێنیی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیی سلێمانی بە ژمارەی (١٧٩٨٠) لە (١٩٨٧/٥/٢٥) کە بۆ ئەمنیی ناوچەی ئۆتۆنۆمی نێردراوە، تیایدا هاتووە: نەک هەر ئەوانەی لە چالاکی دژی حکومەت بەشداربوون، بەڵکو دایک و باوکیشیان لە سێدارە دەدرێن[٦]، لە ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە (سەرەتای ١٩٨٨) هاتووە: سەدان زیندانی کورد لە سێدارە دراون، بێ ئەوەی هیچ تۆمەتێکیان لەسەر بێت، وێڕای ئەوەی سزای لە سێدارەدان، حکومەتی عێراق لەبەرانبەر وەرگرتنەوەی تەرمەکان، بڕی (٣٠٠) دیناری لە کەسوکاری وەرگرتووە[٧].

(١) جريدة اخبار كردستان، ع(١٤٦)، تموز ١٩٨٦، ص٢.

(٢) ڕاپۆرتێک لە هەولێرەوە، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژ(٢)، ساڵی (١) ئایاری ١٩٨٦، ل٣.

(٣) دیدار لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحموود، گوڵەخانە، ٢٠٢٢/٩/٢.

(٤) عەلی تەتەر نێروەیی، سیاسەتی...، ب٢، ل٢١-٢٢.

(٥) دیدار لەگەڵ مەلا شوان، هەولێر، ٢٠٢٢/٨/٢٣.

(٦) بەشدار عەبدولمەجید فەتاح، پارێزگای سلێمانی ١٩٧٩-١٩٨٨، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٢٧

(٧) مايكل ام غينتر، كورد العراق، ت: عبدالسلام النقشبندى، مؤسسة اراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠١٢، ص٧٥.

تەنانـەت حکومـەت بـە تۆمەتـی بوونـی چەندیـن هاووڵاتـی لـە ناوچـە قەدەغەکـراوەکان، لە (١٩٨٨/٥/٢٦) سـزای لـە سـێدارەدانیان بەسـەردا سـەپێنراوە[١]. لـە لایەکـی دیکـەوە حکومـەت هەمـوو خزمەتگوزارییـە گشـتییەکانی لـە خەڵکـی گرتبـۆوەوە[٢]، سـەرباری هەمـوو ئەمانـە حکومـەت بڕیـاری هەڵوەشـاندنەوەی هەمـوو پرۆژەیەکـی خزمەتگـوزاری و بەرهەمهێنـان، لە ناوچـە جیاجیاکانـی باشـووری کوردسـتان، تەنانـەت ئـەو پرۆژانـەی کـە زیانیان پێ گەیشـتبوو داوە[٣]. دەتوانیـن بڵێیـن حکومـەت هەمـوو شـێوازێکی تونـدی گرتبووەبـەر، بـۆ ئـەوەی ڕێگر بێـت لـە چالاکـی و جموجۆڵـی پێشـمەرگە و ڕێکخسـتنە نهێنییـەکان، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا، ئـەم سیاسـەتە تونـدەی حکومـەت نەبـووە ڕێگـر لەبـەردەم پێشـمەرگە و ئەنجامـدانی چالاکی خۆخزاندنـە نێو شـارەکان

(١) مديرية امن محافظة سليمانية، م: تنفيذ حكم اعدام، (دون الرقم)، ١٩٨٨/٥/٢٦.

(٢) بارودۆخی نێو شارەکان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٧٢-٥٧٣)، تشرینی دووەمی ١٩٨٧، ل٤-١٢.

(٣) لجنة تنظيم أفواج دفاع الوطني، المشاريع في المنطقة الشمالية، ع(٧٥٩/١)، ١٩٨٧/٧/٤.

# تەوەری سێیەم
# هۆکارەکانی پاشەکشە و لاوازبوونی خەباتی چەکداری

## باسی یەکەم

### هۆکارەناوخۆییەکان:

### یەکەم: گەمارۆی ئابووریی:

حکومەتی عێراق ئابڵوقەی ئابووریی توندی لە سەر ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی دانابوو، ڕێی نەدەدا کەرەستەی خۆراک و سووتەمەنی و پێداویستی ڕۆژانەی خەڵکی، بگاتە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە[١]، هەروەها سزای توندی ئەو کەسانەی دەدا، کەلوپەل و خواردەمەنییان دەگەیاندە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، هەموو بازگەکانی حکومەت ئاگادار کرابوونەوە، ڕێگە بە دەرچوونی کەلوپەل و پێداویستی و خۆراک نەدرێت بۆ دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت[٢]. هەر وەک لە نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگریی ژمارە (١٥٠٧٦) لە (١٩٨٦/٨/٢) ئاراستەی لێژنەی ئەمنیی پارێزگاکان کراوە، سەرجەم دەزگائەمنییەکان ئاگادارکراونەتەوە، بۆ قەدەغەکردن و ناردنی کەلوپەل و خواردەمەنی بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە[٣]. حکومەتی عێراق کەسوکاری پێشمەرگەی بە زۆرەملێ دەنارده ناوچە ئازادکراوەکان، گەمارۆی ئابووریی لەسەر ئەو ناوچانە دانا بوو، بۆیە کەسوکاری پێشمەرگە لە دۆخێکی ناهەمواردا دەژیان، بەڵام ئازووقە و دەرمان بەشێوەی قاچاخ دەگەیشتنە ناوچە

(١) قيادة فرقة يرموك، م: الحصار الأقتصادي، ع(٣٠٢٦)، ١٠/٢٨، ١٩٨٥؛ م.س/ ح.د.ك، بيان: عاشت الذكرى المجيدة العاشرة لثورة ٢٦ ايار الوطنية التقدمية، ٢٦ ايار ١٩٨٦.

(٢) قيادة فرقة يرموك، م: اجرائات، ع(٢٤٤٢/٤)، ١٩٨٥/٨/٢٤.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٤١).

ئازادکراوەکان، بەروبوومی گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە لە شارەکان دەفرۆشرایەوە، لەم بارەیـەوە کادیرێکـی پارتی دەڵێت: «ئێمە وەک ڕێکخسـتنی ناوخۆ لە ڕێگەی قاچاخچییەکانەوە کەلوپـەل و پێداویسـتیمان دەنـارد بـۆ هێزەکانـی پێشـمەرگە»[١]. دوای ئـەوەی عەلی حەسـەن مەجید لە (٢٩ی ئاداری ١٩٨٧) دەسـەڵاتی گرتە دەسـت، دۆخی ئابووریی باشـووری کوردسـتان بـەرەو خراپـی چـوو[٢]. لـە کۆبوونەوەیەکـی ناوبـراو لـە (٦ی ئەیلـوولی ١٩٨٧)، بـۆ ڕێگـری لـە چوونـە دەرەوەی پێداویسـتی و دەرمـان بۆ هێزەکانی پێشـمەرگە، لێژنەیەکـی ئەمنی پێکهێنرا، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە زۆر ناحیـە و گەڕەکـەکان بازگـەی ئەمنیـی دانرابـوو، هەروەهـا ئازووقـە و خـۆراک کەمکرایـەوە، بـە مەبەسـتی توندکردنـەوەی گەمـارۆی ئابووریـی، بەشـێکی زۆر لـە خێـزانی پێشـمەرگەی بـۆ ناوچـەکانی ژێر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە ڕاگـوازران[٣]. حکومەتـی عێراق ڕێگـەی نـەدەدا دوای چۆڵکردنی گوندەکان خەڵکی کشـتوکاڵ بکات، چونکە حکومەت فەرمانی کردبـوو هـەر ئۆتۆمبێلێک یان تراکتۆرێک لە ڕێگا سـەرەکییەکان لایدابوایە بـە فڕۆکە بۆردومان دەکـرا[٤]، هەروەها بەڕێوەبەری ئەمنیی هەولێر بڕیـاری دابوو عەرەبانەی هەموو تراکتۆرەکانی گوندەکانـی هەولێر دەسـتی بە سـەردا بگیرێت، تاکـوو ئازووقە بۆ پێشـمەرگە نەگوازرێتەوە[٥]

**دووەم: ناهاوسەنگی سوپای عێراق و پێشمەرگە:**

حکومەتی عێراق دوای نسـکۆی شـۆڕش لە سـاڵی (١٩٧٥) سـوپاکەی بە ناوچە جیاجیاکانی باشـووری کوردسـتان بڵاوە پێ کرد بوو، هەموو شـار و شارۆچکە و گرد و شاخەکانی کوردستانی خسـتبووە ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی، سـەربازگە و ڕەبیەی تێـدا دامەزراندبوو. سـوپاکەی لـە ڕووی

(١) دیـدار لەگـەڵ ئـازاد بابـان حەمەسـوور، هەولێـر، ٢٠٢٢/٨/٢١. لـە دایکبـووی (١٩٤٩)، لـە سـاڵی (١٩٦٦) پەیوەنـدی بـە شۆڕشـی ئەیلـوول کردووە، دوای نسـکۆ لە ڕێکخسـتنە ناوخۆیییەکانـی (پ.د.ک) لـە قەڵادزێ کاری کـردووە، دواتـر لەگـەڵ هێـزی حەسـۆ میرخـان ژاژۆکی بـووە، دوای ڕاپەڕین بەرپرسـی لێژنـەی ناوچەی قـەڵادزێ بـووە، ئێسـتا لـە سـەنتەری دیراسـات و توێژینـەوەی (پ.د.ک) ئەندامـی لێژنـەی کتێبە

(٢) ئەحمەد مەحموود عەلی، مێژووی کورد لە سەد و دوازدە ساڵدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١٠١٥.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٤٢)

(٤) سياسة الأرض المحروقة، جريدة اخباركردستان، ع(١٣٩)، كانون الثاني ١٩٨٦، ص٢.

(٥) عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی...، ل٤٤١.

چۆنیەتـی و چەندییەتیـەوە پـەرە پێدابـوو[١]. ژمارەی سـوپای عێراق بەر لە دەسـتپێکی جەنگی عێـراق - ئێـران لـە (٦) فیرقـەی سـەربازیی پێکهاتبـوو[٢]، دوای هەڵگیرسـانی جەنگـی عێـراق - ئێـران ژمـارەی فیرقەکانـی زیـادی کـرد بـۆ (٧) فیرقـەی پیـادە و کەرسـتە و زرێپـۆش هەروەهـا دوو لیـوای سـەر بـە پاسـەوانی کۆمـاری فیرقـەی یـەک و پێنج لە باشـووری کوردسـتان بـوو، بۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی پێشـمەرگە تەرخـان کـرا بـوون، زۆرینەی ئەفسـەر و سـەربازانی ئـەو دوو فیرقەیـە عەرەبـی شـیعە بوون. لەگەڵ دەسـتپێکی جەنگی عێـراق - ئێران ژمارەی سـەربازەکانی (٤٣٠) هـەزار سـەرباز بـوو، لـە (١٩٨٤) زیـادی کرد بۆ (٧٧٨) هەزار، سـەرباز لـە (١٩٨٧-١٩٨٨) گەیشـتە نزیکـەی یـەک ملیـۆن سـەرباز[٣]، هەروەهـا بـێ هەژمارکردنـی ژمـارەی سـەربازانی یەدەگ و پۆلیس و میلیشـیای بەعسـی، خزمەتی ناچاری سـەربازیی زۆرەملێ هەبوو بۆ نموونە لـە (١٩٧٨) نزیکـەی یـەک ملیـۆن و نیوکـەس لە عێـراق تەمەنیان لە نێـوان (١٥-٤٩) سـاڵ بوو، ئامـادە بـوون بۆ خزمەتی سـەربازیی، هەموو سـاڵێک نزیکەی (١٢٠) هەزار کەس دەگەیشـتنە تەمەنی خزمەتی سـەربازی[٤]

حکومـەت لـە پـاڵ سـوپای ڕێکخـراو چەند هێزێکی تـری هەبـوو وەک (الجیش الشـعبي)، ئەرکـی ئـەو هێـزە پارێـزگاری لـە ئاسـایشی نێـو شـارەکان بـوو. فەوجـە سـووکەکان (جـاش) بۆ مەبەسـتی ڕووبەڕووبوونـەوەی پێشـمەرگە دامـەزران[٥]، پۆلیسـی سـنوور و هێـزی جووڵانـەوە بریتیبـوون لـە هێـزی دیکـەی زیـادەی عێـراق لەنـاو دەزگای ئاسـایش، ژمارەیان نزیکـەی (٥٠) هـەزار دەبـوون، لەسـەر سـنووری تورکیـا، ئێـران و سـووریا جێگیر کرابـوون. هێـزی جووڵانەوە پاڵپشـتی پۆلیسـی ئاسـایی دەکـرد لـە کاتـی پێویسـت دا بـە تایبـەت دژی پێشـمەرگە بـەکار

---

(١) برایم جەلال، چەپکێک...، ل١٩١.

(٢) دەرسـیم پێشـەوا، ئینسـکلۆپیدیای تۆمەتبـارانی شـاڵاوی ئەنفـال لـە باشـووری کوردسـتان، چ٢، باشـووری کوردسـتان، ٢٠١٤، ل٢١٩و٢٢١.

(٣) دەرسـیم پێشـەوا، هــ.س، ل٢١٩و٢٢١؛ سـۆفیا ئیزابـێلا وانـج، پەرەسـەندنی شـوناسی نەتەوایـەتی کـورد و ئەگـەرەکانی دامەزرانـدنی دەوڵـەتی سـەربەخۆی کوردسـتان، و: یاسـین سەردەشـتی، دەزگای ڕۆشـەنبیری جەمـال عیرفـان، سـلێمانی، ٢٠١٤، ل٦٣.

(٤) ئەلبێرت عیسا، س.پ، ل١٠٨.

(٥) شۆڕش حاجی، س.پ، ل١٣٧.

دەهـێنران[١]. هەروەهـا ڕۆڵـی هەواڵگریـی (اسـتخبارات) چەنـد ڕێکخسـتنێکی (المنظومـة) هەواڵگریـی لـە عێراق هەبوو باکوور، باشـوور و ڕۆژئاوا، بەگشـتی ڕێکخسـتنە هەواڵگرییەکانی بریتـی بـوون لـە دوو هۆبـە (الشـعبة) بـەڵام ئـەوەی باکـوور دەسـەڵات و بودجـەی زۆرتر بوو و لـە هەموویـان فـراوانتر بـوو لـە چـوار هۆبـە پێکدەهـات، دوو هۆبـەی تایبـەت کرابـوو بـە کـورد، بـۆ سـیخوڕیکردن و زانیـاری لەسـەر حـزب و ڕێکخراوەکانـی کوردسـتان و پێشـمەرگە، دووانەکـەی دیکـەش تایبـەت کرابـوون بـۆ سەرپەرشـتی کاروبـاری جـاش[٢]. لـە ڕووی چـەک و جبەخانـەوە عێـراق خاوەنـی چەکـی قـورس و مـام ناوەنـد بـوو[٣]

لـە بەرانبـەردا هێزەکانـی پێشـمەرگە دوای نسـکۆی شـۆڕش لـە سـاڵی (١٩٧٥) پـەرش و بڵاوبوونـەوە، زۆربـەی چەکـەکان لەلایـەن حکومەتـی عێـراق دەسـتیان بەسـەردا گیرابـوو. چەکـی پێشـمەرگە بریتیبـوو لـە کلاشـینکۆف و برنـەو و پـاشماوەی چەکـی شۆڕشـی ئەیلـوول کـە بەشـێک لـەو چەکانـە شـاردرابوونەوە، ڕادەسـتی حکومەتـی عێـراق نەکرابوونـەوە، بەشـێکی دیکـەش لـە وڵاتی سـووریاوە نێردرابـوون[٤]. لـە ڕووی لۆجیسـتی و مەشـقەوە هێزەکانـی پێشـمەرگە ڕاهێنرابـوون لەسـەر شـەڕی پارتیزانـی نـەک شـەڕی ڕووبـەڕوو، چونکـە لـە ڕووی چەکـەوە هێزەکانـی پێشـمەرگە بـەراورد بـە سـوپای عێـراق نابەرانبـەر بـوو، نەبوونـی چەکـی قـورس بـۆ درێـژەدان بـە جەنگـی ڕووبـەڕوو هێزەکانـی عێراقـی دەسـت کـراوە کردبـوو، کـە لـە بۆردومانـی پێشـمەرگە سـڵ نەکەنـەوە، چەکـی پێشـمەرگە بریتیبـوو لـە چەنـد مەخـزەن فیشـەک و یـەک دوو نارنجـۆک و مەتارەیەک ئـاو[٥]، لـە بەرانبـەردا کۆپتـەر وەك کەرەسـتەیەکی پێشـکەوتووی جەنگـی حکومەتـی عێـراق لـە دوای نسـکۆی شۆڕشـی سـاڵی (١٩٧٥) بەرامبـەر هێزەکانـی پێشـمەرگە بەکاردەهـێنرا، ئەمـەش بـۆ هێـزی پێشـمەرگە ئەسـتەم بـوو بەرگـری بـکات بـۆ ماوەیەکـی درێـژ، لـە کاتێکدا

(١) بـۆ زانیاریـی زیاتـر لەسـەر دەزگا ئەمنییـەکانی حکومەتی بەعـس، بڕوانە: دونالد أوتشـل، اجهـزه الأمنية في عهـدي البكـر وصـدام، ت: مصطفـى نعمان احمـد، مكتبة مجلة، بغـداد، ٢٠٢٢؛ ئەلبێرت عیسـا، س.پ، ل١١٠.

(٢) ماهی، س.پ، ل٣١.

(٣) عێراق لە ساڵانی (١٩٧٢ -١٩٧٣) ژمارەی تانکەکانی بریتیبوو لە (٩٢٥) تانک ئەم ژمارەیە لە ساڵانی (١٩٧٩-١٩٨٠) زیادی کرد بووە دووهێندە و گەیشتە (١٩٠٠) تانک، فڕۆکەی شەڕکەر لە (١٨٩) زیادی کرد بۆ (٣٣٩)، هەلیکۆپتەر لە (٤٦) بووە (٢٣١)، زریپۆشی شەڕکەر لە (٣٦٠) بووە (١٥٠٠). هیوا تاڵەبانی، س.پ، ل٨.

(٤) دیدار لەگەڵ دەروێش ئاغا، هەولێر، ٢٠٢٢/٢/١١.

(٥) عەلی بچکۆل، س.پ، ل٣٤٢.

هێزەکانی پێشمەرگە تەنیا چەکی سووکیان پێبوو[١]. سەرباری ئەوەش شەڕی بەرەیی بۆ پێشمەرگە ئەستەم بوو، چونکە بارەگاو شوێنی مانەوە و هێزی پشتیوانی نەبوو، سوپای عێراقیش ڕێکخراو و پڕچەککرابوو بە چەکی قورسی ئەو سەردەم[٢]، ئابوورییەکەی بۆ خزمەتی سوپاکەی تەرخان کردبوو، هەر وەک سەددام حوسێن ڕایگەیاندبوو: چەک و تەقەمەنی بە هەموو جۆرەکانییەوە گەورەتر و باشتر بووە، لە ڕووی چۆنیەتی و قەبارەوە. گاردی کۆماری زیاد بووە و ئاستی مەشق پێکردنی گاردی کۆماری و سوپا بەرزتربووە[٣]

جەلال تاڵەبانی دەربارەی بەراوردکردنی هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق دەڵێت:«لە دوا بەراوردکردنی هێز و توانا و جۆری چەک ژمارەی هێزی چەکداریی ئێمە و دوژمن، دەگەینە هەندێک ئەنجام، دوژمن لە ئێمە زۆر بەهێزترە، لەڕووی چەک و تفاق و هێزی چەکدار و توانای مالی و عەسکەری، ئێمە لەڕووی هێزی چەکدارەوە لە چاو دوژمن هێزێکی بچکۆلانەین، هەربۆیە دەبێت شێوە و جۆری شەڕەکان، شەڕی پێشمەرگانە بێت، دەبێت ئەو تەکتیک و نەخشە و پیلانانە بەکار بهێنین، دوورمان دەخەنەوە لە کۆکردنەوەی هێزەکانی خۆمان، لە بەرانبەر هێزەکانی دوژمن»[٤]

## سێیەم: ململانێی ناوخۆیی:

دوای دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداریی و دامەزراندنی چەند حزبێکی نوێ، هێزە چەکدارەکانی کورد پێچەوانەی سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول پارچە پارچە و خاوەن ئاراستە و کاری جیا جیا بوون، بوونی ئەم فرە هێز و لەشکرییە و دەستێوەردانی عێراق و وڵاتانی هەرێمی، ڕێگەی بۆ سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی خۆش کردبوو، کە لە کۆتاییدا بە زیانی کورد و خەباتە چەکدارییەکەی تەواو بوو[٥]، چونکە شەڕی ناوخۆ دەبووە لاوازبوونی هێزی پێشمەرگە و

(١) مامۆستا جەعفەر، س.پ، ب١، ل١٣٨.

(٢) فائق قادر حمە ساڵح، کوانووی خەبات (خەباتی بنەماڵەیەکی شۆڕشگێر لە بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد ١٩٦١-١٩٩١)، چاپخانەی تاران، ب.س، ل٢٠٨.

(٣) وەرگیراوە لە: عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی...، ل٤٨١.

(٤) جەلال تاڵەبانی، جۆشدانی خەبات دژی ئیمپریالیزم و فاشیزم و نۆکەرانیان بۆ سەربەخۆیی و دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی، بڵاو کراوەی (ی.ن.ک)، نەورۆزی ١٩٨٠، ل٥٠.

(٥) دیدار لەگەڵ مەحموود عوسمان، هەولێر، ٢٠٢٢/٧/١٧.

بەفیڕۆدانی توانایەکی زۆری مرۆیی لە دژی یەکتر، هەروەها کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە فەرماندەی سەربازیی، لە شەڕی ناوخۆ زیانێکی زۆری لە هێزی پێشمەرگە دا، ئەمەش ئاسانکاری بوو بۆ حکومەتی عێراق، لە جیاتی بەکارهێنانی هێزی سەربازیی لە ڕێگەی خۆشکردنی شەڕی ناوخۆیی هێزە چەکدارەکانی کورد لاواز دەبوو، بەمەش ئەرکی سەربازیی حکومەتی عێراق ئاسان دەبوو لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی پێشمەرگە[١]. بەگشتی بە هۆی نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو لە سەرەتای دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداریی، هەروا بوونی فرە لەشکری و فرە حزبی، ناکۆکییەکانی زیاتر کرد، ئەو ناکۆکییانەش کاریگەری خراپیان لەسەر ورەی خەڵک و ئاستی پشتیوانیان لەسەر هێزی پێشمەرگە دانابوو[٢]، ئەمەش وای کردبوو ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان پەنا بۆ حکومەتی بەعس ببەن و پەیوەندی بە فەوجە سووکەکانەوە بکەن[٣]. بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و تێکدانی پەیوەندی نێوان حزبەکان، بە تایبەت (ی.ن.ک) و (حسک) و (حشع) لە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیی هەولێر ژمارە (٢٧٢٨) لە (١ی شوباتی ١٩٨٣)، حکومەتی عێراق هەوڵی داوە هێزە کوردییەکان بەگژ یەکدا بکات و دووریان بخاتەوە لە بەرەیەکی یەکگرتوو، بۆ ئەوەی هێزە کوردییەکان سەرقاڵی شەڕی ناوخۆیی بن و ئەمەش ئەرکی حکومەتی عێراق ئاسان کردبوو، چونکە شەڕی ناوخۆ هێزەکانی پێشمەرگەی شەکەت و ماندوو کردبوو[٤]. لە لایەکی دیکەوە حکومەتی عێراق بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و زیان گەیاندن بە پێشمەرگە، هەوڵی ناردنی سیخوڕ و بە کرێ گیراوانی داوە بۆ ناو هێزەکانی پێشمەرگە تاوەکو لەو ڕێگەیەوە زانیاری لەسەر جۆری چەک و ژمارەی هێزەکان و شوێنی مانەوەیان بزانێت، بۆیە زۆرجار لە هێرشەکانی بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە ڕێگەی سیخوڕ و بە کرێگیراوان شوێنیان ئاشکرا کراوە[٥]. بەپێی نوسراوێکی نهێنیی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هەواڵگریی سەربازیی ژمارە (١٢٤٩) لە (٣٠ تەمموزی ١٩٨٨)، ڕێنمایی دراوە بۆ زیان گەیاندن بە هێزەکانی پێشمەرگە و کوشتنی فەرماندەکانیان لە ڕێگەی ژەهر خوارکردنیان[٦].

---

(١) دیدار لەگەڵ ڕەفیق ڕەحیم، گوڵەخانە، ٢٠٢٢/٩/٢.

(٢) دیدار لەگەڵ مەحموود عوسمان، هەولێر، ٢٠٢٢/٧/١٩.

(٣) شۆڕش حاجی، س.پ، ل٤٤.

(٤) مديرية استخبارات عامة، م: بث دعاية وتحريك، رقم(٢٧٢٨)، ١٩٨٣/٢/١. وەرگیراوە لە فاتح رسول، صفحات...، ج٣، ص١٥٥.

(٥) ئێستگەی دەنگی کوردستان، لێکۆڵینەوە: پیلانەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری ڕیسوا بکەین، ١٩٨٠/٦/١٦.

(٦) رئاسة الجمهورية العراقية، مديرية استخبارات عامة، سري للغاية، الرقم ( ق٤/ ١٢٤٩)، ٣٠ تموز ١٩٨٨.

## چوارەم: بەکارهێنانی چەکی کیمیایی:

حکومەتی عێراق بە بیانووی ڕێگە گرتن لە هێرشەکانی ئێران، چەکی کیمیایی[١] بەکارهێنا، کاتێک کاردانەوەی جیهانی بەرانبەر بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لاوازبوو، ئەمەش دەستی حکومەتی واڵا کرد لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی[٢]. بۆ یەکەم جار حکومەتی عێراق لە (تەمووز و ئابی ١٩٨٣) چەکی کیمیایی بەکار هێنا، وەک کاردانەوەیەک بۆ ڕێگری هێرشی ئێران بۆ سەر حاجی ئۆمەران[٣]. هەر وەک لە فەرمانێکی نهێنیی سەددام حوسێن بە ژمارە (٢٧٠٤) لە (١ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٣) فەرمانیداوە بە بەڕێوەبەرایەتی بەشی جیاکردنەوەی چەکی کیمیایی بۆ دروست کردنی چەکی کیمیایی و بەکارهێنانی دژی هێزە ڕکابەرەکانیان[٤]. عێراق توخمی کاریگەری لەو چەکە بەرهەمهێنابوو کە بریتیبوو لە گازی خەردەل، تابوون و سارین، کە لە (شوباتی ١٩٨٤) دژی هێزەکانی ئێران بەکارهاتووە[٥]. بەپێی نووسراوێکی نهێنیی دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی عێراق، باس لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەکات لە پرۆسە سەربازیی یەکانی بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە[٦]، بەپێی نووسراوێکی نهێنیی دیکە لە کەرتی زاخۆ (قاطع زاخو) داوای (٤٠٠٠) دەمامکی دژە گاز کراوە، بە مە

(١) سەرەڕای ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆلی جنێف بۆ بەکارنەهێنان و قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی، عێراق لە هەوڵی بەردەوامدا بوو بۆ بەدەستهێنانی چەکی کیمیایی و بەکارهێنانی دژی بزاڤی چەکداریی کوردی، لە (١٩٨١) عێراق بە هاوکاری کۆمپانیایەکی ئیتاڵی (مونتدیسن) لە نزیک (الرطبة) دەکەوێتە نزیک سنووری ئوردن، کارگەیەکی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی دروست کرد، دواتریش بە هاوکاری ئەڵمانیا، لە یەرموک، بەدر و ئەلسەعد لە بەغدا و هەندێك شوێنی دیکە پەناگەی بۆ دروست کرد، کارگەکان گازی خەردەل، ئەسید پرۆسیک، گازی دەماری سارین و تابوونی بەرهەم دەهێنا، لە نێو گوللە تۆپ و موشەک و گوللە هاوەن دادەنران. جگە لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا هەریەک لە فەڕەنسا، ئیسپانیا، چین، هیندستان، بەلجیکا، بەریتانیا و ئەمەریکا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، هاوکاریی عێراقیان کردووە بۆ دامەزراندنی کارگەی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی. عادل سدیق عەلی، س.پ، ل٤٤.

(٢) عەلی تەتەر نێروەیی، سیاسەتی...، ب٢، ل٥٨.

(٣) یوست هێڵتەرمان، س.پ، ل٥٣.

(٤) نەجم سەنگاوی، س.پ، ل٤٤٥-٤٤٦.

(٥) یوست هێڵتەرمان، س.پ، ل١٠٥.

(٦) امریة قاطع اربیل، سري للغایة، ع(ح١، ٢٧٧)، ١٩٨٦/٨/٣. وەرگیراوە لە ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٧٥) کانوونی دووەم ١٩٨٨، ل ١٩.

بەستی پاراستنی هێزەکانی سوپای عێراق لە بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە[١]، لە کۆبوونەوەیەکدا محەمەد حەمزە زوبەیدی بەرپرسی نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور، لە (١٩٨٥) وتبووی: «لەمەودوا بە چەکی ڕەها لێیان دەدەین کە لەناو پەناگەکانیش دا بیانکوژێت»[٢]. ئەمە هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بوو.

هەروەك لە نووسراوێکی نهێنیی سەددام حوسێن کە ئاراستەی سەرۆکایەتی دەستەی ئەرکانی سوپای کردووە، بە مەبەستی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە سێوسینان ناوچەکانی قەرەداخ و بالیسان[٣]. بۆ ئەم مەبەستە لە (١٥ی نیسانی ١٩٨٧) فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق بە چەکی کیمیایی بۆردومانی بارەگاکانی (ی.ن.ک)ی لە سەرگەڵو و بەرگەڵو، بارەگاکانی (پ.د.ک) لە بادینان کرد[٤]. دواتر لە (١٦ی نیسانی ١٩٨٧) گوندەکانی یاخسەمەر، هەڵەدن، بەرگەڵو، سەرگەڵو و شێخ وەسان و بالیسان بە بۆمبی کیمیایی بۆردومان کران، بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە (١٣٠) هاووڵاتیی مەدەنی و برینداربوونی (٢٨١) کەس[٥].

تەکتیکی حکومەت لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی هێزەکانی پێشمەرگە، ئەوەبوو کە سەرەتا بە بۆردومانکردنی پێشمەرگە دەستی بەهێرش دەکرد، تاوەکو پەنا ببنە بەر حەشارگەکانیان، دواتر بە کیمیایی لە پێشمەرگە بدەن بۆئەوەی زۆرترین زیانیان پێ بگەیەنن، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە لە کاتی بۆردومان بە چەکی کیمیایی بە قەد پاڵی شاخەکان دەمانەوە[٦]. حکومەتی عێراق بۆ دوو مەبەست چەکی کیمیایی بەکار هێنا، یەکەمیان بۆ تێکشکاندنی ورەی خەڵک و پێشمەرگە. دووەمیان بۆ ئەوەی زۆر بە خێرایی بە سەر هێزەکانی پێشمەرگە زاڵ بێت و سەرکەوتن مسۆگەر بکات. بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کاریگەری لە هێرشەکان دەرکەوت و

---

(١) امر قاطع زاخو، سري وفوري، رقم المنشئ (٤١٨١)، ١٩٨٧/٦/٢٨. وەرگیراوە لە ڕۆژنامەی خەبات، ژ(٥٧٥)، کانوونی دووەم ١٩٨٨، ل١٩.

(٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە...، ل٨٩.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٤٣).

(٤) کریس کوتشیرا، الكتاب الأسود...، ص١٧٩.

(٥) بیان الاحزاب الكردية، حول قصف كردستان بالأساحلة الكيمياوية، ١٩٨٧/٤/١٨.

(٦) یوست هێڵتەرمان، س.پ، ل٢٩٣.

سەنگەری بە پێشمەرگە چۆڵ کرد[١]، چونکە هێزەکانی پێشمەرگە هیچ ئامرازێکی خۆپاراستنیان لە چەکی کیمیایان نەبوو. حکومەتی عێراق خاڵی لاوازی پێشمەرگەی دەزانی، کە ناتوانن بەرانبەر چەکی کیمیایی خۆیان بپارێزن[٢].

**پێنجەم: دامەزراندنی فەوجی جاش:**

لە سەرەتای سەرهەڵدانی خەباتی چەکداریی و دروستبوونی مەفرەزە سەرەتاییەکانی پێشمەرگە، لە ساڵی (١٩٧٧) مەفرەزەی جاش دامەزران، سەر بە هەواڵگریی گشتیی سەربازیی هەولێر و کەرکووک بوون، پڕ چەک کرابوون و مووچەیەکی باشیان پێ دەدرا. سەرچاوەیەکی سەرەکی زانیاریی هەواڵگریی بوون بۆ حکومەتی عێراق لە مەڕ جووڵە و شوێنی پێشمەرگە[٣]، حکومەتی عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە و ئازاردانی خەڵکی کوردستان سێ هێزی لە شوێن کەوتوان و دڵسۆزانی خۆی دروست کردبوو، جاشی ئاسایی: لە ژێر فەرماندەی هێزەکانی فریاکەوتن (قوات الطواري) بوو. هێزی لەناکاو: چالاکی کاروباری هەواڵگریی دژە تیرۆریان لە شارەکان ڕادەپەڕاند. مەفرەزە خاصە: هێزی تایبەت لە هەر ناوچەیەک چەند مەفرەزەیەک لەو هێزانە دروست کرابوو، بۆ گەڕان بە دوای پێشمەرگە و شەڕی ناوخۆ بەکار دەهێنران[٤]

لە جەنگی عێراق - ئێران دوای لاوازبوونی عێراق لە بەرەکانی جەنگ و ڕاکردنی سەربازانی کورد بە کۆمەڵ پەیوەندییان بۆناو ڕیزەکانی شۆڕش، بۆ ڕێگری لە پەیوەندی خەڵکی بە خەباتی چەکداریی کورد، حکومەت فەوجی سووک جاش (افواج خفيفة) بۆ بەشێك لە سەرۆك هۆزەکان دامەزراند، مەبەستی حکومەت لە دامەزراندنی ئەم فەوجانە زیندووکردنەوەی پەیوەندی خێڵەکی بوو، حکومەت ویستی لەو ڕێگەیەوە هەندێک هۆزی کورد بکاتە دوژمنی شۆڕشی کورد، هەروەها نانەوەی دووبەرەکی

(١) عادل سديق، س.پ، ل٥٦-٥٧.

(٢) عومەر محەمەد، س.پ، ل٩١-٩٢.

(٣) نەنجم سەنگاوی، س.پ، ٢٠١٦، ل٤٤٧.

(٤) شەوكەت حاجی مشیر، کارەسات و کیمیا بارانی هەڵەبجە بەهاری ١٩٨٨، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٢٧.

لەناو ڕیزەکانی کورد و لاوازکردنیان[١]، ئەویش لە ڕێگەی گرنگیدان بەوانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتی هۆزەکانن بۆ ئەوەی ببنە ڕکابەری سەرۆك خێڵ و سیستەمی خێڵایەتی، دەتوانین بڵێین حکومەتی عێراق بە هەردوو شێوازەکەی هەوڵی داوە کۆمەڵگای کوردی لێك هەڵوەشێنێی و بیانکات بەگژ یەکدا

ئەم فەوجانە بۆ ناشیرن کردنی پێشمەرگە لە پێش چاوی خەڵک بوو کە بەناوی پێشمەرگە کاری نا مرۆڤانەیان ئەنجام داوە[٢]، بە جلوبەرگی کوردییەوە لە گوندەکان جەولەیان دەکرد، زۆرجار بۆکاری جاسوسی و ئاشکراکردنی شوێنی پێشمەرگە خۆیان بە پێشمەرگە دەناساند؛ تا بیروڕای خەڵکی گوندەکە تاقی بکەنەوە، هەوڵیان داوە لەناو ڕیزی پێشمەرگە، لە خزم و کەسوکاریان تۆڕی جاسووسی دروست بکەن و لەو ڕێگەیەوە زانیاری ورد و پێویست لە سەر پێشمەرگە و ژمارە و جۆری چەکەکانیان و بەدەستت بهێنن[٣]. ئەمەش کارئاسانی بوو بۆ سوپای عێراق، لەبەر ئەوەی فەوجە سووکەکان لە زۆرینەی شەڕەکان بەشداربوون لە هەڵکوتانە سەر پێشمەرگە و بۆسە دانان لەسەر ڕێگای پێشمەرگە و پەلاماری لەناکاوی هێزی بچووکی پێشمەرگە، هەروەها کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر پێشمەرگە و جۆری چەک و ژمارەیان و شوێنی مانەوەیان[٤].

---

(١) عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی...ل٣٥٩-٣٦١.

(٢) ئێستگەی دەنگی کوردستان، لێکۆڵینەوە: پیلانەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری ڕیسوا بکەین، ١٩٨٠/٦/١٦.

(٣) ماهی، س.پ، ل٣٣.

(٤) هـ.س، ل٣٥.

## باسی دووەم

### هۆکارە دەرەکییەکان

### یەکەم: هۆکارە هەرێمییەکان

زۆربەی هێزە هەرێمییەکان دوای سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی، بەردەوام بوون لە دژایەتی کورد و پشتیوانییان بۆ حکومەتی عێراق کە لەم ڕووەوە چەندین ڕێککەوتننامەیان واژۆ کردووە[١]، بۆیە تورکیا لەم ڕووەوە کەمتەرخەم نەبووە و بەردەوام بووە لە دژایەتی کردنی کورد، چونکە تورکیا مەترسی هەبوو لەسەرکەوتنی جووڵانەوەی کورد لە باشووری کوردستان و پەلهاویشتنی بۆ تورکیا[٢]، لەلایەکی دیکەوە بۆڕی نەوتی عێراق بە خاکی تورکیادا هەنارده دەکرا، بۆ پاراستن و چاودێری بۆڕییە نەوتییەکان حکومەتی عێراق ڕەبییەی سەربازی لە دەوروبەی بۆڕییەکان بە دووری چەند سەد مەترێک دانابوو، لە لایەکی دیکەوە تورکیاش مەبەستی بوو ئەم هەناردەکردنە بەردەوام بێت[٣]، هەربۆیە تەها یاسین ڕەمەزان لە (١٩٨٢) سەردانی ئەنقەرەی کردووە، ڕێککەوتنی نهێنیی لەگەڵ تورکیا واژۆکرد، کە گرنگترین خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە بریتیبوو لە: ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری هەواڵگریی و ڕادەست کردنەوەی گیراوەکان، هێزی هەر دوولا بۆیان هەیە بچنە ناو خاکی یەکتر بە مەبەستی شەڕی پێشمەرگە[٤]. تورکیا بە هەماهەنگیی عێراق لە ساڵانی (١٩٨٣، ١٩٨٤و١٩٨٧)، ئۆپراسیۆنی سەربازیی دژی هێزەکانی پێشمەرگە

---

(١) گۆران ئیبراهیم ساڵح، س.پ، ل٢٢٣؛ ئێستگەی دەنگی کوردستان، هاوکاری ڕژێمی تورکیا دژی گەلی کورد بە ئاستێکی تازە پێگەیشتووە، ١٩٨١/٨/١٢.

(٢) روبرات اولسن، المسألة كردية فى العلاقات تركية الايرانية، ت: محمد احسان رمضان، مؤسسة اراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠١، ص٤٨.

(٣) ئێدگار ئۆ. باڵانس، س.پ، ل٣٠٦.

(٤) جرجيس حسن، تركيا في الاستراتيجية الأمريكية بعد سقوط شا، ب.م، ١٩٩٠، ص٦٦.

لە باشووری کوردستان ئەنجام داوە[1]، دەستێوەردانی تورکیا لە کاروباری ناوخۆی عێراق و بێ دەنگ بوونی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی؛ وای کرد تورکیا دەست کراوە بێت لە بۆردومانکردنی ڕەبیەکانی پێشمەرگە و لاوازکردنیان، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر هێزەکانی پێشمەرگە و خەریکبوونیان بە شەڕی تورکیا، ئابڵوقەدان پێشمەرگە لە نێوان دوو هێزی عێراق و تورکیا[2].

دەتوانین بڵێین ئەم شاڵاوانەی تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان بە پشتیوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە، ئەمەش لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا، دژی هەژموونی سۆڤییەت. هەربۆیە تورکیا ئەو مافەی پێدرا سنووری عێراق ببەزێنێت، ئۆپراسیۆنی سەربازیی دژی هێزەکانی پێشمەرگە ئەنجام بدات[3]، لە لایەکی دیکەوە حکومەتی عێراق بە هۆی شەکەت بوونی سوپاکەی و لاوازبوونی بەرانبەر ئێران لە جەنگ، هەروەها هێزەکانی پێشمەرگە لە سنوورەکانی تورکیا و عێراق چالاک بوون، بۆ گەمارۆدانی پێشمەرگە و کردنەوەی بەرەیەکی شەڕ بەرانبەر پێشمەرگە لەگەڵ تورکیا ڕێککەوتن، لە سەر سنوورەکانی نێوانیان هەماهەنگ بن و ئۆپراسیۆنی سەربازیی ئەنجام بدەن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پێشمەرگە شەڕی تورکیا و عێراق بکات[4].

شیاوی گوتنە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، پەیوەندییەکانی ئێران بەرانبەر باشووری کوردستانی گۆڕانی بەسەرداهات، بووە هۆی کردنەوەی سنوورەکان

(١) پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ تاهیر ئەحمەد محەمەد، دهۆک، ٢٠٢٢/٦/١٣.

(٢) پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ عومەر شێخموس، سوید، ٢٠٢٢/٨/١. ناوبراو لە (١٩٥٨) پەیوەندی بە ڕیزەکانی (پ.د.ک) کردووە، لە (١٩٧٥) یەکێک بووە لە دەستەی دامەزرێنەرانی (ی.ن.ک)، لە (١٩٧٨) هاتووەتەوە باشووری کوردستان، نوێنەری (ی.ن.ک) بووە لە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا، لە (١٩٨٦) وازی لە (ی.ن.ک) هێناوە، ئێستا لە سوێد دەژی

(٣) هەستیار کەمال کوردی، پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤییەت- عێراق و کاریگەری لەسەر باشووری کوردستان، ١٩٧٢-١٩٩١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٣٤٠.

(٤) نامەی ئەلیکترۆنی شوکری ساڵح نێروەیی، دهۆک ٢٠٢٢/٩/٩.

بەرانبەر حزبەکانی باشووری کوردستان و پێدانی چەک و تەقەمەنی بە هێزی پێشمەرگە[١]، مەبەستی ئێران لە هاوکاریکردنی پێشمەرگەکانی (پ.د.ک)، (حسک) بەکارهێنانی پێشمەرگە بوو وەک کارتێکی فشار بەرانبەر عێراق، لە لایەکی دیکەوە مەبەستی تێکدانی پەیوەندی نێوان هێزەکانی باشووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو[٢]، هەردوو دەوڵەت لە ماوەی جەنگی عێراق - ئێران هەوڵیان دا سوود لە حزبە کوردییەکان وەربگرن، لە ڕووی سەربازییەوە وەک کارتێکی فشار دژی یەکتر بەکاریان بهێنن، ئەمەش بیانووی دایە دەست هەر دوو دەوڵەت دەست لە کاروباری ناوخۆی حزبە کوردییەکان وەربدەن[٣]. لە لایەکی دیکەوە ئۆپراسیۆنی هاوبەشی ئێران و هێزەکانی پێشمەرگە، بیانووی دایە دەست عێراق بۆ هێرشکردنە سەر کورد و ناوچەکانی باشووری کوردستان بۆ نموونە گرتنی حاجی ئۆمەران لەلایەن ئێران لە ساڵی (١٩٨٣)، بیانووی دایە دەست حکومەتی عێراق بۆ ڕاگواستن و ئەنفالکردنی (٨) هەزار بارزانی[٤]

وێڕای هاوکارییەکانی ئێران بۆ پێشمەرگە و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش، بەڵام ڕێگر بوو لەوەی هێزی پێشمەرگە ببێتە خاوەنی چەکی قورس[٥]. ئامانجی ئێران لە ئۆپراسیۆنە هاوبەشەکانی لەگەڵ پێشمەرگە لە باشووری کوردستان، کردنەوەی بەرەیەکی شەڕ بوو لە باکوور، بۆ ئەوەی توانای سەربازیی عێراق لە باشوور کەم بکاتەوە، ئەمەش بەغدای ناچار کرد هێز بنێرێتە کوردستان[٦]، بە بیانووی بوونی هێزەکانی ئێران لە کوردستان، حکومەتی عێراق دەستی کرد بە تێکدانی گوندەکان و ئەنفالکردنی

---

(١) دیدار لەگەڵ شەوکەت سەعید محەمەد ئەمین، هەولێر، ٢٠٢٢/٨/٢١. لە ساڵی (١٩٥٤) لە گوندی ئەرگوش لە دایکبووە، لە (١٩٦٩) پەیوەندی کردووە بە (پ.د.ک)، لە ناو یەکێتی قوتابیان کاری کردووە، لە ساڵی (١٩٧١) بووەتە پێشمەرگە، دوای نسکۆی (١٩٧٥) ئاوارەی ئێران بووە، لە (١٩٧٩) بەرپرسی ڕێکخراوی تارانی (پ.د.ک) بووە، دواتر بەرپرسی لێژنەی ناوچەی تاران و ئەندامی لقی (٨)ی (پ.د.ك) و بەرپرسی پەیوەندییەکان بووە. ئێستا ئەندامی مەکتەبی دیراسات و توێژینەوەی (پ.د.ک)

(٢) فاروق محەمەد محەمەدئەمین، سیاسەتی...، ل٢٠٠-٢٠١.

(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان...، ل٢٤٩.

(٤) الاتحاد الوطني الكردستاني، حول مخاطر الحرب الدائرة في كردستان، ١٩٨٣/٨/٧؛ فاروق محەمەد محەمەدئەمین، سیاسەتی...، ل٢٣٤-٢٣٥.

(٥) سابیر کۆکۆیی، ناڵەی پێشمەرگەیەک بۆ مێژوو، ب١، ب.ش، ٢٠٠١، ل٢٢٢.

(٦) ویست هێڵتەرمان، س.پ، ل٣١٨.

کورد. هەرچەندە حکومەتی عێراق پێشتر پلانی ئەنفال و وێرانکردنی گوندەکانی دانابوو[١]. بەتایبەت دوای وەستانی شەڕی عێراق-ئێران، سوپای عێراق بە تەواوی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی پێشمەرگە تەرخان کران[٢]، کشانەوەی هێزەکانی ئێران لەسەر سنوور بە شێوەیەکی کتوپڕ، بەبێ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی لێ ئاگادار بکرێتەوە، یاخود ئەو ناوچانە ڕادەستی هێزەکانی پێشمەرگە بکرێت. ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر دابەزینی وورەی پێشمەرگە و جەماوەر[٣]

دەتوانین بڵێین هاوکارییەکانی ئێران بۆ حزبە کوردییەکان گرنگ بوو، چونکە لەو سەردەمەدا هەموو دەرگاکانی پەیوەندی بە ڕووی کورددا داخرابوو، بۆ بەردەوام بوونی خەباتی چەکداریی، حزبە کوردییەکان بە دوای دەرچەیەکی پەیوەندی دەگەڕان، چونکە هیچ شۆڕشێک بەبێ پشتیوانی دەرەکی سەرکەوتوو نابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نزیکبوونەوەی ئێران لە حزبە کوردییەکان و بەکارهێنانیان بۆ مەبەست و ویستەکانی، زیانی زۆری لەو ئامانجە نەتەوەییەدا کە حزبە کوردییەکان خەباتیان بۆ دەکرد

سووریا لە سەرەتای سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی، لە ڕووی چەک و دارایی یارمەتی حزبە کوردییەکانی داوە، ئەویش لەبەرئەوەی کێشەی لەگەڵ حزبی بەعسی عێراقی هەبووە. دەتوانین بڵێین وڵاتانی هەرێمی هیچ کات لەگەڵ ئەوە نەبوون کە کورد بەهێز بێت. تەنانەت ئەگەر یارمەتییەک درابێت، چەکی سووک بووە نەک چەکی قورس و پێشکەوتوو، چونکە مەبەستیان نەبووە ئەو خەباتە چەکدارییە لە باشووری کوردستان سەربکەوێت[٤]

(١) نەوشیروان مستەفا، خولانەوە...، ل١٤١.

(٢) جيراد جالديار، م.س، ص١٨٣؛ حول ايقاف الحرب العراقية-الايرانية حرب الابادة في كردستان العراق، جريدة خبات النضال، ع(٥٨٢)، اواسط اب ١٩٨٨، ص١.

(٣) کریس کۆچێرا، بزوتنەوەی...، ل٨٩.

(٤) پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ عومەر شێخموس، سوێد، ٢٠٢٢/٨/١.

## دووەم: هۆكارە نێودەوڵەتییەكان:

دوای نسكۆی شۆڕش لە ساڵی (١٩٧٥)، كورد لە ئەمریكا بێ هیوا بوو، چونكە لەبەرانبەر ڕێككەوتننامەی جەزائیر هیچ هەڵوێستێكی ئەرێنی بەرانبەر كورد نەبوو، ئەمەش وای كرد كورد زیاتر ئاراستەی نەیاری ئەمریكا بگرنەبەر، بە تایبەت دوای دروستبوونی چەندین حزب و بەهێزبوونی ئاراستەی چەپگەرایی[١]. یەكێتیی سۆڤییەت ڕۆڵی زۆری هەبوو لە بەهێزكردنی عێراق و پڕچەككردنی، چونكە لە (١٩٧٢) پەیمانی دۆستایەتی و هاوكاری لەگەڵ عێراق هەبوو، بەردەوام ئەو پەیمانەیان نوێ دەكردەوە، لە بواری سەربازیی و بەكارهێنانی هێزی زرێپۆشی، عێراق بەردەوام لە ژێر چاودێری كادیرە سۆڤییەتیەكان دابوو، لە ڕووی تەكنیك و ڕاهێنان، یەكێتیی سۆڤییەت مەشقی بۆ هێزی وشكانی و ئاسمانی عێراق فەراهەم كردبوو. لەبەرئەوەی عێراق لە ڕووی تانك و زرێپۆشەوە، یەكێك بوو لە وڵاتە بەهێزەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بە جۆرێك عێراق خاوەنی (٢٠٠٠) تانكی زۆریانی لەجۆری (T٧٢)ی سۆڤییەتی بوو، بۆیە بەشێكی زۆری پێداویستی سەربازیی عێراقی پڕ كردبۆوە[٢]

نەوشیروان مستەفا لە یادداشتێكی بۆ ڕۆناڵد ڕێگەن سەرۆكی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا (١٩١٨-٢٠٠٣)، میخائیل گۆرباچۆڤ سەرۆكی یەكێتیی سۆڤییەت (١٩٣١-٢٠٢٢) داوای وەستاندنی چەكی سۆڤییەتی كردبوو بۆ عێراق، چونكە عێراق ئەو چەكانەی كە لە سۆڤیەت و وڵاتانی ڕۆژئاوا وەری گرتبوو دژی كورد بەكاری دەهێنا، تەنانەت چەكە قەدەغەكراوەكان، وەك چەكی كیمیایی، بەكارهێناوە[٣]. لە لایەكی دیكەوە ئەمریكا لە جەنگی عێراق - ئێران پشتگیری عێراق بوو، چونكە ترسی هەبوو كوردەكان و لایەنە بەرهەڵستكارەكانی عێراق ئەو دۆخە بقۆزنەوە و بەعسییەكان لە دەسەڵات لاببەن، ئەمریكا بە جۆرێك سەیری كێشەی كوردی دەكرد، كە هاوسەنگی هێزە هەرێمەكان بپارێزێت، بەلای ئەمریكا هەر جۆرە پشتگیرییەكی بۆ كورد و پێدانی ئۆتۆنۆمی دەبێتە هۆی پشێوی لە ناوچەكەدا[٤]. بە تایبەت دوای ئەوەی ئێران لە ساڵی (١٩٨٣) بووە هەڕەشەیەكی

(١) دیدار لەگەڵ مەحموود عوسمان، هەولێر، ٢٠٢٢/٧/١٩.

(٢) هەستیار كەمال كوردی، س.پ، ل٢٧٩-٢٨٠.

(٣) هـ.س، ل٣٧٨.

(٤) نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر، س.پ، ل١٤٠-١٤٢.

مەترسیدار بۆ عێراق لە ئەنجامی سەرکەوتنەکانی لە بەرەی باکوور، هەروەها هێزەکانی پێشمەرگەش دەستیان بەسەر چەندین ناوچەدا گرتبوو، هەربۆیە ئەمریکا ئەو دۆخەی بە مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی دادەنا، لە (١٩٨٤) ئەمریکا دەستی کرد بە بەهێزکردنی عێراق لە ڕێگەی پێدانی زانیاری لە مانگە دەست کردەکان و پڕچەککردنی عێراق بە چەک و تفاقی جەنگی[١]. سەددام حوسێن لە وتەیەکدا بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ ئەمە پشت ڕاست دەکاتەوە دەڵێت: «تەنیا لە ئیسرائیل نەبێت لە هەموو لایەک چەک وەردەگرین»[٢]. ئەمریکا ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە پڕچەککردن و بەهێزبوونی سوپای عێراق، هەلیکۆپتەر و چەندین کەلوپەلی سەربازیی وەک ئۆتۆمبێلی سەربازیی بە عێراق فرۆشتووە[٣]. وێڕای هەبوونی پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ عێراق لە (٥ی نیسانی ١٩٨٤) ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری (١٣٩)ی دەرکرد، کە تایبەت بوو بە ڕێگەگرتنی هەر جۆرە شکانێکی عێراق لە جەنگدا، بۆ ئەم مەبەستە دەستی کرد بە پڕچەککردنی عێراق[٤]. لە (شوباتی ١٩٨٥)، (٤٥) هەلیکۆپتەری سەربازیی بە عێراق فرۆشت، ئەمەش ئەمریکای یەکلاکردەوە لە پشتیوانی جەنگی بۆ عێراق[٥]

عێراق لە ساڵانی (١٩٨٣-١٩٨٤) بە بەهای (٨٤) ملیار دۆلار چەک و کەلوپەلی جەنگی لە وڵاتانی سۆڤییەت و فەرەنسا کڕیوە. یەکێتیی سۆڤییەت و وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە، لە پڕچەککردنی عێراق و ساغکردنەوەی چەک و کەلوپەلی جەنگی بە جۆرێک عێراق ئەو چەکانەی دژی بزاڤی چەکداریی کورد بەکارهێناوە[٦]. ئەمریکا پەیوەندی خۆی لاگرنگتر بوو لە پشتیوانی لە کورد، تەنانەت ئامادەش نەبوو گوشار بخاتە سەر حکومەتی عێراق بۆ وەستاندنی وێرانکاری گوندەکان و شاڵاوی کوشتاری

---

(١) وفيق السامرائي، حطام البوابة الشرقية وحقائق عن الزمن السيئ في العراق، دار القبس، كويت، ١٩٩٧، ص ص١١٣و١٢٧-١٢٨.

(٢) ئێستگەی دەنگی کوردستان، دوێنێ و ئەمڕۆ، ١٩٨١/٦/٢.

(٣) جيف سيمونز، عراق مستقبل السياسة الأمريكية في اعادة تشكيل الشرق الأوسط، ت: سعيد العظم، دار الساقي، بيروت، ٢٠٠٤، ص٢١٢-٢١٣؛ یوست هیڵتەرمان، س.پ، ل١٩٥.

(٤) یوست هیڵتەرمان، هـ س، ل١٩٥.

(٥) فرانسيس بويل، تدمير النظام العالمي الامبريالية الامريكية في الشرق الأوسط قبل وبعد ١١ سبتمبر، ت: سمير كريم، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٤، ص٧٩.

(٦) هەستیار کەمال کوردی، س.پ، ل٢٨٢و٣٦٠؛ یوست هیڵتەرمان، س.پ، ل١٣٠.

خەڵکی مەدەنی، ئەمریکا ئەو هێرشانەی عێراقی وەک سەرکەوتن بە سەر (یاخیبوانی کورد) وێنا دەکرد(١). بێ دەنگبوونی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەو تاوانانەی عێراق بەرانبەر کورد پیادەی دەکرد، بە تایبەتی بەکارهێنانی کیمیایی و تێکدانی گوندەکان، عێراقی دەست کراوەتر کرد لە بەکارهێنانی چەکە کۆکوژییەکان دژی هێزەکانی پێشمەرگە، تەنانەت خەڵکی مەدەنیش لە هێرشە چەکە قەدەغەکراوەکان بێ بەش نەبوون(٢). کاتێک عێراق لە (١٩٨٧) دەستی کرد بە کیمیابارانکردنی کورد، دوو ڕۆژنامە سەرەکییەکەی ئەمریکا نووسینی پچڕ پچڕیان بڵاو کردووەتەوە، وەک دژە هێرش و تۆڵە بەرانبەر پێشمەرگە بڵاو دەکرایەوە(٣)

لەگەڵ ئەوەی ڕاپۆرتەکان بەڕوونی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و خاپوورکردنی گوندە کوردییەکان یەکلایی کردبۆوەوە، هەرچەندە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا بڕیاری سزادانی عێراقی دەرکرد، بەڵام سەرۆکی ئەمریکا هیچ هەنگاوێکی کرداری نەنا بۆ وەستاندنی عێراق، چونکە کۆمپانیاکانی ئەمریکا لۆبی فرۆشتنی چەکیان بۆ عێراق هەبوو(٤). نەوشیروان مستەفا لەم بارەیەوە نووسیویەتی:«ئەمریکا، یەکیتی سۆڤیەت، بەریتانیا، فەڕەنسا، وڵاتانی دیکەی عەرەبی و ناعەرەبی ئاگاداری تاوانەکانی بەعس بوون، بەڵام بۆ شکاندنی ئێران و بازرگانی جەنگی لەگەڵ عێراق چاوپۆشییان لێ دەکرد»(٥)، چونکە وڵاتانی نێودەوڵەتی بەرژوەندی ئابوورییان لا گرنگتر بوو، بۆیە بەردەوام بوون لە فرۆشتنی چەک بە عێراق و ئێران، تەنانەت چەکە کۆکوژییەکان وەک گازی کیمیایی، دواجار ئەم چەکانە دژی کورد بەکار هاتن، بووە هۆی لاوازبوون و وەستانی خەباتی چەکداریی(٦).

---

(١) سەمەنسا پاوەر، ئەمەریکا و ئەنفال، و: بەختیار کەریم، ب.ش، ٢٠٠٦، ل٢٤.

(٢) ح.د.ك، نداء حول قصف كردستان بالأسلحة الكمياوية، ١٩٨٧/٤/١٨.

(٣) سەمەنسا پاوەر، س.پ، ل٢٨.

